کامیلیا ئەنتخابفردو

فرانسوا نیکۆلۆو

مونا لوتفی

# من جاسووس نیم،
# من رۆژنامەنووسم

بەسەرهات و ریپۆرتاژە

وەرگێڕانی

شێرزاد هەینی

كاميليا ئەنتخابفردو

فرانسوا نیکۆلۆو

مونا لوتفی

# من جاسووس نیم،

# من رۆژنامەنووسم

بەسەرهات و ریپۆرتاژە

وەرگێڕانی

شێرزاد هەینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

*Xaneywergeran@hotmail.com*


- ناوی کتێب: من جاسووس نیم، من رۆژنامەنووسم
- نووسەر: کامیلیا ئەنتخابفردو فرانسوا نیکۆلۆو مونا لوتفی
- وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: شێرزاد هەینی
- پیتچنین: شێرزاد هەینی
- هەڵەبڕی: محەمەد سالح عبدالله
- دیزاینی ناوەرۆک: زانا کەمال
- بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: 750
- زنجیرە: 227
- چاپخانە: سڤان
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: 2129 ساڵی 2009

**سێ تێکست و دیدو نیگای رۆژنامەنووسییە لەسەر ئێرانی ئیمڕۆ.**

## له بری پێشەکی ...

ئەم کتێبە سێ بەشە، چاوی گەش و هزرو نیگای رۆژنامەنووسی ئێرانی (کامیلیا ئینتخابفرد)، ئەو ژنەی لە زیندانەکانی ئێرانەوە گەیشتۆتە نیویۆرک، بەشێکی تری رۆژانەو دیتنی باڵوێزی فەرەنسی لە ئێرانە، بەشی سێیەمیشی بەشێکە لە راپۆرتێکی رۆژنامەنووس (منی لوتفی )، هەر سێ بەشەکە، بەوردی بەراستگۆیی دەروازەی زۆر لایەنی ناو ئێرانی هاوچەرخی کردیتەوە، بەو راپۆرتانە ئاگاداری زۆرتری ئەو وڵاتە، ئەو میللەتە دەبین.

شێرزاد هەینی
ستۆکهۆڵم 2008

## بەشی یەکەم:

کامیلیا بە گوتنی راستییەکان خۆت رزگارکە.

سەربردەی ژیان و زیندانی ژنە ژۆرنالیستێکی ئێرانییە.

نووسینی:

کامیلیا ئەنتخابیفرد

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

محمد حسن و محمد امین




**ڕۆژنامەنووس (کامیلیا) لە ئەنتەرنێتەوە.**

## پێشەکی

کامیلیا ژیانی خۆی لە نێوان سێ شار دابەشکردووە، لە تاراوگە دەژیت و کارەکەشی لە شاری (نیویۆرک)ە. بەناچاری لە شاری (دوبەی) ماڵباتەکەی دەبینێت. چونکە ناتوانێت لە (تاران) نزیک بێتەوە، پەیوەندیشی لە (کابول) زۆرە، تا دەگاتە سەرۆکی وڵاتەکەش، لەگەڵ (حمید قرضای) دۆستایەتی هەیە. ئەو یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی سەردانی زۆری بۆ وڵاتی ئەفغانستان بە بەردەوامی هەیە، بۆیەش ئەو وڵاتەی هەڵبژاردووە، چونکە ئەویش لە تاران نزیکە.

سێ شارەکە، سێ وڵات و سێ جیهانی جیاوازە، بەڵام کەسەکەش یەک کەسە، ئەویش رۆژنامەنووسی ئێرانی (کامیلیا ئەنتخابیفرد)ە، لەبەر خۆشەویستی بۆ ئێران، کتێبێکی لە سەربردەی ژیانی خۆی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە، کتێبەکەی بە گیانی باوکی و دایکە ئازایەکەی پێشکەشکردووە، ئەوەی بە خۆڕاگری توانی لە ئێران بمێنێتەوە، ژیاننامەکەی بێ ریزبەندی مێژووییە، وەک ئەوە وایە بەرامبەر دکتۆرێکی دەروونی دانیشتووە، بابەتەکانیش تا دوا دێڕەکانی بەیەکتری نابەسترێتەوە، جارێک باسی ئەزموونەکەی ناو زیندانی کردووە. جارێکی تر دەپەرێتەوە شوێنێکی دوورتر، کتێبەکە ئازادی بە خوێنەر داوە بابەتەکان و رووداوەکان، گرێ بداتەوە.

**بەشی یەکەم:**

**شاهەنشا هەڵات، ئێمە لە ئێرانماینەوە.!**

**بەرەشپۆشی، بە دڵێکی خەمگینەوە، لە ماڵەکەی لەسەر کەرەویتە رەنگ ئەرخەوانیەکە دانیشتبوو، دەگریا، فرمێسکەکانی روومەتی تەڕ دەکرد. لە تەنیشتیەوە، (دادە مینۆ خانم)ی ناسیاری بنەماڵەکەیان ئەوەی زوو زوو قژی رەش دەکردەوە، لە نزیک ئەو رونیشتبوو، ئەویش نیگەران دیاربوو. هەمووومان رەشپۆش بووین، دوایی زانیم، باپیرم مردووە، باوکی باوکم، من تەمەنم شەش ساڵان بوو، دایکم ئێمەی لەگەڵ خۆی بردە گۆڕستانەکەی (بەهەشت زهرە)ا لە تاران، دایکم داوای لە من و لە پوورە (ئیلهام) و (کاتایون)ی خوشکم کرد، لە ئوتومبێلەکە دانەبەزین، لەناو ئوتومبێلەکە بمینینەوە، دوو مانگ بوو پرسەمان بوو. پاش ئەوەی چووینە گۆڕستانەکە زانیم کێمان مردووە، بۆیەش بەردەوام دایکم دەنووزایەوە.**

**لە ماڵەوەمان رادێویەکی ترانزیستۆرمان هەبوو، بۆ بیستنی هەواڵەکان بەتایبەتی هەواڵی لەناکاو دایکم لۆکەی ناو گوێیەکانی دەردەهێنا، هەر کە هەواڵەکان تەواو دەبوون، لۆکەکەی لەناو کونی گوێیەکانیدا دەپەستایەوە، چونکە ئەو تاقەتی نەبوو بەدرێژی و بەزۆری خۆی خەریکی دەنگوباسەکان بکات. ئەو رۆژەی زانیمان باپیرمان مردووە، جەژنی شەش ساڵەی لە دایکبوونی من بوو، خەم دایگرتم کەس دیارییم بۆ ناکرێت، بەتایبەتی دایکم، ئەو بەڵێنی دابوو، لەو رۆژەدا دیارییەکم بۆ بکرێت. من بیرم لە وەرگرتنی دیارییەکەم دەکردەوە، لە ناکاو رادیۆیەکەی دایکم، هەواڵی راکردنی**

***

شادی و... جنێودان.

که شەو داهات، شەقامەکەمان که ناوی شەقامی (کۆشی ئومێد)بوو، به لێشاو ئوتومبێلی بۆ داباری، جۆرەها ئوتومبێل رژانه شەقامەکە، هۆڕنیان لێدەدا، هات و هاواریان بوو، به لایتی پێشەوەیان ناوچەکەیان رووناک کردبۆوە، ئاپوورەکە زۆربوو، دایکم بەئاشکراو یەک به دەنگی خۆی جنێوی پێدەدان، نەدەترسا، دەچووە ناو چاویان، منیش له جێی خۆمەوە دەترسام، خۆم به دایکمدا شۆڕکردبۆوە، دەترسام و هاوارم لێ هەڵسابوو، که دایکم زانی من دەترسێم، هاواری کردە سەرم، به تووڕەییەوە وتی:

ناڵێم شەوەو بڕۆنە ژوورەوە، کاتی دەرەوە نییە..!

لەگەڵ هاوارو هاژەی ئوتومبێلەکان دەنگی دایکم نەدەبیسترا، هەموولایەک پیرۆزباییان بەیەکتری دەوتەوە، شیرینی شادی و ئاهەنگیان دەبەخشییەوە، ژمارەیەکیش بۆ پیرۆزباییکردنمان هاتنه لای ئێمەش، بەڵام دایکم سەری شۆڕ کردبوو، بۆ ماڵەوە دەخشی. پاش چەندین هەفتەیەک له شەڕی دژوار له نێوان هەوادارانی شاهەنشاو جەماوەرەکە، شاهەنشا بەزی و بەرەو قاهیره رایکرد،

لە شەقامەکاندا دروشمی (شاهەنشا هەڵات و بەختیاری لە دوای خۆی جێهێشت)یان دەوتەوە، دیارە مەبەست لە بەختیارەکە (شاهپور بەختیار)بوو، ئەوەی دوا سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو لە سەردەمی شاهەنشادا. بەختیار پاش ئەوەی شا نەما، ئەو لەگەڵ دەستە شۆڕشگێڕەکان دانوستانی دەستپێکردبوو، پێشنیاری ئەوەشی کردبوو بۆ دانوستان و گفتوگۆ ئامادەیە بۆ دیداری خومینی بچێتە پاریس. کۆششی کرد پاش رۆیشتنی شاهەنشا وڵاتەکە ئارام بهێڵێتەوە.

لە ماڵەوە گوێمان لەو پەیامە نەبوو، کە خومەینی پاش گەڕانەوەی لە پاریس بۆ ئێرانیەکان دابووی، ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانەش نەبووین لەناو شەقامەکانی شارا تایەی ئوتومبێلیان دەسووتاند، ئاگریان دەکردەوەو بەیانیان بەسەر خەڵکا دابەشدەکرد، ئەو بەیانانەی دەکەوتە ناو حەوشەکەشمان، باوکم دەستوبرد، کۆی دەکردنەوەو فڕێی دەدانەوە دەرەوە، پێویستمان بەوە نەبوو لەسەر ئەو رەوشەو ئەو پێشهاتە تازانە هیچ بزانین، نەماندەویست بابەتی نوێ و هەواڵی مەلایەکانمان بەر گوێ بکەوێت، واماندەزانی ئەگەر خۆمان لاتەریک و پەراوێز راگرین، باشترە، بەوەش شتەکان وەک جارانی لێ دێتەوە.

****

لە لەندەنەوە دروشمی مردن بۆ شاهەنشا لێدەدرا:

**هاوینێکیان بۆ پشووی هاوینە لەگەڵ دایکم لە لەندەن بووین، لەوێ لەسەر دیواری میترۆ لە لەندەن دروشمێکمان بە زمانی فارسی خۆێندەوە، لەوێ لەسەر ئەو دیوارە نووسرابوو، مردن بۆ شاهەنشا، بە دیتنی ئەو دروشمەو هیوای مردن بۆ شاهەنشا، دایکم دڵی توونبوو، زۆر نارەحەت بوو. لەناو باخچەی (هاید پارک) لە ناوەندی لەندەندا، دەستە دەستە خویندکارانی ئێرانیمان بینی، هاواریان دەکرد، مەرگ بۆ شاهەنشا، لەناو ئاپوورەی خەڵکەکە یەک بە دەنگی خۆیان هاواریان دەکرد.! دایکم بە هەردوو دەستەکانی دەستی من و خوشکەکەمی گرتبوو، دەڕۆیشت و جنێوی پێدەدان. نەدەترسا، دەچوە ناو چاویان، یەک بە دەنگی خۆی هاواری دەکردە سەریان: منالە نەفامە ئاژاوەگێڕەکان وەرەنە خوارەوە، دابەزن، بە پارەی شاهەنشابوو بۆ خوێندن هاتنە ئەو وڵاتە، بە پارەی شاهەنشا هاتوون، ئێستاش وەک گورگ لە گیانی بەربوون..! دایکم لە لەندەن نەدەترسا، هاوسۆزی خۆی بۆ شاهەنشا دەربڕێت، ئەو شانازی بەو هەڵوێستانەی دەکرد، ئەو وایدەزانی سستەمی شاهەنشابوو، ئازادی بۆ ژنان دەستەبەر کردبوو، ئەو ئازادییەی لە چاوی ئەو دەبینی. بەڵام ئیمڕۆ دایکم ئەگەر بەچرپە ئەو سۆزە دەربڕێت، ئەگەرنا بەئاشکرا ناوێرێت هیچ بڵێت.**

**ئەو شەوە دایکم بۆ کڕینی دیارییەکە، دەستی گرتم، بەرەو دوکانەکی یاری رۆیشتین، بەڵام کە گەیشتین، شوێنەکە داخرابوو، خاوەن دوکانەکان لە ترسی دزی و راوو رووتکردن دوکانەکانیان داخستبوو. کە بینیم دوکانەکەی یاری داخراوە، دەستم بە گریانکرد، زۆر گریام، من بۆ دیارییەکەی خۆم دەگریام، لەلای من گرنگ نەبوو، شاهەنشا دەڕوا، نارِوا، کێ دیتە شوێنەکەی ئەو، سبەی چی روو دەدا، گرنگ نییە، من یارییەکەی خۆم لا گرنگترە لە دوارۆژی**

****

مانگرتنەکان وڵاتی شێواندبوو:

لە رۆژێکی زستانەی ساڵی 1979دا، دوارۆژی دەوامی قوتابخانەکان بوو، خۆپیشاندەران هاتنە ناو قوتابخانەکەمان، بەناچاری مامۆستاکان و بەڕێوەبەرەکەمان بەگەڵیان کەوتن، دەرگای خوێندنیش داخرابوو. کە هەمووولایەک مانیان گرت، دەرگای زۆربەی بانکەکان داخران، کرێکارانی پاڵاوگەی عەبادانیش مانیان گرت، رژێمی شاهەنشا گەڵۆڵەی کەوتە لێژی. لە هەموویان ترسناکتر مانگرتن و کارنەکردنەکەی کرێکارانی کارەبابوو، بەوەش کارەبای ماڵان زۆر دەپچڕا، حکومەت باری نائاسایی لە وڵات راگەیاند، قەدەغەی هاتوچۆی راگەیاند، پاش سەعات نۆ شەوان هاتوچو نەما. شەوانە خەڵکەکە دەچوونە سەربانەکانیان و هاواریان دەکرد، الله اکبر..! ئەو دروشمە بەچەند دەقەیەک دەبووە شەپۆلێک هاوارو دەنگی نارەزایی، سەدان بەیەکەوە هاواریان دەکرد، الله اکبر.

ئێمە ئەو رۆژانە لە ماڵەوە دەماینەوە، لە تەلەڤزیۆن و رادیۆیەکانەوە دوا هەواڵەکانمان دەبیست، دایکیشم زوو زوو بۆ زۆرتر زانیاری و دەمەتەقێ لەسەر رەوشەکە دەچووە لای مینۆخانم، مێردەکەی مینۆخانم تا دوا هەواڵەکان بزانێت، بەشداری خۆپیشاندانەکانی دەکرد. لەناو شەقامەکاندا زۆر کەس بە گوللەی وێل دەکوژران، زۆر کەسی بێتاوان لەو ناوەدا کوژران، بۆیە لە ماڵەوە بواری ئێمە نەدەدردرا بە هیچ شێوەیە بچینە دەرەوە.

**زانیمان گوایە پیاوانی پۆلیس بە گوللە تەقەیان لە خۆپیشاندەرەکان کردووە، لە مەیدانی (زهالی) سەدان کەس کوژراون. بەیانیان کە لە خەو را دەبووین، لەسەر دیوارەکانی کۆڵانەکەمان، دروشمی نوێ و تازە دەنوسران، وەک بژی خومەینی... بمرێت شاهەنشای خائین..! سەرەتا دروشمەکان کەم بوون، بەوە رادەگەیشتین ئەو دروشمانە لەسەر دیوارەکانمان ڕەش بکەینەوە، بەڵام کە دروشمەکان زۆربون، هەر بەوەندە رادەگەیشتین دروشمە ترسناکەکان ڕەشبکەینەوە.**

********

**لە سافاک:**

**پڕوپاگەندەی وا بڵاوکرایەوە کەوا باوکم، ئەندامێکی هەواڵگری نهێنی سافاک بووە، لەو دەمانەشدا تاوان و بەدکاری زۆر ترسناکیش باسدەکرا، کەوا سافاک دەرحەق بە خەڵکی کردوویەتی، ئەوانە نەیارەکانی شاهەنشایان زۆر ئەشکەنجەداوە، زۆریان کوشتووە، بە راپۆرتی ئەوانە زۆر راپێچی زیندانەکان کراوون. ئێمە بەشداری خۆپیشاندانەکانمان نەدەکرد، ئەندامی ئەو رێکخراوە شۆڕشگێڕانەش نەبووین، کە بەرهەڵستی رژێمی شاهەنشایان دەکرد. ئامۆزاکانی باوکم بە جلی شینی دەریاوانییەوە، زۆر دەهاتنە ماڵەکەمان، دەرکەوتنی ئەوانە لە ماڵەکەمان، دەلیلی ئەوەبوو، کەوا بنەماڵەکەمان دۆستی شاهەنشابووین.**

**کە یەکەم خۆپیشاندانی دژ بە شاهەنشا لە مانگی نۆڤەمبەردا لە شەقامەکاندا دەرچوو، شاهەنشا لە تەلەڤزێون دەرکەوت. ئەو دەرکەوتنەی مانای ئەوە بوو، نامەکەتان گەیشت،**

**شاهەنشا دەبێ بڕوات.!**

**لەو رۆژانەدا خەڵک بە چاوی خوێنمژ تەماشای پیاوانی سافاکیان دەکرد، دەبووایە ئەوانە سزا بدرێن، دەبووایە بکوژرێن، لەناوبچن. بەڵام کێ جورئەت دەکات، ئەو تومەتانە رووبەڕووی باوکم بکاتەوە...؟ چۆن هاوسێیەکانمان دەتوانن ئەو رقە لە باوکم هەڵگرن ..؟**

**ئەو ماوەی بۆ بەسەربردنی پشووی هاوینەکە لە لەندەن ماینەوە، چەند هەفتەیەک لە شاری (برایتۆن)ی سەر کەنار ماینەوە، لەگەڵ هاوسێیەکانمان بووین، ماڵی (قادی)مان لەگەڵدابوو. ئەوان هەموویان بە شێوە فارسیەکەی ماڵی شاهەنشا قسەیان دەکرد، من و (کاتی) خوشکم لەگەڵ ئەوان لەسەر ئاوا یاریمان دەکرد. بەڵام ئەوان کە رەوشەکە گۆڕا، پشتیوانیان لە شۆڕشەکەی ئیسلامی کرد، بەردەوام دەچوونە مزگەوتەکان، بەردەوام نوێژیان دەکرد. بەڵام دایکم دەیووت، (ئاغا)ی کوری (وقاد)ی شاعیربوو، لەناو ریزەکانی حزبی تودەی شیوعی کاریدەکرد. چۆن وا زوو گۆڕا.! لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەکە تودە رۆڵی بەرچاوی لە سەرەتادا هەبوو، کە خومەینی حیزبەکەی قەدەغەکرد، زۆر لە ئەندامەکانی گیران، زۆریش لەو گیراوانە لە سێدارە دران.**

کوڕەکانیماڵە هاوسێیەکانمان روویان لە مزگەوتەکان دەکرد، ئەو دەمانە مزگەوتەکان بنکەی بەرهەڵستی و شۆڕش بوون، (نیما)و (مانی) لەگەڵ کەسەکانی ناو ئەو مزگەوتانە بەیان و بڵاوکراوەیان دابەشدەکرد، لە کۆبوونەوەکانی دەستەی بەرهەڵستی کاریان دەکرد، ببوونە رێکخەری خۆپیشاندەرەکان، بەیانەکانی خومەینیان کۆپی دەکردەوە، لە هەڵمەتەکانا دیاربوون. ئەو دوو کوڕە کە دەگەیشتنە لای ماڵەکەی ئێمە گەرمترو زۆرتر هاواریان دەکرد، گوایە ئێمە دۆستی شاهەنشاین، بەڵام هەردووکیان بە پارەی شاهەنشا خوێندنیان لە لەندەن تەواو کردبوو. هەر چەند رەوشەکە زۆرتر گەرم دەبوو، ئەوانیش گەرمتر دەبوون، تا وای لێهات، لافیتەی وێنەی گەورەی خومەینیان لە شەقامەکان بەرز دەکردەوە، شەوانەش تابلۆکەیان لە پێش دەرگای خۆیان هەڵدەواسی، دایکیشم لە رقی ئەو ماڵە وێنەی شاهەنشاو فەرحی شاژنی لە دەرگاکەمان هەڵواسی، وێنەکانی بە بالۆنەوە هەڵواسیبوو، من و خوشکم ئەو وێنانەمان هەڵگرتبوو، بەڵام پێش ئەوەی باوکم بگەڕێتەوە، وێنەکانمان بە بالۆنەکانەوە بەرەڵای ئاسمان دەکرد.

دایکم تا رادەی شێتی شاهەنشای خۆشدەویست، نەک هەر شاهەنشا بەڵکو (رضا)ی کوڕیشی زۆر خۆشدەویست، وێنەی کورەکەی بە جلی تۆپی پێ بە گچکەیی لەناو جانتاکەی دانابوو، دایکم نەوەی ئەو سەردەمەبوو، کە لەسەر دەستی شاهەنشا تەواوی ئازادی ژنانەیان وەرگرتبوو، ئەو زۆر سەربەست بوو، لەوانەبوو کە ئامادە نەبوو رووپۆش ببەستێت، لە ناو شاری (جمران) ناسرابوو، ئەوانەی بە دژی حیجاب ناسرابوون. زوو باپیرم مردبوو، بۆیە دایکم لەگەڵ دایکی گەورەبووە، ئەویش تەواوی ئازادییەکانی بۆ فەراهم کردبوو. لەبەرئەوەی دایکم بێ سەرپۆش بووە، بۆیە بەردەوام ژنانی

****

راستی خۆشەویستییەکە:

دایکم لە مناڵییەوە شاهەنشای خۆشویستووە، کە لە شارۆچکەکەیان بوون لە (جمران)، ڕۆژێک شەقامە هێمنەکەیان بە دەنگی هاتنی ئوتومبێلێک شێوابوو، شاهەنشا بە ئوتومبێلەکەی خۆی بەناو شەقامەکەدا ڕەتببوو، لاوێکی قۆز، لە ڕێگای نێوان کۆشکی سعدئابادو کۆشکی ساحب گرانیە دەڕۆیشت، بەناو شارۆچکەکەی ئەوان ڕۆیشتووە، ئەوانیش لەسەر ڕۆخی شەقامەکەدا سڵاویان لێ وەرگرتۆتەوە.

ڕۆژانە ئەو دیمەنە دووبارە بۆتەوە، تا ڕۆژێکیان ئەو بەتەنهابووە، دایکیشم بەراکردن بۆ پێش ئوتومبێلەکەی ئەو چووە، شاهەنشاش بەناچاری ڕاوەستاوە، لە ئوتومبێلەکە دابەزییوە، دیارە دایکم کیژۆڵەیەکی ناسک و مناڵ بووە، بۆیە زۆر ترساوە، ئەویش دڵی داوەتەوەو دەستی نازی بەسەردا هێناوەو بۆی نووشتاوەتەوەو پێی وتووە، جارێکی تر ڕامەکە پێش ئوتومبێلەکە، سوپاس کە هیچ رووی نەدا، ئەوەیان دووبارە مەکەرەوە باشە، لەو ڕۆژەوە دایکم ئەو شاهەنشایەی خۆشویستوەو شەیدای بووە.

بەڵام باوكم پیاوی كەسیان نەبوو، نە مەلاكان نە شاهەنشا، بەڵام دەسەڵاتی شاهەنشای لا باشتربوو. بەڵام من و خوشكم لەبەر خاتری دایكم شاهەنشامان خۆشدەویست، بۆیە لە دایكمان دەپرسی:

دایە بۆ ئەو خەڵكە حەز دەكات شاهەنشا بڕوات ..؟ ئەو پیاوە وڵاتەكەی ئاوەدانكردۆتەوە، ئاوو كارەبای دابینكردووە، بۆ هەموو شوێنەكان ڕێگاوبانەكانی ڕاكێشاوە، هێڵەكانی تەلەفۆنی داناوە..

بۆ.. مووچەكەی باوكم زۆر باش بوو، بەشی ئەوەشی دەكرد هاوینان بۆ بەسەربردنی پشووەكەمان بچینە ئەوروپا، ئوتومبێلێكی باش و نایابمان هەبوو، دەچووینە بازاڕی (هارودز) بۆ كڕینی پێویستییەكانمان، تا جارێك بینیم دایكم 50 جنیەی ئیسترلینی وەك دیاری دابووە فرۆشیارەكە. هەموو هاوینەكان لە ئەوروپا دەماینەوە، بۆ كڕین لە هەرزانكردنەكانی جەژنەكانی سەرە ساڵان، زستانیش جاری وا هەبوو دەچووینە لەندەن. كە پترۆل نرخی بەرزبوو، باری ئابووری ئێرانیەكان بەرەو باشی دەڕۆیشت، ئەو دەمانە نەماندەزانی لە خواررووی تاران شاری تەنكە هەیە، نەمانبیستبوو، ناوچەیەك هەبێت، ئاوی خواردنەوەیان نەبێت. یان زۆر لە لادێیەكان ڕێگاوبانی گەیاندنیان نەگەیشتبێت، یان ناوچە هەیە قوتابخانەیان نییە، یان نەخۆشخانەیان نەبێت.! هاووڵاتیان بە ژیانی زۆر خۆشی بنەماڵەی شاهەنشا زۆر هەراسان ببوون، لەو ڕەوشە تووڕەبوون. لە زیندانەكانا كەسانی سیاسی گیراو هەر زۆر دەبوو، زۆر دەگیران و ئەشكەنجە دەدران، ئێمەو كەسانی وەك ئێمە، ئەوانەی ڕەوشمان باشبوو، نەماندەزانی هاووڵاتیان چۆن دەژین، ئاگامان لە شێوەی ژیانی ئەوان نەبوو، یان نەماندەویست ئەو ڕاستییە بزانین.

لەو دەمانەی لەسەردەمی حوکومی شاهپور بەختیار ئێران، ماوەیەک ئارام بوو، من و کاتی و دایکم بۆ سەردانی داپیرم بەسەردان رۆیشتینە جمران، لە ریگای گەڕانەوەماندا سەرمان لە کۆگایەکی پلە نایابی چنین دا، لەبەرئەوەی دایکم هێشتا پرسەداربوو، بۆیە لە قوماشێکی رەش دەگەڕا، تا پاڵتۆیەکەی پێداپۆشێت، دووکاندارەکە بە لوولدانی رۆلەکان سەرقاڵ بوو، یەک بە یەک لەسەر مێزەکە ریزی دەکردن، لەگەڵ تەقەیەک زۆر ئەرزی ژێر پێمان لەرزی، بووە تەقە لە نێوان دەستەیەکی چەکدارو پاسەوانەکانی شاهەنشا، لەو دەمانەدا خەڵکێکی زۆریش هاواریان دەکرد مردن بۆ شاهەنشا. لەو رۆژەوە دایکم چیتر بواری نەداین لە ماڵەوە بچینە دەرەوە، لە ماڵەوە تاقیبی هەواڵەکانمان دەکرد.

***

بریارپیاندا فرۆکەخانە سەرەکییەکەی تاران، فرۆکەخانەی میهرباد بەرووی هاتنەوەی خومەینی دابخەن، هەرەشەی ئەوەشیان دەکرد، ئەگەر فرۆکەیەک بنیشێتەوەو خومەینی لەناو بێت، فرۆکەکە دەخەنە خوارەوە، بەڵام دیارە کەوا خومەینی بۆ گەڕانانەوەکەی گیانبازییەک دەکات، ئەگەر پێشهاتەکانیش شەڕی ناوخۆی لێبکەوێتەوەو خوێنیش زۆر رژا، ئەوا من دەگەڕێمەوە وڵات و فەرەنسا جێدەهێلم دەست لە کارەکە دەکێشمەوە.

فرۆکەیەک لە جۆری (ئایر فرانس) لە بەیانی رۆژی 1 ی مانگی فبرایر لە تاران نیشتەوە، سەرنشینی سەرەکی فرۆکەکە ئیمام خومەینی بوو، ملیۆنەها ئێرانی ژن و پیاوو گەنج و پیر، منالّیش بۆ پێشوازی خومەینی هاتبوونە فرۆکەخانەکە. کە پرسیاری ئەوەیان

هەست بە شتێکی تایبەتی شیاوی باس ناکەم.

بۆ بەیانی ئەو چەند وشەیە کرابووە مانشێتی رۆژنامەکانی جیهانی. کە شۆڕشەکە سەرکەوت، دیمەنی هاتنە خوارەوەی خومەینی لەناو فرۆکەکەو پێشوازییە گەرمەکە کرا بە دیمەنیکی مێژوویی مەزن، ئەو دیمەنە سالآنە لە یادی سەرکەوتنی شۆڕش و بۆنە نیشتیمانیەکان دووبارەو بڵاودەکرایەوە. بەڵام هاوڕێیەکانی ئەو سەفەرەی دیار نەمان، ئەوان بە کوشتن و پەراوێزکردنیان لەبەر چاوان نەمان. تەنها ئەوانەی لەگەڵ خومەینی مانەوە کورەکەی و فرۆکەوانەکەبوو. لەبیرمە باشم لەبیرە، ئەو ئوتومبێلەی خومەینی سوارکرا جۆری شۆفرلێت بوو، نەرم نەرم دەڕۆیشت، ماوە ماوەش دەوەستا تا ئامادەبووان لە نزیکەوە تەماشای بکەن، لە پەنجەرەکەوە چاویان پێی بکەوێت، ملیۆنەها کەس وەستابوون پاش ئەو ماوە درێژە لە دوورکەوتن و تاراوگەیی ببیننەوە، کە کاروانەکەی گەیشتە ناو تاران، بۆ سەردانی گۆڕستانی شەهیدان بەرێکەوت.

دوو هەفتەبوو شاهەنشا رایکردبوو، زۆر یەکەی سەربازی مابوون، تەسلیم نەدەبوون، دەستیان نەدەدا، بەڵام سوپاکە زۆربەی هاتبوونە ناو خۆپیشاندەرەکان، خەباتیان بۆ رووخانی شاهایەتی بەردەوام پێدابوو. پاش دە رۆژ لە هاتنەوەی خومەینی لە تەلەڤزیۆنەوە موژدەی سەرکەوتنی شۆڕش راگەیاندرا، بە رەسمی وترا کە شەیتانەکان رۆیشتن، مەلائیکەت دیێتە ژووری.

****

### سەربردەکەی مامم:

(منوشهر)ی مامم ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەکان بوو، لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی تاران کاری کردبوو، لەو پیشەیەدا شارەزابوو، زۆری دەناسین، هەموولایەکی چاک دەناسی، دوو سێ هەفتەبوو خومەینی گەرابۆوە تاران، سەردانی ماڵی مامانکرد، مامم لە تەلەڤزیۆنەوە وێنەی کابرایەکی نیشاندایین کە لە پشتەوەی خومەینیەوە دەوەستا، مامم وتی:

ئەو پیاوە لە پێش خومەینییەوە وەستاوە، زۆریش دەردەکەوێت، لە هەموو بۆنەیەکدا بوون و ئامادەیی هەیە، پێش سەرکەوتنی شۆڕش، ئەو پیاوە لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە بەچەندین کاری بەدکاری و بەدرەوشتی و دزی داواکرابوو، ماوەیەکی زۆر پۆلیس بەدواوەی بوون. هەر ئەو پیاوە ئێستا سەردانی بنکەکانی پۆلیسیش دەکات، سەریان لێدەدات. کەسیش جورئەتیش ناکەن بەو چاوەوە سەیری بکەن. من و خوشکم پیاوەکەمان دەناسییەوە، هەر دەردەکەوت بە پەنجەی ئاماژەمان بۆی دەکرد، بەیەکەوە دەمانووت، ئەوە دزەکەی جارانە، مامم باشی دەناسی، ئیمڕۆ بوویتە پیاوێکی تر، کەسیش ناوێریت دەستی بۆ درێژ بکات.

هەموولایەک دەیانووت وێنەی خومەینی لە ناو مانگدا دیارە، لەسەر مانگەوە دەدرەوشێتەوە، کە مانگ دەردەکەوت، هەموولایەک بۆ دیتنی خومەینی سەریان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، بەڵام ئێمە لە ئاسمانەوە هیچمان لێ دیار نەبوو، هیچمان نەدەبینی، باوکیشم بە تەعەلیقەوە دەیووت، باشە خومەینی لەسەر مانگا چی دەکات..؟!

هەردوو مامم (عافید)و (ئوفید) فێرببوون دەچوونە مزگەوت، ئەوان لەناو مانگەوە خومەینیان دەبینی، بەڵام لەلای ئێمە دیار نەبوو، کە بە ئامادەبوونی مامەکانم وێنەی خومەینیم بە ناشیرین وەسفکرد، زوو یەکێکیان دوو پەنجەی بە لێویەوە دەنا، بەوەش تێیدەگەیاندم، بێ دەنگ بم.

لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشەکە، تا حیساباتی خۆت یەکلابکەیتەوە، ئەوەی لە دڵتە، جێبەجێی بکەیت، ئەوەندەت بەس بوو ماوەیەک بەردەوام بچیتە مزگەوت، تا دەموچاوت لەناو خەڵکەکە ئاشنا دەبێت، ئەوەش بەس بوو، ئەوەی لە دڵت بووایە بۆت جێبەجێ دەبوو، بەئاسانی هاوسێی خۆت بە تاوانی ئەندامبوونی لە سافاک بە گرتن و بە فەوتان دەدا. یەکەم کەس لە تاران لەسێدارەدرا، سەرۆکی پێشووی سافاک ژەنراڵ نیعمەتولا ناسری بوو، بە دەستەی جێبەجێ کردنی لەسێدارەدان بەئاسانی دەکرا نەیارەکانت لەناوبەریت. لەو بەناو دادگایانەدا نە پارێزەر هەبوو، نە مەراسیمی یاسایی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ دەکرا، نە ڕێ و شوێنی یاسایی دیاربوون، ئەنجومەنی ناونراو بە (عەدالەتی شۆڕشگێریی) یەکسەر ڕەزامەندی لە سەر بڕیارەکانی لەسێدارەدانەکانی دەکرد.

سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەو لە سێدارەدانانە لەلایەن کەسایەتییەکی نزیکی خومەینی بوو، حوجەتوالئسلام (سادق خەڵخاڵی) بە خودی خۆی کەسایەتی وەک سەرۆک وەزیرانی پێشووی (امیر عباس هویدا)ی لە سێدارە دابوو.

ئێمە لەژێر ڕەحمەتی هاوسێیە باشەکانماندا دەژیان، ئەوانەی زوو دروشمی دژ بە ئێمەیان لەسەر دیوارەکان دەنووسی، بەئاشکرا دەیانووسی سافاک، ئەوەش مانای ئەوەبوو، کەوا باوکی من ئەندامی

شەوێکیان درەنگ بوو، مامم هاتە لامان، مامم جانتایەک پڕ چەکی بە دزی هێنابوو، چەکەکانی لەناو دۆڵابی جلەکانی دایکم شاردەوە، لەبیرمە چەکەکان عوزی و کلاشینکۆف بوون. بەیانی زوو دایکم ئێمە ئاگادارکردەوە، کەوا بە هیچ شێوەیەک باسی شاردنەوەی ئەو چەکانەی ناو دۆلابەکانی ئەو نەگێڕنەوە، نابێ لای کەس باسیان بکەین، دەستیان بۆ نەبەن، لێیان نزیک نەکەونەوە، پاش چەند ساڵێک تیگەیشتم گوایە ئەو چەکانە بۆ رۆژێک ئەگەر شۆڕشێکی

****

## 21 ی مارسی 1979:

**به هاتنی ئەو نەورۆزە، جەژنی ساڵانەی ئێرانیەکان، ئێرانیەکان دڵیان خۆش بوو، جەژنی ئەو ساڵە تایبەتی بوو، جەژنی یەکەمین رۆژی ئازادییە. لەو ئاهەنگ و یادکردنەوەیەدا بنەماڵەی ئێمە زۆر نارەحەت بوون، دڵیان تەنگ، بێسەر دەسوورانەوە، زۆر خێزانی تریش موڵک و سامانیان لەلایەن دادگاکانی شۆڕشەوە دەستی بەسەردا گیرا. هەندێ کەسی تریش هەبوون ئەوانەی هاوسۆزی شۆڕشەکەبوون، بە پێچەوانەی ئەوانە لەناکاو دەوڵەمەندبوون. بەڵام ئەوەیان بۆ ئێمە نەبوو، مامێکی دایکم لەبەرئەوەی گوایە لە دەستەڵاتی پێشوو دەستی هەبوو، خانووەکەیان لێداگیرکرد. عەلی خاڵم زوو بەگەڵ (حەرەس سەوری) کەوت، لە پشت کۆشکی شاهەنشاوە، لە ناوچەیەکی باش پارچە زەوییەکی لە شیمیران دەستکەوت. خانوویەکی باشی لەسەر دروستکرد، لەگەڵ ژنە گەنجەکەیدا بە خۆشی لەناوییدا ژیان.**

**لە سەرەتای شۆڕش ئەو خاڵەم حەزی لەو ژنەی کردبوو، دایکم و داپیرم رازی نەبوون بۆ داخوازی لەگەڵی بچن، بە بیانوی ئەوەی کیژەکە، دانیشتووی گەڕەکێکی تارانەو دانیشتووی جمران نییە، دایکم پێیوتبوو، ئەو کیژە وەرزێرەو لەوان ناوەشێتەوە، بەڵام خاڵم کۆڵی نەدابوو، تا دڵدارەکەی خۆی هێنابوو، پاش ئەوەی دانیشتووانی گوندی هاتنە ناو داخوازییەکە. بەو شێوەیە (ئێران**

پوورم (نوران) نەیدەوێرا مارسیدسەکەی لێبخوڕێت، تابلۆکەی ژمارەی مەلەکی پێوە بوو، بۆیە دەترسا، حەرەس سەورییەکان بەئاسانی بیانویان پێدەگرت، رایاندەگرت و داوای ناسنامەیان لێدەکرد، زۆریش ئەو جۆرە ئوتومبێلانەیان دەست بەسەردا دەگرت. (مسیبی) مێردیشی، کە خزمی باوکم بوو، لە سەردەمی شاهەنشادا دەستی دەڕۆیشت، پلەی بەرزی هەبوو لە دیوانی ئیمپراتۆرییەتدا خۆشنووسی تایبەتی شاهەنشابوو، ئەو نامە تایبەتیەکانی بۆ دەنووسی. بە دەستخەتی خۆی لە کۆشکدا چوارینەکانی خەیامی بۆ شاهەنشا نووسیبوو. دوو کیژی بە ناوی (گیتا)و (ماهیتا) بەجوانی ڕوومەتەکانی ناسرابوو، هەموو لایەک

بنەماڵەی باوکم خۆیان دەهێنایە ریز ماڵی شاهەنشا، مامی باپیرم ژەنراڵ (ئاموجان تیمسار)، کەسێکی دیاربوو، ماوەیەک بەرێوەبەری ئاسایشی تاران بوو، ئەوەی ئێمە بیستوبوومان گوایە کیژێکیان ناوی (ماهناواز)بوو، هاوتەمەنی پوورم (تۆران) بوو، رازی نەبوو شوو بە برای شاهپوور بکات، بیانوەکەشی ئەوەبوو پیاوانی ئەو بنەماڵەیە زۆر مێبازن و چاویان لەدەرە، ئەوەش لەوان ناوەشێتەوە.

***

دەستوورە نوێیەکە:

لە ماڵی ئێمە کەسمان بەشداری ریفراندۆمی دەستوورە نوێیەکەمان نەکرد، کە بۆ کۆماری ئیسلامی دەنگی بۆ درا. بەڵام لە یەکی ئەپریلدا زانیمانەوە گوایە رێژەی 99% دەنگی ئەرێیان بۆ دەستوورەکە داوە، لەو رۆژەوە خومەینی رۆژە یەکەمەکەی بە رۆژی خودا ناوبردبوو. هەڵمەتی رەشبگیرییەکە بەردەوام بوو، خەڵکیش زۆر لە سێدارە دەدرا، لە تەلەڤزێونەوە هەواڵی لە سێدارەدانەکانی بە ناوی خائینانی نەتەوە ناودەبرد. شەوێکیان بە سەرسوورمانەوە ئامۆزایەکی باپیرمان بینی، (اغا سیف الله شاهندە)، ماوەیەک بوو خۆی و گوڵێی کیژی هیچ هەواڵیان نەبوو، کەس هیچی لەو دوو کەسە نەدەزانی،

***

پاییزی 1979:

**باوکم زۆر لە ئێمە دەترسا، بیری لەوە کردەوە ئێمە بنێرێتە لەندەن، هەر هیچ نەبێ هاوینەکەی لەوێ بمینێینەوە، بەتەواوبوونی ڤێلاکەمان لە کەرەج، پایزەکەی گەڕاینەوە تاران. باوکم لە دایکی دوورنەدەکەوتەوە، دایکم و داپیرم بروایان بەوە هەبوو لە وڵاتا کودەتایەکی سەربازی روو دەدات، هیوایان زۆر بەوە هەبوو. کە دەرگای قوتابخانەکانیش کرایەوە، من و خوشکم چووینەوە بەر خویندن.**

که لە پۆلەکان دانیشتین، سەرسام بووین لە پۆلەکانمان کوڕمان لەگەڵدا نەبوو، لە قوتابخانەکان کوڕو کیژەکانیان لەیەکتری جیاکردبۆوە. لە پۆلەکەی خوشکمدا کیژێکیان لەگەڵدابوو، لە هەموو خوێندکارەکان ئازاتربوو، هێشتا لە ئامادەییەکان حیجاب جێبەجێ نەکرابوو، (کە من بوومە پۆلی سێ بریاری حیجاب جێبەجێکرا)، ئەو دەمە یەک کیژی سەرپۆش لەسەرمان لەگەڵدابوو، ئەو کیژە لە سەر لێوی سەرەوەیدا ماکێکی هەبوو، دەنگیشی کەرخ بوو، بەو دەنگەی تایبەتەی خۆیەوە بەیانیان زوو لەناو ریزی خوێندکارانەوە دروشمی شۆڕشگێرانەی دەووتەوە، هاواری دەکرد. ئەو تازە خێزانەکەیان لە خواروی تارانەوە هاتبووە شەقامی شاهرا ئارا. دایکم رۆژانە دەهاتە شوێنمان و دەستی دەگرتین، من و (کاتی) خوشکمی دەهێنایەوە ماڵەوە، هەر کە چاوی بەو کیژە کەوت خۆشی نەویست، زۆرجار لاملی لەگەڵ دەکرد، کەیفی بەو کیژە نەدەهات. لەبەرئەوەی برایەکی لە شۆڕشەکە کوژرابوو، براکەی خوێندکاری پزیشکی بوو، بۆیە بەو کیژەیان دەووت، خوشکی شەهید.

*****

داگیرکردنی باڵوێزخانەکە:

پلەی گەرمی هەڵچوونی ئێرانیەکان بە ئاسانی کپ نەدەبۆوە، شاڵاوی راوو رووتیەکان، کوشتن و لە سێدارەدانەکان ژمارەیان زۆربوو، سامانی گشتی وڵاتەکە زۆر تاڵانکرا، بە ساردبوونەوەو کەمبوونی ئەو دیاردانە ئێرانیەکان سارد نەبوونەوە، هەر گەرم بوون، زۆر لە رووی ئەمریکییەکان داخ لەدڵ بوون، نیازی تۆڵەیان هەر هەبوو، رۆژێکیان کە چووینە قوتابخانە لە دەرگاکەدا خوێندکاران وێنەی ئاڵای ئەمریکایان لەسەر ئەرزا کێشابوو، دەبا هەموو بە پێیان

دەستە خۆێندکارێک 66 کەسی ناو باڵۆێزخانەکەیان، گەمارۆ دابوو. لە بەرامبەر ئازادکردنی ئەو ئەمریکاییانە داواکاربوون شاهەنشا تەسلیم بە ئێران بکاتەوە، مەسەلەکە زۆرتر گەرم بوو کە خومەینی بە رەسمی پاڵپشتی کارەکەی خۆێندکارەکانی کرد، رۆژانە پێش ئەوەی دەوامەکەمان دەست پێبکات، هەمووومان دەبووایە گوێ لە دروشمەکان تورکان راگرین، پێش ئەوەی بچینە ناو پۆلەکەمان ئەو دروشمەکانی وەک (مردن بۆ ئەمریکا ... برِوخێت ئەمریکا) بە سۆزەوە دەووتەوە، ئێمەش هەمووومان بە ناچاری ئەو دروشمەمان لە دوای ئەو دەووتەوە.

خانم نوری نوێنەری خویندکارانی کولیژەکە بە ئامادەبووانی راگەیاند:

کیژان بێگومان ئەوەتان بیست کەوا خوێندکاران لەناو سەفارەتی ئەمریکی دەستیان بەسەر چەند جاسوسێکی ئەو وڵاتەدا گرتووە، ئێمەش بۆ پشتیوانی ئەو کردەوەیان دەچین، هەمووومان هاوشانی خۆمانیان پێ رادەگەیەنین، کۆمەڵەیەک پاس لە دەرەوەی کۆلیژ وەستاون، دەمانباتە پێش سەفارەتەکە، ئیمرِۆ دەوامان نییە، ئەوەی حەز ناکات لە گەڵمان بێت، دەتوانێت لە کۆلێژ بمێنێتەوە، یان بچێتەوە ماڵەوە، لە هاتن و نەهاتن ئازادن.!

کە خانم وتەکەی تەواوکرد، کیژەکان دروشمی پشتیوانیان دووبارە کردەوە، بە تایبەتی کە زانیان ئەو رۆژە دەوام نییەو کراوە بە پشوودانێکی رەسمی. منیش زۆر بە سۆزبووم بچم، بە پەرۆش بووم

**کیژان خۆ ناچینە ئاهەنگی بووک گواستنەوە، بەسە..! کە گەیشتینە لای سەفارەتەکە خەڵکێکی زۆر وەستابوون هەموولایەک بەپەلەبوون بچنە پێشەوە، زۆرتریان لێوە دیار بێت، لە رووداوەکە نزیک بن، نیوەڕۆبوو، زۆر ماینەوە هیچمان نەکرد، هیچمان نەبینی، بۆیە لەناو پاسەکە دەنگی ئەوە دەهات، بچینە لایەکی تر ،،!!**

**کە خانم نوری گوێی لە هاتو هاوارەکەی ئێمەبوو هاتە ناو پاسەکەو هاواری کردە سەرمانو وتی: بێدەنگ .. بێ دەنگ بن ..!! بەسە هاوارکردن .. گوێ بگرن .. نە ئێمەو نە مامۆستاکانمان دەیانزانی شووێنەکە بەو شێوە قەرەباڵغ دەبێت، کەس بڕوای نەدەکرد، حەشاماتەکە زۆر زۆربوو، کەسیش نەیدەتوانی بڕیاری ئەوە**

****

سالّی 1980:

هەتا زستانیش ماڵی ئێمە خەونیان بەوە دەبینی لەو وڵاتە کودەتایەکی سەربازی روو بدات، بەوەش باری سیاسی وڵاتەکە دەگۆڕێت. لە هەڵبژاردنەکانا باوەڕپێکراویکی خومەینی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری دەرچوو، ئەویش (ئەبو ئەلحسن سدر)بوو. ئەبو ئەلحسن هاوڕێی مامم (بیزهان) بوو، ئەو مامەم دکتۆری ددان بوو، لەبەر تەنگژە ئابوورییەکان و رەوشە ئاڵۆزەکانی وڵات، ئەویش لەگەڵ ئەو بووچونە بوو، ئەو رژێمە نوێیە زۆر نامینێتەوەو دەڕوخێت. رێژەی هەڵاوسان لە بازاڕدا بەرزتر دەبوو، بەرهەمی دەرهێنانی پترۆلیش زۆر

****

لە جمران:

لەبەرئەوەی شاری قوم، شوێنێکی لاچەپ و دووربوو، بۆیە پێشنیاریان کرد، خومەینی شوێنی مانەوەو ژیانی بگۆڕێت، لە ئەپریلی 1980 ئەلئیمام جمرانی پێشنوێژی مزگەوتی جمران پێشنیاری بۆ کردبوو، خومەینی بێتە جمران، ئەو گوندە شوێنی لەدایکبوونی دایکم بوو، گوندەکە ئاووهەوایێکی سازگاری هەبوو، ناوچەکەش ئارام و خۆش بوو، لەناو شاخە سەرکەشەکانیدا ئاوی ساردو جوانی لێ هەڵدەقوولێت، بۆیە خومەینی بیرۆکەکەی لا باش بوو، داوایکرد خانووێکی لەو گوندە بۆ بەکرێ بگرن، ئەو خانووەی بۆیان بەکرێ گرتبوو باخچەیەکی باشی هەبوو، خاوەنی خانووەکە ئەلئیمام جمرانی بوو، ئەویش بە شیردان برای باپیری دایکم بوو، بۆیە دایکم زۆری لا ناخۆش بوو، زۆریش لەو کەسە نزیکەی خۆی توورەبوو.

لادێیەکانی ئەو گوندە شانازییان بەوە دەکرد، کەوا خومەینی تەشریف بهێنێت و لە گوندەکەی ئەوان بژیت، بەڵام لە پاراستن و سەلامەتیشی دەترسان، بۆ سەلامەتی ئەو، لە کۆڵانەکانی پێش گەیشتن بە ماڵەکەی حەوت دەرگای ئاسنیان دانا. بۆ گەیاندن و هاتوچۆی هاووڵاتیانیش بواری تریان دۆزییەوە، ناوچەکە بووە ناوچەیەکی دابڕاو، دەرگای لەسەر داخرا. لەبەرئەوەی ماڵی داپیرمان لەو گوندەبوو، بۆیە بە بڕینی چەندین سەکۆو پشکنین دەچووینە لای داپیرمان، بەو بوارە بۆمان هەبوو بگەینە ناوچەکە. لەبەرئەوەی هەموو گاڤێ پرسیارو لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرا، بۆیە دایکم لەسەردانەکانیدا زۆر لە پاسەوانەکان و رفتارەکانیان هەراسان و توورە دەبوو.

****

بەیەکداچوون لەگەڵ پاسەوانەکان:

بۆ گەیشتنمان بۆ ماڵی داپیرەکەمان دەبووایە پیاوانی ریشدار بمانپشکنن، دەبووایە ئارام بین، بێدەنگ و هێمن بین، جارێکیان پیاوە ریشدارەکان داوایان لە دایکم کرد، سەرپۆشەکەی باش گرێ بدات، توندی بکات، سوراوی سەر لێوەکانیشی لابات، بۆیە دایکم بەوەیان زۆر تووڕەبوو، بە روویاندا هەڵچوو، من و خوشکم زۆری لێ پاڕاینەوە ئارام بێت، هێور بێتەوە. لەوە دەترساین، ئەگەر بگیرێت و بکەوێتە دەست پاسەوانەکانی ئەلئیمام، باندۆرەکەی زۆر دەبێت.. زۆری لێ پاڕاینەوە، بەڵام سوودی نەبوو، زۆر بەرق و توورەییەوە دابەزییە سەر پاسەوانەکان. هەر ئەو جارە نەبوو، کەوا دایکم لەگەڵ ئەو پاسەوانانە دەبووە دەمەقاڵێیان، هەموو جارێ یەکێک لە بازرگانەکانی گوندەکە، ئەوەی دەستی دەڕۆیشت و بنەماڵەکەی ئێمەی دەناسی لەدەست

****

## فستانە گوڵینەکان:

پاش ئەوەی لە زیندانا ئازادکرام، بۆ بەیانیەکەی لەگەڵ دایکم و خوشکم بۆ کڕینی قوماشێک بۆ دوورینی (شادور)ێک چووینە بازاڕ. بڕیاری دەستنیشان کردنی جۆری قوماشەکە زەحمەت نەبوو، ئاسان بوو، قوماشێکی رەنگ ئاڵی ئەستوورمان هەڵبژارد، بەزازەکە بۆ کڕینی قوماشەکە پیرۆزباییشی پێ وتم. بە تاکسییەک بەرەو ماڵی داپیرەم رۆیشتین، داپیرەم ناوی (پەروین) بوو، بەڵام ئێمە بە ناوی ماما (بوزورگ)، یان ماما (باری) بانگمان دەکرد، داپیرەم پێش چل ساڵێک، قوماشی باشی دەچنی، لە قوتابخانەکاندا ژنان بۆ فێربوونی تەون و چنین زۆر دەهاتنە لای، بەردەوام سەری قاڵ بوو، دەوروپشتی جمەی دەهات، کە مناڵ بووم بۆ یاری کردن چووبومە لای.

له ماڵەکەی داپیرمدا دۆڵابێکی لێبوو چەندین فستانی ڕەنگاورەنگی تێدابوو، هەمووی داپیرەم بە دەستی خۆی چنیبووی، لەناو فستانەکانی جلی بوکێنی زۆر نایابی تێدابوو، لەناو فستانە بوکینیەکاندا چەپکە گوڵیان لەناودا مابوو، لە نەخشەکانیدا دەست ڕەنگینی نازدارییان پێوەبوو. بەڵام لەو ڕۆژەدا لە شوقەیەکی بچووکی باکووری تاران داپیرە تەمەن هەشتا ساڵییەکەم دەژیا، ئیمرۆ داواکارم لەجیاتی ئەوەی ئێوارەیەکی خۆش بەیەکەوە ڕابوێرین، لەو پارچە قوماشە ڕەشە ئەو شتە بەدناوەی ناوی شادورە بۆم بچنیت. داواکەم سادەو ئاسان بوو، یەکسەر قوماشە ڕەشەکەی بە باڵام کردو تەواو، بەو دیمەنە نیگەرانیم لە ئاکاری بەدی دەکرد. بە پێکەنینەوە وتم:

ماما باری تەماشام کە، ببینە چۆن ئەو لوولە ڕەشە منی لەناو خۆیدا قووتداوە. هیوای بۆ خواستم خۆشیم بۆ بهێنیت، داپیرەشم داوایکرد، ئەگەر شادوری تری دەوێت، بۆ سەردانی وەزارەتەکان ئەوە من ئامادەم، دایکم بەپێکەنینەوە وتی، ئەوانە بۆ ئەوەش باشە لە نەخۆشیش دەتپارێزیت. شەیتانیش هیچی تر نزیکت نابێتەوە، هەمووومان بە پێکەنین مەسەلەکەمان بڕاندەوە.

جگەرەکەی بە ئەرزە تەڕەکە کوژاندەوە، لەبەرخۆیەوە وتی:

اعوذ بالله من الشیطان الرجیم ..! شادورەکەم لە خۆم لوولدا، بەرەو بینایەی پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆیشتم .. ئاغای ئەندازیار چاوەڕوانی دەکردم.

ئەو ماوەی لە زیندانابووم، ناوی تایبەتیم لە ژنە پاسەوانەکان نابوو، ئەوان زۆربون، ناوی ڕاستی خۆیان ئاشکرا نەدەکرد، پێم دەووتن، ناوتان چییە دەیانوت:

ئێمە ناومان نییە، ئێمە سەربازین، ئیمامی زەمانەکان ناویان نییە. لە سەعات نۆی بەیانییەوە تا حەوتی بەیانی رۆژی دوایی دەمانەوە، ئاکاریان دەناسرایەوە، بۆیە من لە خۆمەوە ناوم لێیاننابوون، وای لێهات ناوەکەیان بەسەردا ببووە ماڵ، خۆشیان ناوەکەشیان لا خۆش بوو، ناوەکانیشم بە گوێرەی شێوەو ئاکارو تەمەنیان بۆ دادەنا، وەک (زهره)و (منیره)و (طیبه)و (لیلی) و (هیاخانم) و (حمیرا)م بۆ دانابوون، ئەوانیش بەو ناوانە یەکتریان بانگ دەکرد.

لەیلا بە زمانێکی پیسەوە وتی:

هەواڵەکان ئێمەی گەیاندە کێندەرێ، لە کۆتاییدا گەیشتینە شادور ..؟!! دیارە لە ماڵەکەتان شادوری ئاسایی لەناو خێزانەکەتاندا نییە ..؟ چۆن و بە چی بوویتە موسلمان..؟ لە شیرازەی خوارەوەی شادورەکەم ورد دەبووەوە، نەخشەکانی بە حمێرا دەبەنگ و هیاخانم نیشان دەدا، شادورەکە لە شیفۆنی رەشی ناسک چنرابوو، بە بورودی وردی ناسکی مەخمەل نەخشابوو.

دوو مانگ لە گرتووخانەکە مامەوە، لەوێ گواسترامەوە دادگای شۆڕش، ئەوەش یەکەمجاربوو بچمە پێش دادگا. بە پاشکۆی پاڵتۆ رەشەکەی نەرم سەرم داپۆشی، تەبیبەخانم پاسەوانە قەڵەوەکەم بە شادورە رەشەکەیەوە کتێبی (خەونامە)و (صلاه النوافلی) بۆ خوێندنەوە دامێ. ئەو ژنێکی باش بوو، بۆ وەڵامدانەوەو خۆدەربازکردنم لە رۆژی دادگاکە، چوار جار خوێندنەوە، چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی پێ لەبەرکردم، تا بە خوێندنەوەی لەبەرخۆم و بەنهێنی بیرو هۆشی قازییەکە ببەستمەوە. ئەو ژنە پاسەوانانەش لەماوەی رۆژانەی کارەکانیدا تا بەیانی رۆژی دادێ دەمانەوە، وەک ئێمەو ئەوانیش وەک گیراو وابوون. بەدرێژایی

ئەو شادورەی تەیبەخانم دابوویە من، ئەستوورو گران بوو، کە لەسەرم دادەنا هەستم دەکرد، یەکێک لە پشتەوە رامدەکێشێت، هەر لەبەر گرانیەکەی لەسەرم رانەدەوەستا، بەناچاری بەتوندی بە هەموو هێزێکمەوە دەستم پێوەبوو. کە بەو شادورەوە چووبومە دادگاکە هەستم دەکرد سەرم زۆر ژان دەکات، ئەژنۆم ماندووبون رایان نەدەگرتم، کە شادورەکەم دایەوە ژنە پاسەوانەکە بەزەییم پێهات، ئەو چۆن بەرگەی ئەوە دەگرێت، بەردەوام لەسەر سەری دایبنێت، بەو قسەیەم هەر سی ژنە پاسەوانەکە پێم پێکەنین، بۆیە باسکی خۆی بە باسکی من وەنا، تا بزانم چەند جیاوازن، دیاربوو دوو قات گەورەترو ئەستوورتربوون، دەستی دایە دەستە گچکەکانم، بۆیە وتی:

بەستەزمان کێ تۆی لاواز بۆ هاوسەری دەخوازێت ..؟!

پێش چوونم بۆ دادگا، لەناو ژوورەکەمدا موحەقیقەکە هاتە لام، کیسەیەکی پلاستیکی بەدەستەوەبوو. دیاربوو دایکم جوانترین شادوری ماڵەوەی بۆ ڕەوانە کردبووم. ئێمە لە ماڵەوە بۆ پرسەو سەرگۆڕستانەکان زۆرمان هەبوو، کە دەچووینە دەزگا حکومیەکانیش لەسەرمان دەکردن، چونکە ئەو خوشکانەی شادوریان لەسەر نەبووایە پێشوازییان نەدەکرا.! بەیانیش دایکم بۆ نزاو نوێژیش لەسەری دەکرد. شادورەکە مەخمەڵییە گوڵینە جوانەکە، هی (کاتیانۆ)ی خوشکم بوو، لەگەڵ کەرەستەکانی بوکینی کڕیبوو، لە ئێران وا باو بۆ بووکان شادوری ڕەش دەکڕن.

کە پاسەوانە چاو پیسەکەم لەیلا، ئەو شادورەی بینی، زۆری لا سەیربوو، شادوری وا جوان و قوماشی گرانبەهای وای لەبەر نەکردبوو. ناردنی ئەو شادورە لەلای دایک و کاتی خوشکم، مانای دەربڕینی هەستی قوڵی خۆشەویستی بوو بەرامبەر بە من. ژنە پاسەوانەکان هەموویان لە دیتنی شادورەکەی لە ماڵەوە بۆم هاتبوو حکومیان لەسەر بنەماڵەکەمان دا، دەمویست چاوە گچکە پیسەکانی لەیلا دابخەم، لە من بە تەمەن گچکەتربوو، هەو بیست و یەک ساڵێک بوو، دەمزانی چی لە دڵدایە، هیوای ئەوە بوو دەستی بڕوات منیش وەک کیژەکانی تر لەسەر سک رایانکێشن بەرەو ژێرزەمینەکە بمبەن، هیوای وابوو گوێی لە فیغانی گریانم بێت. بەردەوام گوێم لە تریقەی پێکەنینەکانی ئەو دەبوو، زۆرم لەسەربردەی مێردە ئەندامەکەی پاسەوانی کۆماری دەبوو. زۆر بێزاری دەکردم، بەردەوام شەڕی بوو، کە جلەکانی بنەوەی منی دەبینی پاش شووشتنیان، بۆ وشکبوونەوە بە بزمارەکەی پشت دەرگامەوە دەکرد، بەو دەنگە ناخۆشەی پڕ لە رق و بەد ڕەوشتی هاواری دەکردە سەرم، تۆ کیژ نیت ..؟ شەرم ناکەیت ئەو جۆرە جلانە لەبەر دەکەیت ..؟ شەرم

بەو خودایە سوێندت دەدەم لێم دوورکەوە، وازم لێبهێنە.

پاش ئەوەی هەموویان شادورەکەی کاتییان بینی، تا خۆم بۆ بەیانی و بۆ دادگا ئامادە بکەم، پاسەوانەکان رۆیشتن کە دوورکەوتنەوە تەنها مامەوە، گریانم هات فرمێسک لە چاوانم نەدەوەستا، لەناو زیندانەکەی خۆمدا سەرم لەناو قوماشە شادورە رەشەکە ناو دەگریام، بۆنی خۆشی خوشکم لە قوماشەکە دەهات، هەستم دەکرد، (کاتی) خوشکم هاوشانمە، بەیەکەوەین، بۆنی زۆری لە عەباکە دابوو، بەو بۆنە تازەوە هەستم بە ئازادی کرد لەناو زیندانەکەمدا. زۆر گریام، لەناو باوەشی خوشکم دەگریام، بەدڵ و بەگیان گریانم دەهات.

تاکە دەست و سەرچاوە بتوانێت دەربازم بکات. ئەو پیاوەبوو، ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردم، لەو دوو مانگەی لەناو زیندانەکە مابوومەوە، هەستم بە تاڵی رۆژگارەکان دەکرد، دەکرا ببمە

لەو ڕەوشەدا پێویستم بە ئەڤین هەبوو، بەو شتە پیرۆزە ڕزگارم دەبوو. نەدەبوو لەو ساتانەدا بیر لە ماڵەوەمان بکەمەوە، لە دەرەوەم بکەمەوە. ئەو کە وا بە ڕەقی مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، دەبووایە ئەوەیان لەبیر بکەم، ئەو ڕەفتارەی ئەو بەناسکی و بەسۆزو بەهێمنی بگۆڕمەوە. هەستم دەکرد لەنا هۆڵەکە بەرەو من دێت، بڕوام نەدەکرد ئەو کەسە بۆ ئازاردانم دێتە لام، من بیرم لە خۆشەویستی کردووە، من دەبووایە مرتاح بم، تا شێت نەبم، دەبووایە هێزم زۆر لەبەر بێت، تا بەرگە بگرم، تا بمینێم، دەکرێ وا بکەم منی خۆش بوویت، دەکرێ شتێ بکەم، ئەو بیر لەوە دەکاتەوە من بەدڕەوشتم، من بۆ لە سێدارەدان باشم، موستەحەقم بە سێدارەدان، ئەگەر ئەو کەسە نەگۆڕم ئەو من لە سێدارە دەدات، بە گۆڕینی ئەو جیهان دەگۆڕێت، بەراستی کەوتمە داوی ئەڤینی ئەو، ئەوم خۆشویست، کە نزیک دەبۆوە کە دەنگی ترپەی پێیەکانی دەهات، زۆرتر هەستم بەوە دەکرد ئەو لێم نزیک دەبێتەوە.

به رامان و ئەندێشەیەکی رۆحی ماڵەوەم لە بیری خۆم دەرهێنا، تا لەو گەمەیە سەرکەوم پێویستم بە رۆڵێکی مەزن هەبوو، لەبەرئەوەی نێوانمان دیوار هەبوو، بۆمان نەبوو یەکتری ببینین، دەبووایە بە دەنگ و بە دەستەکانم سەرنجی راکێشم، لە کاتی تەحقیقەکاندا دەنگم بە کزی بە شەرمەوە دەبیسترا، دەستەکانم وەک مراوییەک سەمای بۆ دەکرد، هەستم کرد کاری لێدەکەم، دەجوولا، نەرم نەرم دەگۆڕا، هەستم کرد بەو رەوشە دەکرێ رابکەم، دەربازم بێت. بە بۆنی عەترەکەی ناو شادورەکەم بە ژیان ئاشنابوومەوە ژیامەوە، گەڕامەوە ناو یادەوەرییەکانم، گەڕامەوە لای ئەڤین، بە شادورو بەو بۆنەوە لە دەرەوەی شوورەکانی زیندانەکان جوانیەکانم دۆزییەوە، بە شادورەکە هەستم کرد، دەبووایە پەلە بکەم، وادەی چاوەڕوانی نەماوە، کاتەکان خێرا دەڕۆن ناوەستن ناکرێ کات بەفیڕۆ بدەین. بە چاوەکانم نەمدەتوانی تەماشای چاوەکانی بکەم، دەترسام ئەگەر تەماشای بکەم، دەکەومە ناو دەریای ئەڤینی ئەو، بوار نەبوو دەترسام، بەڵام لایەنی تری گیانبازییەکەم دەکرا بە هێز ببینم، ئەو دەنگی بەهێزبوو، لەو مەترسییەدا هەستم کرد پێویستم بە پیاوێکی بەهێز هەیە پارێزگاریم بکات، پێویستم بە وزەو بە دەسەڵاتی پیاوێک هەیە دەستم بگرێت، رزگارم بکات. لەو رۆڵەی من بینیم هەستم کرد، بەراستی من ژنێکی زیرەکم، من رۆژنامەنووسێکی بەتوانام، دەتوانم کەسانی تر بگۆڕم، دەکرا من ئەو حالی بکەم ئەوەی من کردوومە، ئەو مەترسییەی من هەڵمبژاردووە، کەم کەس جورئەت دەکات بیری لێ بکاتەوە.

ئەو وێنەی منی لە ئەلبومی پاسەوانەکان وەرگرتبوو، لە رۆژی یەکەم گیرانەکەمدا وێنەی منیان گرتبوو، ئەو وێنەیان لە پێش دانابوو، دیارە بۆ روونکردنەوەی بەڵگەکانی بووە، لەو وێنەدا

شەرمت نەکردووە بەو جلە رووتانەوە ئەو وێنانەت گرتووە ..؟! پرسیارەکانی ئەو بەهێزبوون، وەڵامەکانی منیش لاوازو کزبوون. من مەزندەی پیاوێکی ریشدارم دەکرد، ئەوانەی خۆشەویستی بە حەرام دەزانن، دیارە ئەو پیاوە کە وێنەکانی پێشی وەردەگرێت، شەرم دەکات و گوناهباریش دەبێت.

****

## چەند دیمەنێکی شەڕەکە.

### سپتمبەری 1980

بۆ ئاگاداریتان وریابن، ئەوانەی لە خوارەوە دەیبیستن، ئەوانە راگەیاندنی رەوشی نائاساییەی هێڵی سوورن، واتە هەر ئێستا فڕۆکە دێت و بۆمبارابارانمان دەکات، لەناکاو فڕۆکە دێتە سەرمان. تکایە شوێنەکانی کارتان چۆڵ بکەن، بۆ ناو ژێرزەمینەکان راکەن، خۆتان بشارنەوە .. یان ... یان .. یان ...

ئەو بانگەوازە بەردەوامانە دایکمی دەهەژاند، زوو بە ناوی خۆمان هاواری دەکرد، فەرەیدون، کاتی، کامیلیا .. دەترسا، ئەو بانگەوازانەی بەردەوام لە رادیۆی تاران بڵاودەکرانەوە، کە بانگەوازەکەش دەخوێندرایەوە، کارەباش دەکوژایەوە، ترس و تاریکی بەیەکەوە رووی تێدەکردین. لەناو تاریکیدا لایتێک بە رووم دادەگیرسا، دەمزانی باوکمە یان دایکمە، بەرزیان دەکردمەوە، بەرەو ژێرزەمینەکەی ماڵەوەیان دەبردم، ژێرزەمینەکە کەوتبووە بن خانووەکەی ماما باری داپیرەم. داپیرەم بۆ هەمووومان یەکەو گیرفانە قوماشێکی بۆ دووریبووین، لەناو گیرفانەکەدا برێ پارەو چەند پسوڵەیەکی ناسینی بۆ لەناو دەناین، تا بەو پسولانە بناسرێنەوە، پاشان زانیم، ئەوەی ملمان بۆ چی بوو، بۆچی داپیرەمان ئەو جۆرکانەی لە هەوگ دەکردین.

کە بەیانی رۆژی 22 ی سیپتەمبەری ساڵی 1980 لە خەو رابووین، رادیۆیەکی تاران لە برگەی دەنگوباسەکاندا، بڵاویکردەوە، کەوا سوپای حکومەتی عێراقی، سنوورەکەمانی بەزاندووەو سوپاکەی بەشێکی وڵاتەکەی داگیرکردووین، هەمان رۆژیش فرۆکەخانەی (میهرئاباد)یشی بۆمبابارانکردووە.

لە رۆژانی سەرەتای شەرەکاندا فرۆکەکانی عێراقی دیواری دەنگی ئاسمانی ئێمەی دەبەزاند، دەنگە گەورەکەی ترسهێنەربوو، شارەکەی دەشێواند، هەموو خەڵکەکە بۆ خۆپاراستن، شەریتیان لە شووشەی پەنجەرەکان دەدا، تا لە کاتی شکانیدا پارچەکانی نەپەرێت و زامدارمان نەکات، بەتانی رەنگ تاریکیان لە دەرگاو پەنچەرەکان هەڵدەواسی، نەوەک تیشکی رووناکی ژوورەکان بچێتە دەرەوەو شارەکەو ئاوەدانی ئاشکرا بکات. فرۆکەکان بۆمبابارانمان بکات.

****

شادی بە بۆنەی کوشتنی ئەلسادات:

لەو رۆژەی (محمد انور السادات) لە میسر کوژرا، پیاوێکی چالاکی حیزبوڵا بەو بۆنەیەوە شیرنەمەنی دەگێڕا، بەشێک لەو شیرینیە بەر باوکم کەوتبوو، ئەوەی پێشکەشی کردبوو، بە باوکمی وتبوو:

بخۆ .. تامی شیرینە، ئەنوەر ئەلسادات بە سزای خۆی گەیشت..!

بەڵام باوکم شیرینیەکەی لە پیاوەکە وەرنەگرتبوو، وەڵامی دابۆوە:

من بە مردنی هیچ کەسێک دڵشادو سەرفراز نابم.!

باوکمیان لە کارگەوە راکێشابووە گرتووخانەکە تا بڕواو هەڵوێستی بزانن. بە چاو بەستراوەیی دوو دەمژمێر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردبوو. لەبەرئەوەی باوکم بەڕێوەبەری فرۆشتنەکان بوو، بۆیە مووچەکەی زۆربوو، پاسەوانەکەی گیرفانەکانی پشکنیبوو، لەناو جانتاکەی پارەی زۆری بینیبوو، بۆیە خەمی گرانی بە پیاوەکە دابوو. دیارە پیاوەکە زامی تێکەوتبوو، بۆیە بە دیتنی ئەو پارە بڕیاریان دابوو، باوکم مووچەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ بکاتە دیاری و پێشکەش بە سەربازە بریندارەکانی بەرەکانی شەڕی بکات. بۆیە باوکم بە فەرمانی تایبەتی شەش مانگ بێ پارەو مووچە کاری کردبوو، کە سەردانی گۆڕستانی بەهشتی ئەلزهراء کردبوو، ژیانی خستبووە مەترسیش.

لە سەعات پێنجی بەیانی رۆژی هەینی، بەیانیەکی ساردی ساڵی 1983، لەو کاتانەدا شار چۆڵەو دەرگاو دەروازەی فرۆشتگاکان هەموو داخرابوون، ئەو بەیانییە سپیە تارانی لەناو خەونی پاکی زستانەی دانابوو، ئەو بەیانییە زووە، کەم کەم ئوتومبێلیش دەبینرا، کە لە پێش لایتەکانی ترافیکەکان بووەستن، چەند کرێکارێکی

****

## وێنەکانی رەجەوی:

بە چاوی نیوە کراوەوە ئەو نووسینانەی پێش شۆڕشم لەسەر دیوارەکانی ماڵی ئەفسار خانم دەخوێندەوە، سەد لە سەد پشتیوانی بنی سدرو هاوڕێ رەجەوی بوون، وێنەی سەرۆکی رێکخراوی مجاهیدینی خەڵق لەسەر زۆر شوێندا مابوو، ئەوەی جارێک بۆ سەرۆکایەتی کۆماریش کاندیدکرابوو، کە رێکخراوەکە دژ بە رژیمی شاهەنشا خەباتی دەکرد، جەماوەری زۆری هەبوو، بەهۆی تۆرەکانی ئەوانەوە پەیامەکانی خومەینی بڵاودەبوونەوە، بەڵام چەند مانگێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکەو خومەینی ئەو لایەنە ببووە ئوپوزسیۆن لەو وڵاتە. لەلایەکی تری دیوارەکەش دروشمێکی تریش مابوو، بەشێکی رەش کرابوونەوە، ئەوەی دەخوێندرایەوە، دیاربوو نوسرابوو (تەنها خائینەکان لە وڵاتا رادەکەن)، (مردن بۆ نەیارەکانی ولایەتی فەقیە). رەجەوی بۆ پاریس رایکرد، لە دەرەوە خەباتی دژ بە شۆڕشەکە دەکرد، لەسەر دیوارەکانیش وێنە کۆنەکانی بە رەوشی باشەوە مابوون، زۆریشیان نەشێوێندرابوون.

****

## مەیدانەکانی تاران:

ئەفشارخانم لەبەرئەوەی بەو بەیانیە زووە باوکمی ماندوو کردبوو، بۆیە زۆر بەشانازییەوە باسی دەکرد، باوکیشم بە پێکەنینەوە پێ وت، لە داهاتوو بە پارە قەرەبوومان بکەوە، ئاسانە، بەرەو باکووری تاران رۆیشتین، بە مەیدانی شاهباد (مەیدانی یادی شاهەنشا) رەتبووین، هەروەها مەیدانی ئازادی نوێ

(مەیدانی ئازادی )یشمان بڕی، هەرچەند دوور دەکەوتینەوە ناوچەکە جوانترو خۆشتر دەبوو، سروشتەکە جوانتر دەبوو، لە مەیدانی (بهمن) ژمارەیەک کرێکار راوەستابوون، لۆریش بۆ گواستنەوەیان بۆ سەر کار وەستابوو. خاوەن کارەکە دەنگی دەهات، ئێمە تەنها پێویستمان بە بیست کرێکار دەبێت، زۆرترمان ناوێت، بیستمان بەسە، بە تورکی هاواری دەکرد. لەبەرئەوەی کار کەم بوو، بۆیە ئەو کرێکارانە بە ناچاری رۆژانی هەینیش بۆ کار پەیداکردن دەهاتنە ئەو مەیدانە.

****

بەهای ژیان:

لەناو ئاپووڕە زۆرەکە گەیشتینە (یافت اباد)، خەڵکێکی زۆر بە جلی نووستنەوە بۆ وەرگرتنی نان لە پێش فڕنەکان وەستابوون، ناوچەکە پیس بوو، منداڵان لەناو زبڵخانەکانەوە یارییان دەکرد. لەناو ئاوێنەکەیەوە تەماشای پشتەوەم کرد، چاوی لە من بڕی و وتی:

تەماشاکە خەڵکی چۆن دەژین، بیر لەوە بکەرەوە تۆ چۆن دەژیت.

کە لافیتەکەی پێشەوەی گۆڕستانەکەم بینی، زانیم ئێمە دەچینە کێندەرێ. چوار رۆژ دەبوو (گوڵی) کیژی تەمەن بیست و حەوت ساڵییەکەی ئەفسار خانم بە گوللە تیرباران کرابوو، افسار

***

گرتووخانەی ئای ئین:

کیژەو باوکەکە لە چێشتخانەیەک ژووانی دیمانەیان هەبوو، بڕیاربوو لەوێ بینینێت، کیژەکە لەو سەفەرە هاتبۆوە، دەبووایە باوکی ببینێت، باوکەکە لە لایەن پۆلیسەوە راو دەنرا، بۆیە شوێنی دیار نەبوو، بۆ دۆزینەوە کابرا، سۆراخی کیژەکەیان کرد، لەو رێستورانتە کیژو باوکەکەیان گرت، بە تاوانی هێنانی نامەی بێگانەو جاسووسی گیرا، دوو ساڵ لە گرتووخانەی ئای ئینی ناوبانگ شووم مایەوە، ماوە ماوە دایکی بۆ سەردانی دەچووە سەردانی، لەو پایزەدا دایکی زانیبووی لەو گرتووخانەیەدا گواستراوەتەوە شوێنێکی تر، کە دایکی بە هەگبەی نانەوە بە نیازی دیداری کیژەکەی رۆیشتبوو، پاسەوانەکان پێیان وتبوو، کیژەکەتیان بۆ تەمبێکردن لێرەیان گواستۆتەوە بۆ لای حاجی داوود، لێرە نەماوە، بۆت نییە جارێکی تر لە لای ئێمە دیدارتان ببێت، خۆت و هەگبە خواردنەکەت بگەڕێوە ماڵەوە، ئەویش بە دڵشکاوی و بەترسەوە گەڕابۆوە، هیوای ئازادکردنەکەی کە دایکی ماوەیەکی زۆر هیوای پێبوو، بەڵام هیواکەی لەو رۆژەوە نەما، بۆ بەیانی بە تەلەفۆن هەواڵی ناشتنی کیژەکەیان لە گۆڕستانی بەهشتی ئەلزهراء پێ راگەیاندبوو.

باوکم بە دەستی ئیشارەتی شوێنێکی بۆ کردم، من لەوێ چاوەڕانیان بکەم، رۆیشتمە ناو باخەکە، شووشەیەک ئاوی گوڵم لە دەستدابوو. لەبەر خۆمەوە دەمپرسی بۆ ناتوانم منیش بچمە ئەو

***

**ڕێگای گەڕانەوە:**

**لەڕێگای گەرانەوەماندا ئەفسار خانم لە پێشەوە بە کۆمی دانیشتبوو، لەناو جیهانی خۆیەوە رۆیشتبوو. من کوپێک شیرم پێشکەشکردو پێمووت، ئەوەیان بخۆرەوە، بۆ تۆ باشە، لەبەرئەوەی نەخۆشی رەبوی هەبوو، بۆیە پەمپەکەی لەناو جانتاکەی دەرهێناو مژێکی لێدا. لەکاتی گەڕانەوەماندا باوکم ئوتومبێلەکەی خێراتر لێدەخوڕی، تا رەوشە خەمگینەکە کەمێک بگۆڕێت، رادیۆیەکەی داگیرساند، داوای لە ئەفسار خانم کرد لەگەڵ ئێمە نانی نیوەڕۆ بخوات. بەڵام ئەو لە وەڵامدا بە ئەدەبەوە وتی:**

**من بەو رۆژە هەینییە زیاد لە پێویست ماندوو و ئیزعاجم کردیت، زۆر سوپاس، دیارە ئێوە کاری ترتان هەیە لە ماڵەوەتان، من زۆر سوپاسم هەیە تەنها بمگێڕنەوە ماڵەوە، سوپاس.**

باوکم لەبەردەم وێنەیەکی بەنی سدر ئوتومبێلەکەی راگرت، من بە چاویلکەکەی ئەو زۆر سەرسام بوم، ئەفسار خانم بە هەنگاوە نەرمەکانی چووە ماڵەکەی.

دوو ساڵ پاش ئەو بەروارە ئەو ژنە مرد، دایکم وتی لە کاتی نووستنیدا نەما، واتە لەناو خەفەتەکانیدا بۆ خۆی مرد. (کاتی)ی خوشکم دەیگێڕایەوە کە بۆ خوێندنی سورەتی الفاتحە دەچووە گۆڕستانەکە بە مێردەکەی دەووت ئاگاداری ناوچەکە بە وریابە. لەناو گۆڕستانەکەدا بەشێک بۆ ئەو مردووانە تەرخان کراوە، کە بە هەلە کوژراون، واتە ئەو بەشەن کە ناوی کافریان لێناوە، دیارە کەوا حکومەت دانی بەوە ناوە کە کەسانی بێ تاوانیش کوژراون، خەڵک هەبووە بە هەڵە لە سێدارەدروان. لە یادی گوڵی دایک و باوکی ناوچەکەیان گوڵپرژێن کردبوو.

کە لە زیندان بووم (ماندانا) نامەیەکی بۆ نووسیبووم، لە نامەکەیدا پارچە شیعرێکی بۆ نووسیبوم. منیش نامەکەم بۆ دایکم ناردەوە، تا ئەگەر لە زیندانا دەرچووم بمداتەوە. بەیەکەوە لەگەڵ ئەو دەستە خوشکەم دەچووینە کۆڕەکانی ئەدەبی و نمایشە هونەرییەکان.

پاش دەرچوونم لە زینداندا:

زەنگی تەلەفۆنەکەی ماڵەوەمان لێدرا، رۆژی یەکەمی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، سەماعەکەم هەڵگرت، گوێم لە دەنگێکی ناسراوبوو، دەنگەکە وتی:

السلام عەلیکم، لە بیرت نەچێت، بەیانی سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ لە یانە چاوەڕوانت دەکەم.

کە ئازادکرام، مرۆڤێک بووم وەک وەحشییەک دیاربووم قژم درێژ، ماسولکەکانم لەبەر قەڵەویم شۆڕببوونەوە، زۆر قەلەو

***

مەوعیدەکانی لێکۆڵەوەرەکان.. و بڕیاری جاسووسی:

یەک رۆژ پێش ئازادکردنەکەم موحەقیقەکەم هاتە لام ژووانی دەرەوەی بۆ دانام، پێی وتم ئازاد دەبیت، ئەگەر لەسەر پسوڵەی رازیبوونم جاسووسی بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی هەواڵگری بۆ ئیمزا بکەم، کاتی ژووانەکەی بە بیر دەهێنامەوەو منیش سەرم بۆی دەهەژاند، بەڵام لە ناخمدا دەکوەڵام، وەک هەموو جارەکان بە چاو بەستراویی دانیشتم و پشتم لەو بوو، بەڵام ئەو دەستی منی لێوە دیاربوو کە پسوڵەکەم ئیمزاکرد، بۆیە وتی:

باشە بۆ بەیانی دیمانەمان دەبێت، بەڵام ئەوەت لە بەر چاوان بێت، کەوا حیجاب و شادورت لەبەر بێت.

***

## دوور له هەڕەشەکان:

من که هاتمه ناو وەزارەتی هەواڵگری ناوی کێ بەرم، کێ دەبینم ..؟ به گاڵتەپێکردنەوه وەڵامی دامەوەو وتی:

کێ ناوی وەزارەتی هەواڵگری هێناوه ..؟

منیش وەڵامم دایەوەو وتم:

ئەدی کەواته دیمانەکەمان له کوێ دەبێت ..؟

بەراستی هەستم بەنیگەرانی و دڵەراوکێ کرد، بڕیارمدا شتێکی جدی نەکەم، ڕۆڵەکەم باش نەبینم، لەناو دڵی خۆمدا بڕیارمدا ئەگەر شتێکی وا نەکەم ئازاد نابم، ئازادبوونم له زۆر مەرج گەورەتره، دەبێ له گرتووخانەی (توحید) رزگارم بێت، تا سەلامەت دەبم، تا ماڵەوەمان بپارێزم، دەبێ ڕۆڵەکه جوان و سەرکەوتووانه ببینم، وا خۆم نیشان بدەم بەراستی کەوتوومەته داوی خۆشەویستی راستەقینه لەگەڵ موحەقیقەکەم، خەمی راستی ئەڤینەکه ئەوەبوو ئەڤینەکه ببووه راستی، نەدەکرا لەو ڕۆڵه پەشیمان ببمەوه، ناکرێ وازبهێنم، نەدەکرا رازی بم وەک جاسووس کاریان بۆ بکەم، من گلەیی له هاوڕێیەکانم بکەم، من لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەم. بەڵام له کۆتایی بڕیارمدا رازی بم، لەگەڵ ناخی خۆمدا ڕێککەوتم، من نەبم، من ببمه یەکێکی تر، لەناو دەنگی موحەقیقەکەم تاوامەوه، بڕیارمدا بمکاته کەسێکی تر، ببمه کارەکتەرێکی تر، من فەرمانەکان وەک سەربازێک له ئەفسەرەکەم وەرگرم.

****

## بینینی بەرامبەرەکەت:

**ئەو لێی پرسیم، ئایا یانەی ئەدەبی داهێنەر، جوانە ..؟ لە دڵی خۆمدا وتم، ئەو پرسیارەی مەبەستی گاڵتەپێکردنمە، دەبێ گالتەم پێ بکات ..؟ من دەمزانی ئەو مەبەستیەتی جارێکی تر لە دەرەوەی زیندانەکە دەنگم ببیستێت، تا بینینی خۆمی لەسەر زیندانەکانی پێ بڵێم، هەردووکمان بۆ دیتنی یەکتری بەپەلەبووین، لەناخەوە بەو سۆزەوە دەسووتاین، لەو دیمانەدا بەباشی نیگا لە چاوی یەکتری دەکەین، بەڵام من لەگەڵ ئەو سۆزەش دەترسام، لە دوارۆژی خۆم دەترسام، نەمدەزانی لەگەڵ ئەو پیاوە دەگەمە کێندەرێ، چۆن کۆنترۆلم لەسەر خۆم پێڕادەگیرێت، ئەگەرچی دەترسام بەڵام زۆریش بایەخم بەترسەکەم نەدەدا، بۆیە راڕایەکەم لە هزرو مێشکی خۆم دەرهێنا.**

*******

شاردنەوەی دەموچاو:

**ئەو وتی، کە هاتیتە یانەکە لەلای پاسەوانەکان ناوی خۆت بە (زارافشان) بناسێنە، ئارام بە، رووی خۆت بشارەوە، زۆر دەرمەکەوە کیژێکی وریابە، کە دەرچوویتە دەرەوە بە چاو بەستراوی برۆ دەرەوە. من لەو شوێنەدا هەموو تەمەنی هەرزەکاری خۆمم تێدا سەرفکردبوو، نووسینگەی ژنە مامۆستاکانی ئەدەبە، لێرە شیعر هەیە، من بڕوام نەدەکرد، نەدەکرا بڕوا بە خۆم بهێنم ئەو یانە ئەدەبیە بارەگای هەواڵگرییە.**

**تاکسییەکەم داواکرد، کە هاتمە دەرەوە تاکسییەکە چاوەڕوانی دەکردم، شوفێری تاکسییەکە لە ئاوێنەکەی پێشی چاوانم چاوی لە من کرد، منی نەناسییەوە، ئەو کیژەی جاران نییە، زۆر گۆڕاوە، ئەو خۆیەتی.. سەرسام بوو، منیش شادورەکەم لەناو جانتاکەم پەستابوو، نەدەکرا هاوسێیەکانم من ببینن من لە ماڵەوە شادور لەبەر**

***

پاسەوانەکان لە چاوەڕوانی مندابوون:

کە گەیشتمە دەروازەکە، لە ژوورەوە پاسەوانەکان پێشوازیان کردم، منیش وتم:

من ناوم زارافشانەو لە ژوورەوە ژووانیکم هەیە..! زۆرم لا سەیربوو پاسەوانەکان ئاگادار کرابوونەوە، دەیانزانی زارافشان دێتە ئەو شوێنە. شوێنەکەم دەناسی، یەکسەر بۆ شوێنی مەبەست رۆیشتم، لە رۆژانی هاتنم بۆ ئەو یانەیە شارەزابووم، لە خۆم پرسی، من لێرە چی دەکەم، بۆچی هاتووم..؟

لە یەکێک لە نووسینگەکانەوە گەنجێکی ریشدارم لێوە دیاربوو، ریشێکی تەنکی دانابوو، ئەو بەخێرهاتنی کردم و وتی:

فەرموو دانیشە، وەرە ژوورەوە. دەرگاکەم لە پشت خۆمەوە داخست، سڵاوم لێکرد، ژوورەکە پێدەچوو دەنگبڕبێت. گوێمان لە دەنگی یەک نەدەبوو، کەسیش گوێ لە دەنگی ئێمەش نەدەبوو. کە دانیشتم هەستم کرد ترپەکانی دڵم خێراتر دەبوون، لە بەردەم پەنجەرەکە وەستابوو، پشتی لە من بوو. رووم کردەوە، هێشتا شادورەکەم لەسەر شان بوو، یەک دوو قۆپچەی سەرەوەی پاڵتۆکەم کردەوە، هیچی نەووت، دەمی نەکردەوە، لەناکاو هاواری کردە سەرم، بەسەرسامییەوە وتی:

**شەرم ناکەیت بەو شێوەیە دێیتە ئەو شوێنە ..!؟ من هەستم کرد تۆ بوویتە مرۆڤ، فێربوویت.. بڕۆ دەرەوە... ئەوانەی دەرەوە تۆ بەو هەموو مکیاژەوە ببینن چی دەڵێن ..؟!**

**بەو دیمەنە من هەستم بە شکان و شەرمەزاری کرد، دەرگای بۆ کردمەوەو بە تووڕەییەوە وتی:**

**بۆ دەرەوە برۆ دەموچاوت بشۆرە، منیش یەکسەر بۆ گەرماوەکە بەراکردن رۆیشتم، بەگریانەوە دەموچاوم دەشووشت، بە کاغەزەکانی ناو گەرماوەکە مکیاژەکەم لابرد، دووبارە شادورەکەم لەبەرکردەوە، هەستم دەکرد ئەو لە لای خۆیەوە پێم پێدەکەنێت، بەڵام لەبەرئەوەی تەماشام نەدەکرد، بۆیە دڵنیا نەبووم پێدەکەنێت، یان ناء، بەڵام رەوشەکەم بە دڵ نەبوو.**

*****

## بۆنی گوڵاو:

**بەنەرمی لە دەرگاکەم دایەوە، هێدی چوومەوە ژوورەوە، ئەو دانیشتبوو رۆژنامەیەکی پەڕ پەڕ هەڵدەدایەوە، وتی:**

**دەزانی بەو بۆنە ناخۆشە ناوچەکەو بینایەکت هەموو بۆندارکرد، بە تووڕەییەوە وتی:**

**دانیشە.**

**بۆم نەدەهات چۆن وەڵامی بدەمەوە، من ئەوەم لە هزرا نەبوو، بیرم لەوە نەکردبۆوە، وەڵامی ئەوەم پێ نەبوو، بەچەندین شێوە داوای لێبووردنم کرد، من هەلەبووم کە بەو شێوە هاتوومەتە ئەو شوێنە، من ویستم شێوەو ئاکار بە شیاوو جوان نیشانی تۆ بدەم، نەک بە ئاکارێکی شووم بێمە بەرامبەرت. بەڵام دیاربوو ئەو زۆر تووڕە ببوو، بۆیە بەو داواکردنەم بەو لێبووردنە سارد نەدەبۆوە. ئەو کە منی**

وامزانی لەسەر راستی تۆم پەروەردە کردووە، نەمزانی من هەڵەبووم. لە ئەزموونەکە دەرنەچوویت. رووبەڕوو لە یەکتری مرتاح نەبووین، ویستم بگریێم تا لێم ببووریێت، زۆر پاڕامەوە، بەڵام سوودی نەبوو، کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەو رۆژەی هێنا، داوای لێمکرد، بڕۆم و وتی بەیانی پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە، هەڕەشەی ئەوەشی لێکردم، کەوا جارێکی تر بەو شێوەیە نەیەمە ئەو شوێنە، بەتووڕەییەوە تێگەیشتی، باشە ..! بە سەرم هیمای رازیبوونم بۆی کرد، وەک کەروێشکێک لەناو نووسینگەکەی دەرپەڕیم، یەکسەر گەڕامەوە ماڵەوە تا بەرنامەی رۆژیکی تر دابڕێژم.

***

ژێرزەمینەکەی گرتووخانەکەی توحید:

تا جارێکی تر نەتوانی لەسەر پێیان بڕۆیت، بن پێیەکانت دەکوتنەوە، زامداری دەکەن، هەی بۆگەنی تێکدەری ئاژاوەچییەکان، دیارە ئەو رۆژانە بیانوشتان بۆ پەیدابووە، سەرۆک خاتەمی، وادەزانن ئاغای خاتەمی لە شێوەی ئێوەیە وەک ئێوەیە ئاژاوەچییە ..؟؟ ئەگەر خاتەمی ئێستا لێرە بووایە دەتانتوانی حکومەتەکە بڕوخێنن..؟ ئێوە چاوتان کوێرە هیچ نابینن، ئەگەر ئێوە چاوتان نابینێت، ئەوا کەسانی تر زۆرن چاوەکانیان بکەنە قوربانی بەشۆڕش و بەئیمام، چاوەکانی سەربازەکانی ئیمامی زەمان کراوەتەوە، ئەوانە ئامادەن دەرسی باشتان بدەن، ئێمە شێوەو بەرنامەی زۆرمان هەیە تا تۆی ئاژەڵ، دان بە هەموو شتەکاندا بنێت، ئەی ژنە پیسەکە، هەڵتدەواسم، تێگەیشتی..! بە تاوانی خیانەتی مەزن و جاسوسی هەموو سزایەکت دەدەین،

***

## دەنگی موحەقیقەکە:

ئارەقە لە پشتم دەهاتە خوارێ، تا پشدێنی خوارەوەشی تەڕکردبووم، چەند سەعاتێک لەسەر تەختە رەقە دارەکە لە بەرامبەر دیوارا مامەوە .. دە سەعاتێک دەبوو، پێنج سەعات .. نازانم .. ماوە ماوە هەڕەشەکانی موحەقیقەکەم دووبارە بە بیردەهاتەوە .. هات و هاوارەکەی چواردەورەم وەک میشوولە زیکە زیکی دەهات. دەنگەکان زەنگ بوو لەناو مێشکما دەزرنگایەوە، کاسی کردبووم من لە کوێم ..؟ نەمدەزانی من لە کوێم .. لەبەر جنێوو قسە ناشیرینەکان ئاگام لە خۆم نەمابوو، مێشکم لە بیرکردنەوە وەستابوو.. بەڵام شەنگم دایە بەر خۆم، خۆم ئازاکرد، پێویستە بەرگە بگریت. بەو شێوەیە دەمێنێت، بەو بەرنامەیە نەبێت ناگەڕێیتەوە لای دایکت .. دیارە دایکم کۆشش زۆر دەکات تا یارمەتیم بدات، شتێکم بۆ دەکات. ئەو کەسانەی چەند ساڵێک، بەیەکەوە کۆششمان کرد تا (خاتەمی) لە هەڵبژاردنەکان دەربچێت، دەگەنە هاوارم، هەندێک لەوانە لە نزیکەوە خاتەمی دەناسن، ئەوانە ریفۆرمخوازن دێنە هانام، وا ئەوانە لە دەستەڵاتن ..؟ زۆر بیرم لە (فائیزە) دەکردەوە، رەفسنجانی دێتە هاوارم و رزگارم دەکات.

***

## له زینداندا:

که به زەبر له ناو ئوتومبیله‌که دەریانهێنام، ئامێرێکی میتالیان له دەستمکرد، وتیان ئەوە هەوائییه، بەهۆی ئەوە تۆ شوێنمان دەکەویت، ئێمەش چاودێریت دەکەین، پیاوەکان کەسیان دەستیان نەدامێ، وەک کەسێکی نابینا دەڕۆیشتن، هەستم لەوە دەکردەوە من هەموو دەقەیەک زۆرتر تووشی ئازارو نارەحەتی دەبووم. بەڵام دەبووایه زۆر عاقل و ژیربم، دەستی دەستیان پێکردم، ئەوەلیاتەکانیان دەگۆڕییەوە، بەرپرسەکانی منیان وەردەگرت و منیان دەگۆڕیەوە، بەردەوام رۆیشتین، گوێم له دەنگی زەنگێک بوو، منیان گەیاندە ژنێک ئەویش منی نارده ژوورێکی دەرگا ئاسنینی داخراوی تاریک.

ژنەکه داوای کرد هێدی هێدی سەرپۆشەکەی سەر چاوانت لابەرە، تا بتوانیت سەبر سەبر چاوەکانت بکرێنەوەو پێشەوەی خۆت ببینیت. ژنه پاسەوانەکه ژنێکی گچکەی ئەسمەربوو، داوای لێکردم جلەکانم لەبەر بکەمەوە، لەسەر مێزەکەی پێشمان دەسته بیجامەیەکی سپی هێڵدارو شادورێکی پۆلستەری رەنگین به گوڵی بەنفسجی و جووتێک سۆڵی پیاوانەی هەرزان دانرابوو. پێی وتم:

بیجامەکه لەبەربکەو سەرپۆشەکەی سەرت و گۆرەوییه رەشەکانت لەبەرکەوە. قەمیسه رەنگ مۆرەکەم و پانتۆله جینزەکەم و پاڵتۆیەکی دایکمم، پارچه پارچه لەبەرکردەوە، هەمووم لەناو کیسه رەشه پلاستیکەکه دانا، ئەوەی پێڵاوەکەی بردم، داوایکرد سەعاتەکەم و جانتاکەشم لەسەر مێزەکه دابنێم، سۆلەکه لەسەرپێ بکەم بەدوای بکەوم، منی برده زیندانەکەم، منی له ژوورەکەم پەستاو دەرگا ئاسنەکەی لەسەر داخستم. پێی وتم:

بێ دەنگ دەبیت، لە دەرگا نادەیت، تێگەیشتی ..؟!

منیش باش تێگەیشتم، پاش دە دەقە هاتەوە، شادورەکەی بۆ فڕێ دام و وتی:

خێرابە ئامادەبە، تۆ بۆ تەحقیق دەبەین..!

****

## پاراستنی هیوا:

خۆم هێمن و ئارام راگرت، لەبەرخۆمەوە بیرم لەوە دەکردەوە چارەنووسم بەچی دەگات، هەستمکرد دڵم بە تەوژم لێدەدا. ئەو دە دەقەی موحقیقەکە خەریکی نوێژبوو، لێکۆڵینەوەکەم بە دە سەعات تەواوبوو، وام هەستدەکرد کەسی سێیەمیش لەگەڵماندایە، دەترسام وامدەزانی بەنهێنی شتەکان لە پشتەوەمان دەنووسرێتەوە، یەکێکی ترمان لە نێواندایە، بەوردی تۆمارەکان دەکات. کە ترپەی پێیەکانی دەهات، ترسم دەگەیشتێ، چرپەیەک دەیترساندم. دەترسام هەر ئەو پیاوە بمکوژێت، لەناو ژوورەکە دەهات و دەچوو، لێم نزیک دەبۆوەو سەری بە کتێبێک یان شتێکی تردا دەدام، کە لێم نزیک دەکەوتەوە لە ترسانا دەبوومە سەهۆل، هەر چەند لێدانەکان و جنێوەکان توندترو ناخۆشتر دەبوون، زۆرتر ترسم لێ دەنیشت... بەرووی دیوارەکە بە خۆڕاگری مامەوە، لەناو تاریکی چاو بەستانەوەکەمدا وەستام، بەڵام بێ هیواو نائومێد نەبووم، هیچ رۆژێ وام لێنەهاتبوو بەیەکجاری هیوام نەمێنێت.

****

**پاش چەند دەمژمێرێک لە لێکۆڵینەوەدا لەناو زیندانەکەمدا بەربوومەوە. یەکێک لە ژنە پاسەوانەکان قاپێکی برنجی ساردی بۆ هێنام، برنجەکەیان بە کەمێک شۆربا تەڕکردبوو. پاسەوانەکە وتی:**

**ئەوە خواردنی نیوەڕۆتە، کاتەکەی تێپەڕیوە، بۆیە لەناو سەلاجە دانرابوو. پاش دوو سەعاتی تر کاتی خواردنی ئێوارە دێت، ئەگەر نوێژی نیوەڕۆو عەسرت نەکردووە، دەتوانی دەستنوێژ هەڵگریت .. منیش وتم، بەراستی .. نوێژەکانم .. سەعات چەندە ..؟ بۆ نوێژ راستبوومەوە، سەرم دەسوڕا، شادورەکەم بەرەو قیبلە راخست، نوێژم دامەزراند. قوڕگم وشک ببوو، ئاویشم پێ قووت نەدەدرا، هیچم بۆ نەدەخورا، گەرووم گیرابوو، حەزم بەتەنهایی دەکرد، زیندانەکەم لە دارەمەیتێکی بەتاڵ دەچوو، دیوارەکەی بە بۆیەی سپی بۆیە کرابوو، دەرگا ئاسنینەکەی رەنگی شینیان لێدابوو، ئەرزەکەیان بە رایەخێکی خاکی داپۆشرابوو، بەڵام تەڕ. لە سەر سەرم لەمپایەک هەڵواسرابوو، رووناکییەکی کزی دەبەخشی، بۆشم نەبوو، لەمپاکە بکوژێنمەوە.**

*******

**رزگاربوون لە راستگۆییدایە:**

**موحەقیقەکە چەند بلانکێتێکی دامێ، داوای لێکردم، هەموو دێڕەکانی بە وەڵامدانەوەو زانیاری و پڕ بکەمەوە، پرسیارەکان زۆربوون، وەک ناوی برادەرەکانت، خزمەکانت، پەیوەندیت بە ماڵەوەت، دایک و باوکت، مەشروبت خواردیتەوە یان ناء، چەند بڕوات بە خودا هەیە، کارو پیشەو چالاکیەکانت... زۆربوون، لەژێرەوە لاپەڕەکان بە خەتێکی تۆخی رەش بە زمانی عەرەبی نوسرابوو،**

****

موحەقیقەکە چاوەڕوان بوو:

شەوی یەکەمم لە زیندانا زۆر درێژبوو، هەر تەواو نەدەبوو، بەدرێژایی ئەو شەوە درێژە گوێم لە ناڵەو فیغان و نووزانەوەبوو، لەهەموو گۆشەکانا دەنگ و گریان دەهات، بەیانیەکەی کە دەرگاکەیان لێ کردمەوە، لاپەڕەکانم کۆکردەوە، دەستنوێژی بەیانیم هەڵگرت، کە نوێژەکەم تەواوکرد، پاسەوانەکەم بانگی کردم و وتی ئامادەبە، موحەقیقەکە چاوەڕوانت دەکات، لە دەرەوە چاوەڕوانە زوو کە...! هەردوو سۆلە لاستیکەکەی پێم لە پێیەکانم گەورەتربوون، کە دەرۆیشتم خشەیان دەهات. لە دوای محقیقەکە دەرۆیشتم شادورەکەم زۆر توند بەڕوومەوە بەسترابوو، بەعەستەم پێیەکانی ئەوم لێوە دیاربوو، بە زمانێکی بە بڕواوە پێم گووت:

السلام عەلیکم، ئەویش وەڵامی دامەوەو وتی:

وعلکیم السلام.!

لە پێڵاوەکانیەوە زانیم ئەو وەک پاسەوانەکان نییە، جیاوازی هەیە. دیاربوو پێڵاوەکانی رەسمی بوون، چونکە رەنگیان خاکی بوو، پێڵاوەکە بەردەوام خاوێن و بەبریقەبوو، بەوە زانیم کەسایەتیەکی بەرزی هەبوو، دەبێ پلەی سەرۆکی ئیدارەی لە وەزارەتی هەواڵگری هەبێت، تا لەو رەوشە رزگارم بێت، من پێویستم بە کەسایەتییەکی بەهێز هەبوو، ئەگەر دەستەڵاتدارو بەهێز بێت، دەتوانێ یارمەتیم بدات و رزگارم بکات.

****

## بێ هیوایی:

ئەو چەند رۆژەی رابوورد، بە قەد چەند ساڵێک درێژ دەبوو، لەو ماوەیەشدا هیچ تروسکاییەکی هیوام بەدی نەدەکرد، لەو تاریکاییەدا پێویستم بە تیشکی رووناکی هەبوو. لەو شوێنە هەستمکرد، من نەماوم گووم بوم. بۆ رۆژی دوایی منیان بۆ دادگا راپێچ دەکرد، بە چاو بەستراوەیی دوو کەسی باوەڕپێکراوی هەواڵگری منیان برد، لە پشتەوەی ئوتومبێلێکی بچووکدابووم، سەریان داپۆشیم تا هیچ ئاوەدانییەک نەبینم، تا شەقامەکانی ئاپوورەی تاران هەست پێنەکەم. کە گەیشتینە پارکی ئوتومبێلەکانی دادگاکانی شۆڕشگێڕی، لەوێ وتیان دەتوانی هەڵبستیتەوە، چاوەکانت بکەیتەوە، کە چاوم بە ئاوەدانی کەوتەوە هەستم بە ژیان کردەوە، زانیم لەسەر دونیام، من نەمردووم، هێشتا جوڵەم تێدا ماوە، بەڵام گیراوم، دەست بە کەلەپچەم، وەک تاوانبار دەبینرام، بۆیە شەرمم کردو سەرم داگرت.

***

## مرۆڤ یان دڕندە:

کێشەکەم من لەلای قازییەکی بەساڵاچوو بوو، لەناو ریشەکەی داوی ڕەش دەبینرا، هەر ئەو قازییەبوو، فەرمانی گرتن و پشکنینی ماڵەکەی ئێمەی دەرکردبوو، قازییەکە تەماشای منی کردو وتی:

تۆ مرۆڤی یان دڕندە ..؟! تێبگە بڕیاری سێدارە چاوەڕوانت دەکات، لەگەڵ تۆمە تێگەیشتی..! دۆسیەکەی منی کردەوەو دەستی بە خویندنەوەی کرد:

تۆ پەیوەندیت بە ئیسرائیلەوە هەیە، بۆ بەرژەوەندی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل کارت کردووە، کارت بۆ ڕێکخراوە جاسوسیەکانی ئەمریکی کردووە، ئەوانیش بەرژەوەندییان لە رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، تۆ تاوانبار کراویت زانیاریت بۆ دەرەوە ناردووە، توێژینەوەو راپۆرتت ناردووە، هەمووش زیان و شکانی ئێرانیان مەبەست بووە، تۆ دژی حکومی کۆماری ئیسلامییت...! منیش وەڵامم دایەوە:

بڕوا بکە، ئەوانە هیچیان راست نین، حاجی ئاغا ئەوانە راست نین.. من نووسەرم، من رۆژنامەنووسم، من جاسووس نیم، هەلە دەکەن ئەگەر من بە جاسووس ناوبەرن ..؟! من ئازاد بکەن با بگەڕێمەوە ماڵەوە، من دەمەوێ چمەوە ماڵەوە، من لە خانەوادەیەکی دیارو بەڕێزم، من لەو کارانەی ناوت هێنان سەرم دەرناچێت، من لەناو ئیسرائیل کەس ناناسم، هەروەها بۆ بەرژەوەندی هیچ لە ڕێکخراوی ئەمریکیش کارم نەکردووە... لەگەڵ ئەو قسانەدا گریانم هات.. گریام.

****

## سزاکەت مردنە:

قازییەکە ئیشارەتی بە دۆسیەکەداو وتی:

هەموو شتەکان لەناو ئەو دۆسیەدا بە بەڵگە تۆمارن. برادەرانی پێشووتر وردەکاری زۆریان ئامادەکردووە، تۆ بەئاسانی لەناو دەستی دادپەروەری ئیسلامی دەربازت نابێت، سزای جاسووسەکانیش لە سێدارەدان و مردنە، ئەو تاوانانەی تۆ کردووتە زۆر ترسناکن، پەیوەندی بە جاسووسێکی ئیسرائیل .. بە خەمگینییەوە سەری بۆم هەژاند، ئەوە دادگای دادپەروەرییە، ئەو دادگایە

****

قسەبکە، ئەگەرنا دەگەرێیتەوە ژێرزەمینەکە:

زۆر لەسەرخۆ، زۆر بە بڕوابوونەوە، موحەقیقەکە، وەک ئەوەی پارچە شیرنەمەنیەک باوێتە ناو دەمی، وەک چۆن بنووسێک بیەوێت چەند دێڕێک لەسەر وەرزی بەهار بنووسێت، بەو شێوەیە، بەئاسایی لێیپرسیم، باشە کەواتە وەڵامی ئەوەمان بدەوە، تا ئێستا تۆ وەک کیژێک لەگەڵ چەند پیاوێک ماویتەوە، چەند شەوان لەگەڵ ئەو پیاوانە ماویتەوە ..؟ نەمدەویست بڕوا بکەم، چۆن ئەو پرسیارەم لێکرا، بڕوام نەدەکرد، گوێم لەو قسەیەبوو. بەردەوام بوو ئەو وتی:

خۆتت لێمان مەکەرە کەسێکی بێتاوان و پاک، من بەڵگەم پێیە تۆ لەگەڵ گۆشتفرۆشەکەتان راتبواردووە، قسە بکە هەی قەحبە، بۆ قسەیەک ناکەیت، هەی جاسووس، تۆ پاکیزییەت ..!؟ باشە لەبەردەم من بوویتە کەسێکی لاڵ دەنگت نەما، من ئێستا بە بەڵگە یەکەم جار کە تەسلیم بوویت، ئەوەت بۆ دەسەلمێنم، ئەوەت بۆ روون دەکەمەوە، خۆت قسە بکە... ئەگەر هیچ شتێک نەدرکێنیت، ناچارم رەوانەی ژێر زەمینەکەت بکەم.!

دەمزانی ئەو ژێر زەمینە مانای چییە، دەمزانی ئەوەی بچێتە ئەو شوێنە چارەنووسی چی بەسەردێت، بینیم، ئەو ژنەی ناوی شێتیان لینابوو، لەوێ وای لێهاتبوو، هاواری دەکرد، بمبەنە دەرەوە (نفیسە)ی خوشکم لە دەرەوە چاوەڕوانم دەکات، من دەمەوێ ئەو ببینم، لەناو ساڵۆنەکان دەنگی دەهات، هاواری دەکرد، گوێم لێبوو

ئەو ژنەی هاواری دەکرد لە ژێرزەمینەکە چی بەسەرهات، ئەویش پرسی... ژێرزەمین، دەتەوێت ئەو ژێرزەمینە بە چاوی خۆت ببینیت، لەیلا دەرگاکەی بەسەرمدا داخست و بە پێکەنینەوە وتی:

انشاءالله ئەو ژێرزەمینەت نیشان دەدەم، ئەو بوارەت بۆ دەڕەخسێت.

***

بمگێڕنەوە من دان بە هەموو شتەکان دەنێم:

بەڵێ هیواکەی لەیلای پاسەوان هاتەدی، منیان راپێچی ژێرزەمینەکەکرد، دەستیان راکێشام، منیان دەبرد، هاوارم لێهەڵستا، من ناچم بمگێڕنەوە، هەموو شتەکان دەڵێم چیتان دەوێت، هیچتان لێناشارمەوە، ناچمە ئەو ژێرزەمینە، چۆکەکانم دەلەرزین، پاسەوانەکان دەستیان گرتم، وەک تەیرێک لە ئاسمانەوە بەرزیان کردمەوە، منیان بەرز کردەوە، بۆ ژوورەکەی لێکۆڵینەوەکان منیان برد، من بەرگەی ئازارو ئەشکەنجە ناگرم، تکا دەکەم من دان بە هەموو شتەکان دەنێم، سوێند دەخۆم هەمووی دەڵێم، قەسەم بە خودا هەموو قسەکان دەکەم، لەناو ژوورەکە زوو موحەقیقەکە هاتە وەڵام:

بێدەنگ.. قەحبە تۆ ناوی خودای گەورە مەهێنە، ئەو ناکەوێتە نێوان ئەو کارانە.. بێ دەنگ بە. دیارە ئێستا هۆشت هاتەوە بەر خۆت عاقڵ بوویت. دانیشە لیستی ناوی 67 پیاوم پێیە تۆ ئەوانە دەناسی، لە سەرەتاوە بۆم بگێڕەوە، یەک یەک ..!

زۆرم درۆ بۆ کرد، چیرۆکی زۆرم بۆ هەڵبەستن، ناوی زۆرم دۆزییەوە، لەناو لیستەکە ناوەکانم هێنا، وتم ئەو ناوانە هەموو راستن، لەناو ناوە سەیرەکان، با راستگۆبم ناوی ناوداری ناو ئێرانی تێدابوو، لەیەکەم دانپێدان راستیم وت.

****

## پایزی ساڵی 1997:

بەیانی زوو بوو، من و دایکم لەناو ئوتومبێلە رینۆیە شینەکەمان بووین، لە سوڕانەوەیەکدا دایکم زۆری نەمابوو لەگەڵ ئوتومبێلیکی مۆدیل نوێ لەیەک بدەن، زوو دایکم ئاگادارکردەوە، ماما وریابە، پێش ئەوەی من دایکم ئاگاداربکەمەوە ئەو زووتر سوکانەکەی کەمێک راستکردەوەو لایەکی تری گرت و ئیستۆپێکی بەهێزی گرت، کابرا جاماکەی کەمێ داگرت و سەری دەرهێنا، دایکیشم پەنجەی تووڕەیی بۆ شەقاند، بەڵام هەر سێکمان سەرسام بووین، کوڕەکە لە ئوتومبێلەکەی دابەزی و دایکیشم نەرمی کێشا، توورەیەکەی نەهێشت. ئەو بەیانیە پێش دە سەعات ئەو پیاوەی لەناو فرۆکەخانەی میهرباد زۆر بە من سەرسام ببوو، گوومم کردبوو بە رێکەوت، وا هاتەوە پێشم روبەڕووم هاتەوە، بەئاسانی هاتەوە بەردەمم، لە هەمان گەڕەکی خۆمانیش دەژیت.

ـ کە هاتینە دەرەوە من زۆر چاوەڕوانم کردی، چیت بەسەرهات، ویستم یارمەتیت بدەم، هەر بزربوویت ..؟؟

لە ئاکاری بزەو شیرینی لێ دەباری، بە رووێکی خۆشەوە قسەکانی دەکرد. منیش وڵامم دایەوە:

ــ ببوورە دیاربوو، تۆ زۆر سەرقاڵ بوویت، نەدەکرا منیش زۆرتر بێزارت بکەم.. ببوورە.

****

## لەگەڵ (عەلی دایی)دا:

کە لە ناو بازاڕە ئازادەکەی فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت خەریکی کڕین بوم ئەوم بینی، من پاڵتۆیەکی شین و تەنوورەیەکم لەبەردابوو، تا سواری فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی ئێرانیەکەش بین، سەرپۆشەکەم ئامادەکردبوو، لەناو دەستم بوو. کە دەستم لە شوکۆلاتەو بۆنەکان دەدا، هەستم کرد پیاوێک شوینم دەکەوێت، دیاربوو کابرا ئێرانی بوو، شێوەی دیاربوو، من دیبووم بەڵام ناوو شێوەکەمی نەدەناسی. کە چوومە ناو فڕۆکەکە پێشەوەی لای بزنسسەکان چۆڵ بوو، من رۆیشتم، ئەو هاتە ریزەکەی من دانیشت، زۆرتر لە جارێک بۆ رێکخستنی کەلوپەلەکانی هەڵسایەوە. دەستی لە چەکمەچەکانی سەرەوە دەدا. دوایی زانیم ئەو پیاوە کێیە، ئەو لە رۆژنامەی (ئافتاب گردان) واتە گوڵەبەرۆژە داوەت کرابوو، ئەوەی لە نمایشگای کتێبدا لە فرانکفۆرت داوەتکرابوو، منیش لەو بەشەدا بووم ئەویش وەک کەسایەتیەکی ناسراو دیمانەم کرد، پیاوەکە (علی دایی) یاریکەری فوتبۆڵی ئێرانی ناسراو بوو.

ئەو زوو پارچە شوکۆلاتەیەکی بۆ درێژکردم، منیش زوو سوپاسم کردو وتم:

ئێمە زووتر یەکترمان دیبوو.

ئەو وتی:

دیارە زۆر کەلوپەلت کڕییوە، من یارمەتیت دەدەم. دەستی بۆ کورسی منداڵییەکە درێژکرد، کە لەگەڵ خۆم هێنابوومە ناو فڕۆکەکە، کە بۆ منداڵبوونەکەی خوشکم بۆم کڕیبوو. لە لای ئەویش

کابرا زۆر بەرێزو ناسک بوو، تا بۆ خۆم لەو سەفەرەدا بخەوم پێویستم بە قسەکردن و دەمەتەقێ نەبوو لەگەڵ ئەو. کە گەیشتین زانیم خەریکە خۆم لێ نزیک بکاتەوەو یارمەتیم بدات بۆ هەڵگرتن و بەرێکردنی جانتاکانم. بۆیە وتی:

دوورمەکەوە، من دێم یارمەتیت دەدەم بۆ هەڵگرتنی جانتاکانت.!

کە گەیشتین، بینم سەدان کەس لە هەوادارانی ئەو بۆ پێشوازیکردنی بەگوڵ و وێنەکانی وەستابوون، هەموو بەیەکەوە بەرەو رووی دەهاتن، ئەویش لەناو ئاپوورەکە دیار نەما، لەبەرئەوەی لە هەموویان درێژتربوو، بۆیە سەری لە من دیاربوو، بە چاوەکانی ئیشارەتی بۆ کردم، چاوەڕوان بە من دێمە لات. کە هاتینە دەرەوە لە دوورەوە لە پشتی جامەکانەوە دایکمم بینی چاوەڕوانم دەکات، بە دەستەکانی ئیشارەتی بۆ دەکردم، جانتاکانم وەرگرتەوەو بۆ لای ئەو خشیم، نزیکەی مانگێک بوو لە ئەڵمانیا مابوومەوە، پەرۆشی دایکم و کاتیونی خوشکم بووم.

دایکم بەگەرمی ماچی کردم و زوو وتی:

عەلی دائییت بینی ..؟ لەناو هەمان فڕۆکەکەی تۆدا بوو، بە هیوابووم بەیەکەوە دیمانەت بووبێت. منیش بە دایکم وت:

توخوا دایە بەسە با بڕۆین من بەو هیوایە بووم زوو لە دەستی رزگارم بێت، تۆش هیوای ئەوەتە دیمانەمان بووبێت، با بڕۆین درەنگە. ئەگەر لەبەر ئەو خەڵکە نەبووایە چی دەکرد ..!؟

من ئەو وەڵامەم وەرگرتەوە کە دایکم ویستی ئوتومبێلەکەی لە ئوتومبێلەکەی ئەو بدات. تازە ئەو لە یارییەکی گرنگ گەرابۆوە وڵات، لەو رۆژانە هەڵبژاردەی ئێرانی لە تاران رووبەرووی

تۆ لە کویٚ دەژیت..؟؟

دایکم هاتە وەڵام و وتی:

لە کۆتایی ئەو شەقامە لە باڵەخانەی چوار دەژین.

ئەویش بە دەستی ئیشارەتی بۆ باڵەخانەیەکی سپی گەورە درێژکردو وتی:

منیش لەو باڵەخانەیەدا دەژیم. زۆر باشە کە هاوسێین ..؟

بۆ من ژمارەکەی خۆمت نەدەمیٚ، تۆش ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆت. ژمارەکەی خۆی لەسەر پارچە کاغەزێکی گچکە بۆمان نووسی، دایکیشم ژمارەکەی خۆمانی بۆی نووسی، عەلی وتی:

من بەپەلەم، دەبیٚ یەکسەر بچمە تەلەڤزیۆن، دیمانەی تەلەڤزیۆنیشم هەیە، بەیانی دیدارمان دەبێت، چاوم پێت دەکەوێت.!

دایکم زۆر بەزەوق بوو، زۆر بە سەرفرازییەوە وتی:

کامیلیا خانم، تۆ خاتوونێکی زۆر بەختیاری ..!

دائی کوڕێکی ناوداربوو لە هەموو وڵاتی ئیراندا، ژنی نەبوو، سەدان کیژ چاویان لەوبوو، کاپتنی هەڵبژاردەی ئێران بوو، خوێندنی ئەندازیاریشی لە تاران تەواوکردووە، لەگەڵ تیمە دیارەکانی جیهانی بۆندی کاری مۆرکردووە. بۆ بەیانی گوێم لێبوو زەنگی ماڵەوەمان لێدرا، کە چوومە ژوورەوە بینیم بە بەڕێزەوە، زۆر بەشەرمەوە لە ژوورەکەی پێشوازی دانیشتووە. ئەوەی هەر ماڵێک لە ژووری دانیشتنەکەدا وێنەی باوکی مردوویان بەرەو رووت دەبێتەوە، لەو ژوورەدا وێنەیەکی باوکم دانرابوو، باوکم لە تەمەتی هەرزەکارییدا مردبوو، لە تەمەنی لاوییدا پاڵەوانی تێنسی سەرمێزبوو، لە یەکێک لە یانەکاندا راهێنەری ئەو یارییەش بوو. دایکم دەستی بۆ وێنە

***

کۆبوونەوەکەی پێش ماڵەکەمان:

تەنها بە پێنج خولەک هەواڵەکە لە ناوچەکە بڵاوبۆوە، هاوسێیەکانمان لە پێش ماڵەکەی ئێمە کۆبوونەوە، هەموو دەست بەکامیرا وەستابوون، دەفتەر بەدەست وەستابوون، چاوەڕوان بوون عەلی ئیمزایان بۆ بکات. زوو هەموولایەک لەوە گەیشتن کەوا من دۆستایەتیم لەگەڵ ئەو کاپتنە هەیە، کە دیمانەکانمان زۆر دەبوو، لە ماڵەوە خەڵکەکە زۆر دەهاتن، بەبێ مەوعید دەهاتن، بێزاربووین، بۆیە

له گۆڤاری (زن امروز)، واته ژنی ئەمڕۆی هەفتانەش، هەواڵەکەی گەیشتێ، ژنێک لەگەڵمان کاری دەکرد، دیاربوو هاوسێمان بوو، له یەکێ له سکرتاریەتەکان کارمەندبوو، هەموو کارمەندانی گۆڤارەکەی به هەواڵەکه ئاشناکرد، هەموو لایەک پەیوەندی من و (عەلی)یان زانی، ئەوەی بەو هەواڵەیان نەزانیبوو، حافز ئەلشیرازی بوو، ئەویش بۆیه نەیبیستبوو، چونکه لەسەدەی چواردەوه مردبوو.

***

ئێران ـ ئوستراليا:

که يارييەکه کراو ئەنجامەکه بەيەک گۆڵ بەرامبەربوون، ئەو ئەنجامه بۆ هەڵبژاردەی ئێران زۆربوو، سەرکەوتنێکی گەورەبوو،

ئازیزەکەم کارێکی گەورەمان ئەنجام دا، من یەک سەعاتی تر لە لاتم..!

بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە لەناو شاری تاران بووە، ئاهەنگ و خۆشی، لەهەموو باڵکۆنەکان دەنگی شادی دەهات، لە شەقامەکان وێنەی سەرفرازی و کامەرانی هەستی پێدەکرا، لە پەیژەکەمانەوە خۆی گەیاندە ماڵەکەمان، بەسۆزو بەخۆشییەوە دەستی گرتم و ماچی کرد، پاش ئەو ماچە بەرەو ئوستراليا بۆ تەواوکردنی یاری گەڕانەوەکە بەرێکەوت.

***

## ئەستێرەییەک و نووسەرێکی سادە:

ئەو ئەستێرەیەک بوو، منیش لە نووسیندا تازەبووم، دوارۆژی من کەوتبووە بن دەستی ئەو، وامدەزانی دایکم لە منی زۆرتر خۆشدەویست، تەلەفۆنەکە لەگەڵ زەنگەکەی دەهەژایەوە، هەموو چاوەڕێی ئەوەبوون ئەو تەلەفۆن بکات و بێتە خوازبێنیم، بەڵام کە تەلەفۆنی دەکرد، دەیووت:

سڵاو کامیلیا... السلام عەلیکم... چی تازە هەیە...؟

منیش وەڵامم دەدایەوە، ئەوەی تازە هەبێت، ئەوەیە تۆ بەردەوام پەیوەندی دەکەیت. هەموو لایەکیش پرسیار دەکەن. خزمەکان، هاورێیەکانم، هەموو دەیانووت:

گێل مەبە، سوود لە بەختی خۆت وەرگرە، دووجار بوار هەڵناکەوێت، پەلە بکە، بۆ خۆت دەبیتە ئەستێرەیەک و سەفەر

***

## بۆ ئەڵمانیا:

که داوای کرد بەیەکەوە سەفەرێ بۆ ئەلمانیا بکەین، من رازی بووم، ماڵەوەش رازی بوون، هەستمان بە شەرم و شوورەییش نەکرد، من لەگەڵ پیاوێک سەفەر بکەم، بەیەکەوە بچینە دەرەوەو بەیەکەوە بمێنینەوەو ژن و مێردیش نەبین. با بزانن ئەو جارە تەواو، کوڕەکە بەڕێزە، ناودارە، پارەدارە هەموو شتەکان تەواوە، دەمویست لە سەرانسەری گۆشەکانی جیهان بزانن، من چەند بەختیارو کامەرانم، ئەو رۆژە لە هەموو رۆژەکانی تری ژیانم ئامادەییم تێدایە شوو بەو کورە بکەم، دیارە چاوەڕێ ناکات بێتە ماڵەوەمان تا من هەڵگرێت، بۆ ئەو پرۆسەیەش دایکم زۆر هاندەرم بوو، زۆر پەرۆش بوو من شوو بەو پیاوە ناودارە بکەم، ئەو چاوەڕوان بوو بە هەموو کەس بڵێت، من وا شوو بە عەلی دائی دەکەم، ماڵەوەمان هەموویان دڵنیابوون، ئەگەر ئێمە بەیەکەوە سەفەری ئەڵمانیا بکەین، لەوێ دەبینە هاوسەر، کارەکە تەواو دەبێت.

****

## پەلە مەکە چی دەکەیت..؟؟!!:

لە (بیلفین) لە ترێنەکە دابەزیم، لە ئیستگەکە چاوەڕوانم بوو، دەستەکانی بۆ دەشەقاندم، بۆ باوەشی خۆم هەڵدا، ئەو وتی:

پەلە مەکە، پەلە مەکە لێرە هەموو دەمناسن، ئابڕوم دەبەیت.. وەرە خێرا با بچینە ناو ئوتومبێلەکەمان ..! یەک مانگ بوو لە تاران دەرچووبووین، ئەوە یەکەم دیمانەمان بوو، دڵی وا داگیرکردبووم نەمدەتوانی خۆم راگرم، ئۆقرەم نەمابوو.

(کریم باقر) ئەندامی تیپەکەبوو. برادەری عەلی بوو، ئەو لەگەڵ ژنە لاوەکەی لە شوقەیەکی نازدار دەژیان، ژنەکەی ناوی لەیلا بوو، منی بەو ژنو مێردە ناساند، لەسەر شەرەفی من هەردووکیانی لە رێستورانتێک داوەتکرد، بەڵام منی وەک کیژی خاڵی خۆی بەوان ناساند، بۆ دیداری سەفارەت هاتوومەتە ئەلمانیا تا ڤیزای سەفەری ئەمریکا بکەم، دیاربوو ژن و مێردەکە بە قسەکەیان باوەڕیان کردبوو، ئەوانیش پرسیاریان نەبوو، منیش هاوسۆزی قسەکانی ئەوم نیشاندابوو.

***

ژنە سکرتێرو کارەکەرو خۆشەویست ..؟:

لەیلا کیژێکی گوندی بوو، خەڵکی ناوچەی (تبریز)بوو، لە ژیانیدا بەو بەختیاربوو کە شوو بە یاریکەرێکی ناوداری هاوشارییەکەیان بکات. ئێوارەکە بۆ رێستورانتە ئیتالیەکە فستانێکی پەمبەی ستانی لەبەرکردبوو. قژە نەرمەکەی بە بەستێکی داپۆشراو بە جواهیری لەسەری گرێ دابوو ... من و عەلی لەناو ئوتومبێلەکەمان تا ژانمان هاتێ، بەو ژنە پێکەنینمان هات.

عەلی وەک سکرتێرەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، ئێواران کە لە راهێنان دەگەڕایەوە، کیسەیەک نامەو فاکسی دەهێنایەوە، منیش بۆم ساخ دەکردنەوە، پۆلێنم دەکردنەوە، رێزبەندم بۆیان دەکرد، زۆر لە نامەکان نووسەرەکانیان کیژانی هەرزەکاربوون، ئەوانە

بیرم لەوە دەکردەوە، من چۆن وا بەئاسانی بۆ ئەو سەفەرەی بۆ ئەڵمانیا هاوڕێی بووم، ڕۆژانە بەو سەرمایە، ئەو بەستەڵەکە دەبڕم و لە سوپرمارکێتەنەکان کەرەستەی مەرگەیەکی باینجانی بۆ دەکڕم، تا ئێوارەکان بیخوات ..؟! لە گەڵ دایکم زۆر لەسەر هێڵی تەلەفۆن دەمامەوە تا شێوەی ئامادەکردنی مەرگەی شابزییم فێر بکات، تا بۆ عەلی ئامادەی بکەم، دەبووایە من بەو ژیانە زۆر بەختیاربم، منیش وەک ئەو کەسە ناودارانە دەژیم کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان ناویان دەهات، من وام هزر دەکرد خۆش دەژیم، بەیەکەوە شەوانە دەگەڕێین، بەڵام بۆ یەکجاریش منی نەبردە دەرەوە، فیلمێکمان نەبینی، دیارییەکی بۆ نەکڕیم، من وەک کارکەرو خۆشەویستم لێهاتبوو.

من و عەلی لە دوو جیهانی دوور لەیەک دەژیاین، دیتن و هزرمان جیاوازبوو، ئەو منی وەک ژنێکی خۆرهەڵاتی دەویست، منی وەک خزمەتکار دەویست، کاری سەرەکیم نان و خواردن سازکردن بێت، ماڵ پاک بکەمەوە، چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەو بکەم، لەو ماوەیەش باسی بەدەستگیران و مارەکردنی هەر نەکرد، دیاربوو حەزی نەدەکرد کاری ڕۆژنامەگەری بکەم، ئەو ئەوەندە لە ژن رادەما، چەند جلەکەنی پاش ڕاهێنانەکانی بۆ پاک ڕاگرێت، جوانیان بشوات، ئامادەیان بکات، لەسەر سوتانی باینجانێک دەمەقاڵێم لەگەڵ بکات، لەسەر جۆری خواردنێک لەسەرم هاوار بکات، لێم بپرسێت،

بەگریانەوە پێم وت، من دەگەڕێمەوە بۆ ئێران، من ناحەوێمەوە، من ناتوانم، هەر ئەوەندە بوو وەڵامی دامەوە، لە ئیستگەی ترێنەکەدا ویستی مستێک پارەم لە گیرفان بئاخنێ، بەڵام من وەرمنەگرت، پارەکەم نەویست، پێم وت:

سوپاس بۆ بەخشندەییت. بەڵام لەو دواییەکانیدا دایکم بن زمانی گۆڕابوو، ڕۆژێک وتی:

کامیلیا، عەلی دائی دوێنێ تەلەفۆنی بۆ ئێرە کرد، تۆی پرسی، منیش ژمارەی تەلەفۆنەکەی تۆم پێ نەدا.!

منیش لە دایکم پرسی:

چیت پێ وت ..؟

دایکم وتی، وەڵامم دایەوە، کامیلیا لێرەیە. بەڵام ئەو پرسی کیژەکەت خۆی بە چی دەزانێ ..؟! من هەزارەها کیژ ڕۆژانە بۆم وێڵن، زۆرە کیژ زۆرە، ئەو خۆی بە چی دەزانێ ... منیش وتم:

تۆ بڕۆ بە شوێن ئەوانەی بە شوێن تۆدا رادەکەن، ئەوانە بۆ تۆ باشن، کیژەکەی من لەوانە نییە.

کە بەسەرهاتەکەم بۆ موحەقیقەکەم دەگێڕایەوە، چاوەڕوانی کاردانەوەی ئەو بووم، ئەو لەو دەمانەدا کە من چیرۆکەکەم بۆی دەگێڕایەوە، لە پشت و پێشم دەسوڕایەوە، دەهات و دەچوو، کە چیرۆکەکەم کۆتایی هات، بە دەنگێکی خەمگینەوە وتی:

عەیب و شوورەیی بوو بۆ دایکت، کیژی بۆ ئەڵمانیا بە تەنیا رەوانە دەکات، بۆ عەلی دائییش شوورەیی بوو، ئەو جۆرە کارانە دەکات..!

لیستی ناوی پیاوەکان درێژبوو، ناوەکان 67 ناو بوون، ناوی ئەو هەموو پیاوانە زۆری دەوێت، لەوانە ناوی مامم و خاڵم، هەندێ

من زۆر دڵگرانم بۆ ناوی مامم لەو ناوانەدا هەیە، بۆ ناوی لەو لیستەدایە..! ئەویش بە ساردی وتی:

بۆ ... چی تێدایە .. بۆ .. هەموو ئەگەرێک بۆ تۆ شیاوە، بۆ تۆ ..!

*****

## گەشتێکی ئەدەبی بۆ مەشهد لە پایزی 1987 دا:

دایکم خەریکی قاپ شووشتن بوو، لەبەرخۆیەوە دەیووت، کیژەکەم هەر باس مەکە، مەسەلەکە دابخە، بابت ئەوە قبوڵ ناکات، قبولیش ناکات و زۆریش تووڕە دەبێت، بەڵاشە ..! ئەگەر باوکم شتێکی بەدڵ نەبووایەو رازی نەبووایە، ئاسان بوو، خاڵم بەگژییەوە دەنا، خاڵم دەرەقەتی باوکم دەهات، ئەو دووانە زۆر برادەربوون، باوکم قسەی خاڵمی نەدەشکاند، ئەو دەیتوانی باوکم رازی بکات، من لەگەڵ هاورێیەکانم بە پاس بچینە شاری (مشهد)و دوو هەفتە بمێنمەوە، لەوێ فیستڤاڵی نووسەران و شاعیرانی لاوانی لێ سازدەکرا، تا باوکم رازی بکەم من بەتەنها بچمە ئەو سەفەرە، ئەوە بە خاڵم دەکرا، چوومە دەرەوە لە کۆشکەکەی نزیک ماڵەوەمان تەلەفۆنێکم بۆ خاڵم کرد، بۆ ماڵی خۆمان داوەتم کرد، من رەزامەندی مامۆستاکانیشم وەرگرتبوو. لە سەرانسەری وڵاتی ئێران ئارەزوومەندانی ئەدەبی کۆدەبوونەوە، یانەی داهێنانی ئەدەبی ئەرکی جێگاکردنەوەو نووستنی هەموومانی گرتبووە ئەستۆ، کوڕەکانیان دوور لە کیژەکان دەخەواند، ئەوەندە دووربون بەئاسانی نەدەگەیشتنەوە

خاڵم هات، زانیم باوکم قسەی خاڵم ناشکێنێت، وەک برا وا بوون، کاتی خۆشی کە داپیرم و ئەندامانی ماڵەوەیان لەسەر بەشوودانی دایکم رازی نەبوون، ئەو بۆ باوکم ئەو مەسەلەیەی لە دەرەوەی رەزامەندی ماڵەوەیان ئەنجام دابوو، ئەوان برادەری منداڵی بوون، پشتیوانی یەکتریان دەکرد.

باوکم پیاوێکی دیندار نەبوو، بەڵام پەیڕەوی رێسا کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵی دەکرد، بڕواشی بەو دەستەیە نەبوو کە وڵاتیان بەڕێوەدەبرد، حەزیشی نەدەکرد من هاتوچۆی دەرەوە بکەم، لای باش نەبوو بەتەنها دوور بکەومەوە، ئەو وایدەزانی خەڵکە رۆشنبیرو کراوەکان لە وڵات دەرچوون، یان لەناوچوون و کوژراون، ئەوانەی سەر بەو رژێمەشن توێژێکی لەخۆبایی و داڕێژراو و سنوردارکراون، لە رۆژانی شۆڕشدا دەوڵەمەندبوون، ئەوانە کەسانی نەناسراون، هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان باش نییە، جێگەی بڕواو متمانەش نین، باوکم بەردەوام دەیووت:

لەو وڵاتەدا هیچ رێزی ژنان ناگرن، پێویستە لەوانە خۆمان دوور راگرین.!

بەڵام من پێویستم بە دیداری کەسانی تر هەبوو، دەبووایە دۆستایەتیمان فراوانتر بێت، سوود لەو بوارانە وەرگرم، بۆ زۆرتر فێربوون و گەشەکردن، خاڵم بە شێوە تایبەتیەکەی خۆی لەگەڵ باوکم مەسەلەی گەشتە ئەدەبیەکەی منی کردووە، بۆیە کە باوکمی رازی کرد، موژدەیەکی خۆشی پێدام.

چەند شکۆو شانازییم بە خۆم دەهات، کە باوکم رێزی زۆری بۆ دادەنام، هەستمدەکرد شۆخی بە من دەهات، کە

****

ئامۆژگارییەکان بۆ کاروانەکەم:

پاش ئەوەی بەجوانی ئێمەیان بەرێکرد، پاسەکەمان بەرەو شاری مەشهد بەرێکەوت، نیوەڕۆ بوو لە تاران دەرکەوتین، ئەو شەوە چەندین شارمان بڕی، بۆ پشوودان لە شارەکانی سەرەڕێ لامان دەدا، باوکم ئامۆژگاری کردبووم لە پشتەوە دانیشم، بۆیە لە دواوە جێگام گرتبوو، باوکم ئەوەشی وتبوو، کیژەکەم لەم سەفەرەدا بە هیچ شێوەیەک گۆشت مەخۆ، من لەو کاروانەدا بە نان و پەنیر بەرێمکرد، گۆشتم نەخوارد. هەر لە رێگادا سەرما لێیدام، بەڵام چالاکانە خۆم راگرت، شەوەکەی داوایان کرد بۆ زیارەتی ئیمام رەزا دابەزین، ئەو ئیمامە ئیمامی هەشتەمی شیعەکانە. گومەزی مەزارەکە بە رووناکی دەدرەوشایەوە، کە گەیشتینە لای مەزارەکە هەمووومان بەیەک دەنگ وتمان:

السلام عەلیک یا موسی کوڕی رەزا.

(ئاذار فخری) سەرپەرشتکارەکەمان، کەدەستی منی گرتبوو، سەرم بە شانی کردبوو، بۆ ئەوەی ژانەکەم کەم بکاتەوە وتی:

سەعات سێی بەیانی دەگەینە سەر مەزارە پیرۆزەکە. شوێنی مانەوەکەمان باڵەخانەیەکی گەورەبوو، ئێمە لە نهۆمەکان دابەشکراین، هەر یەکێکمان پێخەف و سەرینیان داینێ، کوڕەکانیشیان بۆ شوێنێکی دووربرد، زۆر دووربوون تا دیدارمان زەحمەت بێت.

****

## کیژە بەنازەکە:

لەوێ چاوم بە (ماندانا) کەوت، ئەو خەڵکی عەبادان بوو، لە ئەنجامی شەڕی عێراقا ئاوارەببوو، لە ئوردوگایەکی پەنابەران لە (بندر عباس) دەژیا، ئەو لەسەر خوانی نانخواردنی ئێوارەدا بە چەند کیژی تری وەک (فیدا) خەڵکی شیرازو (نسرین) خەڵکی ئەزربیجانی ناساندم، منێک بە جانتایەک گوڵەوە لە تارانەوە هاتبووم، بە جلە تایبەتیەکانمەوە دیاربوو لە تارانەوە هاتبووم، بۆیە من وەک کیژە بەنازەکە تەماشا دەکرام، من لە چاو ئەوانی تر زۆر پۆشتەتر دیاربووم. ئەو پارەی باوکم بۆ بەردەستی پێیدابووم لەلای بەرپرسەکەم دانا، تا بۆم هەڵگرێت، جانتاکەشم لە ژێر سەرینەکەمەوە شاردەوە، دیارە ئەوانی تر کەسیان پارەیان پێنەبوو، بەوەش نامۆبووم کە من پانتۆڵی جینزی شینم لەبەردابوو، قەمیسەکە زەرد رەنگ کراوەکەشم لەناو هەموویان دیاربوو، تا چاویان نەکەوێتە سەر جانتا گەورەکەم جلە تازەکانم دەرنەهێناو خۆم نەگۆڕی.

تا گەیشتین بە شوێنی دیمانەکە ئاڵای رەنگین بە ئەستونەکانی رووناکی کارەبایەکان هەڵوەسرابوو، بەو دیمەنە جوانانە سەرفرازبووین، بەرنامەکەمان بە ناوی (شەوانی شیعرو کورتە

که گەڕاینەوە، هەموومان هەر کەسەو بۆ شارەکەی خۆی گەڕایەوە، من و ماندانا بە نامە گۆرینەوە پەیوەندیمان بەردەوام بوو، بەو نامانە وای لێهاتبوو هەموو ئەندامانی خێزانەکەمی دەناسی، بە بۆنەی ساڵی لەدایکبوونی دایکم کارتی بۆ ناردین، هەروەها بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکیشم پرسەنامەی بۆ ناردین، لە رۆژی ئاهەنگی کاتی خوشکم لەجیاتی من ئیشی زۆری لەجیاتی من ئەنجامدا، هات و پێی وتم، تۆ زۆر ماندووبوویت، پێویستە ئیسراحەت بکەیت، ئەو رۆژە زۆر خۆی ماندوو کرد.

بەردەوام لە ئۆردوگاکانی ئاوارەکان نامەی زۆری بۆ دەنووسیم، لە نامەکانیدا زۆر باسی دەردەسەری و ناخۆشیەکانی ژیانی ناو کەمپەکانی عەبادان و خورەمشەهری بۆ دەنووسیم، رۆژانەی شەڕەکان و گەمارۆدانەکانی عەبادانی بۆ باس دەکردم، بەداخەوە لە گەمارۆکەدا هەواڵی لەناوچوونی بەهمەنی برای بۆ ناردبووم. بۆی نووسیبوم کەوا دایکی لەناو مەشرەحەکان و نەخۆشخانەکان بۆ تەرمەکەی گەڕابوو، زۆریش خەونی بە کۆتایی شەڕەکە دەبینی، تا بگەڕێتەوە شارەکەیان و دووبارە لە گەڕەکی خۆیان دەست بە ژیانێکی نوێ بکەنەوە. بەڵام کە گەرابوونەوە شارەکەیان، خانووەکەیان

****

زستانی 1989:

لە کەناڵی سدا ئاسیمای تەلەڤزیۆنی تیمێک هاتبوونە دەرگاکەمان منیان پرسیبوو، هاتبوون بۆ یادی ساڵانەی ئاهەنگی فبرایەری شۆڕش دیمانەم لەگەڵ سازبکەن، ناوی منیان پرسیبوو، خانم کامیلیا

ئەنتخابیفرد، وەک شاعیرو نیگارکێشێک، وەک گەنجێکی بەهرەمەندی هەرزەکار بۆ ئەو بۆنە قسەیان بۆ بکەم، رۆژەکە هەینی بوو، تازە نانی نیوەڕۆمان خواردبوو، باوکم لە ژووری نووستنەکەی نهۆمی خوارەوە خەوی لێکەوتبوو، بۆیە دایکم پێشوازی کردبوون، چاو شیرنەمەنی بۆ دانابوون، من لەلایەن یانەی ئەدەبی داهێنەرەوە بۆ ئەو دیمانەیە وەک گەنجێکی بەهرەدار دەستنیشان کرابووم.

***

هۆنراوەیەک بۆ شۆڕش:

پرسییان تۆ بۆ شۆڕش و ئیمام شیعرت هەیە، منیش خێرا وەڵامم دانەوە، بەڵێ من بۆ ئیمام هۆنراوەم هونیوەتەوە، ئەو بوارەم زوو قۆزتەوە، کێشەم نەهێشت. ئەوان بۆ شوێنی دیمانەکە لە ژووری نوستنەکەم گەڕان، بزانن کام شوێن شیاوترە بۆ دیدارەکە، ژووری نوستنەکەم، یان ناو ستۆدیۆیەکەیان.

لەناو دەفتەرەکان بۆ شیعرەکەی تایبەت بە ئیمام لاپەڕەکانیان وەرگێڕا، زۆریان خوێندەوە، من هۆنراوەیەکی تایبەتم بە ناوی ئەو نەبوو، بەڵام منیش وەک هەموو خەڵکەکە فێری درۆ ببووم. کە باوکم لە خەو هەڵسابوو، کە زانیبووی تیمێکی تەلەڤزێون بۆ دیمانەی من هاتوون، زۆر دڵشادببوو، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو ئەوان داوای هۆنراوەیەکیان کردبوو، کەوا بە شانازی و شکۆوە بۆ ئیمام خومەینیم نووسیبێت.

لەناو ستودیۆدا چەند هەرزەکارێکی تر لەگەڵ دایکو باوکیان چاوەڕوانیان دەکرد، ئەوانیش ناویان تۆماربوو، بۆ هەر کەسێک مافی هەبوو دە دەقە بە ئازادی خۆی لە پێش کامیرا بەرهەمی خۆی بخوێنێتەوە. دەرهێنەرەکەمان خانم پەروین شمشاقی، ئەگەر تۆمارەکەی بەدڵ نەبووایە، فەرمانی دووبارەکردنەوەکەی بە وێنەگرەکەی دەدا. کە نۆرەی من هات، من نەمویست پرۆڤە بکەم، داوامکرد یەکسەر بەرهەمەکەم تۆمار بکەم، بۆیە دەرهێنەرەکە لێی پرسیم، دیارە ناخوازی پرۆڤەیەک بکەیت...!؟ ئەگەرچی من چەند تابلۆیەکیشم بە دەستەوەبوو، سەرم بۆی هەژاند. لەناو هۆنراوەکانم، لەوانەی خۆم حەزم دەکرد بیانخوێنمەوە، ژمارەیەکم جیاکردنەوە. رووپۆشەکەیان کەمێکی تریش داگرتە خوارێ، دەرهێنەرە چاو زیتەکە، وتی:

تکایە بازنەکانت لە دەستت بکەرەوە.!

منیش هۆنراوەکەم بە بایەخەوە، پێشکەش بە خومەینی کردو خوێندمەوە. کە لە خوێندنەوەی هۆنراوەکان بوومەوە، تابلۆیەکانم لە پێش کامیرەکە نمایش کرد، بەبێ راوەستان دە دەقە باسی تابلۆکانم کرد. پەروین خانمی دەرهێنەر بە شۆخییەوە وتی:

بچکۆلەکەم زۆر باش بوویت، نمایشەکە جێگای رێزو ستایش بوو، دیارە بڕوات زۆر بە خۆت هەیە، ئافەرین، دیارە تۆ

****

بەهاری 1989:

بۆ ئیمام خومەینی لە گوندی جمران، کە تێدا دەژیا نەخۆشخانەیەکیان لە تەنیشت ماڵەکەی خۆی بۆ دروستکردبوو، کە نەخۆش کەوت، لەو نەخۆشخانەیەوە تەلەڤزیۆنەکان وێنەی ئەویان بڵاودەکردەوە، دیاربوو تەندروستی باش بوو، بەرەو چاکبوونەوە دەچوو، ئەو خزمانەی ئێمە کە هاتوچوی حسینیەکانیان دەکرد، بڕوایان کردبوو، کەوا ئیمام چاک دەبێتەوە.

دایکم وەک کاری پێشینەی باخچەکەی بە سۆندەی ئاوەکە تەڕکردبوو، بایەکی فێنکی دەهات، بە خۆشییەوە نانی ئێوارەمان دەخوارد، کیژە هاوسێیەکەمان شابنامی هاوڕێشم بۆ ئەوەی تا بە یەکەوە خۆمان بۆ ئەزمونی بابەتی ئینگلیزی ئامادەبکەین، دەرسمان دەخوێند، بەیانی تاقیکردنەوەمان هەبوو، بەیەکەوە سەرمان بە کتێبەکانمانەوە نابوو، لەبەرئەوەی دەرسەکەمان گران بوو، هیوامان دەخواست بەیانی تاقیکردنەوەکە ئەنجام نەدرێت، پاش هیلاکبوون کیژە هاوڕێیەکەم، پێش ئەوەی بەرەو ماڵەکەیان بچێتەوەو وتی:

شەو شاد، بەیانی سەعات حەوت دێمە شوێنت تا بەیەکەوە بچینە قوتابخانە، بەیانی بەیەکەوە دەچین، ئەگەر خومەینی نەمرێت.!

بەیانی کە سێی یۆنیۆی ساڵی 1989 بوو، چارەگێکی دەویست بۆ سەعات حەوت، دایکم لە خەو بەئاگای هێنام، کە لە

انا لله وانا اليه راجعون، پاشان به زمانی فارسی، بەو پێشەکییە دەستی بە خوێندنەوەی هەواڵەکان کرد، سەرەتا وتی:

ئەی نەتەوەی ئێرانی مەزن، منجبی شەهیدەکان، رووحی گەیشتە لای خودای کردگار.

ژنە هاوسێیەکەمان، خانم میر ئەسکندری پرسی، ئێستا ئێمە چی دەکەین..؟ ئەوا شەڕەکە تەواوبوو، ماوەیەکە ئێمە چاوەڕوانین، شوێنەواری ئاشتییەکە دیار نییە، بارە ئابوورەییەکەی وڵات بەرەو گەشانەوە ناچێت، بەرەو خراپی دەڕوات، دەبێ شۆڕشێکی تر روو نەدات، هەر وا دەبێت، شتێ ناگۆڕێت..!؟ مەلاکان لەسەر کورسی و دەسەڵاتا ناکەونە ناو یەک، ئایا شەری ناوخۆ بەرپابێت ..؟

ئەنجومەنی خەبیرەکان لە جیاتی خومەینی، (حجە الاسلام عەلی خامنئی)یان بۆ پۆستی رابەری گشتی دانا، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پێشوەختیش ماوەیان دیاریکرد، لەو هەڵبژارنەدا هاشمی رەفسنجانی بە سەرۆکی وڵات هەڵبژێردرا.

ماوە ماوە هۆنراوەکانم لە گۆڤارو رۆژنامەکەنا بڵاودەبوونەوە، لە پێشبڕکێی پارێزگاکاندا من لە خوێندنەوەی هەڵبەستا پلەی یەکەمم بەدەست هێنا، خەڵات و پاداشتەکەی ئەوەبوو، من شەرەفی ئەوەم بەرکەوت، لەگەڵ خوێندکارە بەهرەدارەکان دیمانەی رابەری گشتی نوێمان خامنەئی بکەم، پاشان بەشانازییەوە سەردانی مەزاری

****

یولیو 1999:

پێم بڵێ هەی قەحبە لە ئیسرائیل لەگەڵ کێ پەیوەندیت هەبوو..؟ ساڵانە چەندجار یەکترتان دەبینی..؟ فەرمان دەدەم وەک سەگ تێتهەڵدەن، ئەگەر ناوی پیاوە ئیسرائیلیەکە ئاشکرا نەکەیت، من بە بیرت دەهێنمەوە، پیاوەکەی ناوی یەعقوب بوو... وایە پیاوەکە ناوی یەعقوب بوو ..؟

ئەو ناوە لەناو هزرو بیرەوەری من نەبوو، رەنگە ئەوان مەبەستیان (جۆرج سوروس) بووبێت، من ئەوم لە ئەمریکا بینیبوو، رەنگە.. سوێندم بە خودا بۆ خواردن، من کەسێک بەو ناوە ناناسم، بە قورئان سوێندم بۆیان خوارد من هەرگیز کەسێکم بەو ناوە نەناسیوە. ئەو زوو هاتە وەڵام و وتی:

هەی مشکی پیس، هەواڵگری ئێمە زانیارییەکانیان راستە، هەمووی راستن، ئەو یەعقوبە لەگەڵ تۆ سەفەری کردووە، بەیەکەوە لە ئوردنەوە چوونەتە دوبەی، دوور کەوتوونەتەوە، تا بوارتان بێت بەیەکەوە بخەون، پاشان تۆ گەڕایتەوە تاران، بەیەکەوە بوون، پێم بڵێ

بۆ گەیاندنی هەواڵی مردنەکەی پاشای ئوردن، بە نوێنەرایەتی رۆژنامەی (زن) چووبوومە ئوردن، کە گەڕامەوە زۆر ماندوو و شەکەت بووم، زۆر دڵشادبووم زوو باسی سەفەرەکەم بۆ هاوڕێیان بکەم، بەپەلە بووم لەسەر ئەو ماندبوونەش هەر کە ماڵەوە جانتاکانم داگرت، چوومە بارەگای رۆژنامەکە، بەپەلە تا قسەیان بۆ بکەم، ئەوەندە بەپەلەبووم خۆشم نەشووشت. هەر کە هەواڵی مردنی پاشای ئوردن بڵاوکرایەوە بڕیارمدا، یەکسەر بۆ بەشداری ئاگایی لە رووداوەکە سەفەر بکەم. پاش ئەوەی بەوردی سۆراخی باڵوێزی ئوردنم لە تارانکرد، ڤیزاکەم وەرگرت. لەبەرئەوەی وتارەکەی ئامادەم کردبوو بە جوانی لە لاپەڕەی یەکەم بڵاوکرابۆوە، بۆیە هەستم بە ماندووبوون نەکردبوو.

تازە گەڕابوومەوە، لە بارەگای رۆژنامەبووم تەلەفۆنێکم لە دوبەیەوە بۆ هات، فارناسی هاوڕێم تەلەفۆنەکەی هەڵگرتبوو، ئەو هات پێیووتم، لە دوبەیەوە پیاوێک بە ناوی یەعقوب، لەسەر هێڵی تەلەفۆنەو دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، منیش تەلەفۆنەکەم وەرگرت، وتم:

سڵاو .. بەڵێ. وتارەکەت جوان بوو... دەستخۆش، سوپاس بۆ پەیوەندییەکەت.. ماڵئاوا ..! من لەلایەن هەواڵگری ئێرانییەوە بەوە تاوانبارکراوم، کەوا من بۆ بەرژەوەندی هەواڵگری ئیسرائیل کارمکردووە، هەرچەندی من دەمووت، بینینی من لەگەڵ یەعقوب و هاوڕێیەکانی بە رێکەوت بووە، بەبێ ئەوەی بزانین ئەوانە بەرەو کێندەرێ دەچن، بەیەکەوە کوپێک چامان بەیەکەوە خواردیتەوە، من

سەلام .. منیش ئێرانیم. بەڵام من لەو سەفەرەمدا ئەوەندەشم نەکردووە، لەگەڵ ئێرانییەکانیش خۆم دوور رادەگرت، لەکەس نزیک نەدەکەوتمەوە.

***

لەگەڵ یەعقوبدا:

لەگەڵ یەعقوب و هاوڕێیەکانی باسی جەنازەکەی (شا حوسێن)مان کرد، ئەوان وتیان بۆ ئەوە هاتووین، تا لە دوبەی گەنجینەی شوێنەواری بکڕین، یەکێکیان وتبووی، من لە ئێران دەژیم، دووانەکەی تریش وتبوویان، ئێمە لە لەندەن فرۆشگایەکمان هەیە، یەعقوب خەناوکەیەکی جوانی لە ملدابوو، منیش لە خەناوکەم پرسی، ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ئەوە سونبلی سەرکردەیە لە سوپای بەرگری ئیسرائیلی، ئێمەش کە جوولەکەیەن، بۆیە ئەوەش ئاساییە، کە لە ملی بکەین، ئەوەشیان مافی خۆمانە.. راستە یان ناء ..!؟

منیش سەرم بۆی راوەشاند، ئەو وتی، من بە نەژاد جوولەکەی ئێرانم، لە سەرەتای شۆڕشا لە ئێران دەرچووم، چوومە ئیسرائیل لەوێ بوومە سەربازو خزمەتمکرد، بەڵام ئێستا لە لەندەن دەژیم. تا لای تاکسییەکە هاوشانم هات، کارتی تایبەتی خۆمان

****

دانپێدانان:

لەو لێکۆڵینەوەیەدا دانم بەوەنا، کەوا ئەو لیستەی لە پێشیاندایە، کە ناوی 67 پیاوی تێدایە، من لەگەڵ هەموویان نووستووم، یەک لەو پیاوانەی لەو لیستەدا ناوی هاتبوو، یعقوب بوو، دانم بەوەدا نا کەوا ئەو پیاوە هاتە ژوورەکەم و لەگەڵمدا نووست، پاش ئەو شەوە پەیوەندیمان بەردەوام بوو، بەردەوام تەلەفۆنمان مابوو، بەڵام پێم وتن، من نەمدەزانی ئەو یەعقوبە جاسوس بووبێت. ئەگەر تاوان بێت ژنێک لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەری کاری سێکسی لەگەڵ پیاوێک بکات، ئەوە تاوانەکە زۆر گەورەترو گوناحتر دەبێت ئەگەر پیاوەکە جوولەکەش بێت، وا باسی یەعقوبم بۆ کردن وەک چەند ساڵێک بەیەکەوە بووبین، ئەوانیش زانیاری زۆرتریان لە سەری دەویست، وردەکارییان دەویست، وەک ئەوەی بەراستی ئەو

**تۆ چۆن لەگەڵ پیاوی لەو جۆرە دەخەویت ..؟ منیش وەڵامم دایەوە:**

**من فێرنەکرابووم بەستەزمان و نەزان بووم، موسڵمانێکی چاک نەبووم، من خووم بە سێکسەوە گرتبوو، من لەناو تاوان و هەڵەدا خنکابووم، تاوانم زۆرە هەرچی سزایەکم بدەن من شایستەم... زۆر ماندوو و هیلاک بووم، من لە پیاوێک دەگەڕام شووی پێبکەم، بەراست من لە پیاوێک دەگەڕام، بەڵام کەسم دەست نەکەوت، ئەو خەونەم نەهاتە دی، لەو کاتەوە ئامادەم خۆم پاک بکەمەوە، داوا لە خودا دەکەم لێمببورێت، وەک ژنێکی چاک سەرلەنوێ ژیان دەست پێبکەمەوە، لە خودا دەپاڕێمەوە.**

**لەو دەمانەدا لە ئەنجامی شکانی خۆپیشاندانی خوێندکاران زۆریان دەگریان، لەبەردەم تەلەڤزیۆنەوە دانیان بەوەدە نا، ئەوان داردەستی کۆنە پیاوانی شاهەنشان، لەلایەنی بێگانە پارەو یارمەتیان وەرگرتووە، بە دەستی دەرەکی کاریان کردووە، ئەوان دژ بە شۆڕشی ئیسلامی پلانیان گێڕاوە، گوێم لێبوو هەندێ لەو خوێندکارانە دەگریان و هاواریان بۆ خودا دەبرد، داوای یارمەتیان لەو دەکرد، ئەو دیمەنانەم لە تەلەڤزیۆنەوە بینیبوو، هەمووم دەهاتە بیر.**

****

یارمەتی خۆت بدە:

یەکێک لێم نزیک بوو، لەبەرخۆیەوە دەیووت، لەو رەوشانەدا، بۆ کەسانی وەک تۆ باشترین چارە ئەوەیە خۆت یارمەتی خۆت بدە. سەرم خستە ناو لەپی دەستەکانم، لەبەر خۆمەوە کەوتمە دەمەتەقێ، لەبەر ئەوەی شەیدای شانۆو نواندن بووم، بۆیە چاک دەمزانی ئەو کارە بکەم، جوان نمایشێک بکەم، لەبەر باوکم نەبووایە ئارەزووی نواندنم هەڵدەبژارد، بۆیە بیرم لەوە کردەوە، ئەوەیان لەو رۆژە بە کەڵکت دێت، نواندنەکەت بۆ ئەو رۆژە باش بوو، هەناسەیەکی قووڵم وەرگرت و بڕیاری رووبەرووبونەوەم دا، بڕیاری دەستپێکردنی جەنگمدا.

****

عەشق لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکەم:

شەوانە لە ژوورە تەنهاکەم لە زیندانا، چاوەکانم دادەخست و لەناخی خۆمدا دەکەوتمە ناو خەیاڵی تەئەمولەوە، ئەوەش لە مامۆستاکەی نیگارکێشانەوە فێری ئەو هونەرە ببووم، ئەوەیان باشترین دەروازەبوو تا بگەمە مەبەستەکەم، بیرم دەکردەوە، خۆم کۆدەکردەوە، هزرو وزەکانم کۆکردنەوە تا هۆشی موحەقیقەکەم دەستەمۆ بکەم، هیواو مەبەستی سەرەکیم بۆ ئازادی بوو، ئازادبم ئەگەر بۆ رۆژێکیش بێت تا بتوانم لەو رۆژەدا چەپکە گوڵێک بۆ دایکم رەوانە بکەم، بۆ ئەو مەبەستە یەک رۆژ ئازادیم دەویست، لەو رۆژەوە دانیشم بڵێم:

## من دڵشادم..!

هەر جارێک لە گۆشەی تەئەمولەکەم تەواو دەبووم، وامدەزانی بەهێزترم، وزەو هێزی زۆرترم دەست دەکەوت، بریارمدا دەبێ من لەو زیندانا دەربچم، دەبێ من ئازادبم..! من دەبێ کارێ بکەم ئەو پیاوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکات بێتە هاوشانم لای من بگرێت یارمەتیم بدات، ئەوەش هێزو وزەیەکی زۆری دەویست، هەردووکمان دەموچاوی یەکترمان نەدیبوو، من روو لە دیوارەوە دەوەستام، لە کاتی تەحقیقا بە چاو بەستراوەییەوە، روو لە دیوار دەوەستام، لەبەرئەوەی دەستەکانم کراوەبوون، بۆیە هەموو هیواو نیازم بە دەستەکانم هەبوو، دەبووایە وزەم بەو دەستانەم ببەخشم. تا ئازادبم، لەو رەوشە رزگارم بێت، دەبووایە دەستەکانم بەراستی بەکاربهێنم.

****

دەنگی فیروزەی مامۆستاکەم بەبیر دەهاتەوە کە دەیووت:

کامیلیا... ئارام بە، لەسەرخۆ بە... لەناخی هەموو کەسێک هێزی شاراوەی زۆر هەیە بەهێزبە، بەو وزەیەوە تۆ دەکاریت کەسانی تر بگۆڕیت..! بەرامبەرت پێدەگۆڕێت. کە لەگەڵ هاوڕێیەکانی پۆلەکەماندا بەیەکەوەو بە هاوڕێیەتی مامۆستا فیروزە، بە گەشتێک چووینە مزگەوتەکەی جمرانی نزیک شاری قوم، ئەو لەناو پاسەکەماندابوو، بوونی ئەو بۆ من هێزو توانابوو، هەستم بە پشتیوانییەکی بێوێنە دەکرد. لەناو مزگەوتەکەدا مامۆستاکە وتی، ئەوەی یەکەمجار دێتە ناو ئەو مزگەوتەو زیارەتی ئیمامی زەمان دەکات، ئەگەر هزرو بینینەکانی کۆ بکاتەوە، ئیمام دەبینێت، لە ناو

دەستەکانتم خۆشدەوێت

دەستەکانم لەناو باخچەکەدا دەنێژم

دەستەکانم گەڵا دەکەن، گەورەدەبن، خۆریش هەڵدێت

من راستی دەناسم، من راستی دەناسم.

****

رۆژنامەی زن،

هاوینی 1998:

لەو رۆژانە لە تاران بڕیاردرا رۆژنامەیەک بە ناوی (زن) دەربچێت، بەهۆی چەند برادەرێک کاتیان لەگەڵ خاوەن و سەرنووسەرە ناودارەکەی (فائیزە هاشمی) بۆ گرتم. دووبارە جارێکی تریش کەوتمەوە بەرامبەر سەرنووسەرێکەوە، بەرامبەری دانیشتووم و چەند نموونەی کورتە نووسینەکانیشم لە دەستدابوو. لە نهۆمی دووەم لە دەرگاکەی سەرنووسەرەکەمدا، ئەویش بەدەنگە کەرخەکەیەوە، فەرمووی لێکردم. لەسەر مێزی تایبەتی کۆبونەوەکان روو بەرووی دانیشتم، فائیزە چاوی لە چاوم کرد، وتی:

تۆم پێشتر لە هیچ شوێنی تر نەبینووە ..؟ منیشم بزەیەکم هاتێ، وەڵامم دایەوە:

لە یەک لە قۆناخەکانی خوێندنی زانکۆ بەیەکەوە بووین. بەبیرت هاتەوە، با ناوێکت بەبیر بهێنمەوە، مریەمی هاوڕێت. وتی مریەم لە یەکێتی هاوکاری ژنان هاوکارمە. ئەو یەکێتییەی کە خۆی سەرۆکایەتی دەکات، فائیزە کات و کارەکانی لە نێوان ئەو ئەنجوومەنەو رۆژنامەکە دابەشکردبوو. لە ئەنجومەنی پێنجەم بە ئەندام هەڵبژێردرا، لەناو شاری تاران دوو ملیۆن دەنگی هێنابوو، زۆر لە هاوڕێیەکانی سەردەمی زانکۆی لە چەندین پۆستی باڵاو دیار دامەزراندبوون، دامەزراندن وکارکردن لەو رۆژنامەیەدا ئاسان نەبوو، بۆیە فائیزە دیدارێکی دوورودرێژی لەگەڵ کردم، بۆ زۆرترین زانیاری و رابردووەکەم پرسیاری زۆری ئاراستەکردم.

****

پێشکەوتن و گەشەپێدان:

لەناو وڵاتدا سیمایەکی بەرچاو لە گەشەپێدان و پێشکەوتن بەدی دەکرا، لە پێشەنگی ڕۆژانی دەستەڵاتی حکومەتی خاتەمی ریفۆرمێکی زۆر بەدی دەکرا، لەو رەوشەشدا کارکردن لەگەڵ فائیزەی ئازاو چالاک، بۆ من ئاسانکاری دەنواند تا دەستبەکاربم.

لە ژمارە یەکی (زن)دا راپۆرتێکی منی تێدابوو، کە لە بۆسنەوە ناردبووم، راپۆرتەکە لەسەر شەڕەکانی کۆسۆفۆبوو، لەو راپۆرتە ناوی من وەک پەیامنێری تایبەت هاتبوو، لەو رۆژانە ئەو نازناوە لە میدیای ئێرانی ناوێکی نەناسرابوو. لەگەڵ راپۆرتەکە وێنەیەکی من لە گۆشەیەکی سەرەوە بڵاوکرابۆوە.

من یەکەم ژورنالیستی ئێرانی بووم لە یۆنیۆی ساڵی 1998 گەیشتمە شوێنی ڕووداوەکان، لە بازنەی کارەساتە گەورەکان پەیدابووم، لە (سەراییڤۆ)بووم، لەناکاو هەواڵێکی خێرا هاتە سەر شاشەی تەلەڤزیون، تێیدا نووسرابوو:

هێزەکانی تاڵیبان شاری مەزار ئەلشریفیان داگیرکرد، لە هێرشێکی کتوپڕدا باڵوێزخانەی ئێرانیشیان گرتووە. فەرمانبەرانی ناو باڵوێزخانەکەو کارمەندانی ئاژانسی هەواڵەکانی ئێرانیان بەدیلی بۆ مۆڵگەیەکی سەربازی نهێنی رفاندووە، ئەوەی لەسەر من بوو پەیوەندی بە فائیزەوە بکەم، پاش ئەوە رێگای ئەفغانستانم گرتەبەر.

****

لەسەر شۆستەدا:

بە دوو رۆژ گەیشتمە کراتشی، لەوێیەوە بۆ پیشاوەر، بەڵام هێشتا پێویستم بە ڤیزا هەبوو، چەند رۆژێک لەسەر شۆستەی

دوو پیاوی پشتووی مێزەر رەش لەسەر لە ژوورەکەبوو، چاویان بەرز نەدەکردەوە، یەکجار بۆ نیگایەکی کورت یەکێکیان چاوی بەرزکردەوە، تەماشای کردم، پیاوەکە وتی:

لەبەرئەوەی تۆ کەسی مەحرەمت لەگەڵدا نییە، بۆیە تۆ وەک ژنێک بۆت نییە بەتەنها لە وڵاتی ئەفغانستانی ئیسلامی هاتوچو بکەیت، کە یەکێک لە برایەکانت کردە مەحرەمی خۆت، کە ئوتومبێلێک و شوفێرێکت دەست کەوت، ئەوا ئازادی لەناو وڵاتا بسوڕێیتەوە..!

بەو شێوە سەرەتاییە دەیانویست من پیاوێک پەیدا بکەم و شووی پێ بکەم. کە هاتمە دەرەوە زۆر بە نائومێدی وتم:

قەسەم بە خودا من هەرگیز ناتوانم بچمە ناو ئەو وڵاتە، من ناگەمە ئەفغانستان.!

من سووربووم لە سنوور بپەڕمەوە، بچمە ناو ئەفغانستان چارەنووسی دبلۆمات و رۆژنامەنووسە ئێرانیەکان بزانم، دوو رۆژ چاوەڕوان بووم، پیاویکی ئێرانیان بۆم دۆزییەوە، متمانەیان پێ دەکرد،

***

**له جەلال ئاباد:**

**رۆژێکمان له جەلال ئاباد تەواو نەکرد، گەڕاینەوه پیشاوەر، من زۆر ترسام دوو ئەفغانیەکه کارەکەیان ئاشکرابێت، ترسام بۆیه بەخێرایی بڕیاری گەڕانەوەمدا، له جەلال ئاباد دوو پیاوەکه فیلمێکی ڤیدیۆییان دەستکەوت، فیلمەکه وێنەی کوشتنی گیراوەکانی له مەزار ئەلشریف تێدابوو، له پیشاوەرەوه توانیم پەیوەندی به فائیزه بکەم، هەواڵی کوشتنی دیلەکانم لەسەر دەستی تالیبان پێڕاگەیاند. فائیزه دەیویست دڵنیابێت، بۆیه بەجدی پرسی، ئەو هەواڵه راسته، ئەوەی رووی داوه، ئەو هەواڵه بۆ لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکەمانه.**

من لەراستی رووداوەکەی ناو فیلمەکە دڵنیابووم، بۆیە هەواڵەکە لە ئێران بڵاوکرایەوە، ئەو هەواڵە لە رەوشە گڕگرتووەکەی ناو ئێران زۆر گرنگ و بەبایەخ بوو، وەک بۆمبێک دەنگی دایەوە. کەسوکاری گیراوەکان لەبەردەم دەرگای رۆژنامەکەمان کۆببوونەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر لەسەر ئەو هەواڵەی بڵاومان کردبۆوە. ئێوارەکەی وەزارەتی دەرەوە بەیانێکی بڵاوکردەوەو هەواڵی کوشتنی گیراوە ئێرانیەکانی ئەفغانستانیان بە درۆخستەوە، کە لە رۆژنامەی زن بڵاوکراوەتەوە، لە بەیانەکەیاندا وترابوو، وەزیری دەرەوە بە رەسمی پەیوەندی بە تالیبانەکان کردووە، دڵنیایە لە سەلامەتییان.

****

دەرەوەو هەواڵگری:

بە سەلامەتی لە پیشاوەر گەیشتمە ماڵی برادەرەکەم، هەموو گیانم تۆزو قوڕبوو، ئارەقە لە هەموو ئەندامی جەستەم دەهاتە خوارێ. بۆ بەیانی پەیوەندیم بە فائیزە کردەوە، فائیزە پێیووتم:

کامیلیا ئەگەر هەواڵی کوشتنی دیلەکان درۆ بێت، دووجاری کێشە دەبیت، سزات دەدەم، بەردەوام لە وەزارەتی دەرەوەو هەواڵگری تەلەفۆنم بۆ دەکرێت، داواکارن تۆ بگەڕێیتەوە، بە زووترین کات ئەو وڵاتە جێبهێلیت. منیش بەدڵنیاییەوە وەڵامم دایەوەو پێم وت:

من خۆم فیلمەکەم بینیوە، تەرمەکانم دیووە.

***

**تۆ ئاگری شەڕ خۆش دەکەیت:**

**لە ئیسلام ئاباد وەکیلی وەزیری دەرەوەمان (ئاغا ئەمینی) بە روومدا تەقیەوەو بەتووڕەیی وتی، تۆی ئەو گێژاوەت ناوەتەوە، ئاسایشی وڵاتەکەمان دەخەیتە مەترسی و هیلاکەتەوە، ئەو بۆ سۆراخی دیلەکانی ناو ئەفغانستان هاتبوو. دووبارە بە منی وتووە، دەزانی گەر تۆ لە ئەفغانستان بگیرێیت، یان لەوێ بکوژرێیت، چی دەقەومێت ..؟ خەڵکەکە لەوەی لەگرتنی ئێرانیەکان بەسەریان هاتووە، بەشیان دەکات، ئەوەندەیان بەسە، هی تۆشی بێتە سەری، کوشتنی کیژێکی ئێرانی لەو دەڤەرە واتە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕێک، من بەو کردەوەی خانم هاشمی سەرسامم بۆ وا دەکات، تۆ دەبیتە هۆکاری شەڕێک دەزانی ...؟!**

**نامەیەکم لە هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسی پاکستانی بۆ هات، ئەویش داواکاربوو من بەزووترین کات، ئەو ناوچەیە جێبهێڵم، مانەوەی من مەترسی زۆری لەسەرە. ئەگەرچی ئەو پاکستانی بوو، حکومەتەکەشیان پشتیوانی تاڵیبانیشی دەکرد، ئینجا داواکاربوو من بەزووترین کات لە پاکستان دەربچم.**

**بە برقعی تاڵیبانی شینەوە، وەک پاڵەوانێک گەیشتمەوە بارەگای رۆژنامەکەمان، پاش چەند هەفتەیەک لە بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەمان سەبارەت بە کوشتنی ئێرانیە گیراوەکانی ناو ئەفغانستان، وەزارەتی دەرەوە بەرەسمی کوشتنی ئەوانی راگەیاند، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لە رۆژنامەی زن زووتر ئاماژەمان بەو راستییە دابوو، بۆیە ئێرانیەکان هەواڵەکان بە کارەسات و جەرگبڕی وەرنەگرت.**

ژنان (زن):

ئەو ژنانەی کە لە رۆژنامەی (زن) کاریان دەکرد، ئازادبوون لەوەی چ لەبەردەکەن، حەزیان لە چە جۆرە جلوبەرگێک بووایە لەبەریان دەکرد، فائیزە دروشمی وابوو حیجاب مەسەلەیەکی تایبەتییە، لەناو دانیشتنەکانی ئەنجومەنیش زۆر باسی ئازادی ژنانی دەکرد، من شانازیم بەوە دەهات، لەگەڵ ئەو جۆرە ژنانە کاربکەم. رۆژنامەکان یەک لە دوای یەک بەرنامەی ئەویان پەیڕەو دەکرد، بەو شێوەیە رۆژنامە ئازادەکان ژمارەیان زۆر دەبوو، دەنگە بوێرە تازەکان زۆرتر دەبوو، ئەوانە هەموویان لەگەڵ وەزارەتی هەواڵگری نەبوو، ئەو وەزارەتە بەرنامەی کاری میدیای ئازادی نەدەویست.

من لە کاری رۆژانامەدا شەیدای ئەو کارانەبووم، کە کەسی تر دەستی بۆ نەدەبرد، حەزم لە پرۆژەی ئازایانەی کەس نەکردە بوو، دیارە کەوا لەو کارانەشمدا فائیزە نەیارم نەبوو، ئەو ئەوپەڕی ئازادی بۆ ئەو جۆرە کارانە بۆ خولْقاندبووم. بۆیە جارێکیان من بە فائیزەم وت، تۆ شایستەی ئەوەی سەرکردەو نوێنەری بیست ملیۆن کەس بیت، خۆت کاندید بکە، منیش دەبمە بەرپرسی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەت، کارت بۆ دەکەم. ئەویش بەپێکەنینەوە وەڵامی دەدامەوەو دەیووت:

کامیلیا تۆ نەخۆشی، من بە (حامد) دەڵێم پشکنینی سەرت بکات. حامد کەسێکی لاهوتی بوو، دکتۆری دەروونی بوو مێردی فائیزەبوو، بەڵام ئەو لەگەڵ ژنەکەی جیاوازییان زۆربوو، ئەو کەسێکی هێمن و لەسەرخۆبوو وەک فائیزە نەبوو، ئەو ژنێکی ئازاو بەجەرگ بوو، چالاک و بە هاژەبوو، وەک نێوان شەوو رۆژ جیاوازبوون، دوو منداڵیان هەبوو، گەورەکەیان ناوی (حسن)بوو، ئەو وەک باوکی وابوو،

بەڵێ تۆ هاوڕێی ئەوەی دەبێ قسەی وای بۆ بکەیت، ئێوە برادەرن، ئەویش بۆ تۆ باشە، بۆیە لایەنگیری ئەو دەکەیت..!

لەبەرئەوەی ژنێکی سەرکەوتوو بوو، لەبەرئەوەی کیژی هاشمی رەفسنجانییش بوو، بۆیە پڕوپاگەندەی زۆریان بۆی دەکرد، زۆر مەبەستیان بوو بەناحەق و بەخراپە ناوی بهێنن. کەسێکی نزیک لە نووسینگەکەی هەبوو، گوایە ئەو دووانە پەیوەندییان هەیە، ئەوە پیشەی ئێرانیانە، قسە زۆر هەڵدەبەستن، بەڵام هەرگیز بایەخی بە وەڵامدانەوەی کەس نەدەدا، منیش ئەو رەوشتەی لەو فێربووم.

کە رۆژنامەی پۆستن گلۆبی ئەمریکی داوەتیان کرد، ئەو منی هەڵبژارد، داوای کرد من لەجیاتی ئەو بچمە ئەمریکا. ئەو دیدارە پاش شۆڕشی ئیسلامی یەکەم دیمانەی میدیایی بوو لە نێوان دوو دەزگای میدیای ئێرانی و ئەمریکی. کە خاتەمیش لە هەڵبژاردنەکانا بیست ملیۆن دەنگی هێناو سەرکەوت، بواری میدیا زۆرتر گەشەی کرد، باری ئازادی فراوانتر کرایەوە، ئەویش لەسەر

من یەک لەو پێنج کەسەبووم بۆ پەیوەندی و هاوکاری میدیای ئێرانی ئەمریکی هەڵبژێردرام، بەرنامەکەمان لە نیویورک دەستی پێکرد، لە کولێژی کاروباری دەرەوە لە زانکۆی کۆڵومبیاو لە کۆمەڵەی ئاسیایی وتارم هەبوو. کارێکی رۆژنامەگەریم بۆ گەڕانەوەی ئازادییە مەدەنییەکان کرد، کارم بۆ ئەوەکرد چۆن کاروانی ریفۆرم بەرەو پێشەوە ببەین، دیارە بوونی ئەو ئازادییەبوو کەوا من بتوانم بگەمە دەرەوەو ئەو رووبەرە فراوانەی ئازادی ببینم، بەڵام من خەونی ئەوەم هەبوو بەرنامەی چاک دابڕێژم، بەڵام نەمدەزانی من ناگەڕێمەوەو لە تاراوگە دەمێنمەوە، خەونی زۆرم هەبوو.

****

لەگەڵ سوروسدا:

پاش ئەوەی چالاکییەکەمان لە کۆمەڵەی ئاسیایی پێشکەشکرد، ئەمریکییەکان گەشتێکیان بە ئێمەکرد، گایدەکەمان (سینشیا دیکستین)، پێیراگەیاندین ئەو ئێوارەیە ئێمە لە ماڵی (جۆرج سوروس)م بۆ چا خواردنەوە داوەتین، ئەو هەواڵی داوەتەکەی زۆر بە دڵشادی پێ وتین، بەڵام ئێمە کەسمان نیشانەی شادومانیمان دەرنەبڕی، ئەو زۆرتر بۆی روون کردینەوە، کەوا ئێمە لەسەر

که سواری تاکسییه‌که بووین، به‌ره‌و ماڵی سوروس ده‌ڕۆیشتین، چرپاندمه گوێی محه‌مد ئه‌تریانفاری هاوڕێم له ڕۆژنامه‌ی همشهری، پێمووت:

ده‌زانی ئه‌و پیاوه‌ی ئێمه وا ده‌چینه ماڵه‌که‌ی جووله‌که‌یه، ئه‌مریکییه‌کی زۆر ده‌وڵه‌مه‌نده، خاوه‌ن ئیمپراتۆریه‌تێکه له ناوچه‌ی ئاسیای ناوه‌ڕاست. به‌ڵام ئه‌و بێ بایه‌خانه سه‌ری بۆ قسه‌که‌م هه‌ژاند، ئه‌و زانیارییه‌ی لا گرنگ نه‌بوو، هیچ کاردانه‌وه‌یه‌کم له رووی نه‌بینی.

له ماڵه‌که‌ی ئه‌و دانیشتبووین، کاره‌که‌ره‌که چای له کوپی نایاب پێشکه‌ش کردین، ئێمه ژنه‌کان له ته‌نیشت یه‌ک دانیشتبووین، له‌ناکاو سه‌یری (شاهه شیرکاتی) سه‌رنووسه‌ری چاپه ئینگلیزییه‌که‌ی ڕۆژنامه‌ی ئێران نیوزم کرد بزه‌یه‌کم هاتێ، ته‌ماشایه‌کی تری هاوڕێیه‌که‌ی ترمان کرد، (موجهان جلالی)، ئه‌ویش پێکه‌نی هه‌ر سێکمان پێکه‌نین، زۆر پێکه‌نین ئاو له چاومان هاته‌خوارێ، بۆمان نه‌کرا خۆمان کۆنترۆڵ بکه‌ین، به‌بێ هۆ به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچمان دیبێت، دیمه‌نێکی سه‌رنجڕاکێشمان هاتبێته پێش، زۆر پێکه‌نین، هه‌موو هه‌ستیان ده‌کرد، هاوڕێیه‌کانمان چاویان تیبڕین، من چوومه گه‌رماوه‌که له‌وێ هه‌ناسه‌یه‌کی قووڵم هه‌ڵکێشا، هه‌ناسه‌م وه‌رگرته‌وه سوودی نه‌مابوو، کابرای خاوه‌ن ماڵ قسه‌کانی بڕی، پرسیاریشی کرد، خانمان به چی پێده‌که‌نن، با ئێمه‌ش به‌شداریتان

به چەند رۆژێک لە پێداچوونەوەو سۆراخی تایبەت ئاغا ئارنتیانفار زانیاری زۆری لەسەر سوروس کۆکردبۆوە، بە شێوە زارەکییە ئەسفەهانیەکەی خۆی، لەسەرخۆو بە نەرمی وتی:

دەزانی سوروس یەکێکە لە گەورەکانی ناو بزاڤی زایونیزم لە جیهان، دیارە لەو کۆبوونەوەیەدا پلانێکی لە بن سەرە. دیارە لەو سەردانەی ئێمە بۆ ماڵەکەی دەترسا، لە تاران دەترسا ئەگەر ئەوە بزانن بۆیان خراپ دەکەوێتەوە، بیری لەوە دەکردەوە چۆن کتێبەکە دیارییەکەی لەناو ببات، دەترسا ئەگەر ئەو کتێبەیان لەناو کەلوپەلەکانی لە فرۆکەخانەی میهرباد بدۆزنەوە تووشی کێشە دەبنەوە. کێ بیری لەوە دەکردەوە من پاش دوو ساڵی تر، چارەنووس دەمباتەوە لای ئەو کابرا جوولەکەیە، من وەک پەیامنێری تایبەتی دەنگوباس لە ماڵپەڕی یور ـ ئاسیا کە خاوەنەکەی سوروس بێت کاربکەم.!؟

****

پێش ئەوەی بگەرێمەوە تاران لە لەندەن راوەستام، بەرنامەی ئەوەم هەبوو دیمانەیەک لەگەڵ (سەلمان روشدی) سازبکەم، لە ژووری نوستنی (سۆزان)ی هاورێم لە لەندەن پاڵم دابۆوە، بیرم لەوە دەکردەوە من چۆن بگەمە ئەو پیاوە، لە ساتێکی ئیلهامیدا بیرم لەوە کردەوە، پەیوەندی بە نووسینگەی رۆژنامەگەری باڵویزخانەی ئێرانی لە لەندەن بکەم. دیاربوو نەیاندەویست هیج زانیارییەکم بە تەلەفۆن بدەنێ، بۆیە پێویست بوو خۆم بچمە سەفارەت. پاش ئەوەی حیجابەکەم پۆشی چوومە باڵویزخانە، بەرپرسی رۆشنبیرییەکەیان پرسی:

بۆ دەتەوێ دیمانە لەگەڵ سەلمان روشدی بکەیت...!!؟

منیش وەڵامم دانەوە:

کە وەزیری دەرەوەی ئێرانی و بریتانی لە باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیان لەناو دەستی یەکتر نا، فەتواکەیان لابرد. منیش وەک ژورنالیستێکی ئێرانی چاوم لەوەیە دیمانەیەک لەگەڵ ئەو کەسە بکەم، کەوا ماوەیەکی زۆرە لە ترسی کوشتنی دەرناکەوێت، شوێنی بزرە، دیارە کەوا لە ژیانی خۆی دەترسێت. من کە دەمەوێت ئەو دیدارە سازبکەم رەزامەندی سەرنووسەرەکەم کە فائیزە هاشمییە وەرگرتووە.

سەعات دووی بەیانی بوو، بە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەم بەئاگاهاتم، کە قسەمکرد. فائیزەبوو، بەتوورەییەوە دەنگی دەهات، پێیووتم:

کامیلیا ئەو هەنگاوانەی بۆ دیمانەکەی سەلمان روشدی هاویشتووتە بۆ خۆتی بپارێزە، لە بەیانییەوە ئەوانەی من بە تۆم وتووە هەمووی لەبیر بکە، لە کەسانی باڵا لە وەزارەتی هەواڵگرییەوە پەیوەندیم پێوە کراوە، ئەو کارە دەبێ راگیرێت، ئەو ئیشەمان نەویست.. تێگەیشتی..؟

*****

### لەگەڵ فەرەح پەهلەوی:

ئەگەرچی شەوانە درەنگ لە تارانەوە تەلەفۆنم بۆ دەکرا، بەڵام من کۆڵم نەدا، پەیوەندیم بە فائیزە بەردەوام بوو، ئەویش پشتیوانی دەکردم، ئاسانکاری دەنواند، پێشنیاری دیمانەی بۆ دەکردم، کۆششم دەکرد هێڵە سوورەکانم ببەزێنم، من بڕوام بە خۆم هەبوو. پەیوەندییم بە نووسینگەی فەرەح پەهلەوی کرد، تا دیمانەیەکی لەگەڵ بکەم، ئامادەبووم بچمەوە نیویۆرک بۆ ئەو دیمانەیە. زۆریشم لا ئاسایی بوو، بە ترێن بچمە پاریس سەردانی یەکەم سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێرانی راکردوو (بنی صدر) بکەم، ئەوەی لەساڵی 1981ەوە لە پاریس بە ئاوارەیی دەژیت.

لە رۆژێکی بەفرین، بۆ دیداری سەرۆکی پێشووتری ئێرانی چوومە پاریس، هاوڕێی ئەو گەشتەم کیژیکی فەرەنسی بوو ناوی (سۆنیا)بوو، پۆلیسەکانی بەردەرگاکەی پسولەیان لێ وەرگرتین، دڵنیابوو لە نیازپاکیمان، بواریان داین بچینە ژوورەوە، لە ژووری پێشوازییەکەدا دانیشتین، دیاربوو تازە سۆبەکەی داگیرسابوو، بۆیە سەرما تەنگی پێهەڵچنیبووین، کە پرسیم بۆ ژوورەکە ساردە، ئەو کورەی پێشوازیکردین هاتە وەڵام:

سوتەمەنیمان کەمە، پێش ئەوەی ئێوە بگەنە ئێرە من سۆبەکەم داگیرساند، ئەو ژوورەش کەم بەکاردەهێنرێت. هەر ئەو کوڕە چاو شیرنەمەنی ئەسفەهانی لەسەر سینییەکی زیوین پێشکەش کردین.

کە بەنی سدر هاتە ژوورەکە، کە ئەوم بینی دوو بیرەوەری رۆژانی سەرەتاکانی شۆڕشم بەبیرهاتەوە، یەکەمیان باوکم ئەو وتارانەی لە رۆژنامەکانی باسی بەنی سدریان دەکرد دەخوێندەوە،

**که خۆم بەو ناساند، ناوی بنەماڵەکەی ئێمەی هاتەوە یاد، پرسیاری ماممی کرد، شاهێدەی بە لێزانی ئەو دا، لە باوکمی پرسی، پێم وت ئەو مردووە. پاشان کەوتینە دەمەتەقێی ئاسایی. مەبەستی سەردانەکەم بۆ روون کردەوە، پێمووت، من لە رۆژنامەی زنەوە هاتم، حەز دەکەم دیمانەیەک بۆ ئەو رۆژنامەیە بکەین. کە داواکەم راگەیاند، ئەو ئامادەیی کردبوو، کوڕە بەردەستەکەی لای دوو گووش پڕ کتێب و پارچە رۆژنامەو وتاری لە بەرپێم دانا، بەو دیمەنە سەرسام بووم، نەمزانی مەبەستی چییە، بەڵام ئەو وتی:**

**ئەو دوو گووشە هەموو کتێبەکان و وتارە بڵاوکراوەکانمە، لەوانە تۆ من دەناسیت، هەموویان بخوێنەوە، ئینجا وەرەوە بۆ دیمانەی من، بە خوێندنەوەیان هزری من دەناسیت، کە تەواوت کردن، وەرەوە.!**

**منیش بەڵێنم پێداو سوپاسم کردو هەردوو گووشە گرانەکەم بۆ تاکسییەکە هەڵگرت، بۆ لای سۆنیای هاوڕێیە فەرەنسییە چوومەوە، کە لەناو تاکسییەکە چاوەڕوانی دەکردم. کە لە پاریس دەگەڕامەوە لەندەن، سۆنیا هاواری بۆ کردم، کەوا کتێبەکانم لەلای ئەو جێهێشتووە.! منیش وتم، یەک بە عەقڵت من ئەو بارە گرانە لە کۆڵ خۆم هەڵدەدەم... من بەرگەی ئەو بارە دەگرم..؟ کتێبەکان بکە دیاری بە کتێبخانەیەک.! تا کتێبەکەی کە جۆرج سوروس پێشکەشی**

پاش ماوەیەک لە ئیستگەیەکی فارسیم بیست، گوایە بنەی سدر وتویەتی، هاشمی رەفسنجانی لەو رۆژانەدا ژنێکی بەناوی رۆژنامەنووس ناردبووە لام لە پاریس، نامەیەکی پێبوو، لە نامەکەدا داواکاربوون، من بەشداری لە حکومەت بکەم، ئەوەش ئەگەر خودای گەورە بزانێت لەو پەیامە مەبەستی چی بووە، دەبێ من مەبەستی چوونەکەم بۆ ئەوەبووە تا داوای لێبکەم لە حکومەت بەشداری بکات ..؟

کە گەیشتمە فرۆکەخانەی میهرباد، پۆلیسەکە پەساپۆرتەکەی منی نەگەڕاندەوە. پیاوێک بە جلوبەرگی مەدەنی هات، منی بردە ژوورێک لە تابلۆکەی سەرەوەی نووسرابوو (بەشی سەرۆکایەتی)، پیاوەکە ژمارەی تەلەفۆنێکی لەسەر پارچە کاغەزێک بۆ نووسیم و وتی، بەو ژمارەیە بەیانی پەیوەندی بە نووسینگەی پەساپۆرتەکانی سەرۆکایەتی بکە، دیاربوو نەیانویست پێم بڵێن، پەیوەندی بە نووسینگەی پەساپۆرتەکانی نهێنی لە وەزارەتی هەواڵگری بکە، تا خەڵکی ناو فرۆکەخانەکە تووشی شۆک نەکەن، کە زانیم پەساپۆرتەکەی منیان گێراوەتەوە، لە لایەک دەترسام، لە لایەکی تریش تووڕەببووم، بۆ پەساپۆرتەکەی منیان گێڕاوەتەوە، منیان بۆ چییە ..؟ بەڵام وتیان دوایی هۆکارەکە دەزانیت.

***

کەس بە هانات نەهات:

لەگەڵ دایکم شەوەکەی چووینە لای فائیزە، ئاگادارم کردەوە، کەوا پەساپۆرتەکەی منیان گێڕاوەتەوە، ترس و نیگەرانی خۆم پێڕاگەیاند، ئەویش بەڵێنیدا بەیانی خۆی بۆم سۆراخ بکات. بەیانی وەک رۆژەکانی ئاسایی چوومە سەرکار، نیوەڕۆیەکەی فائیزە منی بۆ نووسینگە تایبەتیەکەی خۆی بانگکرد. فائیزە بەیانیەکەی سۆراخی پەساپۆرتەکەی کردبووم، بۆیە پێیووتم:

پەساپۆرتەکەت لەلای وەزارەتی هەواڵگرییە، من لەگەڵ ئاغا مقەدەم سەدیقی پەیوەندییم کردووە، ئەوەی نوێنەری وەزارەتەکەیە لە ئەنجومەن، من پێمووتن، ئەگەر لەسەر راپۆرتەکانی ئەو چ پرسیارێک و تێبینییەکتان هەبێت، پرسیارەکان لە من بکەن، من بەرپرسم لەوەی ئەو کردوویەتی، منیش بەرپرسی راستەوخۆی ئەوم، ئەو کارمەندە لای من، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەرئەوەی خۆی بێت، بۆ وەرگرتنەوەی پەساپۆرتەکەی، نیوەڕۆ یەکێکیان لە بەردەم سەرۆکایەتی چاوەڕوانت دەکات، بەڵام وریات دەکەمەوە، ئەگەر کەوتیتە بن دەستی ئەوان کەس ناتوانێت لە ناو دەستیان دەربازت بکات.

نیوەڕۆ لە پێش بینایەکی بەبەرد خۆم دۆزییەوە، چووم کابرایەکی ئاسایی بەجلی مەدەنی وەستابوو، قەمیسێکی نیوقۆڵی لەبەربوو، هێمن بوو، لەسەرخۆو بە مۆنییەوە وتی:

دەڵێیت لە چوونە ژوورەوە دەترسیت ..؟ وەڵامم دایەوەو وتم:

من لەوە زیرەکترم بترسم، بەڵام حەزناکەم بچمە ناو ئەو بینایە، نامەوێ ژوورەوەی ببینم. ئەو وتی:

من هەر ئەوەندە دەڵێم زۆر سوپاس و ستایشی خانم هاشمی بکە، تۆ بەختیاری ئەو ژنە بایەخی بە تۆ داوە، چوومە ژوورەوەو پەساپۆرتەکەم وەرگرتەوەو رۆیشتمەوە.

****

## پایزی 1998:

لەناکاو ترس و دڵەراوکێ لەناو نووسەرانی ریفۆرمخوازو روشنبیرانی بەرهەڵستکار پەیدابوو، هەموو لە خۆیان دەترسان، رۆژانە هەواڵی جەرگبڕ دەبیسترا، رۆژانە دەوترا نووسەرێک بێ سەروشوێن کراوە، یەکێکی تر دەکوژرا. (سعدی سیرجانی) لە زیندان مرد، وتیان بە نەخۆشی دڵ گیانی لەدەستداوە. (پرویز دیوانی) دوا پەیوەندی بە دایکییەوە کردبوو، کەوا لەناکاو سەفەرێکی بۆ مەشهد هاتۆتە پێش، وەک دڵۆپی ناو دەریا نەما، تا ئەمڕۆش لاشەکەی نەدۆزرایەوە. (داریوش) و (پروینە فورهان) لەماڵەکەی خۆیاندا بە چەقۆ کوژران. داریوش لە وەزارەتی دکتۆر مەهدی بازرگان کاندیدی پۆستی وەزارەتی دادبوو، خومەینی لە رۆژانی سەرەتای شۆڕش، بازرگانی راسپاردبوو بۆ پێکهێنانی یەکەم حکومەت لە ئێران، بەڵام کە باڵوێزخانەی ئەمریکی لە تاران لەلایەن خوێندکارانی ئێرانی گەمارۆدرا، ئەو دەستی لە کار کێشایەوە. رۆژ بە رۆژ داریوش بەوە ناسرا، کەوا بەرهەڵستی دەکرد، بەردەوام رەخنەی لە کۆماری ئیسلامی دەگرت، پاشان بووە رابەری حیزبی میللەتی ئێران. کوشتنی ئەو کەسایەتیە دیارە مەترسی زۆری لە ئێران و لە ناو دەستەکانی چالاک و سیاسەتمداران پەیداکرد. محەمد موختاری گیرا، پاشان زانرا تەرمەکەی لە بیابان بە سەربڕاوی دۆزراوەتەوە، دوایی بە چرپەی ئەوەمان بیست، کەوا لایەنێکی نزیک لە حکومەت دەستی هەبووە لە کوشتنەکەی. ماوە ماوە نووسەران هەڕەشەی کوشتنیان بە تەلەفۆن پێدەگەیشت، هەموو پرسیاریان دەکرد، کێ لە پشت ئەو کارانەیە، کێ بەرپرسە لەو کوشتنانە.

من و شاعیری ناسراو (خانم سیمین بهبهانی) لەسەر مەزاری تاهیربووین لە کەرەج، ئێمەو ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسان و نووسەران و جەماوەرێکی زۆر بۆ ناشتنی نووسەری گەورەمان (محمد بریانده)، ئامادەبووین، لە ناو ئامادەبووان رێم کردەوە تا رووی ببینم کە رووی لە (بەردی الحد) دەکەن، کە نزیک بوومەوە کفنەکەم بینی خوێنی پێوەبوو، دیاربوو ملە بڕاوەکەی هەر خوێنی لێوە دەهات، بۆیە کفنەکەی سووربووبوو، ئەگەرچی لەناو ئامادەبووانی کەسانی سەر بە هەواڵگری لەوێ بوون، خەڵکەکە دەیانووت، ئەویش وەک موختاری کوژراوە، هەردووکیان لەناو شەقامە ئاپوورەکانی تارانا رفێندرابوون، هەردووکیان بەهەمان شێوە بە سیم لە گەردەنکردن خنکێنرابوون.

****

## سانسۆر:

بەردەوام ترسمان لەسەربوو، دەبێ لەو باڵەخانەی بەرامبەرمان چاودێری نەکرێین، دەبێ کەسێک سەر بە وەزارەتی هەواڵگری چاودێری ماڵەکەمان نەکات، کەواتە یەکێک لەدواوەمانە تا بمانکوژێت، کێ لەبن دەستی ئەو بکوژانە دەربازی دەبێت...؟ بەو شێوەیە نووسەران و روشنبیران بە لێشاو رووبەڕووی مردن دەبوونەوە.

کە هاتینە ناو ماڵەکە، کە گەیشتین یەکێکمان بینی، لە گۆشەیەکەوە چاوی لە ئێمەبوو، رەنگە شوێنەکە لەژێر چاودێری بێت، کە بۆ دیمانەیەک دەچووم، بە تاریکی دەگەڕاینەوە، بە وێنەگر (وحید صدیقی) هاوڕێم دەووت، کامیرەکەت بشارەوە، ئەگەر زانیت، یەکی بەدوامانەوەیە راکە، کە زانیت ئوتومبێلێکی بێ لایت هات،

***

ئەمجارە نۆرەی کێیە ..!؟:

لەگەڵ خانم بەهبەهانی لەسەر رۆخی گۆڕەکە دانیشتبووین، بەنەرمی باسی راوەدوونان و هەڵاتنمان دەکرد، باسی ترسمان لە وەزارەتی هەواڵگری دەکرد، لەناکاو خانم خزییە ناو گۆڕەکە، بەربۆوە کەوتە ناو خۆڵەکە، کە بەرزکرایەوە، وتی دیارە ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەمجارە نۆرەی منە بۆ ناو گۆڕ شۆڕم بکەنەوە، ئەوە نیشانەو پێشهاتە.!

لەو رۆژە تاریک و کوشتن و راوانی رۆژنامەنووسان، من خۆم لە کاری ترسناک دەدا، نەدەگەڕامەوە، لەبەر رۆشنایی ئازادی میدیا بەرەو سەربەستیمان دەبات، کارم دەکرد، نەدەوەستام، یەکێک لەو دیمانە بە ترسانەی لەو ماوەیەدا ئەنجامم دا، دیداری سکرتێری پێشووی حیزبی تودە (نورالدین کیانوری)و (مریم فیروزبوو)، پاش چەند ساڵ زیندانی، تازە لە زیندانی ئیڤین ئازادکرابوون، لە ماڵەکەی خۆیان دەستبەسەربوون، ژن و مێردەکە بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم، ئەو ژن و مێردە بە تەمەنە بە روو خوشی بۆم دەپەیڤین، چەند سەعات لەگەڵیان مامەوە، بیرەوەری زۆریان گیڕایەوە، کیانوری تەمەن 85 ساڵی بیری باش بوو، بە گۆپاڵێکەوە لەناو شوقەکەی دەهات و دەچوو، ئەگەرچی بیستنی باش نەبوو، بەڵام زۆر دەمەتەقێی بەسوودمان کرد، دیاربوو بەردەوام گوێی لە رادیۆیە بێگانەکان رادەگرێت، دیاربوو بەردەوام رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە، شیکردنەوەی هەواڵەکانی دروست بوو، وردبین بوو لە شرۆڤەکردنی

****

دەزگاكانی پەخش و میدیاكان هەموو بەیەكەوە هاوسۆزبوون، دژ بە بكوژان هاوكاری بكەن، رۆژنامە ریفۆرمخوازەكان و سەربەخۆكان هاوكاربوون، بۆ ریسواكردنی بكوژان و تێكدەرەكان، ئەوانەی دژ بە دەنگە ئازادەكان دەستی چەپەڵیان دەخەنە كار، دژ بە روناكبیران و رۆژنامەنووسەكان تیرۆر دەكەن. لە رۆژنامەی زن ستونێكم بەناوی (بەیانی نۆرەی كێیە ..؟) دەنووسی. لە گۆشەكەمدا باسی تیرۆرەكانم دەكرد، پشكنینم لە وردەكاری تیرۆرە سیاسیەكانم دەكرد، لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانی وەزارەتی هەواڵگری دانی بە كەمتەرخەمیەكانی سەبارەت بە تیرۆرە سیاسیەكان دەربڕی، لێكۆڵینەوەكان لەسەر داواو پێشنیاری سەرۆك خاتەمی بوون، ستونە نوسینەكانمان بەردەوام بوو، فشاری میدیا ئازایانە جەختی دەكرد، هەموولایەك هاوارو دەنگەكان بۆ ئەوەبوو وەزیری هەواڵگر دەست لەكاربكێشێتەوە.

****

## لیستی ئەوانەی تیرۆر دەكرێن:

رۆژنامەكە لە سەرچاوەیەكی تایبەتەوە لیستی ناوی ئەو كەسانەی دەستكەوتبوو، كە ناویان هەیە بۆ سزادان یان كوشتنیان، لیستی ناوەكە بە فاكس بۆ ئەدرێسی رۆژنامەكەمان هاتبوو، بە ناویش بۆ من هاتبوو، دیارە ناوەكان لە ئەنجامی چەند توێژینەوەو

***

راپۆرتێک ئێرانی هەژاند:

ئەو راپۆرتە تەواوی ئێرانی هەژاند، راپۆرتەکە ئازایانەو بوێرانەبوو. کە ناوەکان بڵاوکرانەوە بە چەندین شێوەو مەبەست تەلەفۆنم بۆ دەکرا، هەبوو دەیووت ناوەکەم بە هەلە هاتووە، ناوی وا هاتبوو خاوەنەکەی بەدڵنیایی نەیدەزانی و تێنەگەیشتبوو، کەسایەتی ناودارو پایەدار هاتنە لام و پێیانووتم، کەوا ئەو چەندین جارە هەولی کوشتنیان دراوەو بەڵام ناویان لە لیستەکەدا نەهاتووە، داواکاربوون ناوەکانیان زیاد بکەن، کە ناومان لە لیستەکە هات، بە پشتیوانی خودا چاکەکەت دەدەمەوە. منیش بەتووڕەیی وەڵامم دایەوە:

گەورەم وازمان لێبهێنە ئێمە رۆژنامەنووسین، ئەوە کاری ئێمە نییە، کاری ئێمە دیارە.! لە وەزارەتی هەواڵگریشەوە چەندین تەلەفۆنمان بۆ دەهات، هەڕەشەیان دەکرد، داواکاربوون بزانن ئەو لیستەیان لە چ سەرچاوەیەک دەست کەوتووە.

***

راونان:

لەو ماوەیەدا دەترسام، ئێوارەیەکیان بە ئوتومبێلەکەی ڕۆژنامەکەمان دەچوومەوە، بە شوفێرەکەم وتبوو، تا من نەچمە ژوورەوە تۆ مەڕۆ، تەلەفۆنیشم بۆ دایکم کردبوو، من لە ڕێگای ماڵەوەم پاش یەک چارەکە سەعاتی تر دەگەمەوە ماڵەوە، دەمزانی ئەو لە پەنجەرەی مەتبەخەکەمانەوە چاوەڕێم دەکات، هەستم بە سێبەرەکەی دەکرد، کە گەیشتمە لای ماڵەوە، لە ئوتومبێلەکە دابەزیم، چەند هەنگاوێک دوورکەوتمەوە، هەستم کرد چەند کەسێک لە پەنا دارەکانەوە شوێنم دەکەون، ترسام شڵەژام، کلیلەکانی دەرگای ماڵەوەم لەناو جانتاکەم بۆ نەدەدۆزرایەوە، دەستم تێکدەئاڵا، هەر گەیشتمە ژوورەوە لە باوەشی دایکم پەلەواژبوومەوە، هەناسە سوارو ترساو کەوتمە ناو باوەشی دایکم، دایکیشم بەنازەوە هێوری کردمەوە.

***

وتاری پەردەی کچێنی:

لەبەر هۆیەکی زۆری بێ مانا، لە یادی ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرۆک خاتەمی ڕۆژنامەی (دووی فبرایر)یان داخست، ڕۆژنامە لە دوای ڕۆژنامە دادەخران، هاوکاران و خاوەنەکانیان یەک لە دوای یەک دادگایی دەکران، لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرا. لەسەر داوای سەرۆکی پۆلیسی ئەمن (محمد ناغدی) بە تاوانی ناوزەدکردنی دوو کەسایەتی ناوداری ناو حکومەت دوو هەفتە ڕۆژنامەکەمان لەدەرچوون ڕاگیرا، کە ڕۆژنامەکە دووبارە دەرچۆوە، وتارەکانی منیش ماوەیەک دەرنەچوون. ماوەیەک بوو خەریکی سازکردن و بڵاوکردنەوەی وتارێک بووم لەسەر دورینەوەی پەردەی کچینی لە تاران، ئاگادار کراینەوە کەوا کەسانی توندڕەوی لایەنگیری حیزبوڵا دژ بە ڕۆژنامەکەمان خۆپیشاندان سازکردووە، دەستدرێژیشیان لە

****

## له قوم:

هەموو ئاگاداری ئەوە بوون من ماوەیەکی زۆر لە شاری قوم مامەوە. زۆرجار بۆ ئامادەکردنی چەند راپۆرتێک چوومە ئەو شارە، کاری زۆرم کرد، دیمانەی بێ ژمارەم سازکردبوو، بەڵام بەداخەوە بە تەواوبوونی کارو سەردانەکانم بەیەکجاری رۆژنامەی زن داخرا، منیش کەوتمە زیندان، لە زیندانا زۆر پرسیاری ئەوەم لێدەکرا، ئەو ماوەیەی لە شاری قوم دەمایتەوە خەریکی چی دەبوویت، بەرهەمت چی بوو..؟

من یارمەتی برادەرێکم دابوو، بۆ تەواوکردنی مامەڵەی وەرگرتنی ناسنامە بۆ کیژەکەی، ناوی لە کیژەکەی نابوو (صغر)، ئەو وشەیە مانای پێکی شەرابی دەگەیاند، بۆیە لەبەر ناوە نامۆییەکەی هەرچەند هاتوچۆی دائیرەکانی کردبوو، نەیتوانیبوو ناسنامەکەی بۆ وەرگرێت. چیرۆکی ئەو برادەرە ناوەرۆکی سەیری زۆری تێدابوو، وتاری ئیسلامی دەنووسی، دژی ئەوانەی بەکارهێنانی شەریعەتیان بە شێواویی و کریتی دەزانی وتاری دەنووسی، نازناوی حوجە ئەلئیسلامی هەبوو، پانتۆلی جینزو قەمیسی لەبەردەکرد، کە وێنەی خۆی بە عەباو مێزەر نیشاندام، زۆر سەرسام بووم، بۆ تەواوکردنی مامەلەی کیژەکەی کە هاتبووە دادگا چەند دیوانە شیعری خومەینی و حافیزی لە دەست دابوو، بەڵام ئەوانەش شەفاعەتی بۆی نەدابوو. ناسینی ئەو پیاوەو سەربردەکانم وەک چاکەیەک بۆم مابۆوە.

دۆسیەی کیژەکەم لە کابرا وەرگرت، بەیەکەوە بۆ دەرهێنانی ناسنامەی کیژەکەی چووین، کابرا زۆر بێ هیوابوو، چونکە زۆر هاتبوو، کۆششی کردبوو، بەڵام من دڵنیابووم کە دەتوانم کارەکەی بۆ تەواو بکەم، ئەوەم لە گۆشەیەکی لاچەپی دائیرەکە دانا، خۆم چوومە ژووری، لەوێ زۆر مامەوە، ماوەیەکی زۆر لەنجەو لارم پێ نیشان دان، لەناو نووسینگەی ناونووسین لە شاری قوم لەنجەم کرد، نازم فرۆشت، چاوبازییم لەگەڵ کردن، بەو شێوەیە کارەکەیان بۆ تەواوکردم، ناسنامەکەیان بە تەواوی، وەک پێویست لە ناو دەستم دانا، ئەوەش چیرۆکێکە لە دیاردەی ناشیرینی ژنان لە شاری قوم کە زۆر روو دەدات. لەبەرامبەر ئەو چاکەیەش ئەو لەبەر ئەوەی خوێندکاربوو لە قوم لە هەموو شوێنەکان شارەزابوو، بۆیە توانی لەو شارەدا یارمەتی من بدات، گەشتەکەم بە یارمەتی ئەو بەرهەمی باشی داوە.

***

## فبرایر 1999:

پێش ئەوەی سەردانی شاری قوم بکەم، بەرنامەی ئەوەم هەبوو، کارێک لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی ژنان لە شارە گەورەکانی ئێران ئەنجام بدەم، لە تاران پەرستارێکم دۆزییەوە لە گەڕەکێکی توێژە ناوەندەکان دەژیا، لەوێ مناڵی لەبەر ژنان دەچوواند، بە نایاسایی ئەو کارەی دەکرد، بە رۆژ لە نەخۆشخانەیەک کارمەندبوو، بەو پارەی لە کارەکانی پاش دەوامەکەی پەیدای کردبوو ئۆتومبێلێکی رینۆی ساڵۆنی نوێی پێکڕیبوو، بۆ نیگاکردن لەو نەشتەرگەریانەی ئەنجامیان دەدا، بەناوی یارمەتیدان مۆڵەتم وەرگرت، کە چوومە کۆڵانەکەیان ئۆتومبێلەکەیم بینی لەبەر دەرگایماڵەوەی وەستابوو.

نەخۆشێک هاتە لای، کیژیکی بە تەمەن نەبوو ناسک و گچکەبوو، پەرستارەکە زوو پرسیاری ئەوەی لێکرد، ها بزانم خۆت خاوێن کردووە، مووەکانت تاشیووە، بە مووس باشت تاشیووە، ئەویش وتی، نەخێر بە مقەس کەمێک سەری مووەکانم بڕیوە، ئەویش بەتووڕەیی کەرەستەی تاشینی پێدا، سابوونی دایە دەست، پێیووت، بڕۆ ناو گەرماوەکە چاک بەرت بتاشە، جوان ئینجا وەرە لام، چەند تەشتی گەورە لەناو مەتبەخەکە کەوتبوون، بۆنی رۆنی سووتاو لە بنمیچی ژوورەکە دەهات. کیژەکە لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە بە شەرمەوە پێیووت، ئامادەم، ئەویش بۆ ژووری نووستنەکەی رەوانی کرد، کیژەکە خۆی رووتکردەوە، لەسەر سەرینەکە پاڵکەوت، رەنگ سپی و ترساو دیاربوو، دەستە خۆشکەکەی کە لەگەڵی هاتبوو توند دەستی گرتبوو، ئەویش دەترسا.

هەردوو لینگی کیژەکەی فش کردەوە، دەرزییەکی پاککردنەوەی لێدا، جامێکی گەورەی ئاوی لە بن دەستی دانا، دەستی بەکارەکەی کرد، کیژەکە لە ترس و ژانا دەنووزایەوە، خولی دەدا، هاواری کرد بانگی دایکی دەکرد، پەرستیارەکە بە تووڕەییەوە پێووت:

بێ دەنگ هەی قەحبە، چیتر دەنگت بێ وازت لێدەهێنم، بێ دەنگ بە، پارچە پەڕۆیەکی لە زاری پەستا، کارەکەی تەواو کرد، بەهاوکاری دەستە خوشکەکەی بەزەحمەتی هەستایەوە سەرپێیان، نیوە مردوو دیارەبوو، بەزەحمەتی توانی بە سەرپێیان بوەستێت، لە ژوورەکە دەرچوو.

****

یولیو 1999:

**بەیەک سەعات ڕۆیشتن لە تارانەوە، تابلۆیەک ڕووبەڕووت دەبێتەوە کە تێدا نووسراوە:**

**بە خێر بێن بۆ شاری خوێن و سەرهەڵدان، شاری قوم پێشوازیت دەکات.**

**لەو شارە چەندین خوێندنگای پێگەیاندنی مەلاو داعیە هەیە، یاوەرەکەم بە شوفێرەکەمانی وت، لە پێش ئەو کوشکە بووەستەو پارەی چوونە ژوورەوەی شارەکە بدە، لە ئوتومبێلەکە دابەزیم بەتوندی شادورەکەم لە قەدم گرێ دابوو. ئەو شارە بەوە ناسرابوو ژنان بە شادوری رەشەوە چاک خۆیان دادەپۆشن، ئەو شارە ژنان و پیاوان بۆ (سیغە)کردن زۆر رووی تێدەکەن، ژنان بەرامبەر بە پارەیەکی کەم بۆ بژێوی ژیانیان دێنە ئەو شارە پیرۆزە، بۆ نووستن بۆ ماوەیەکی کورت و بەشێوەی سیغە، خۆشی دەدەنە ئەو پیاوانەی زۆر بۆ ئەو مەبەستە دێنە ئەو شارە، بۆیە ئەو شارە بە شاری رابواردن و زیارەت دەناسرا، بێجگە لە سیغە لەو شارە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران و مامۆستایان و پیاوانی بیرۆکراتی تێدایە. دواجار کە چوومە ئەو شارە چەند مانگێک بوو رۆژنامەی زن داخرابوو.**

**بەنیازبووم ماوەیەک بۆ دە رۆژ لە ئێران دووربکەومەوەو بچمە ئەمریکا، دەمزانی چوونم بۆ قوم باش نەبوو، چونکە رەوشی رۆژنامە ریفۆرمخوازەکان رەوشیان باش نەبوو، بەرەو نەمان و لەناوچوون دەچوون، زۆربەی کارمەندەکانیان بی کارو سەرمایە دەمانەوە، ئەو راپۆرتەی من خەریکی بووم بۆ من خێری زۆری هەبوو، بۆیە نەدەکرا دەستبەرداری بم، یان دوای بخەم، تۆمارو سەربردەی زۆر لەو جۆرە ژنانەم نووسیبۆوە، بەهۆی فائیزە یان رۆژنامەیەکی دەرەوە بواری بڵاوکردنەوەی بدۆزمەوە.**

********

## لە گۆڕستانی شێخان:

بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی ریپۆرتاژەکەم چوومە ناو گۆڕستانێک لەناو حەوشەی مزگەوتێکی کۆن لە ناوەڕاستی شار، ئەو گۆڕستانە لە مەرقەدی معصمەکان دوور نەبوو، ساڵانە بە شەپۆل خەڵکی زیارەتی دەکەن، ژنان لەسەر ئەو مەزارەدا رەشپۆش دادەنیشن، لەناو شادورەکانیان لوول دەدرێن، تەنها دەست و چاوان ئەگەر بەزەحمەتی بەدی بکرێن، بە هێمنی دادەنیشن، لە چواردەورەی مەرقەدەکەش خوێندکاری تەمەن گچکەش کۆدەبنەوە، بە عەباو مێزەرەکانیانەوە دەسووڕێنەوە، چاو دەگێڕن، دیاربوو لە شتی تازە چاو دەگێڕن، روویان بە هیواو ئومێدەوە دەگەڕان، وەک لە سەیران و شادی بن.

ئەگەرچی لە ناوچەکەدا چەندین وێنەی شەهیدانی شەڕی ئێران عێراق، هەڵواسرابوو، بەڵام ئامادەبووانی چاویان لە کەسە زیندووەکانی شوێنەکە دەگێڕا، لەو ناوەش کوڕێک سەتڵێکی ئاوی بەدەستەوەبوو ناوچەکەی دەشووشت، چاویشی لە نەفەرێک دەگێڕا، ئەگەر کارێکی هەبێت، تا ئاسانکارییەکی بۆ بکات.

*****

## یەک نیگا:

من پێویستم بە ئاسانکاری کەس نەبوو، من پێناوم نەدەویست، من خۆم بۆ لای ژنەکان دەچووم، ژنێکی تەمەن نزیک 30 ساڵێک نزیک بوومەوە، دیارە قژی بە بۆیەیەکی هەرزان بۆیەکردبوو، لەناو بلووزە رەنگکراوەکەیدا سینگی بەکراوەیی دەبینرا، لە ئاکاریەوە دیاربوو لادێی بوو، کە ژنێک لەو ناوە زۆرتر دەموچاوی

****

خەم و پێویستییەکان:

ژنێکم دۆزییەوە، ناوی مهیری بوو، کە قسەم لەگەڵ کرد رازییم کرد بێتە دەرەوە، لەناو گۆڕستانەکە دەرمهێنا، ئەگەرچی لە پیاوەکان دەترسا، بەڵام هاتە دەرەوەو دڵی کردەوە، نهێنیەکانی هەڵڕشت، پیاوەکان بە چاوی رقەوە نیگایان دەکرد، بەڵام من دڵنیام کردەوە هیچ نییە، شتەکان ئاساییە، ئەو وتی من لەو کورە گچکانە ترسم هەیە.

کە هاتینە دەرەوە ئارام بوو، وتی من بەناچاری خۆم دەفرۆشم، من ناچارم، مێردەکەم لۆری لێدەخوڕی، دوو ساڵ پێش ئێستا بە کارەساتێک مرد، من تەنها لەگەڵ ئەو منداڵانە ماومەتەوە، بژێوی بۆ حەوت منداڵ و کیژە پارچەلە هەرزەکارەکەم ئاسان نییە، ئەو پارەی ئەو لە تەون پەیدای دەکات هیج نییە بەشی چیمان دەکات، هەفتانە بەو پاسانە سێ جار دێمە قوم، کە قسەم لەگەڵ دەکرد تەماشایەکی شوفێرەکەمی کرد، تێیگەیاند ئەگەر دەتەوێت، من ئامادەم.

دیاربوو پێویستی و خەم چاوەکانی تژی کردبوو، ئەو وتی، هاوینە وەرزی گەشتیارییە، رۆژانە سێ مێرد دەکەم، سێ جار بە

**ئەگەر ئەو پیاوانەی ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت مێردیان پێدەکەین، خانوویان هەبێت، ئەوە بەختیارین، ئەگەرنا دەچینە ناو گۆڕستانە نوێیەکە.**

********

**باو گەردەلوول:**

**گۆڕستانە دوورە کۆنەکە بە گەردەلوولێکی رەش، بە هەورێکی تاریکی باو تۆز داپۆشراوە، کێ روو لەو گۆڕستانە دوورە دەکات، کەس نایەتە سەر قەبران، ئەوانەی دێن تەنها ماوەیەکی کورت و کەم دەمێننەوە، ئەو ژنانە بۆ یەک جار نووستن بۆ پارە کەمەکە دێن، لە بری هەر مانەوەیان لەگەڵ پیاوێک لەناو ئەو گۆڕستانەدا تەنها 20 تا 40 هەزار ریال وەردەگرن، کە دەکاتە تەنها دوو تا چوار دۆلاری ئەمریکی، کە ژنێک لێرە ئەو شوێنە ناخوشە لەسەر ئەو تەختە رەقانەو لەبن ئەو پارچە شەرشەفە لەگەڵ پیاوێکی بێگانەو بە سیغە دەنووێت، ئەو پارەیە وەردەگرێت، دەگەڕێتەوە تا پیاوێکی تر بدۆزێتەوە، بۆ پارەیەکی تر، پیاوەکانیش بۆ ژنێکی خەمباری تر، دەگەڕێنەوە شاری قومی گەشتیارو پیرۆز.**

**ئەو ژنانە ئەو کارە بە دەستی مەلایەک پیرۆز دەکەن، کە ژنەکە داوای کرد، ئەوە پیاوەکە ئامادەیی نیشان دەدات، هەر ژنێک کە دڵنیابوو ئاووس نییە، بۆ هەر مێردێک کە دەیکات، دەبێ تا ماوەی چوار مانگ بچێتە ناو (عدە)وە. بەڵام زۆر لە ژنان ئەوانەی بۆ پێویستی ئەو شووکردنە کاتییە دەکەن لەسەر ئەوە ناوەستن، چاو لەو**

## ماڵی مردووەکان شوێنی ئارامی ئێمەیە.!

****

مارسی 1999:

به هاوکاری یەکێتی ئەوروپی لە براغ بۆ ماوەی یەک مانگ، ۆرک شۆپێکی چڕوپڕی بۆ رۆژنامەنووسانی گەنج بۆ رادیۆی ئەوروپای ئازاد کردبۆوە، سی رۆژنامەنووس لەسەرانسەری هەموو جیهان ئامادەببوون. تازە بەشی فارسی رادیۆی ئازادی کرابۆوە، لەناو ئێراندا بە رادیۆی رووخاندنی حکومەت ناسرابوو. من لەناو دەستەکە وەک ئەندامێکی دیار ناوم دەهات، بۆیە ئیستگەکە داوایان کرد دەتوانی بە ناوی خواستراو بەرنامەیەک سازبکەیت، منیش دەمزانی ئەوەیان سەلامەتیم بۆ دابین دەکات، بەڵام بەکارهێنانی ناوی ترم لا خۆش نەبوو، دیارە ئەو کارەو دەنگ هاتنت بەهۆی مایکرۆفۆنەوە

السلام عەلیکم... گوێگرانی ئەزیز، فەرموون لەگەڵ کامیلیا نقائی لە رادیۆی ئەورووپای ئازادی لە براغەوە گوێ بگرن.

پێش هەفتەیەک لە کۆتایی هاتنی راهێنانەکەم لە ئیستگەکە، بەڕێوەبەری ئیستگەکە پێی وتم، ئەگەر ئارەزووت هەیە لەلامان کاربکەیت، ئەوە ئێمە وەک کارمەند داتدەمەزرێنین، دەکرێ لە براغیش بمێنیتەوە، بەراستی ئەو پێشنیارە زۆر دڵخۆشکەرو پڕ مەبەست بوو، کەس هەیە ئەوە وەرنەگرێت، تۆ هەرچەند لە تاران وەک رۆژنامەنووس کار بکەیت، تەنها مانگانە سەد هەزار تومەنێکت دەستدەکەوێت، ئەوەش دەکاتە 120 دۆلار، بە نرخی پارەی ئەو کات، بەڵام ئەوەیان زۆرە، دوارۆژم دەگۆڕێت، مانگانە من لە دەرەوەش 3000 دۆلاریش وەرگرم، زۆرە! بەڵام لە دوورەوە لەناو ئێران رۆژنامەی زن بانگی دەکردمەوە، چاوم لەو بوو.

دوو رۆژی مابوو سەفەرەکەی ئەمریکام بکەم، بەڕێوەبەرەکەم بانگی کردم، بەتەنیا دانیشتین، حەزی دەکرد بابەتێکم بەتەنها لەگەڵ بکاتەوە، دەستی لەسەر مێزەکەی پێشی بە شتێک خەریک دەکرد تا چاو لە چاوم نەنێت، لەو دەمەتەقێیەدا پێیوتم:

بەداخەوە بۆ دامەزراندنی تۆ لەناو ستافەکەماندا ناڕەزاییەکی زۆر هەیە، زۆریان سوورن لەسەر ئەوەی ئەگەر تۆ دامەزرێنین، ئەوان بە کۆمەڵ وازدەهێنن، دیارە تۆ پەیوەندی پتەوو بەهێزت لەگەڵ ئێران هەیە، بۆیە هەموو لە تۆ دەترسێن، رۆژێک تۆ لاپەڕە شاراوەکانیان هەڵدەیتەوەو ناویان دەهێنیت.

سەرەتا سەرم لەو بۆچوونە سووڕما، ئای کە سەیرە..! دواییش هەستم بە خۆشیش کرد، دیارە ئەو دانەمەزراندنە

****

ئەپریل 1999:

لە سەفەری یەکەمم بۆ ئەمریکا دکتۆر (هۆشبانگ ئەمیر ئەحمدی)م بینیبوو، دیمانەیەکم بۆ رۆژنامەی زن لەگەڵی کردبوو، ئەو لە هاشمی رەفسنجانی نزیک بوو، پشتیوانی دەکرد، بەڵام لەسەر خاتەمی قسەی هەبوو، ئەو وتبووی سەرۆک دەستەڵاتی نییە، هەموو شتەکان لە بن دەستی رەفسنجانییە، ئەو بەناو سەرۆکە. بڕیاربوو بە بەیانیەکەی فائیزە بێتە ئەمریکا، بە تەلەفۆنەکەی دکتۆر ئەحمدی لە خەو بەئاگا هاتم، بە سترێس و شپرزەییەوە قسەی دەکرد. شەوی پێشتر سەرمام ببوو، بۆیە دەنگم باش نەدەهات، بە دکتۆرم وت:

سلام ئاغای دکتۆر.. من ناساغم!

ئەو وتی:

نازانم بۆ فائیزە نەهات، دواکەوت، رۆژنامەکەتان زن داخراوە. تەلەفۆنم بۆ مۆبیلەکەی فائیزە کرد، وەڵامی دامەوە، تێیگەیاندم، کەوا ناتوانێ بێت، باوکم دژی هاتنەکەم بوو، رۆژنامەکەمان داخرا، چەند کەسێکمان دەست بەسەرن، هەموویان بۆ پێش دادگای شۆڕش براوە، بێکار ماینەوە، تا ئەو قەیرانەش تێدەپەڕێت ئاگات لەخۆت بێت، وریابە! گوایە تۆ لە (فەرەح دیبا) جەژنانەی نەورۆزت بۆ هاتووە، تۆش بە فاکس بۆ رۆژنامەت ناردووە، بڵاوکردنەوەکەشی بە بۆچوونی تۆ بووە، دەبێ من فاکسەکە بۆ دادگا بەرم، من دەڵێم تۆ ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نیت، ئاگاداری

*****

## پایز ـ هاوین 1999:

لەو ڕۆژە تەنگانەدا سەرم سوڕمابوو، بیرم لەوە دەکردەوە ئایا دەکرێ من بگەڕێمەوە وڵات، لەلایەک هاوڕێکانم دووچاری لێپرسینەوەبوون، منیش بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا وەرگیراوم، پەیوەندیشم بە ڕەوەندی ئێرانی لە نیویۆرک خۆشکردووە، زۆرم بینیوون. من دەمەوێ بچمەوەو خوێندکارانی تاران لە دژی دەستدرێژییەکان لەسەر ئازادی بیرو ڕادەربڕین، بەردەوام خۆپیشاندان دەکەن، بەردەوام ناڕەزایی بەرقەرارە، دایکم پێیووتبووم، لە گەڕەکەکانی تەنیشت زانکۆی تاران هاتوچۆ قەدەغەکراوە، هەزارەها خوێندکار لەبەردەمماڵی خوێندکاران کۆبوونەتەوە، بۆ ناڕەزایی دەربڕینی لەسەر ڕاگرتنی ڕۆژنامەی (سلام) کۆبوونەتەوە، بۆ بڵاوەپێکردنیان بەکرێگیراوانی باسیج بەتوندی دەستدرێژییان دەکردە سەریان. بەڵام خەڵکەکە چاوەڕوان بوون، بزانن هەڵوێستی سەرۆک خاتەمی چی دەبێت، بە بێدەنگیەکەی لەو ڕۆژانەو لەو پێشهاتە چەندین هەوادارانی لە دەستدا.

لە ڕۆژێکی بارانی مانگی مایۆی ساڵی 1999 دیمانەی ڕەزا پەهلەویمان کرد، چەند جارێک سەرۆکی نووسینگەی فەرەح پەهلەوی قمبیز ئەتاباسم دیبوو، لە نیویۆرک داوام لێکردبوو ئاسانکاریمان بۆ ئەو دیمانە بۆ بکات. بۆ هەموو ئێرانیەک و بنەماڵەی پەهلەوی شتێکی سەیربوو فائیزەی کیژی ڕەفسنجانی ڕازی بێت، من دیمانەیەک بۆ ڕۆژنامەکەی ئەو لەگەڵ ئەندامیکی بنەماڵەی

****

## لەگەڵ فەرەحدا:

(ئاتاب)ی هاوڕێ بنەماڵەی شاهەنشا لە پاریس دەژیا، بەردەوام پەیوەندیمان هەبوو، تا بە ئازایەتی خۆی و بەهۆی نزیکی لە فەرەح کاتێکمان لەگەڵی بۆ بسازێنێت، تا دیمانەیەکی لەگەڵ بکەم. من لەلای برادەرێک لە نیوجیرسی دەژیام، لەوێ بووم پەیوەندییان پێوە کردم، کەوا بەیانی فەرەح لە (فلات) شوقەکەی خۆی لە نیویۆرک پێشوازییت دەکات. دیارە کەوا زۆر دڵشادبووم، نەمدەزانی بۆ دیداری ئیمپراتۆر چ جلوبەرگێک لەبەر بکەم، بە چ شێوەیەک قژم چابکەم، چۆنی دابهێنم، مکیاژم چۆن بێت، بەپەلە لەناو دۆلابی جلەکەنم دەگەڕام تا شتێ بدۆزمەوە شیاوی ئەو دیمانەیە بێت.

ڕۆژەکە ناخۆش بوو، تا لە ناوچەی پاسەکە گەیشتمە لای تاکسییەک پێڵاوەکەم پڕ ئاوبوو، قژم تەڕبوو، چەپکە گوڵێکی سوورم بە دەستەوەبوو، قمبیز ئاتابای لە ئیستگەی پاسەکانەوە هاتە ناو تاکسییەکەم، بواری نەدا دابەزیم، بە شوفیرەکەمان وتم بەردەوام بە، بڕۆ، بێگومان نەیدەزانی بەرەو کێندەرێ دەرۆین، کە چووینە ژوورەوە بەراستی تەڕببووم، چەپکە گوڵەکەم لەسەر مێزی پێشوازییەکە دانا،

له ژووری دانیشتن سەرە پەیکەری شاهەنشا دانرابوو، له هەموو گۆشەکانیش وێنەی فۆتۆگرافی ریزکرابوون، ژنەکەی ئاتابای مینا خانم دەست بە سینییەک چای هاتە ژوورەوە، لە تەنیشتەوە سینییەکی تری شیرنەمەنی دانا، من دەستم بۆ کوپێک چا دریژکرد، دەستم دایە پارچەیەک شیرنەمەنی سەر بە شەکرەکەو بەرەو پەنجەرەکە رۆیشتم، گەزەیەکم لە شیرنەمەنیەکە دابوو، بە تەمابووم فرێک چاش بخۆمەوە، مینا خانم لە پشتەوە بانگی کردم، کامیلیا!

****

## رووبەڕوو:

فەرەح بەو پەڕی جوانییەوە بۆم وەستابوو، بەتاسەوە چایەکەی دەستم دانا، لەبەر گەزەی شیرنەمەنیەکەی ناو دەمم نەمتوانی بەخێرهاتنیشی بکەم، پەنجەیەکم بە شیرنەمەنیەکەی ناو دەمم نا، پارووەکەم پاڵدایە ناو دەمم، راست بۆی راوەستام لەسەر پەنجەی پێیەکانم بۆی هەڵسامەوە، لەبەرئەوەی باڵای بەرزبوو، بۆ ئەوەی ماچی بکەم دەبووایە کەمێ خۆم بەرزبکەمەوە، بەراستی باڵابەرزو جوان بوو. زۆر جوان بوو هەزارجار لە وینەکانی جوانتربوو، لەبەر خۆمەوە وتم، وێنەکانی خۆی مافی تەواویان پێنەداوە. نەمزانی بە چ شێوەیەک بیدوێنم، بە چ ناوێک بانگی بکەم، بە خانم ؟

بە شهبانۆ؟ یان بە شکۆدار؟

لە کۆتایی ئەو رستەیەم بۆ دەرچوو کە پێم وت:

تۆ زۆر زراف و نازداری، چۆنی..؟

داوای کرد سڵاو بە فائیزە رابگەیێنم، دیارە ئەو ژنە نوێخوازو پێشکەوتوخوازە. مەبەستی بوو لە منی رۆژنامەنووس تێبگات چۆن رەوشی ئێران بەتایبەتی شاری تاران لە ژێر دەسەڵاتی خاتەمی بەو چەشنە گۆڕا، بەهۆی پەیوەندی ئەلکترونییەوە بەردەوام نامەی لە چەندین لە گەنجان لەناو ئێرانەوە پێدەگات، فەرەح وتی:

کە هەستدەکەم دڵم توندەو هەست بەنامۆیی دەکەم، پێویستم بە یاوەرێ دەبێت، ژمارە تەلەفۆنێکی ناو ئێران لێدەدەم، کێ دەردەچێ گرنگ نییە، دەنگێ لەناو ئێران بێت، بەسمە دڵم بەو دەنگانە خۆش و ئارام دەبێت.

چەپکە گوڵەکەم پێشکەشکرد، پێمووت:

ئەو گوڵە شایستەی تۆیە، ئەویش سوپاسی کردم، دەستی بە گوڵەکەدا هێناو دەستی لە شانم داو وتی:

ئەو گوڵە وەک تۆ جوانە، سەرفرازم بەوەی لەناو ئێران گەنجی وەک ئێوە هەڵکەوتووە، تۆی ئازاو دلێر، داواکارم لە کارەکانت سەرکەوتووبیت!

پاش ئەو قسانە ماڵئاوایی کردو لە پشت دیوارەکانەوە بزربوو. ئاتابای منی بردە دەرەوە. پاش ئەو دیمانەیە لە خۆم پرسی دەکرێ من ئەوەندە ئازا بم جارێکی تر بگەڕێمەوە ناو ئێران. کە پاشان کەوتمە ناو زیندان، بیرم لەوە دەکردەوە من چۆن ئەو گیانبازییەم کرد، چۆن پاش ئەو دیمانە بەرێزە گەڕامەوە ناو ئێران، گیانی خۆم خستە مەترسی.

*****

یۆلیۆ 1999:

دایکم مەرازو نەزری لە خۆی گرتبوو، ئەگەر من بە سەلامەتی لەناو فڕۆکەخانەی میهرباد بێمە دەرەوە، لەو سەفەرە دەربچم، بەیەکەوە سەردان و زیارەتی مەرقەدەی ئیمام رەزا لە مەشهد بکەین. دایکم بەراستی بوو، هاواری دەکرد کچێ دیارە تۆ شێت بوویت، چۆن دەگەرێیتەوە، تۆ نازانی بەردەوام رۆژنامەی کیهان چۆن باست دەکات، بە چی ناوت دەبات، بە نۆکەری پاشایەتی بە جاسووسی ئەمریکی ناویان هێناویت، من دەرگات بۆ ناکەمەوە، ئەو شارە شێت و هاربووە ..؟! من وام دانابوو پاش دە رۆژی تر بگەرێمەوە نیویۆرک، ئەگەرچی دایکم و (جین)و زۆر لە برادەرانی تر زۆر منیان ترساندبوو، پاش ئەوەی (گوڵریز) منی دڵنیاکردەوە، گەڕامەوە تاران. پێشنیاری کردبوو منیش هاوکاری لە بەرنامەکانی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ بکەم، کە ماوەیەکی کورت لەو بوارەدا لە تاران کاری دەکرد، دیارە منیش متمانەم بە گفتەکانی هات و بەقسەی دایکم نەکردو گەڕامەوە تاران، بۆیە پاش سێ رۆژ لە گەڕانەوەم، پیاوانی سەر بە وەزارەتی هەواڵگری هاتنە سەرم لە ماڵەوەو راپێچی زیندانیان کردم.

لەو ماوەی لە زیندانا بووم، نەک گوڵریز یارمەتی نەدام، بەڵکو وتبووی، کەوا ئەو وەک رۆژنامەنووسێک نەچووبووە ئەمریکا، من وەک پێناوێک و دۆستێکی وەزارەتی هەواڵگری ئەو سەفەرەم کردووە، ئەوەیان جێگای سەرسوڕمان نەبوو، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، وەزارەتی هەواڵگری لەناو ئەمریکاش منی بە جاسوسی ئەمریکیەکان تاوانبارکردووە، هەروەها من وەک جاسوسێکێش بۆ بەرژەوەندی ئێرانیش تاوانبار دەکرام.

ئەگەرچی من تێنەدەگەیشتم بۆ گوڵریز وای کرد، لەهەمان کاتیشدا ئامادە نەبووم لێی خۆش بم. ئەو منی دڵنیاکردەوە بۆ

پێش ئەوەی سەفەری شاری براغ بکەم راپۆرتێکم لە سەر شاری قوم لە بن دەستدابوو، پەرۆش بووم ئەوەیان تەواو بکەم، چونکە لە نیویۆرک رۆژنامەیەکم دۆزیبۆوە بۆ بڵاوکردنەوەی، چونکە چاکم دەزانی بواری بڵاوکردنەوەم لە رۆژنامەی زن نەمابوو، ئەو رەوشە ئازادەی ناو ئێران تەواو ببوو. بەردەوام دادگاکان بڕیاری داخستنی رۆژنامە لە دوای رۆژنامەیان دەردەکرد، زۆربەی کارمەندەکانیشی بە گرتن و دوورخستنەوەیان لەو بوارە دووردەخرانەوە. ئەو ئازادییەی لە سەرەتای مانگەکانی حوکمی خاتەمییش نەما.

من و دایکم و براکەم و خوشکەکەم بۆ گەیاندنی مرازەکەی دایکم، بۆ هاتنەوەو سەلامەتی من چووینە مەشهد، دایکم گەنمە شامی بۆ کۆترەکان هێنابوو، ئێمەش شادورمان لەبەربوو، بۆ سەڵامەتی و هێزو بەردەوامیمان دوعامان دەکرد، من زۆر پەرۆشی ئەندامانی خێزانەکەم بووم، پەرۆشی هەواڵ و قسەو دەمەتەقێی هەموویان بووم، بۆیە زوو گەڕاینەوە تاران، دایکم کاتێ خوشکمی گەیاندەوە ماڵەوەی، ئێمەش زۆر ماندووبوین، ئەو گەشتە شەکەتی کردبووین.

سەعات شەشی بەیانی بوو، کە لە دەرگای شوقەکەیان داین، دایکم دەرگاکەی کردەوەو کە هاتەوە بە رووم وەستاو وتی:

نەمووت... دوو کەس لە دەرگا راوەستاون، نامەیەکیان بۆ تۆ پێیە. منیش وتم:

بەڵێ دەزانم منیان دەوێت، هیچ نییە، مەترسێ.

پاڵتۆیەکم لەسەرشانم داناو بە دوای دایکم کەوتم، بە روویان چووم. دەرگای دەرەوەم کردەوە، دوو پیاوەکە وتیان

که لە پشکنینی ژوورەکەیان بوونەوە، داوایان لێکردم خۆم بگۆڕم، چونکە من بە جلی نووستنیماڵەوە بووم، دایکم دەگریا، بە دایکمیان وت:

حاجی خانم تۆ لە ماڵەوە بمێنەرەوە، ئێمە پاشان پەیوەندیت پێوە دەکەین!

منیش لە دایکم نزیک بومەوەو بە دایکم وت:

نیگەران و سترێس مەبە...!

کە لە ماڵەوە دەرچووم نیگایەکم لە وێنەکەی باوکم کرد، کە لە بەرامبەرما بە دیوارەکە هەڵواسرابوو. هەستمکرد هەر ئەو دوو کەسە نین، زۆرن ئەوانەی بۆ گرتنەکەم هاتبوون، هەموو لە دەرەوە چاوەڕوان بوون، من کەوتمە پشتەوەی ئوتومبێلەکە. لە درزی دانتیلی پشتەوەی ئوتومبێلەکەوە، چاوێکم لە پەنجەرەکەمان کردەوە، چونکە دەمزانی دایکم و براکەم تەماشام دەکەن. لەو دەمەدا بیرم لەوە کردەوە، دەبێ من جارێکی تر ماڵەوەو خانووەکەو گەڕەکەکەمان

تکایه بەوە چاوەکانت بگرە، لە پشتەوەش پاڵدەرەوە.
منیش پاڵم دایەوە، ئەوانیش بە بەتانییەک منیان داپۆشی. منیش بە دەنگێکی کزەوە وتم:
کوێوەم دەبەن بمبەن، بەڵام مەمکوژن.!

****

ڕۆژێکیان تازە لە ژووری تەحقیقەکە دەگەڕامەوە زیندانەکەم، ژنە پاسەوانەکەم دووبارە هاتەوە شوێنم، وتی، موحەقیقەکە هات خۆت ئامادەکە. منیش شادورەکەم لەبەرکرد، گۆرەویەکانیشم لەپێکردنەوە، لەگەڵی بۆ سەرەوە ڕۆیشتین، لەبەر خۆمەوە وتم، بەم کاتە چی لە من دەوێت، چ ڕووی داوە دووبارە بۆ .!؟ کە چوومە ژوورەکە لێ پرسیم:
باشە تۆ ئامادەیت دەزگاکە هەرچیت داوا لێی بکات بۆیان بکەیت. دەتەوێ وەک سەربازێکی نەناسراو کارێک بکەیت...؟ بە ڕەزامەندی سەرم بۆ ڕاوەشاند.

****

شاهیدیەکی بەدرۆ:

ڕاپۆرتێکی لە پێشم دانا، وتی ئەوە دانپێدانانی (منوشهر محمدی)و (غلام رضا مهاجری ـ نجاد) هاورێیەتی، بابەتەکە سەبارەت بە دیداریان بە ڕەزا پەهلەوییە، ئەوان دەڵێن ئێمە پارەمان لە پەهلەوی وەرنەگرتووە بۆ هاندانی خۆپیشاندانی خوێندکاران، تۆ دەتوانی هاوکاریمان بکەیت، ئەوان دەڵێن ئێمە ژنە فەرمانبەرێکی

*****

بەیەکەوە لە زیندانا:

منی بەرز کردەوە، چاوەکانم بەسترابوونەوە، بۆ ژوورێکی تر پێشی کەوتم، قسەشمان دەکرد، دوایی گوێم لە دەنگی پیاوێکی تربوو، قسەی لەگەڵ دەکرد، یەکێک لە پشتەوەی من وتی:

گیرەکەی سەر چاوەکانت لادە، تەماشای ئەو پیاوەی پێش خۆت بکە، بەڵام بۆ پشتەوە ئاوڕ مەدەرەوە.! گیرەکەی سەر چاوەکانم لابرد، کوڕێکم لە پێش خۆما بینی، ئەویش وەک من جلی ناو زیندانی لەبەردابوو، نیگەران دیاربوو پەنجەکانی هەڵدەکلۆفی، زانیم ئەو کەسە مەنوشهر محەمدییە.

دەنگێک هاتە گوێم و وتی:

گیرەکە لە چاوت ببەستەوە.

منیش چاوەکانم بەستایەوە. لەلایەکی تر دەنگێکی تر هات، گوێم لێبوو دەیووت:

کورەکە گیرەکەی چاوەکانت لادە. دەبی ئەو دەمانە مەنوشهر محەمدی بەرامبەرم بووبێت، بۆیە کابرا داوای لە کورەکە کردەوە، دووبارە چاوەکانی دابخاتەوە. ئەگەرچی لە من دیار نەما بەڵام دیارە کەوا چاوەکانی داخستەوە، بۆیە کابرا بە منی وت:

باشە خانم ئەو بەرێزەت ناسی.!

**زوو چوومە ناو دەورەکەم، وەک زووتر موحقیقەکە پێ وتبووم .. وتم بەڵێ ناوی منوشهر محمدییە، من لە واشنتۆن ئەو پیاوەم دی، من شێکێکی رەزا پەهلەوییم بۆ ئیمزا کردووە. لە محەمدییان پرسی، تۆ ئەو ژنە دەناسی، بەگریان و بەپاڕانەوە دەگریاو دەپاڕایەوە، بە گریانەوە وتی:**

**قەسەم بە خودا درۆیە، ئەو ژنە درۆزنە، من هەرگیز ئەو ژنەم نەدیووە، لە ژیانمدا چاوم بە چاوی ئەو ژنە نەکەوتووە، ئەو من هەر ناناسیت، ئەو قسانەی دەکردو بە جۆشەوە دەگریا.**

*********

## فێڵ:

**موحەقیقەکە بەر بووە گیانی بە کۆڵەمست، جنێوی ناشیرینیشی پێ دەدا. محەمدی هاواری دەکردە سەر من و بە گریانەوە دەیووت:**

**بۆ درۆ دەکەیت ..؟!**

**من وەڵامم نەبوو، بە چی وەڵامی بدەمەوە. زوو منیان لە ژوورەکە دەرهێنا. دیارە موحەقیقەکە باش لە دەورەکەی من رازی نەبووم، بۆیە بە تووڕەییەوە هاواری کردە سەرم، تۆ نەنتوانی وا بکەیت محەمدی دان بە تاوانەکەی بهێنێت، چونکە تۆ نەتوانی دەورەکە جوان ببینیت، ئەو دەیزانی تۆ نواندن دەکەیت، تۆ باش نەبووی، ئەو زانی شتەکە فێڵ بوو. منیش خۆم پێڕانەگیراو وتم:**

**تۆ بۆ لەو کابرایەت دا ..؟! بە سەرسامییەوە وتی:**

**لێم دا، لە کێم دا ..؟! ئەوە خۆی کەسێکی شێتە، ئەو بەردەوام خۆی لە خۆی دەدات، تۆ بۆت نییە بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاری کەسانی تر وەربدەیت، دەزانی ..!**

********

## لیستی تاوانەکان:

بەڵێ قسەکەی تەواوبوو، من بۆ دەست لە کاروباری کەسانی تر وەربدەم، من وا هەست دەکەم کە دانپێدانانەکەی من تەواوبوون، موحەقیقەکە لەگەڵ من باشە، هەڵسوکەوتەکانی ئیجابین. من ئێستا لە تاوانەکانی خۆم گەیشتم، ریزبەندییم بۆیان دانا، یەک لە دوای یەک دانم بە هەموویان دانا، تاوانە سیاسیەکانم وەک پەیوەندی و هاوکاریکردنم بە رەزا پەهلەوی، بڵاوکردنەوەکەی پیرۆزباییەکەی فەرەح پەهلەوی لە رۆژنامەی زن، بوونی پەیوەندییم بە کەسێکی ئیسرائیلی، کارکردنم لە رادیۆی ئازادی لە براغ بۆ بەرژەوەندی هەواڵگری ئەمریکی، هاوکاری و جاسوسیکردنم بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە تاران

(مەبەست لە پەیوەندیم بە گوڵریزە)، بۆ مەبەستی شێواندنی ئاسایشی نیشتیمانیمان ویستوومە دیمانە لەگەڵ سەلمان روشدی بکەم، بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و نیگەرانی لەناو هاوولاتیانی ئێرانی ناوەکانی ناو لیستە رەشەکەم بڵاوکردیتەوە، ئەوەش خەڵکێکی زۆری ترساندووە، کە پاشان بوونەتە دوژمنی کۆماری ئیسلامی، یەکێکی تر کە من پێی تاوانبارکرابووم دیاردەی لەشفرۆشییە، رەوشتی حیزانە لە ولاتانی کەنداوو خواردنەوەی مەشروب لەلایەن ئێرانیەکان لەو ولاتانە، هەروەها من لەناو توێژە سادەکەی ناو کۆمەڵ هانی ئیلحادم داوە، بە خراپەو سووکی باسی ئاینی ئیسلام و ولایەتی فقیهم کردووە. دانم بەوانە هەموویاندا نا، وتم راستە من ئەوانەم هەموو کردووە، من تاوانبارم.

****

## پەیام ـ خەون:

هەر یەک لەوانە سزای لە سێدارەدانی لەسەرە، بە تاوانی خواردنەوەی کحولیش دەبێ چل جەلدەت لێبدرێت، بۆیە لە تۆ دەپرسین چیت لێ بکەین ؟!

منیش وەڵامم دایەوە، ئازایانە وتم:

بێگومان دەچمەوەماڵەوە، من دەزانم ئەو رۆژانەش زوو کۆتایی دێت، دەگەڕێمەوە ماڵەوە، ئازاد دەکرێم!

بەپێکەنینەوە:

ماشآللە بە ئازایەتیەکەت سەرسامم، تۆ زۆر بە جەرگیت، بەڵام بەداخەوە من دەزانم تۆ تەنها بە مردوویی لەو زیندانەدا دەردەچیت.

بۆ ئەوەندە بڕوات وابوو، تۆ ئازاد دەبیت:

(من خەونم دیبوو نامەیەک دەگاتە دەست دایکم، نامەکە لە ئیمامی زەمانەوە دەگاتە دەستی، دایکم بەو نامەیە لە خۆشیا دەگریا.!.

(ها .. نازانی خەونی ژنان زۆرجار سەرابێکە فێڵ دەکات). کە سەرم بە جانتاکەی دەستی کەوت، بە تووڕەیی وتی:

کە ئیمام دێتە خەونت، دەبێ تۆش خۆت راست بکەیتەوە، رێگای راست بگریتەبەر، هەروەها وتی:

رەنگە نامەکەی بۆ دایکت هاتووە، رەنگە هەواڵی مردنەکەی تۆی پێ بگات، بەو نامەیە گەشبین مەبە.!

****

## سروەکانی ئەڤین:

له چەشنی ئەو سروە ناسکانە لە بەهەشتەوە هەڵدەکات، سروەیەک لەو جۆرە لە دڵی ئەو پیاوە زاڵمە نیشت، زۆر ناسک بوو کە بە لێدانەکانی بۆ ئازاردانیش دەستی رادەوەشاند، وەک ئەوەبوو دەستێ لە گوڵێکی ناسک دەدات، زەوقی زۆر دڕ ببوو، دیارە ئەو ئەڤینە تووشی نیگەرانی کردبووە. ئەو هەموو ژیانی بۆ ئیمام کردبوو فیداو قوربانی، گیانفیدا بوو بۆ جەنگ و شۆرشی ئیسلامی، زۆر گۆڕا ئەو پیاوە وای لێهات بە ئاگری ئەڤین دەسووتا، ئەو پیاوە ناسکە بێگەردە دەسووتا، منیشی لەگەڵ خۆیدا سووتاند. بەراستی کەتبوومە ناو داوی ئەڤینی ئەو، لەناو ئەو زیندانەدا لەنێوان چوار دیوارەکەدا، لە کۆڵانەکانیدا هەستم بە ئازادی دەکرد، وام لێهات هەستم دەکرد لە دەرەوەو دەفرم.

ئەو برایانەی لەو زیندانا کاردەکەن، ئەوانەی لەو ماوەیەدا تۆیان ناسیوە، دەڵێن گیراوی وەک تۆیان نەدیوە، کە لەسەر پەیژەکەی خوارەوە سەردەکەویت، سەرت بەرزە، بە سەربەرزی دەرۆیت، ئەوانەی بیستساڵیشە لێرەن کەسی وەک تۆیان نەدییوە.!

راستی دەکرد، من هەرگیز لەو ماوەیەدا نەشکام، من لەو شوێنەدا لە ساتە ئەستەمە ناخۆشەکانی لێکۆڵینەوە تاڵەکان، لەناو رق و تووڕەییەکان، لەگەڵ سەربردە ناخۆشەکانیش، ماندوو نەبووم وامدەزانی دەورێکی مەزن دەگێڕم، وامدەزانی لەو ژیانەدا من کەسێکی مەزنم، هەتا سێ مانگیش ماندوو نەبووم، بەردەوام گۆرانیم دەچڕی، هەرچی گۆرانی دەمزانی هەمووم وت، هەمووم دەوتەوە.

*****

## ئازادکردنی مەرجدار:

موحەقیقەکە پاش ئەوەی لەگەڵ بەرپرسەکانی سەروی خۆی توانی فەرمانی ئازادکردنی مەرجدارم بۆ دەستبەر بکات، بۆ ئەو مەبەستە دانووستانی زۆری کردبوو. لە سەرەتای رۆژانی یەکەمی دادگاییکردنەکەمدا، مەراسیمەکانی ئوسلویی کرا، وەزارەتی هەواڵگری بۆ بەردانم بە قازییەکەی وتبوو، پێویستیەکانی بەردانی بە زەمانەتەوە بۆ بکەن. قازییەکە ئەوەشی وتبوو کەوا من ئامادەم بۆ بەرژەوەندی وەزارەتەکەیان کار بکەم، سەرەتا من لە قۆناخی تاقیکردنەوەدا بم، راپۆرت لەسەر ئەو رۆژنامەنووسانە ئامادە بکەم، ئەوانەی لە هەموو بوارو لایەنەکان کاردەکەن، لەسەریان بەوردی بابەت بنووسم، چاودێرییان بکەم، بەو مەرجە بۆ ماوەیەک ئازاد دەبم، منیش لەژێر چاودێریدا بم.

****

ئیمزام لەسەر ئیعترافاتەکانم کرد:

کە ئازادکرام، پێیان وتم، بە بچووکترین هەڵەو پێشێلکردنی مەرجەکان، خۆت دووچاری گەورەترین سزا دەکەیت، هەتا مردنیشی تێدایە. مەرجی دووەمی ئازادکردنەکەم ئەوەبوو، من ئەو ئیعترافاتانە تۆمار بکەم، هەموویان لە پێش کامێرا بڵێمەوە، وردو درشت هەموویان بڵێمەوە، جوانیش نواندنی بۆ بکەم، زۆر ئاسایی قسەکان بکەمەوە، بۆیە چەندجار تۆمارەکەیان پێ دووبارە کردمەوە، تۆمار دەکراو رایان لەسەر نەبوو، دەیانووت، دووبارەی بکەرەوە، دەمانەوێت ئاسایی بێت. دوو فیلمیان لێم دەویست، فیلمەکەیان وەک دۆسیەی تۆمارکراو دەویست.

کە گەیشتنە قەناعەت، کە شتەکانی ئەوان مەبەستیان بوو تەواو بوو، جلەکانیان دامەوە، شادورو حیجاب و پالتۆکەیان دامەوە،

*****

دانیشەو دیمانەکە دەست پێدەکات:

من دانیشتم، ئەویش لە پشت پەردەوە وێنەم دەگرتم، کامیراکە قسەکانمی تۆمار دەکرد، ئەو موحقیقەو قسەم لێ وەردەگرێت، بە کامیراش لە پشت پەردەوە وێنەم دەگرێت، من وەک کیژێکی تاوانبارو پەشیمان و دۆڕاو قسەی بۆ دەکەم، ئەویش هەمووی بە جوانی تۆمار دەکات، منی بەرهەڵستکارو دژ بە شۆڕشی ئیسلامی، منی لاوازی بێ دەسەڵاتی، کە ناتوانم خۆم راگرم. منی هەوەسبازو کاری سێکسی لەگەڵ جاسوسێکی ئیسرائیل دەکەم، ئەو کیژەی وەک ژورنالیستێک بە نووسینەکانم خەڵک دژ بە شۆرش و حکومەت هان دەدەم، من بەربەرەکانێی بنچینەکانی شۆرش و ولایەتی فقیە دەکەم، من بە زمانی خۆم دەڵێم ئەوانەی من کردوومە سزاکەی لە سێدارەدانە، ئەوانە هەموو لە کاسێتی یەکەم تۆمارکرا، بۆ کاسێتی دووەمیش باسی فائیزەیان بۆ بکەم، هەموو گوناحەکانی ئەو تۆمار بکەم، کەوا ئەو ژنە دیندار نییە، بڕوای بە شۆرشی ئیسلامی نییە، ئەو ژنە چەند دۆستی پیاوی هەیە، واتە بۆی فرێندی هەیە، دەبووایە ناوی پیاوێکیش بڵێم، کەسێکیان بۆ ئاشکرابکەم، کەوا من ئەو دوو کەسەم بە تەنها لە نووسینگەکەی ئەودا بینیووە، وڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوانیشم دابێتەوە.

(چی لەو کاسێتانە دەکەن ..؟!).

(ئەوانە من لە نووسینگەکەی خۆم دەیانپارێزم، دەستی کەسی ناگاتێ ..!).

(مەبەست لەو چییە ..!).

(بۆ رۆژی خۆی هەڵیان دەگرم، ئەوەش لە وەزارەتی هەواڵگری بۆ هەموو کەسێک دەکرێت، ئەوەی بێتە ئێرە ئەو تۆمارەی بۆ دەکرێت، ئەو ئاساییە ..).

****

## ئەکتۆبەری 1999:

لە ناو هۆڵی دادگادا پێم راگەیاندن من پێویستم بە پارێزەر نییە، من خۆم پارێزگاری لە خۆم دەکەم، لیستی تاوانەکانم لەسەر خوێندرایەوە، یەکە یەکە وەڵامم دانەوە. لە پاش تەواوبوونی دانیشتنەکە پاش 70 رۆژ دایک و خوشکم بینییەوە، دیاربوو دایکم رەوشی باش نەبوو، قژی داوی سپی پێوە دیاربوو، چاوێکی تەواو نەبوو، دوایی زانیم کە لە خەودا نەوبەیەکی دڵ لێیدابوو، بۆیە چاوێکی داخرابوو، دەمارەکانی ئەو چاوەی وەستابوو، بۆیە چاوی چەپی نەدەکرایەوە. لە خەفەتی منیش خوشکەکەشم لاوازببوو، بۆمان نەبوو قسە بکەین، وەک کۆرپەیەک بەتوندی لە ئامێزی کردم، بەگەرمی و بەگریانەوە منی دەگوشی، بەچرپە پێم وتن:

بەو زووانە دێمەوە ماڵ! کە دایکم پشتی لە من کردو بۆ دەرەوە رۆیشت، هەستم کرد بە لاری دەروات، کیژە خوشکەکەم دەگریا، بە دایکی و بە دایکم دەووت، بۆ پوورم ناگەرێتەوە ماڵەوە، بۆ ئەویش لەگەڵ ئێمە ناگەڕێتەوە. لەو دەمانەدا زۆری نەمابوو دڵم لەناو سینگم بێتە دەرەوە، لەبەر خۆمەوە وتم، ئەوانە بۆ بەو شێوەیە

**که دایکم منی له باوەشدابوو و دەگریا، چاوی به یەکێک له پاسەوانەکانم کەوت، کەمێ دەنگی بەرزکردەوەو وتی:**

**ئاغا ئەمیری ..؟ ماڵی ئێوه له منزریه نییه ... ؟! ئێوه هاوسێی مامۆژنم نرجسن ..؟**

**هەموو تەماشایان دەکرد، ئەویش وتی:**

**بەڵێ بەڵێ ... زهره خانم چۆنی... مامۆژنێکی باشت هەبوو خودای لێخۆش بێت، من تۆم به بیردێتەوه، تۆو عەلی ئاغای براتم لەبیره، خودای لێخۆش بێت.!**

**لەو دەمانەدا لەناو ئەو دادگایەدا، دایکم خەریکی بەزمی خۆی بوو، پێکەنینم هات ..! بۆیه دایکم به پاسەوانەکەی وت:**

**کەواته ئاگاداری به، ئەو کیژەم به تەمای تۆ جێدەهێڵم، به خودا سوێندت دەدەم نەهێڵیت ئازاری بدەن، توخوا .. نەهێلیت ..! تا دایکم بێدەنگ بکەم نوقرچەکەیەکم لێدا. ئێوارێ موحەقیقەکه به پێکەنینەوه له زیندانا وتی:**

**ئیمرۆ له دادگا لەناو دادگادا خزمەکانی جمرانی دۆزییەوه.**

**ئەو رۆژه پاسەوانەکەم هاتنەوه ناو زیندانەکەم، ئەمجاره بۆ دادگاو لێپرسینەوەیان نەدەبردم، بۆ ماڵەوەیان دەبردمەوه. جلوبەرگه کۆنەکانیان دامەوه، جانتاکەی دەستیان دامەوه. تا له زیندانەکه دەرمبهێنن سەریان داپۆشیم، یەکێکیان وتی:**

**تا من ئاگادارت نەکەمەوه گیرەکەی سەر چاوەکانت ناکەیتەوه، که پێم وتی چاوەکەت دەکەیتەوه، له ئوتومبێلەکه دادەبەزیت، تەماشای پشتەوەت ناکەیت، ئاوڕ نادیتەوه.**

**له ناوەندی تاران منیان بەرەڵاکرد، رۆژێکی پایزەی باراناوی بوو، من شادورێکی تەنکم لەبەربوو، عەلاگەیەکی پلاستیکیم به**

****

**شووکردن بە جەللادەکەم:**

**پاش دیداری یەکەممان کە لە نووسینگەیەکی رۆژنامەی زن بوو، لەبەرئەوەی بۆنم لە خۆم دابوو، بۆیە بە تووڕەییەکەوە لە شوێنەکە دەری کردبووم، دیمانەکەمان بە کارەسات کۆتایی هاتبوو. لە دیداری چوارەم یان دیداری پێنجەمان بوو، فەرماندە داوای لێکردم لەسەر کاغەزێک ئیمزایەکی بۆ بکەم. کاغەزەکەی هەڵگرتەوەو لەناو قەدی دەفتەری رۆژانەکەی دەستی جێگەی بۆ کردەوە، ئەو تا هەستی هیچی لێنەکرێت، لە هەموو دیمانەکانماندا ئەو دەفتەرەی لە دەست دەگرت، گوایە بە کاری رەسمی هاتووەو**

که پسولەکەم بۆ ئیمزا کرد، ئەو وتی:

دیارە ئێمە دەبێ زۆر بەیەکەوە بین، جاری وا دەبێت ماوەی چەند سەعاتێک دەمینێنەوە، ئەوەش بەپێی شەرع ناکرێ، من پیاوێکی بەدینم کارێ ناکەم خودا بە گوناحی بزانێت، پاش ئەو مۆرکردنە، شتەکان دەگۆڕێت، پەیوەندییەکەمان مانای تری دەبێت. تا خۆم وا نیشان بدەم من هیج لەو مەسەلەیە نازانم، من هیچم لەو ژنانەی شاری (قوم)م نەبیستبێت، هیچیان لێ نەزانم، بۆیە پرسیم:

باشە لەمەودا ئێمە پەیوەندیمان چۆن دەبێت، یان چیتر یەکتر نابینین ..؟

لە وەڵامدا وتی:

ئەوە مانای ئەوەیە، باشترە کە بەیەکەوە دەردەچین، من زۆرتر هەست بە ئیسراحەت دەکەم، ئازادانە بەیەکەوە قسە دەکەین.

****

شادور بە بەرەواژوویی:

ناوی خۆی پێ نەدەووتم، ناوی راستیم نەدەزانی، ئەو دەیووت، تۆ بە ناوی (فەرماندە) بانگم بکە، بەو شێوەیە وەڵامی دەدامەوە، نەدەکرا من ناوی نەزانم. دەمزانی ئەو ژنانەی کاری سیغە دەکەن، ئەوانەی بۆ پارەو بۆ ئارەزوو ئەو کارە دەکەن، تا بناسرێنەوە، شادورەکەیان بە بەرەواژوویی لەبەر دەکرد، بەوە دەناسرانەوەو بازاڕیان دەبوو، بۆیە بەزمی خۆشیان بۆ پێکەنین و گاڵتەپێکردن لەسەر دەگێرنەوە. کە بیرم لەو ئیشە دەکردەوە هەستم بە شوورەیی

****

**بۆ ئەویش شەرم بوو:**

**دڵی خۆم بەوە خۆشکرد، ئەو سیغەیە بۆ ئەویش شەرم بوو، ئەویش لەناو ماڵ و مناڵەکانی رووزەرد دەبێت، بۆ ئەویش کێشەی دێتە پێشەوە. کەسیش بەو پەیوەندییەمان نازانێت، ئەگەر بگیرێت، ئەگەرنا ئەو مەسەلەیە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. من پاشان زانیم من بەهۆی ئەو سیغەیەبوو توانیم بەرەو ئەمریکا رابکەم لە دەستی ئەوو وەزارەتەکەی رزگارم بێت. ئەو متمانەی بە من پەیداکردبوو، زانی ئەگەر سەفەریش بکەم دەگەڕێمەوە، بەو سیغەیە زۆر لە فەرماندە نزیک بوومەوە، دەمتوانی دەستم بەسەریدا زاڵ بێت، قسەم لەلای ئەو بڕوات. دیاربوو ئەویش نەرمترببوو، دەمتوانی بە شێوەیەک لە شێوەکان بیشێلم. بەڵام ئەو پارچە کاغەزەی نێوانمان وەک مانەوەم بوو لە زیندانا، راستە من ئازادم، بەڵام هێشتا دەستبەسەرم، دیارە هێشتا گەمەکە تەواو نەبووە، بۆیە لە خۆم دەپرسی تا کەی من بەو شێوە بژیم، تا کەی ...؟**

**دیمانەی یەکەممان خۆش نەبوو، ئازاری دام، خۆی لێم تووڕەکردو مکیاژەکەی پێ شووشتم، بەڵام وا ئێستا داوام لێ دەکات**

ژنی موسڵمان تەنها بۆ مێردەکەی حەقی هەیە خۆی جوان بکات، بایەخ بە ئاکاری دەرەوەی بدات، بۆ ئەو حەڵاڵە هەرچی بکات.

****

داوایەک لە هەواڵگرییەوە:

هیوای سەرەکی من گەڕانەوەم بوو بۆ کارکردنم لە رۆژنامەیەکی ریفۆرمخواز، لەو بوارەدا زانیاریش بۆ وەزارەتی هەواڵگری کۆبکەمەوە، کار بکەم پەیوەندی نێوان بەرێز (محمد الابطحی) و رۆژنامەنووس (عەلی رضا نوری زادە) لە لەندەن، بابەتی لەسەر کۆبکەمەوە.

تا ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدەم، من لە فەرماندەم پرسی، ئەوان من دادەمەزرێنن ..؟ لە وەڵامدا وتی:

مەبەستت چییە ..؟ منیش لە وەڵامدا وتم:

کارکردنم لە هەر رۆژنامەیەک بەرەو داخستنیان دەبات، هەموویان دەزانن من لە وەزارەتی هەواڵگرییەوە چاوم لەسەرە. بەڵام لەراستیش درۆم لەگەڵ دەکرد، نەمدەویست بگەڕێمەوە سەر کاری پێشووم، مەبەستم نەبوو لەسەر هاوڕێکانم بنووسم، جاسوسییان لەسەر بکەم، وا باشتربوو ماوەیەک لە پەراوێزدابم، خۆم بەوە خەریککرد لەگەڵ فائیزە کاربکەم، لە رێکخراوە خێرخوازییەکەی ئەو ماوەیەک بڵاوکراوەیەکی چوار لاپەڕەیی بۆ ئامادەبکەم، کارکردنم بۆ خزمەتی ژنانم مەبەست بوو، ئەگەرچی ئەو کارەم بۆ پاشەوەبوو، لە چاو کاری پێشووم هەر هیچ نەبوو، لە بڵاوکراوەیەک کاربکەم من

بە پێکەنینەوە بە فائیزەم دەووت:

راستت دەوێت، دەبێ من باش سۆراخت بکەم، وەک جاسوسێک چاودێریت بکەم. ئەویش بە خۆشییەوە دەیووت:

لە هەموو شتە لاسارییەکان ئاگاداریان بکەرەوە، سڵ مەکەرەوە، ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە دریغی مەکە، من دەزانم ئەوان لەگەڵ من کێشەیان هەیە، نەک لەگەڵ تۆ، تۆش بوویتە قوربانی دۆستایەتی و هاوکاریت بە منەوە، تۆ لەسەر من گیرایت.!

*****

ئەرکەکانی ئەڤینی:

کارو بەرنامەکەی وەزارەتی هەواڵگری بۆ من لەسەر ئەوە گیرسایەوە، کەوا لەگەڵ موحەقیقەکەم بە ئوتومبێلەوە لەناو تاران گەشتی رۆمانسی بکەین، تا بەیەکەوە دانیشین، دوور دەکەوتینەوە، تا چاوەکان نەمناسن، لە دەرەوەی تاران دەماینەوە. باکووری و باکووری خۆرهەڵاتی تارانمان مەبەست بوو، وەک گەشتیارەکان لە شوێنی لاچەپی بچووک دادەنیشتین، لە رێگای دەریای قەزوین ژووانمان دەبوو، لەوێ ئەگەری ئەوە نەبوو کەس بمانناسێت. سەرەتای دیمانەکانم بەو شێوەیە قسەمان دەکرد، بەیەکەوە دۆمان دەخواردەوە، یان دەچووینە قاوەخانەیەک لە لویزان.

بەڵام پاش ماوەیەکی تر شوێنەکان گۆران، وەک شوێنی ئیستخباراتی لێهات، لە شوێنی نهێنی دادەنیشتین، زۆر دەماینەوە تا

****

روووبەڕووبونەوەم لەگەڵ کوڕێکی ئەو:

تا خۆمان بشارینەوە، بۆ زۆر شوێن دەچووین، شوێنمان زۆر دەگۆڕی، هەر برادەرێکی هەبووایە شوێنی هەبووایە، منی بۆ لای شوێنەکانی ئەوان دەبرد، لە یەکێک لە ستۆدیۆکانی بەرهەمهێنانی سینەمائی لە خیبانی کەریم خان و لە کلینکی پزیشکێکی ژنانی لەدایکبوون لە هافشاتیر، لەوێ دکتۆرێکی هاوڕێی هەبوو، لەوێش دیمانەمان دەبوو.

لە هەڵسوکەوتەکانی وریابوو، نەیدەویست کەس گومانمان لێ بکات، ئاسایی دەمەتەقێمان دەکرد، بە چرپەو نەرم یەکترمان دەدواند، باش ئاگاداری هەڵسوکەوتی هەموو ئامادەبووان دەبووین، لە کۆڵانێکا رووبەڕووی کوڕێکی بوومەوە، ئەو لەو دەڤەرە لە باوکی دەگەڕا، ئێمەش لە عیادەی دکتۆرەکە بەیەکەوە دانیشتبووین، روو بە

پەیوەندییەکەمان گەرمترو زۆرتربوو، بێجگە لە قسەکردن، جاری وا دەبوو، زۆر لە تەنیشت یەکەوە دەبووین، بەیەکەوە دەنووساین، بەڵام بە هاتن و نزیکبوونەوەی هەر کەسێک دوور دەکەوتەوە، لە شوێنە گشتییەکان رووداوی بەسۆزو دیمانەی خۆشمان دەبوو، بەڵام کە زۆر دەماینەوە ترسمان لێ دەنیشت، لەو کاتانەدا وەک ئەوەی لەناو زینداناںم، بەو چەشنە دڵم خورپەی دەکرد، کە ترپەی پێی بەرپرسەکان دەهات، کە موحەقیقەکە لێم نزیک دەکەوتەوە. وام لێهات بۆ دانانی کاتێکی تری دیمانەکەمان نیگەران دەبووم، بەڵام ئەو زۆرترین دیداری دەویست، من تێنەدەگەیشتم ئەو چی لە من دەوێت، بەیەکەوە بە کێندەری دەگەین، ئەو داواکاری زۆرتردەبوو، شوێنی دیمانەی زۆر تایبەتی دەویست.

****

## نۆڤمبەر 1999:

وێنەی کیژو کوڕێک لەناو چوارچیوەیەک بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، بە دیتنی وێنەکە لێم پرسی:

ئەو دوو منالّە کێن، دیارە کورو کیژی تۆن ...؟

بە چاوێکی برسی و فزوولییەوە تەماشای ماڵی باوکیم دەکرد، چاوم لە هەموو گۆشەکانا دەگێڕا، لە مێژبوو (فەرماندە) پەرۆشی ئەوە بو جارێک بمباتە ماڵی دایکی. کلیلی ماڵەکەی لەلا بوو، لە رۆژێکی هەینی دایک و باوکی لەسەر گۆڕی کوڕە شەهیدەکەیان بوون، رۆژی هەینی بوو بۆ خوێندنی سورەتی الفاتحە چووبوون، دەمزانی برایەکی

بەڵام ئیمڕۆ باوکم لەگەڵم نییە، من دەبێ بەتەنها شەقامەکە ببڕم. کە گەیشتینە نزیک ماڵەکەیان ئەو وتی:

سەرت بەرز مەکەرەوە، ئەو هاوسێیانە کۆنن، من دەناسن، من دەرگاکە بە کراوەیی دەهێڵمەوە، تۆ پاش من بەیەک دەقە وەرە ژوورەوە.

ماڵەکە گەورەبوو، لە دەروازەکە چەند پێڵاوێک دانرابوون، ئەوەم بەبیرهاتەوە ئەو ماڵەی سەلاواتی تێدا بکرێت، دەبێ بە پێڵاوەوە نەچیتە ژوورەوە. منیش لە پێش دەرگاکە پێڵاوەکانم لەپێ کردەوە، بە دەستی خۆم گرتم و بردمە ژوورەوە، لە دەروازەکە وێنەی گەنجێک بە جلی پاسداری یان بە وێنەی حەرەس سەوریيەوە بوو هەڵواسرابوو، بۆیە لێم پرسی، ئەو وێنەیە وێنەی برا شەهیدەکەتە..! بەڵام ئەو وەڵامی نەدامەوە.

لەسەر پەیژەکان سەردەکەوتم، بۆ نهۆمی سەرەوە دەچووین، بە وێنەی مناڵەکانی ئەو وەستام، ئازایەتیم دایە بەر خۆم و لێم پرسی:

تۆ ناوت چییە ...؟! ئەویش وەڵامی دامەوەو وتی:

وەک هەموو جارێک ناوم فەرماندەیە ..! دووبارە پرسیمەوە:

بەراستی نازانم بە چ ناوێک بانگت بکەم.! بەڵام وەڵامی دامەوەو وتی:

من دەمەوێ تۆ شادورەکەت لەبەر بکەیتەوە، هەر ئەوەندەش دەڵێم، ئای کە جوانیت.! لێم نزیک کەوتەوە، هاتە پێشم، چاوەکانم داخست، بە چاو قەپاتیش ئاکاری دەموچاویم لێوە دیاربوو، وردەکاری روویم دەبینی، هەستم بە شەرم کرد، ئای کە لاوازم، بە شەرمەزارییەکە بێزم لە خۆم کردەوە. لە خۆم پرسی من بۆ کۆتایی بە ژیانم ناهێنم، بۆ بەو ژیانە رازیم، وەک مشک بژییم ..بۆ ...؟ ئیستاش ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، ناتوانم وەڵام بدەمەوە ..! چاوەکانم داخرابوون، لەبەر خۆمەوە وتم:

کامیلیا تۆ لە خەون دەژیت، تۆ خەواڵویت .. ئەوە خەونە .. !

دەمی دەجولاو دوعای دەخوێند، بەڵام من لە وشەکانی حاڵی نەدەبووم، تا ئەندامی خۆی رێکبخاتەوە، پشتەوەی قەمیسەکەی خستەوە ناو پانتۆلەکەیەوە، من لەسەر مافوورەکە دانیشتبووم، نیگایەکی تێکردم وتی:

قوومێک ئاو ناخۆیتەوە ..؟

سەرم بۆی هەژاند، بۆ لای مەتبەخەکە سوورِایەوە. لەبەر خۆمەوە وتم، دەبێ لەو ماڵە چۆڵە نیازی بێ چیم لێ بکات، چی لە خەیاڵدایە ..! دەمویست بە زووترین کات لەو ماڵە چۆڵە بچمە دەرەوە، بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەوە بکەم ..چی بکەم تا رزگارم بێت .. نەمدەویست وا تێبگات من بێزارم، من نامەوێ لێرە بمێنیمەوە، رووی خۆم خۆشکرد، هەناسەی عاشقێکم دایە بەر خۆم، خۆم وا نیشان دا، نمایشی وام کرد، پێویستم بە زۆر شت هەیە، منیش وەک ئەو دوعام دەخوێند، بە هێمنی دەپاڕامەوە، رزگارم بێت، هەر کە ئاوەکەی هێنا، پێم بڵێت هەڵسە پۆشتە بە، با برِۆین، جلەکانت لەبەر کەرەوەو برِۆ..!

لە ناو ئەو خەیاڵانەدابووم، گوێم لە دەنگێ بوو، لە خوارەوە خشپەیەک دەهات، ئەو بەراکردن بەرەو خوارەوە رۆیشت، دەستی بۆ پێڵاوەکانی دەبرد، کوانێ .. پێڵاوەکانم .. پێڵاوەکانی لەناو دەستی بوو، وتی. دایک و باوکم گەڕانەوە، هاتنەوە، دیارە دایکم لە کوژاندنەوەی غازەکە دڵنیا نییە، بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، لە نیوەی رێگادا گەڕاوەتەوە، دەستەکانی دەلەرزی، لەبەر خۆیەوە (ئەی خودایە شەرەفم چوو، ناموسم چوو، خودایە تۆبە لەسەر دەستی تۆ تۆبە ...). بە منی وت، بڕۆ پشت قەنەفەکە، مەجووڵێوە، تا من بانگت دەکەم هەناسەش نەدەی، هەناسەت راگرە .. باشە تا من ...

دڵم ئەوەندە خێرا لێیدەدا وام هەست دەکرد ژوورەکەی پڕ کردبوو، بەرزو بەهێز دڵە کوتەم گرت، دەبی من بە زیندوویی جارێکی تر لە پشت ئەو قەنەفەیەدا دەربچم، لەبەر خۆمەوە، دەبێ چەند رۆژ بمێنمەوە، یەک رۆژ دوو رۆژ چەند ..!؟ ئەو دەمانە ئەوەم بەبیردەهاتەوە کەوا دایک و باوکم منی کیژۆڵەی بەنازو بەشەرەفیان بە رەوشتی بەرزەوە پەروەردە دەکرد، مامۆستای تایبەتی زمانی فەرەنسییان بۆ دابین کردبووم، من وام لێهات، ئەوەم لی دەرچوو، بکەومە بن کەرەویتەی ماڵێکی گەڕەکێکی کۆنی شاری تاران، لەو شوێنە خۆم بشارمەوە، ئەوان بەو جۆرەیان دەرس دام، ئەوەم لێ دەرچوو. ماوەیەک وەک پشیلەیەک مامەوە، بە رەنگی بۆرەوە مامەوە، هەر پێنج دەقەیەک دەبوو، ئەو هاتەوە لام و وتی، وەرە دەرەوە، زوو بۆی دەرچوو، شادورەکەت جوان بپۆشە، وەرە خوارەوە، چاک خۆت لە شادورەکە لوولدە، ئەوان وا لە خوارەوەن .. دابەزە نهۆمی خوارەوە، وەک با، بۆی دەرچوو من پاش چارەکە سەعاتێک دەگەمە لات، چەندی دەتوانی دوور بکەوەرەوە، دوور بڕۆ ..!

زۆری نەمابوو بمانگرن .. پاش ئەوەی بە خاوێنی ژیام، بەرێزەوە دەژیام زۆری نەمابوو الحمدلله .. زۆری نەمابوو بڕوخێم … هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، تەماشایەکی کردم، وتی:

نازانم بۆ تۆم خۆشویست ..؟ من ئەوەم دەزانی، بەڵام هیچم نەووت، بە بزەیەک تەماشام کردەوە.

پاش مشتومڕێکی زۆر، سووربوو لەسەرئەوەی من بە کەڵکی جاسوسی دێم، کار لە دەرەوە بکەم، بۆ وەزارەت زانیاری لە دەرەوە کۆبکەمەوە، من زۆرتر بۆ کاروباری دەرەوە بەکەڵک دێم. لەسەر بنچینەیەک رەزامەندی دەربڕی من سەفەری لەندەن بکەم. بەڵێنم پێدا دیمانەی رەزا پەهلەوی بکەم، دەقی دیمانەکەی بە ڤیدیۆ بۆ بهێنمەوە، زانیاری زۆرتر لەسەر مەنوشەهری محەمەدی بۆ کۆ بکەمەوە. لەو سەفەرەدا راستی پەیوەندی نێوان الابطحی و نوری زادەی بۆ تێبگەم.

ئەو پرسی تۆ چۆن ڤیزای ئەمریکات دەست دەکەوێت ..؟ منیش دڵنیام کردەوە، برادەری وام هەیە، دەتوانن، ئەوان لە زانکۆکانی ئەمریکا دەخوێنن، ئەوان دەتوانن، خەمی ئەوەت نەبێت، لەو دەمانەدا پەیوەندیم بە جینییەوە کردبوو، ئەو لە ئینگلتراوە کاری وەرگرتنی ڤیزام بۆ بکات.

پێش ئەوەی سەفەری ئەمریکا بکەم، ئەمیر فەرمانی پێکردم بچمە باڵەخانەی سەرۆکایەتی بۆ وەرگرتنی پەساپۆرتەکەم و دەفتەری موڵکییەتی ئوتومبێلەکەم وەرگرمەوە، دایکیشم ئەوەی پێڕاگەیاندم. لەو رۆژەی گیرابووم پەساپۆرتەکەم هەر لەوێ بوو. پاش ئەوەی ئازاد کرام 13 ملیۆن تومانم دا، کە دەکاتە نزیکەی 13 هەزار دۆلار، بۆ بەربوونیشم شوقەکەمان کە بە ناوی دایکم بوو، لە دادگای شۆڕشەوە وەک زەمانەتێک لەوێ دەفتەری موڵکییەتەکەم

لە بیرت بێ خێزانەکەت لێرە ماون، لە بیرت نەچێت، ئەگەر یەک هەنگاو بنێیت، بۆنی خیانەتی لێ بێت، وات لێدەکەم تا لە ژیان ماویت لە بیرت نەچێتەوە، تۆ تەنها بۆ دە رۆژ دوور دەکەویتەوە، پاش ئەو ماوەیە دەگەڕێیتەوە، زانیت ..!

****

## دیسەمبەری 1999:

لە نیویورک هەستم کرد، خەڵکی هەموو بە ئازادی دەجولێنەوە، بەڵام من وەک ئەو خەڵکە ئازادنیم، چوومە پایتەخت، لە واشنتۆن سەردانی رەزا پەهلەویم کرد، چوومە لای تا راستیەکانی پێ بڵێم، بەڵام من مەنوشەهر محەمەدییم لە گرتووخانەی التوحید نەبینیبوو، هاتووشم لێرە جاسوسی لەسەر بکەم. من زۆر بەراشکاویی قسەم لەگەڵ کرد، ئینجا نازانم بڕوای کرد یان ناء. ئەو برادەرانەی لە سەفەرەکەی پێشووم ناسیم، ئەمجارە حەزیان لە من نەدەکرد، نەیاندەویست بمبینن، دیارە لەبەر ئەوە بوو گوڵریز ئەو ماوەی من لە زیندانابووم، پڕوپاگەندەی زۆری بۆ هەڵبەستبووم. پاشان زانیم ئەو وتبووی من لە گرتووخانە نەبووم، ئەوەی گوتراوە هەڵبەستراوبوو، وازی لە من نەدەهێنا، ئەگەر لە دەستی دەربازم نەبووایە دەیخستمە ناو کەندەڵانێک. ئەو وتبووی، من ئەو سێ مانگە لە ناوچەکانی دەریای قەزوین لە پشوودابووم، خیانەتی ئەو هاوڕێیەم تووشی شۆکی

من بەتەما نەبووم هیچ زانیاری راست و دروستی بدەمێ، من هەرگیز خۆم وەک جاسوسێک نەدەبینی، من بۆ دەرچوونم بوو لە زیندان.

لە وڵاتی ئێران بەو پەیمانە رازیبووم، بەڵێنم دابوو جاسوسییان بۆ بکەم، ئێستاش نازانم دەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم، ئەو چەواشانەی لەسەرم گوتراوە چارەسەر بکەم، یان ئەوەندە ئازام تا دان بەو پەیوەندییە دابنێم. هەستم بە تەنهاییەکی ترسناک دەکرد، من راستییەک دەزانم و کەسیش بڕوام پێناکات، بۆیە تووشی خەمۆکی هاتبووم، کەس نەبوو گوێم لێ راگرێت، تا باسی شەرمەزاری و سەرشۆڕی ژانەکانمی بۆ بکەم، هەمووم قبول بوو تا ئازاد بم.

جینی ئەو دەستە خوشکەم بوو، ئەو برادەرەم بوو مایەی ئیسراحەتم بوو، دەستی لە ئامێزم وەرنابوو کە وتی:

مەگەڕێوە تۆ دەبی لە ئەمریکا بمێنیتەوە، ئەوان لە تاران دەتکوژن، من بۆ رەوشی تۆ زۆر نیگەران بووم لە تۆ دەترسام. منیش وەڵامم دایەوە:

من لەبەر سەلامەتیماڵەوەمان ناکرێ لێرە بمێنمەوە.

بەردەوام هەڕەشەکەی ئەمیرم لە بیرمابوو، قسەکانی لە خەیاڵم بوون، من ترسم لە دایکم و خوشکم هەبوو، دەبووایە بەو دە رۆژە بڕیاری خۆم بدەم، ئەگەر بگەڕێمەوە وڵات دەمزانی ئەمیر ژیانم تاڵ دەکات، مەترسیم بۆ دروست دەکات، دڵنیابووم، وایدەکرد، ئەگەر موعجیزەیەک روو بدات، ئەگەرنا لە بن دەستی ئەو رزگارم نەدەبوو.

****

### له هەزارە نوێیەکەدا:

منیش لەگەڵ ئەو هەزارەها کەسە، بۆ یادی هەزارەی نوێ لە گۆڕەپانی تایمز سکویر وەساتبووم، بە دەستەخوشکەکەم وت:

من زۆرجار هیوای ئەوەم دەخواست، لەو رۆژە لە نیویۆرک بم .. بەتایبەتی لەو شوێنەدا. لەناو خەونەکەمدا دووبارە گەڕامەوە ناو واقیعەکەی خۆم من بۆ لێرەم، هەستی ئەڤینە بەژانەکەم بەبیر هاتەوە، ئەو دەورەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، ئەو هەموو خەونەی لە پاش خۆم جێمهێشتووە، ئەوانە منیان بە هۆش هێنایەوە.

گەڕامەوە ئێران، بن دەستی ئەو پیاوەی منی رزگار کردبوو، نەمدەزانی ئەو شتانەی بەبیرمدا دەهات، جۆرێکە لە هەستکردن بە ئەڤین، ئەو سۆزانە لە ناخەوە منیان دەخواردەوە. ئەگەرچی بە دۆست و کەسوکارەکانم دەووت، من زۆر باشم، بەڵام لە راستیدا وا نەبوو، باش نەبووم، من وەک کەسێکی ئاسایی نەبووم، لە نیوەی شەوان بە ئاگا دەهاتم، هوشیار دەبوومەوە، ماسولکەکانی قاچم گرژدەبوونەوە، هەستم دەکرد تەواو نیم، ژانم زۆر بوو.

*****

### یەنایەری 2000:

بۆ جاری یەکەم و دووبارە لە یانەی ئەدەب لە تاران چاومان بەیەک کەوتەوە، کە هاتە لام من خەریکی ئامادەکردنی راپۆرتەکەم بووم. کە منی بینی وتی:

دیارە بەراستی تۆبەت کردووە ..!

ئەو ماوەیەی لەلای مامەوە، لای من چەند سەعاتێک دەبوو، هیچم نەبوو قسەی بۆ بکەم، بەیەکەوە باسی چی بکەین ..! لەو دانیشتنەدا بۆم گێڕایەوە کەوا گوڵریز زۆر بەخراپی باسی منی گەیاندبوو، من لە واشنتۆن ڕەزا پەهلەوییم بینی، بەیەکەوە قسەمان کرد، دڵنیام ئەو پارەی بە (منوشهر محمدی) نەداوە، ئەو کاسێتانەی لە دیمانەکەماندا گرتبووم لە پێشم دانا. لێرە تووڕەبوو، بۆیە وتی:

من هیچم ناوێ، هەر ئەوەش مەبەستت بوو، کەوا من لە ئەمریکا جاسوسیم پێدەکرێت، ئەوانە لە ئێرانیش بە من دەکرا، ئەوە چییە.! لەراستیدا لەوەم زۆرتر پێنەدەکرا، من دەمزانی ناتوانم لەگەڵی کار بکەم، بۆیەش گەرامەوە، من شەیدای کاری پێشووی خۆمم، دەمەوێ وەک ڕۆژنامەنووسێک کاربکەم، بگەڕێمەوە ژینی راستەقینەی خۆم.

ئەو ماوەیەی منیش لە دەرەوەبووم، ئەویش سەفەری کردبوو، لەگەڵ خێزانەکەی بۆ زیارەت چووبوە کەربلا، ئەو لە کاروانی یەکەمی گەشتیارە ئێرانیەکان بوو لە پاش شەڕدا بۆ عیراق چووبوو، لە کەربلا دیاری بۆ هێنابووم، لەوێ ئەنگوستیلەیەکی زیوو پارچە قوماشێکی کەسکی بۆ هێنابووم بە مەزندەی ئەو قوماشە کەسکەکە بەشێکە لە کفنی ئیمامەکانیان. کە ئەنگوستیلەکەی دامێ، پێی وتم، دانەیەکی کۆپی وەک ئەوەشم بۆ ژنەکەم کڕیبوو، من وادەزانم کاتی ئەوە هاتووە بێمە لای دایکت و داوات بکەم، بە ڕەسمی خوازبینیت بکەم! زۆر رووی داوە ئەو ژنە مجاهدانەی تۆبەیان کردووە، شوویان بەو کەسانە کردووە، کە لە ڕۆژانی گرتووخانەدا تەحقیقیان لەگەڵ کردوون، بەڵام ئەو برایە جی بکات، کە ئەوی خۆشویستووە، کەوتیتە داوی، بەڵام ژن و منالیشی هەیە ..!؟

****

## دۆستی (نەناسراو)یەک:

من بە هیچ شێوەیەک خۆشم نەدەویست، ئەوەی کردوومە بۆ فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و خۆشەویستی خۆم بووە، ئەوەی نیشانم دابوو نواندنی رۆڵێک بوو، دڵی خۆم بەو قسانە خۆش دەکرد. وا هەست دەکەم شتەکە تەواوبوو. کە فڕۆکەوانەکە وتی، وا لە فڕۆکەخانەی میهرباد دادەبەزین، هەستمکرد هەموو شتەکان کۆتایی هات، تەواو. لەو دەمانەدا هەستمکرد من کارێکی زۆر گێلانەم کردووە، من بۆ گەڕامەوە، بۆ هاتمەوە، هاتمەوە تا ببمە دۆستی پیاوێکی (نکرە) نەناسراو بۆ من، لەگەڵ پیاوێکی نەناسراوبم. ئەوانە هیچ نییە، قەیدی چییە، با لەناو شادورە رەشەکەم خۆم بشارمەوە، با لەناو کۆڵانەکانی تاران بسوڕێمەوە. هیچ نەبووە وا چاوانم کرانەوە، هەموو شتەکانم زانی، کە فڕۆکەکە لەسەر فڕۆکەخانەی میهرباد دەسوڕایەوە، بیرم دەکردەوە ئەمجارە زۆرزانترو بە فێل کاری لەگەڵ بکەم، بەرنامەی ئەوەم دادەڕشت چۆن وازی لێبهێنم، دەستبەرداری بم، ئەڤینەکە وەک تەم رەوییەوە، نەما .. دەبێ ئەو رێگایە لەگەڵ ئەو پیاوە بەرەو کێندەرێم ببات...؟

ئەگەرچی من ئەوم خۆش ناوێت، دەبێ ئەو منی خۆشبووێت، منی بە گوڵە فارسییەکە ناو دەبرد، بەردەوام دەیپرسی. لەو کارە ماندوو بوویت ..؟ دەیووت هەر کاتێ لەو ئەرکە بێزاربوویت پێم بڵێ من وا دەکەم کارەکەت تەواو بێت، بەئاسانی دەیووت، هەر کاتێ بێزاربوویت، من و کارەکە لە کۆڵت دەبینەوە، بەڵام من ئەوەندە نەفام نەبووم قسەی وا بکەم، بایی ئەوەندەم دەزانی، من چۆن بڵێم من تەواو، بیزاربووم دەستبەرداری من بە، من بە رێگای خۆمدا دەڕوم بە تەمای خودا، من وا بڵێم ....!

**من بەردەوام هەستم بە خەمۆکی دەکرد، ئەویش هەستی بەوە دەکرد، بە دابڕانم لە رۆژنامەگەری شپرزەببووم، ئەو راپۆرتانەی بەردەوام پێشکەشی ئەوم دەکرد، چەند رستەیەک لە درۆ بوون ریزم دەکردن. بۆ نمونە لە راپۆرتێکدا وام بۆ نووسیبوو:**

**بەیەکەوە لەگەڵ فائیزەو کیژو کوڕەکەی گەشتێکمان بۆ کەنارەکانی دەریای قەزوین کرد، بەیەکەوە باسی سپۆرت و بڵاوکراوەکەمان دەکرد. کە خوێندییەوە سەری راوەشاندو وتی:**

**چ جۆرە جاسوسێکی تۆ ..؟!**

********

## ئەپریل 2000:

**رۆژێکیان ئەمیر شوقەیەکی بەتاڵی لە ناوچەی (سعادت ئاباد) دۆزیبۆوە، خاوەنەکەی رازی کردبوو کلیلەکانی بداتێ تا شوقەکەی بە ژنەکەی نیشان بدات، رەنگە مەبەستیشی ئەوەبووبێت، بەڵام چەندجار منی بردە ئەو شوقەیە، لەسەر ئەرزەکەی چەند پارچە کارتۆنێکی راخستبوو، لە بیرمە رۆژی عاشور منی بردە ئەو شوقەیە، پێش دەرچوونم لەماڵەوە دایکم داوای ئەوەی لێکردبووم بەیانیەکەی عاشور بچینەوە گوندەکەمان جمران، منیش بەڵێنم پێدابوو، بەیانیەکەی کارێکی گرنگم هەیە ئێوە برۆن، من پاش نیوەڕۆیەکەی دێمە لاتان.!**

**بەیانیەکەی ئەمیر لە شوێنیکی نزیک ماڵەوەمان هاتە شوێنم، بەیانی بوو شەقامەکانی تاران چۆڵ بوون، خەڵکەکە لە ناو حسینیەو مزگەوتەکان بوون، لە یادکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمام حسێندا بوون. لەناو ئوتومبێلەکە دوو قاپ خواردنم بینی لە پشتەوە دانرابوون، دیارە بە ژنەکەی وتبوو من دەچم خواردنی تایبەتی**

دەتەوێ ئیمڕۆ بەیەکەوە چی بکەین ..؟ من ئەوە یەکەم جارمە لە ژیانمدا لە ڕۆژی عاشور ناچمە مزگەوتی بازاڕ، داواکارم خودا لێم خۆش بێت، تۆ شەیتانی نەفرەتلێکراوی.!

ئەگەرچی ئەو بزەیەکم هاتێ، بەڵام لە ناخمدا هەستێکی زۆر خراپم هەبوو، گەمەکەم لە دەست دەردەچوو .. ناکرێ چۆنی پێ بڵێم، من پاش دیمانەکانمان لە ژێر دوشی ئاودا، لە گەرماوەکەماندا دەگریام و سەد جار خۆم پاک دەکردەوە، من لە خۆم دەپرسم بۆ بەو چارەنووسە گەیشتم، بۆ وام لێهات ..!

بەرەو شوقەکە دەچووم، لە ڕێگادا هەستم کرد دەبووریمەوە ڕشانەوەم دێ، هیچم بۆ نەدەهات قسەم پێ نەدەکرا، بەو ڕەوشە سەرکەوتم بە پەیژەکە بەرەو نهۆمی سێیەم سەرکەوتم.

نیوەڕۆ بوو منی لە گۆڕەپانی تاجریش دابەزاند، لەوێ تاکسییەکم بۆ جمران ڕاگرت، تا بە زووترین کات بگەمەوە ماڵەوە، هەموویان بۆ بەشداری عاشور لەوێ لە خانووە کۆنەکەمان کۆدەبوونەوە، لە حەوشەکەدا مەراسیمەکەیان دەکرد. بۆ یەکەم جار پاش بەربوونم هەندێ لە خزمەکانم بینی، ئەگەرچی شەش مانگ بوو من ئازاد کرابووم، ئەوان وایان دەپشکنیم کە دوێنێ بەربووم. من خۆم تازە لە دیمانەکەی ئەمیر هاتبووم، تاقەتم نەبوو ئەوانیش بە پرسیارەکانیان زۆرتر بێزارو هەراسانیان دەکردم. زۆریان وت، یەکێک وتی:

زۆر گۆڕاویت... دیارە ئەشکەنجەیان داویت ..!؟ دەموچاوت ئەستوور بووە، دیارە ئازارت زۆر کێشاوە... لێیان داویت...کارێکی

**دوعا بکە ئیمام ئارامت بکاتەوە، نویژ بکە تا سەربەست و ئازاد بیت ..!**

**من نەمدەویست وەک موسڵمانێکی دیندار لەبەر خاتری ئەمیر رفتار بکەم، ئەو داوای لێکردم بۆ ئاهەنگی زەماوەندی کیژە خاڵەکەم (ئیلهام) نەچم، ئەو دەیووت، لەویّ ژن و پیاو بەیەکەوەن.**

**بەڵام بۆم نەدەکرا من لە زەماوەندی کیژی خاڵم ئامادە نەبم… دایکم چیم پیّ دەڵێت ..!؟ من بەشداریم کرد، بە ئەمیرم وت، باش بوو خاڵۆژنەکەم ژن و پیاوەکەیان لەیەک جیاکردەوە، ئەو درۆیەشم کرد.**

**لەو ئاهەنگەدا بە ئامادەبوونی تیپێکی موسیقا سەماشم کرد، تا بەیانی سەمام کرد، کە لەگەڵ دایکم و خوشکم گەڕاینەوە لەبەر ئازاری پێیەکانم پێڵاوە بنبەرزەکانم داکەندو بە پێخاوسییەوە سەرکەوتمە شوقەکەمان. بۆ بەیانی ئەمیرم بینی، ژانە سکم لێبوو، لە ئاهەنگەکەی پرسی، منیش بە کورتی وەڵامم دایەوەو وتم:**

**ئاهەنگەکە ئاسایی بوو، رەوشێکی هێمن بوو.! من لەو رۆژانە زۆرتر هەستم بە بێزاری و تاوانەوە دەکرد، لەو رۆژانە من بەردەوام درۆم دەکرد، بەسە چیتر درۆ ناکەم با ژیانیشم لەسەردابنێم، من نامەویّ بە درۆو بە فێڵ بژیم، من دەمەویّ بگەڕێمەوە کاری خۆم، من ژورنالیستم، ئیستا کەسێکی هیچم ..!**

********

## گەمەکردن بە ئاگر:

به هیچ شێوەیەکماڵەوەمان بە پەیوەندی من و ئەمیریان نەدەزانی، ئاگاداری هیچ نەبوون، دایکم و خوشکم هیچیان لە من گوێ لێ نەببوو، ڕەوشم باش نەبوو پێویستم بە کەسێک هەبوو لە دەرەوەی ماڵەوەمان بێت یارمەتیم بدات، ئامۆژگاریم بکات، بەڵام ئەو کەسە جێگەی متمانەم بێت. کابرایەکی بە دەسەڵات هەبوو ماوەیەکی درێژبوو دەمناسی، ناوی (قریش)بوو. بۆ ئەو مەبەستە چوومە نووسینگەکەی، کە دانیشتین قسەکانم بۆ کرد، ترسا وتی، کامیلیا هەڵسە لێرە تۆ یاری بە ئاگر دەکەیت. یەک دەقەی تر لێرە مەبە، باش بزانە ئەو کابرایە کە لە هەوەسەکانی تێربوو، کە بێزاربوو، یان کاری بە تۆ تەواو بوو، یان ئەگەر تۆ جورئەتت کرد سەرپێچی فەرمانی ئەوت کرد، تۆ لەناوچوونت مسۆگەرە، پاشان بەنهێنی دەتکوژن. شێوەیەکی تایبەتی کوشتنت بۆ دەدۆزنەوە، جا چ بە کارەساتی ئۆتومبێل بێت، یان بە خۆکوشتن، باش بیر لەو مەسەلەیە بکەرەوە. ئەو خۆی لەلای تۆ وتویەتی من لەسەر کوشتنی کیژانی لە تۆ گچکەتریش ئیمزام کردووە، پێش ئەوەی تۆ بگیرێیت، زۆری لە چەشنی تۆی بە کوشتن داوە. ڕەنگە ئەو پاش چەند ساڵێکی تر خانەنشین دەبێت، بەڵام کەسانی وەک ئەو، زۆرن ئەو هزرە هەر دەمێنێت، تەواو نابێت، ڕۆژەکە گۆڕاوە، خەڵکی بە پەتی سێدارە ناکوژن، کوشتنەکان ئاسانتربووە، بۆ خۆت بوارێک بدۆزەرەوە زوو خۆت دەربازکە، بوارێک بدۆزەوە، من ناتوانم تا کۆتایی ئەو گەمەیە هاوشانت بم.

من دەزانم تۆ خوێندنت لە زانکۆ تەواو کردووە.

ئەمیر ئەوەی پێووتم و تەماشاشی دەکردم، منیش لێم پرسی چۆن زانیت من دەرچووی زانکۆم. ئەو لە وەڵامدا وتی:

دیارە لەو جلانەی لە زیندان لەبەرت دەکرد، لەو دیمانە فەلسەفیانەی لەگەڵت دەکردم، دیارە ڕۆشنبیری، باش شارەزات

****

راوێژکاری تایبەتی:

**لە سەرچاوەیەکی تایبەتی خۆمەوە زانیم ئەو پیاوە، وەک راوێژکار لە وەزارەتی هەواڵگری کار دەکات، کەس لە برادەرو کەسوکارەکانی ئەوە نازانن، هەموویان وەک پیاوێکی ئەکادیمی دەیناسن، بەڵام ژنەکەی لە راستی کارەکەی ئاگاداربوو. ژنەکەی دەیزانی مێردەکەی راوێژکارە لەو وەزارەتە، دیارە ئەو دەزگایەش بەرنامەی وابوو ژورنالیستە ریفۆرمخوازەکان، کەسانی بەرهەڵستکارو نووسەرە پێشکەوتنخوازەکان لەناو بەرێت. بۆیە بۆم روون بۆوە لەو وڵاتەدا من جێگەم نەماوە، دوارۆژم لە ئێران نییە. پاش دانوستانێکی زۆر لە گەڵ قریش گەیشتینە ئەو راستیەی ئەگەر من لەگەڵ ئەمیر بەردەوام بم، لەگەڵ ئەو بمێنمەوە، دوارۆژم بەوە کۆتایی دێت، رۆژێک لاشەکەم لەناو گوشێک یان ناو کیسێکی پلاستیکی دەدۆزرێتەوە، بە خنکاویی یان بە کوژراوی، لەسەر شوستەی شەقامێکیش فرێم دەدەن، لە تەنیشت لاشەکەم پسولەیەکی ساختەش بۆ هۆکاری مردنەکەشم فرێ دەدەن.**

****

راکردن:

دایکم چەند قاچاخچییەکی بۆ دۆزیمەوە، لە سنوور بمپەڕێننەوە، بەرامبەر چوار ملیۆن تومان کە دەکاتە چوار هەزار دۆلار، من لە وڵات دەرباز بکەن. بەڵام من لە دەرچوونم بە قاچاخ دەترسام، دەمزانی ئەگەر بە زیندوویی بگیرێم چیم بەسەردێت.

بە دایکم وت ئارام بە، ماوەیەک چاوەڕوان بە، لەو ماوەیەدا پەیوەندیم بە ئەمیر بەردەوام بوو، پێم وت، لە نیویۆرک کۆنفراسێک هەیە، من بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشتکراوم، من لەو بەرنامەیە بەشداردەبم. ئەوەیان راست بوو کە لە رۆژنامەی زن کارمدەکرد، بلانکێتم بۆ ئەو بەرنامەیە ناردبوو. کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی پکین 0پلوس لە نیویورک سازی دەکرد، لەسەر ئەو داوایەم داوەتم بۆ هاتبوو، ئەگەرچی رۆژنامەکەش نەمابوو. نووسینگەی فائیزە داوای لە سەرپەرشتیارانی کۆبونەوەکە کرد، کەوا داوەتەکە رەوانەی سابا بکەن، ئەوەی ئەو دەریدەکرد، بەو شێوەیە دەکرا لەناو ئەو دەستەیەی کە نوێنەرایەتی ئێرانی دەکرد، جێگەم بکرێتەوە.

****

## کچەزای خاتەمی:

نیگایەکی سەیری کردم، وەک ئەوەی بڕوا نەکات، وتی:

جاری یەکەم بە هەلە بواری تۆم دا سەفەر بکەیت. من چۆن بواری دەرچوونت دەدەم، ئەگەر بزانم گەڕانەوەی تێدا نییە، تۆ پێویستە لێرە کاربکەیت.! بە هاوکاری قریش خەریکی کڕینی بلیتی سەفەربووم، پەیوەندیشم بە جینی هاورێم کردبوو، لە کاتی مانەوەم لە لەندەن ڤیزام بۆ دابین بکات، چونکە لەکاتی دەرچوونم بۆ نیویۆرک ئەو بەڵێنی ئەوەی پێدابووم بە هەموو شێوەیەک یارمەتیم

ئاسان نەبوو ئەو هەواڵە بەماڵەوە بڵێم، ئێمە لە رۆژی هەڵاتنی شاهەنشاوە ژیانمان لە مەترسییدابووە، ئەزموونی تاڵی زۆرمان هاتە پێش، ئێستاش من دەمەوێ تا بژیم، تا لە کوشتن رزگارمان بێت، دەبێ لە وڵات رابکەم، ئەوانیش چییان لە دەست دێ تەنها نوێژو دوعام بۆ بکەن، دەسەڵاتمان نەبوو. ئەگەر ئەمیر قبوڵی نەکرد، ئەوان ناچارن بە رێگایەکی ناشەرعی لە وڵاتا بوارم بۆ بدۆزنەوە، دەبێ من برۆم، بەڵام چۆن و بە کام رێگا، دایکم هەستی بە شتێک دەکرد، چۆن هەست نەکات، چونکە رۆژانە من شادورە رەشەکەم لەناو جانتاکەم دەئاخنی، بە بیانۆی من هێشتا کارم لە وەزارەت و دادگاکان ماوە، بۆیە ئەو شادورە لەگەڵ خۆما دەبەم.

دایکم لە دوورکەوتنەوەی من زۆر نیگەران دەبوو، لێم دەپاڕایەوە، هەر کە دواکەوتم، پەیوەندی بکەم، بەردەوام پەیوەندییم هەبێ، بۆیە بەردەوام تکایە لە هەر شوێنێک بوویت پەیوەندی بگرە.

ئەمیر بە گومانەوە سەیری دەکردم کە لە ژوورەکە بۆ پەیوەندی بە دایکمەوە دەچوومە دەرەوە. سەعات یازدەبوو، وتی ئێستا چی بە دایکت دەڵێیت ..؟ ئەگەر پرسی لە کوێ بوویت .. چی دەڵێیت .. وەڵامی چی دەدەیتەوە، منیش وەڵامم دایەوە، بە دایکم دەڵێم من لەگەڵ فائیزەم! دایکم دەیزانی ئەو تەلەفۆنە رەنگە چاودێری لەسەر بێت، بۆیە بە نەرمییەوە دەیووت، سوپاس کە تەلەفۆنت کرد، باشە سڵاوی لێ بکە. ئەو چاک دەیزانی من لەگەڵ فائیزە نیم، من لە شوێنێکی ترم، تا درەنگی شەوانیش چاوەڕوانم

من قسەیەکت پێ دەڵێم، هەر کارێک دەکەیت باوکت لە بیر بێت، ئەوت لەبەر چاوان بێت، ئەو کارانەی ئەو لای خۆش بوو، تۆ ئەو کارانە بکە، ئەوەی باوکت دڵی پێ خۆش بوو.

***

ئەو ئەستێرەیەم لەبەر خاتری تۆ هێناوە:

من نەگەڕامەوە ئێران. بەهار کۆتایی هات و هاوین هات. دیاربوو ئەمیر ژمارەی تەلەفۆنەکەی منی دەست کەوتبوو، کە بە زمانی فارسی و ئینگلیزی نامەی بۆ جێدەهێشم موچڕکم بە گیانم دادەهات، زۆرجار نامەکانی بۆنی هەڕەشەیان پێوەبوو، جاروباریش سۆزو نازیشی دەنارد، تاکە وەڵامیش لەلای من بۆ ئەو تەنها بێدەنگی بوو، کە ئەدرێسە ئەلکترۆنیەکەی منی زانیبوو، ئیمیلیشی بۆ دەناردم. جارێکیان بۆی نووسیبوم:

ژیانی من وماڵەوەتان لە مەترسی دایە. بەڵێنی دابوو لە ئەمریکاش بێت، دێمە شوێنت، وازت لێناهێنم، دوایی بن زمانی گۆڕا، داوای دەکرد، گرنگ نییە دەتوانی لە ئەمریکا بمێنتەوە، بەڵام پەیوەندیمان بە بەردەوامی بمینێت، جارێکیان لە تەندروستیمی پرسیبوو، جارێکی تر پرسیاری ئەوەی کردبوو لە جەژنی نەورۆز بە سەردان ناگەڕێیتەوە ئێران، من دەتوانم کاروبارەکانت بۆ ئاسان بکەم، هەر دەمێک دایکت داوای کرد من یارمەتی دەدەم، بە هەموو شێوەیەک بۆ گەڕانەوەم کۆششی کرد، دوا جار لە دادگا داوای دایکمیان کردبوو، بۆ هاتنەوەم هەڕەشەیان لەو کردبوو، پێیان وتبوو

****

## له چاوەڕوانی سەرۆکدا:

له سپتمبەری ساڵی 2000 دا وەفدی ئێرانی بۆ کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان له نیویۆرک بوون، منیش له هوتێلەکەیان چاوەڕوانی دیمانەیانم دەکرد، وتم کەسێک لێرە پەیدا بکەم، من بگەیێنێتە لای سەرۆک خاتەمی، دەمەوێ سەربردەی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، دەبێ من لەگەڵ ئاغا خاتەمی قسە بکەم، لەناویان سورامەوە یەکێکیان ئەو دیمانەم بۆ ئاسان بکات، کارێ بکات من دیداری سەرۆک بکەم.

وێنەکەم له رۆژنامەکان بینیبوو، دەمزانی ئەو کەسە چوارشانەیە محەمەد ئەلئەبتەحییە. ئەو سەرۆکی دەستەی کارمەندانی سەرۆکایەتییە، ماوەیەکیش کرا بە جێگری سەرۆکی ئێران. بەروویەکی خۆشەوە بینیم، چاوەکانی دەبریسکانەوە، لەسەر قەنەفەکانی هوتێلەکە له تەنیشت یەک دانیشتین، بەگریانەوە سەربردەی خۆم بۆ گێڕایەوە، متمانەم پێی دەکرد بە نووزانەوە بۆم گێڕایەوە، بە مانگ و بە رۆژو بە ساڵ سەربردەکەم بۆ گێرایەوە، باسی ئەو ژیانە نیگەرانەی خۆمم بۆ باسکرد. که له گێرانەوەکەم بوومەوە بەڵێنی دا یارمەتیم بدات، دیمانەی سەرۆک بکەم، له کۆتاییدا ئەفسوسی بۆ سەربردەکەم راگەیاند. بۆ بەیانی خاتەمی دەگەڕایەوە تاران، بەیانی بۆ سەردانی پەیکەری ئازادییان دەبرد، پێش سەردانەکە بەڵێنیان دا، له ساڵۆنە تایبەتیەکەی مانەوەی ئەو من ببینێت. لەوێ بیبینم، قسەم بۆ کرد سەری بەرز نەدەکردەوە،

کیژم مەگریێ خودا لەگەڵ کەسانی زوڵملێکراوە، کێشەکەت بۆ بەدواچوونەوە ئاراستەی  ئەلئەبتەحیم دەکەم، تۆش پەیوەندیت بە من مەبڕە، بەردەوام بە.!

****

دۆسیەکانی پێش سەرۆک:

ئەو دیمانەیەو پشتیوانیەکەی سەرۆک بۆ من دڵی خۆش کردم، دووبارە ئارەزووم کەوتەوە سەر کاری رۆژنامەگەری، جۆشم پەیدا کردەوە. چالاکییەکانی سەرۆک و پەیوەندی دەرەوەی ئێرانم، کردە چەندین راپۆرتی رۆژنامەگەری، زۆربەیان بۆ ئاژانسی ئاسوشیتد پریس و گۆڤاری یلیدج وبیس لە نیویۆرک دەنارد، بۆ جاری دووەم دیمانەی ئەلئەبتەحیم کردەوە، ئەو جارە لە کۆنگرەی لوتکەیی ئۆپیک لە کەراکاس، لەوێ پێیووتم لەگەڵ وەزارەتی هەواڵگری قسەم کردووە، لەگەڵ ئاغا عەلی یونس دیدارم بووە، هەروەها سەرۆک خاتەمی داوای دۆسیەکانی تۆی لە دادگا کردووە.

****

دیمانەیەکی رۆژنامەگەری:

لەو ماوەی لە ئاژانسی ئاسوشیتد پریس کارم دەکرد، سەردانی زۆرم بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو، لەو

له کۆتایی بەڕێز ئەلئەبتەحی له چارەنووسی دۆسیەکەم ئاگاداری کردمەوە، پێیووتم، دۆسیەکەی تۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانی قەزائییەوە گوم کراوە، فەوتێندراوە. دیارە وەزارەتی هەواڵگری رازی نەبووە سەرۆک خاتەمی له کێشەکەی من بکۆڵێتەوە، هەستم کرد ئەو بە هەموو تواناکەیەوە بۆ من کۆششیان کردبوو، بەڵام دیارە ئەو دەسەڵاتەکەی سنووردار بوو، بۆیە من زۆر نیگەران بووم که زانیم سەرۆک خاتەمی دەستی ناڕوات.

****

## کێ بمانپارێزێت..؟:

که له قەتەر سەرۆک خاتەمی دەگەڕایەوە، چوومە لای هوتێلەکەی لەوێ لێی نزیک بوومەوەو پێمووت:

ماڵئاوا، له ئه‌مانه‌تی خودا بیت، ئاغا خاته‌می.! به بزه‌وه به منی وت:

وه‌ره با به‌یه‌که‌وه بگه‌ڕێینه‌وه تاران، وه‌ره ...! منیش وتم:

ده‌گه‌رێمه‌وه ئه‌گه‌ر سه‌لامه‌تی گه‌ڕانه‌وه‌م دابین ده‌که‌یت، ئاماده‌م. ئه‌ویش له وه‌ڵامدا وتی:

من نازانم که‌سێ هه‌بێت، بتوانێ هه‌ر که‌سێک له ئێمه دڵنیای سه‌ڵامه‌تی بکات پاش گه‌رانه‌وه‌ی بۆ ئێران، ئه‌وه به که‌س ناکرێت.!

له ده‌روازه‌ی هوتێله‌که مامه‌وه تا خاته‌می دوورکه‌ته‌وه. من وه‌ستابووم ئه‌ندامانی وه‌فده‌که‌ی به ته‌نیشت من ره‌تبوون، له‌وانه مه‌لایه‌ک به‌ناوی دعائی وتی:

بۆ ئێمه‌و ئاغا خاته‌می دوعامان بۆ بکه.!

ژیانی کۆچ و تاراوگه‌م لا خۆش بوو، من خۆم ئه‌وه‌م هه‌ڵبژاردبوو، به‌رده‌وام هیوام گه‌ش بوو، ئازادانه ده‌ژیام، ته‌واو سه‌ربه‌ست بووم، له‌و ره‌وشه‌دا کاری رۆژنامه‌گه‌ریم به‌جۆش بوو. ئه‌و ماوه‌یه‌ی له زیندان مامه‌وه دووچاری گۆڕان و ته‌نهایی هاتبووم، به‌ڵام له‌و رۆژانه له‌و شه‌رنه‌قه‌یه هاتوومه‌ته ده‌ره‌وه، جینی یارمه‌تیدام بۆ وه‌رگرتنی ڤیزاکه‌م، هانیدام داوای په‌نابه‌ری سیاسی بکه‌م، براده‌ره نوێیه‌کانیشم شوێنی مانه‌وه‌یان بۆ ده‌دۆزیمه‌وه، وه‌ک رۆژنامه‌نووسێکی کاتی کاریان بۆ دۆزیمه‌وه.

یه‌ک ساڵ بوو کابوسێک شه‌وانه له کۆڵم نه‌ده‌بۆوه، به‌رده‌وام هاوشانم بوو، شه‌وانه له‌و زینده‌خه‌ونانه من له‌ناو فڕۆکه‌بووم، به‌ره‌و تاران ده‌گه‌ڕامه‌وه. به‌ڵام چاکم ده‌زانی گه‌رانه‌وه‌م بۆ ماڵه‌وه نه‌بوو، بۆ لای دایکم نه‌بوو، هه‌ر گه‌رانه‌وه‌یه‌کم بۆ لای ئه‌میربوو، که گه‌ڕامه‌وه لای دووباره ئازارو ئه‌شکه‌نجه‌م ده‌داته‌وه، تا مردنم ئازارم ده‌دات. له‌ناو فڕۆکه‌که دانه‌ده‌به‌زیم له کارمه‌ندانی ناو فڕۆکه‌که ده‌پارامه‌وه

که له زانکۆ دەرچووم کەسیان له ماڵەوە نەیانتوانی بەشداری ئاهەنگی دەرچوونەکەم بکەن، لەجیاتی ئەوانە ژمارەیەکی کەمی هاورێیەکانم بەشداربوون، من دڵنیابووم باوکم چاوی لێم بوو، که بۆ سەکۆ وەرگرتنی بڕوانامە سەردەکەوتم، ئەو له گچکەیەوە چاوەڕوان بوو، با لەناو گۆڕەکە بە ئارامی بخەوێت.

له بەهاری ساڵی 2004 دا نامەیەکی ئەلکترۆنی ئەمیرم له ئێرانەوە پێگەیشت، نەمزانی هێشتا لەسەر کارەکەی ماوە، یان پلەو پۆستی چییە، یان خانەنشین بووە. بەڵام دەزانم دڵی پڕە له رق و ناشیرینی، رەنگە لەو چەند ساڵەدا وایدەزانی من جورئەتی ئەوە ناکەم سەربردەکەو بەسەرهاتەکەم بنووسمەوە. من دەزانم ئەمیر ئەو ساتانەی له بیرناچێتەوە که منی تێدا خۆشدەویست، که دەستی دەگرتم، که بێ هیوا لەناو تاراندا منی بە ئوتومبێلەکەی دەگێڕا، دەستی منی دەهاویشتە سەر بگۆری خێراییەکەو دەستی دەگرتم، لەو ساتانەدا دەیووت:

تۆ دەستێکی زۆر نائاساییت هەیە، لەبەر ئەو دەستە خۆشانە کەوتوومەتە داوی خۆشەویستیت.

****

## بەهاری 2001:

(یاسنانو)ی کیژە خوشکە تەمەن چوار ساڵییەکەم بوو، دیارییەکەی من بۆم هێنابوو توند بە دەستی گرتبووی، له شاری


دەستی توند کوشیم، دیاری بۆ من لەناو دانابوو، گووتم دەستت بکەرەوە بزانم چیت بۆم هێناوە، خوشکم وتی:

ئەستێرەیەکی شینی بۆ هێناویت، ئەستێرەکەی لە کاغەزی شین دروست کردبوو، ئەستێرەکەی بە خۆی بۆ تۆ بڕیوەو بۆیەشی کردووە. یاسبانو بە سۆزەوە چاوەڕوان بوو من دیارییەکەی هەڵسەنگێنم، کە رووی ئەوم بەرزکردەوە، بینیم رێزو ئامادەیی پێوەبوو، ماچم کردو پێمووت:

تۆ خۆت ئەستێرەی ئەستێرە گچکەکەم.

---

لە 21 07 2007 تا 06 08 2007 بە زەنجیرە لە رۆژنامەی ئەلقەبسی کویتی بڵاوکراوەتەوە.




**بەرگی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی.**



**وێنەی وەرزشوان عەلی دائی**



**فائیزە رەفسنجانی**

# شاهبانۆ






کوڕی شاهەنشاه

بەشی دووەم

# مێزەرو گوڵ

نووسینی:
فرانسوا نیکۆلۆ
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی:
سەلیمە لبال




**وێنەی بەرگی کتێبەکە بە زمانی فەرەنسی**

**مێزەرو گوڵ**

**رۆژانەی سەفیرێکە لە تاران، گەشتێکە بۆ دۆزینەوەی ئێرانێکی تر...**

## پێشەکی:

کتێبی مێزەرو گوڵی نووسەر (فرانسوا نیکۆلۆ)، پەردەو دەمامک بە وردی لە سەر وردەکاری ژیانی گشتی هاووڵاتیانی ئێرانی لادەدات، دیتن و نیگاکان تایبەتە بە دبلۆماتێکی فەرەنسی کە ماوەی چوار ساڵ لە تاران ژیاوە. ئەو وڵاتەی ئەمڕۆ هەموو لایەک لەبەر مەترسی پەیداکردنی چەکی ئەتۆمی روویان تێکردووەو ئەمریکا هاواری لەسەر پیشەسازییە ئەتۆمییەکەی لە هەمووان بەرزترە. دبلۆماتە فەرەنسییەکە باسی نهێنییەکانی رژێمی ئێرانی کردووە، پەیوەندی ئەمریکی ئێرانی و فەرەنسی ئێرانیشی باسکردووە. لەو کتێبەدا بەدرێژی باسی پەیوەندییە مرۆییەکانی پەیوەست بە کەرەم و رێزگرتن نێوانی کۆمەڵەکە کراوە، چەندین رووی شاراوەو سەرسوڕهێنەری ناوەوەو کۆمەڵگاکە دۆزراوەتەوە. ئەو کتێبە بینینی راستییە لەلایەن ئەو دبلۆماتە نووسراوەتەوە، ئەو دبلۆماتەی لە ساڵی 1940 لە وڵاتی میسر لەدایکبووە، شرۆڤەی رەوشی ئێرانی کردووە، بە چاوێکی وردەوە هەموو ناواخنەکانی بینیوە، بە گێڕانەوەی رۆژانەی خۆی ئەو کۆنە سەفیرەی فەرەنسا لە ئێران، رووی ئێرانی بە جیهانی خۆرئاوا ناساندووە.

گەشت و بیرەوەرییەکانی ئەو سەفیرە لە سەرتاشخانەیەکی میللییەوە تا بازاڕەکان و مزگەوت و کۆنە سەفارەتی ئەمریکی لە تارانی تێدایە، بەرەو پاشماوەی بومەلەرزەکەی شاری بام لە ساڵی 2003 رۆیشتووە، چەندین وێنەی راستەقینەی کۆمەڵگەی ئێرانی گواستۆتەوە، بێجگە لەوانەش نیازو بەرنامەی وێنەو دیتنی زۆری لە هەگبەدا بووە، بەڵام رژێمی ئێرانی بواری نەدابوو دەربازیان بکات.

**لەو گەڕەکەی سەفارەتەکەی ئێمەی لێ بوو، سەرتاشخانەیەکی تێدابوو، لە سەرتاشەکەم پرسی، چۆن دەکرێ من ببمە ئێرانی.. ؟ شوێنی سەرتاشخانەکە گونجاو نەبوو، ئەگەرچی سەرتاشخانەی تایبەتی پیاوانیش بوو. لەو تەنیشتەی میوەفرۆشێک و لەلایەکەی تریشی دەرمانخانەیەک هەبوو، هەر وا دەبێت سەرتاشخانەکە شوێنێکی تەقلیدی بوو. لە ژوورەکەی ئاوێنەیەکی گەورە هەڵواسرابوو، ئەوەی دەهات پێشتر سەری دەشووشت و چاوەڕوانی دەکرد، تا نۆرە دەهات، بۆنی بازاڕەکە لووتی پڕ جۆرەها بۆن و بەرام دەکردیت. لەو پیاوە نزیک بووم. لەوێ بووم پیاوێک هات، لەگەڵ سەرتاشەکە گفتوگۆو سەودای بوو، تا بزانی لە بری سەرتاشینی کوڕە تەمەن دە ساڵییەکەی چەندی دەوێت، ئەو پارەیەی لەجیاتی خزمەتەکەی وەریدەگرێت چەندە.! لەناو ئێرانیەکاندا وشەی بەرێزو فەرموو و نابێ و خزمەتکارتم زۆرە، لە قسەکردنا، هەزار جار بە قوربانت دەبێت، مامەلەیان خۆشەو روویان بە ئەدەب و بەڕێزە.**

****

## رۆژە خۆشەکان و رۆژە زەحمەتەکان:

**برادەرێک لە گرتووخانەی شارا سەردانی کەسێکی کردبوو بە سێدارەدان حکوم درابوو، پاش سەردانەکەی هاتە لام، باسی رێزو سڵاو وەرگرتنە گەرمەکانی بۆ کردم، چون دەست لە سینگ وەڵامت دەدەنەوەو بە وشە کلاسیکیەکەی خۆیان بە قوربانت دەبن. لەو وڵاتەدا کیژی گچکە بە خاتوون ناودەبەن، ئەو وڵاتە بە چاوتێری**

دوور لەو ڕەوش و دیمەنانە، من و سەفیرێکی تر، بۆ خوانێکی مانگی ڕەمەزان لەلایەن خانەوادەیەکی دیاری ئێرانی داوەتکرابووین، برادەرەکە وتی:

راستە کە دەڵێن ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەمەزان لە هەموو ڕۆژانی تر زەحمەتترە، لەوەیان ڕاستین. تا بگەیتە ناو ئەو دانیشتن و ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیە دەبێ چەند بوارو سنوور ببڕیت، لە ناوەوەو لە دەرەوەو لەسەر شانۆی ژیان و ژیانی خێزانیش دەبێ شارەزا بیت، لە چەندین بازنەی پارێزگاری یاساکانی کۆماری ئێرانی دەربازت بێت.

ئێرانیەکان لە زۆر بۆنەی تایبەتی وەک ژنهێنان و ئاهەنگە خێزانیەکان، ئەو بۆنانە لە هۆڵی تایبەتی سازدەکەن، لەو بۆنانەدا دوور لە کۆتی نەریتە ئیسلامییەکان هەڵسوکەوت دەکەن، ژنان رووپۆشەکانیان فڕێ دەدەن، بە مکیاژی تۆخەوە ڕوویان ڕەنگین دەکەن و پیاوەکانیشیان ملپێچ لە مل دەبەستن و ریشیان پاک دەتاشن. لە ناو خێزانە تەقلیدیەکانیش بووک و زاوا بە جلی سپی و جلی تایبەتی دەرچوون و ملپێچی پەپوولەش دەبەستن و ئاهەنگەکەش بە کامیرا وێنەدەگرن و لەسەر دی ڤی دیش تۆمارو کۆپی دەکەن. لەناو کەمینەکانی جولەکەش بە ئامادەبوونی دەیان هەزار کەسی دۆست و برادەرانی دڵسۆزیان، پێنج نوێنەری کەمینە ئاینیەکان، ئەرمەنەکانی باکووری وڵات و ئەرمەنەکانی باشووریش، چەند موسڵمانێکی هاوڕێیان، هەمان چالاکی خۆشی سازدەکرێت. چوومە ئاهەنگی خێزانێکی مامناوەندی لەرووی ئابوورییەوە، پێشوازییەکەیان وەک پێشوازی بنەماڵەکانی شاهانەی فرسای بوو،

****

## سەردەمی شپرزەیی

هەڵمەتی چەسپاندنی یاسا ئیسلامییەکان لە رۆژانەی ئێراندا وەک یەک نەبوو، توندو تیژی و چاوپۆشییەکانیش بەرەوشی سیاسییەوە بەندبووە، هەر کە ئاڵۆزییەکی سیاسی بێتە کایەوە ئەوو پیاوانی بەسیج دەکەونە خۆو ژنانی رووڵەدەرو دەموچاوکراوەو پۆشاک کورتیان سزاداوە، هەروەها پیاوانیش بەر ئەو هەڵمەتە کەوتوون، ئەندامانی ئەو سوپایە دوای قووژی ناو بەرداخی ناو شێرەکانیان لێیان فڕکردووە. ئەوانەی بەر ئەو هەڵمەتانە کەوتوون سەرەتا کەوتوونەتە دەست پۆلیس و پاشان رووبەڕووی قازییش کراونەتەوەو غرامەیان پێ ژماردووون.

با بگەڕێنەوە بەشێکی تری ژیانی رۆژانەی کۆمەڵایەتی پاککەرەوەکانی تارانی پاش بومەلەرزەکەی بام. ئەوانە توێژێکی بەرفراوانی زۆری ناو ئەو کۆمەڵگایەن، ئەگەرچی ماندوون و ئەرکی رۆژانەیان قورسە بەڵام رووخۆشن. هەر یەکێک لەوانە بە دڵسۆزییەوە خەریکی پاککردنەوەی ئەو بەشە شەقامەیە کە بۆی دانراوە، ئەوان هەموو رۆژو بەبەردەوامی کاردەکەن، لە پشوودان و حەسانەوەو مۆڵەت ناپرسن، بۆیە شارەکە بەردەوام وا پاک و خاوێنە.

لە 26 ی دیسەمبەری 2003 دا بومەلەرزەیەک لە ماوەی تەنیا 12 چرکە شارێکی کاولکردو 30 هەزار هاووڵاتی کوشت، تارانییەکان بۆ قەرەبووو یارمەتی شارییەکانی ئەو شارە، یەک دەست هاتنە مەیدان و کۆمەکی جلوبەرگ و پارەو دەرمان و خواردنیان کۆکردەوە، لەبەر زۆری خاشاک و پاشماوەی کەلاوەکانیش

890کەسی گسک بەدەست هاتنە مەیدان و ڕێکخراوێکی ناحکومیان بەناوی (پاککەرەوەکانی بێ سنوور)یان دامەزراند، بە هاوکاری چەندین تراکتۆرو شۆفڵەکان پاش سێ ڕۆژی دوای کارەساتەکە گەیشتنە شوێنەکە، بە شاهێدی میوانە بێگانەکانی شوێنی کەلاوەکان، ئەو گسک بە دەستانە شارەکەیان لە تاران خاوێنترو پاکتر کردەوە.

****

بۆنی دۆستایەتی

چیرۆکێکی تریش وەک نمونە دەهێنمەوە، ئەویش دوور نییە لە سیاسەت، بەڕێوەبەری دامەزراوێکی نیشتیمانی بۆ چارەسەری مەسەلەیەکی ئاڵۆزی تایبەت بە کارەکەیان زۆر هاموشۆی منی دەکرد، من دەچووم و ئەو دەهات، بەردەوام دیدارمان دەبوو، تا دۆستایەتیەکەمان زۆر پتەوبوو، هەردوولا بڕوامان بەیەکتری کرد، ئەوەندە بووینە برادەر تا جارێک چوومە سەردانی ئەو لە نووسینگەکەی، بەپێچەوانەی ڕێنمایی ڕەسمی ئێرانی بە قەمیسی بێ چاکێت لە نووسینگەکەی پێشوازی کردم، ئەویش لە ئێران زۆر بێ یاساییە، چونکە ئەوان هەرچەند گەرمیش بێت نابێ بێ چاکێت پێشوازی میوان بکەن. من کە چوومە ژوورەوە ئەو دەستێکی بۆ چاکێتەکەی خۆی بردو دەستەکەی تری هێنا پێشەوە تا چاکێتەکەم وەرگرێت و هەڵیبواسێت، منیش زۆر کۆششم کرد من خۆم چاکێتەکەی خۆم هەڵدەواسم و پێویست بەو تەکلیفە ناکات، ئەو لە وەڵامدا وتی، من باوکم سەرتاش بووە، لە منالیەوە فێری ئەوەبووین

بەکورتی با بپرسین، هەر من نیم ئەو پرسیارە دەکەم، ئەوە لە هزرو دیتنی هەموو بێگانەو میوانێک و هەتا ئێرانییەکانیشە، پرسیارەکەش ئەوەیە، ئەو میللەتە بەراستی لە جیهانێکی نامۆ دەژین، هەڵسوکەوتیان ئەوەندە ناسکەو بەنازەوە لوولدراون، ئایا راستگۆن لەو رەوشتە ناسکەدا..؟!

بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان کەسەکان، چاودێری ئەو ئاژاوانە دەکات، کە ماوە ماوە لە نێو کۆمەڵەکە دەردەکەوێت، لاوازییە هاوبەش و مەقبوولەکانی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە پڕدەکاتەوە، ئەوەش هۆکارە پەیوەندی چاکەو باشە بەرجەستە دەکات، هاوکاری نێوان کۆمەڵگەی ئێرانی بەروونی لە ناو ململانێیە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسییەکان دیارە.

لەبەرئەوەی راستییش بە پلەیە، ئاستێکیش هەیە هەندێ لە رەوشتەکان رەش دەبێتەوە، نیشانە دەروونیەکانیان هیمای چاوتێری و شیرینییە، ئەوەش لە جوڵەکان و جوڵەی دەستیانەوە دەردەکەوێت، کە سێ جار یەکتری ماچ دەکەن، ئەوانە ماچی سێکس نین، هەر کەسەو بە شێوەیەک پەیوەندی راستگۆیانەی خۆی بۆ بەرامبەرەکەی دەردەخات، چینیە کۆنەکان باشیان وتووە (پرۆتۆکۆل بۆنی دۆستایەتییە).

****

## دەنگی میللەت

ماوەی حوکمی سەرۆکایەتی سەرۆک خاتەمی و سەرۆک رەفسنجانی لە نێوان ساڵانی 1997 تا 2005، ئەو هەشت ساڵە

دەبێ ئەوە باش بزانین، ڕەوتی چاکسازەکان بەرنامەو شێوازی چاکیان زۆر پێبوو، لە سەرەتاوە ئەوان بوون بنکەو پرنسیپەکانی گەمەکەیان داڕشت. تا باش و ورد لە ناواخنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بگەین، دەبینین دەسەڵاتەکە لەناو بازنەیەکی یەک ناوەندو چەقە، ناوکی بازنە توندەکە، سستەمە ئیسلامییە گشتگیرییەکەیە، کە لە کەسایەتی ئایەتوڵا خامنەئی ڕابەری شۆڕش و پیاوی یەکەمی ڕژێمەکەدا دیارو بەرجەستەیە، ئەوەش لە سوپای پاسداران، واتە لە هێزە نایابە سیاسییەکان و سەربازییەکان و قەزائیەکانەوە هاتۆتە پەیدابوون، هەروەها لە ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوورو تۆڕێکی زۆری وتارخوێنی مزگەوتەکان، کە لەلایەن ڕابەرەوە ڕاستەوخۆ لە هەموو شارەکان و ئیستگەکان و تەلەڤزێونەکانی سەر بە دەوڵەت و ڕێکخراوە خێرخوازە گەورەکان دادەمەزرێت. کۆی ئەو دامەزراوانە، بۆ یەک هەڵوێست کۆدەبنەوەو کاردەکەن بۆ دژایەتی بەرەی دەرەکی، یەکێتی ئەوانە کێشەو ململانێیەکانیش ڕێگر نابن لە دامەزراندن و دواییش لە کارکردنا.

ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی سەفەری دەرەوەی ئێران ناکات، وڵاتانی خۆرئاوای کەم دیوە، دەڵێن ناچێتە مەکەش، پێشوازی کەسایەتی سیاسی بێگانەی ناکات، ئەگەر موسلمان نەبێت، بەڵام سەرۆک کۆماری ئێران عەلی خاتەمی سەردانی دەرەوەی کردووە. ئەو ناوکە ڕەقەی ئێران توانی ئاسۆیەک بەرەو دەرەوە بدۆزێتەوە، لەو ڕووانگەوە لەگەڵ خۆرئاواو جیهانی دەرەوە دیداری بووە.

*****

## دائیرەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا:

بازنەی دووەمی ناو ئێران لیباسی دیموکراسی و هاوچەرخی لەبەرکردووە، ئەو بازنەیەش لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمارو وەزیران و ئیدارییەکان و دامەزراوە نیشتیمانیەکان و ڕێکخراوی ناحکومیش پێکهاتووە، ئەوانەش باش و ورد چاودێری دەکرێن.

پاش ئەو بازنەیە بازنەی سێیەمیش هەیە، ئەوان دیداریان بە جیهانی دەرەوە پتەوە، ئەوانە پشتیوانی دەکرێن و دەنگیان هەیە، ئەو توێژە لە کەسایەتی و دامەزراوی پیاوانی کارو پیشەسازان و نیشتیمانپەروەران و توێژی تر پێکهاتووە، بەئارەزووی خۆیان لەناو ئێران ماونەتەوە، پلەو پایەی بەرزیان هەیە، ئەگەرچی لێرەو لەوێ تەگەرەو کۆسپیان لەپێش دەبێت، بەڵام ئەوانە وڵاتەکە بەرەو زۆرتر گەشپێدان دەبن.

کەسایەتیەکانی ناو ئەو بازنەیە لەناو هەموو توێژەکانی کۆمەڵن، لەوانەش کۆمەڵگەی مەدەنی سەرچاوە دەگرێت. ئەگەرچی چالاکی ئەوانە بەرتەسک و کەمە، بەڵام کاریگەرو باندۆری زۆرە لەسەر ڕەوشەکانی ناو وڵات. لەناو ئەو توێژەدا کەسایەتی سیاسی چالاک و کۆمەڵناس و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان و یاساناسی زۆری تێدایە، سەرجەم بەشدارن لە بڕیاری سیاسی وڵاتەکە.

لە ماوەیەکی نزیکدا لە خشتەی دوایی ئێرانیەکان گەیشتم، ئەوەی شۆڕشی ئیسلامی بەڵێنی بە ئێرانیەکانی دابوو، چاوەڕوان بوون، بۆیە لە یونیوی 2005 دا بە زۆرینەی دەنگ، محمودی نەژاد بە سەرۆکی کۆماری ئێرانی ئیسلامی هەڵبژێردرا. ئەو ململانێیەی سەردەمی حوکمی سەرۆک خاتەمی کران، دیارە ململانێی نێوان چاکسازەکان و پارێزگارانی ناو بازنەی یەکەم و بازنەی دووەم بووە.

****

**ئایا شۆڕشی ئیسلامی میراتگری رژێمی ستالینه ..؟**

له وه‌ڵامدا ده‌ڵێن نه‌خێر... ئه‌گه‌ر شێوه‌شیان له‌یه‌ک ده‌چێت، هه‌ردووکیان له‌ ناخی مێژووه‌که‌یان نموونه‌ی هێزو ده‌سه‌ڵاتی ئاسیاییان هه‌یه‌. ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی حه‌شاردراون، به‌چه‌ندین شێوه‌و بیانو دوورن، گه‌یشتن به‌وان زه‌حمه‌ته‌، بیانوشیان زۆره‌.

له‌و سیاسه‌ته‌وه‌ ده‌سته‌واژه‌ی ناوبانگی ناو ئێران (له‌ پشتی په‌رده‌وه‌) په‌یدابوو. ئه‌و ده‌سته‌واژه‌یه‌ سالۆنی ئێرانی سه‌رقالکردووه‌، گوایه‌ ئه‌و رووداوانه‌ی رۆژانه‌ روو ده‌ده‌ن ده‌ستی ده‌ره‌کی له‌ پشته‌وه‌یه‌و شانۆی رووداوه‌کان به‌ره‌و شوێنی تر ده‌بات، تا ئێرانیه‌کان بگه‌نه‌ ئه‌و راستییه‌ی کاره‌ساته‌که‌ی ته‌قینه‌وه‌ی 11ی سپتمبه‌ری نیویۆرک ده‌ستی موسادی له‌ پشته‌وه‌ له‌گه‌ڵ بووه‌، ته‌قینه‌وه‌ی میترۆکانی له‌نده‌ن له‌ یولیوی 2005 له‌ ژێره‌وه‌ ده‌ستی (تۆنی بلێر)ی تێدابووه‌. له‌ناو ئێران و له‌ به‌رێکردنی ره‌وشی سیاسی وڵات زۆر شت له‌ پشته‌وه‌ی په‌رده‌وه‌ سازده‌کرێت، ده‌سه‌ڵاتی تاکه‌ که‌سی رابه‌ری ئیسلامی به‌بێ ئه‌وه‌ی بگه‌ڕێته‌وه‌ حکومه‌ت زۆر بڕیار ده‌رده‌کات. له‌ سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ش پاسداران له‌ پێشه‌وه‌یه‌، له‌ سیاسه‌ته‌کانیان سه‌باره‌ت به‌ ئه‌فغانستان و عیراق و فه‌له‌ستین و لبنانیش ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ لای رابه‌ری شۆڕشی ئیسلامی، ئه‌وه‌ی بۆ حکومه‌تیش ئاشکرا ده‌بێت له‌ رۆژنامه‌کانه‌وه‌یه‌.

به‌ئاسانی ناکرێ بزاندرێت پاسداران کاریگه‌ریان له‌سه‌ر ناوچه‌که‌ به‌گشتی چه‌نده‌، دیاره‌ ناشکرێت به‌ئاسانی بڕوا به‌ قسه‌که‌ری وه‌زاره‌تی کاروباری ده‌ره‌وه‌ی ئێرانیش بکرێت، که‌ ده‌ستی له‌سه‌ر سینگی ده‌دات و ده‌ڵێت، ئێمه‌ پشتیوانی رۆحی و که‌مێکیش مرۆیانه‌ی میلیشاکانی شیعه‌ی عیراق و رێکخراوی حه‌ماس له‌ فه‌له‌ستین و حیزبووڵای لبنانی ده‌که‌ین.

ڕێورەوسمی دانانی محەمەد خاتەمی بۆ جاری دووەم وەک سەرۆکی ئێران لە ئوگسستی 2001 دا، لە مزگەوتێکی جەرگەی تارانی پایتەخت کرا، لەو بۆنەیەدا سەدان کەسایەتی و نوێنەرو ئەندامانی دەزگا نیزامیەکان ئامادەبوون، ئاپوورەکە لە خوتبەی ڕۆژی هەینی دەچوو، ئامادەبووان ژمارەیان زۆربوو، هەموو بەپێخواسی لەسەر مافووری مزگەوتەکە بەڕێز دانیشتبوون، لەسەر سەکۆیەکی پێشەوەی بەرامبەری خەڵکەکەش سەرۆکی پێشووی ئێران و سەرۆکی ئەنجوومەنی دەستنیشانکردنی نیزامیش عەلی ئەکبەر رفسنجانی، لە تەنیشتیەوە سەرۆکی هەڵبژێردراویش محەمەد خاتەمی و رابەری شۆڕشی ئێرانی و کەسی یەکەمی رژێمەکە عەلی خامینەئی دانیشتبوون.

****

ئاهەنگگێڕانەکەی خاتەمی:

لەو بۆنەیەدا خاتەمی و خامینەئی مێزەری رەشیان لەسەربوو، بەڵام رەفسنجانی مێزەرەکەی سپی بوو، رابەری شۆڕش لەسەر کورسییەکی زێڕینی وەک کورسییەکەی لویسی پازدەهەم دانیشتبوو، بەڵام دوو سەرکردەکەی تر وەک هاووڵاتیانی ئاسایی لەسەر سەرینێکی مافوور دانیشتبوون، ئەندامانی کاری دبلۆماسیش لە پشتەوە وەستابوون، ئەوان بۆیان هەبوو پێڵاوەکانم لە پێ بێت. پاش ئەوەی مارشی نیشتیمانی لێدرا، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە راگەیەندرا، نۆرەی خاتەمی هات لەبەر وتارەکەی وەک لە زانکۆ ئیسلامیەکان پێشکەش دەکرێت خوێندەوە، وتارەکەی بیست دەقەبوو، تەنیا پارچە کاغەزێکی گچکەی لە دەستی بوو جاروباری نیگایەکی دەرکرد، لە وتارەکەیدا باسی سیادەی میللی کرد. پاش تەواوبوونی وتەکەی ئەو،

*****

**یاسای کۆماری پیرۆز**

**کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرئەوەی بە دیموکراسییەکی پیرۆزو بەهێزی بێ هاوتا لە هەموو جیهانەوە بەڕێوەدەچێت، بۆیە دوورە لە مەترسی، وەک دیموکراسیەکەی شیوعیەکان نەبوو، بۆیەش رووخا، هەروەها وەک دیموکراسیەکەی خۆرئاواش نییە چەندین ژان و دەردەسەری هەراسانی کردووە، لە پەیدابوونی لەشفرۆشییەوە هەتا بەد رەوشتی و هۆمۆسێکسوالیش.**

**بەئاسانی دەکرێ وەڵامی ئەوەش بدرێتەوە، هاووڵاتیانی خۆرئاوا بەئاسانی و بێترس و لەناو وڵاتەوە دەتوانن رەخنە لە حکومەت بگرن، ئەوەش زۆرجار لە ئێران بەرەو زیندانت دەکاتەوە، یان تووشی سزای گەورەتر دەبیتەوە. ئەو حکومەتە ریفۆرمخوازەی ئەو چوار ساڵە دەسەڵاتی گرتە دەست، نەیتوانی بەرهەمی هەبێت.**

ئەو دوو ماوەیەی خاتەمی حوکمی ئێرانی کرد، ئەوانیش کەسانی نەیاریان گرت، برادەری نزیکی خۆیان لەسەر جیاوازی بیروبۆچوون خستە زیندانەوە، رۆژنامەی ئازادیان داخست، کۆششی نەکرد حزبێکی سیاسی میللی جەماوەری دامەزرێنێت، دەکرا ئەو حزبە ئەگەر هەبووایە پشتیوانی پرۆژە چاکسازییەکانی دەکرد، ئەویش بەشێکی دانەبڕاوی رژێمەکەبوو، تا کۆتاییەکەی بەیاساو شەرعی ئەوانەوە رێ کردبوو.

****

نێوان خاتەمی و رەفسنجانی:

لەبەرئەوەی خامینەئی خۆی راستەوخۆ وەک رابەری ئیسلامی ئێران سەرپەرشتی هەردوو حکومەتەکەی خاتمی و رەفسنجانی کردبوو، بۆیە وتبووی، سەرۆکی یەکەمیان رەفسنجانی لە هەموو بابەت و رەوشێک بە ئامۆژگاری و رێنماییەکانم رازی بوو، بەڵام کە دانوستان و دیمانەکەمان تەواو دەبوو رێک بەپێچەوانەی بەرنامەکە دەجوڵایەوە، دووەمیان زۆر لاساری و سەرپێچی و گفتوگۆی لەسەر مەسەلەکان دەکرد، خاڵ خاڵ لە شتەکانی دەکۆڵییەوە، بەڵام لە هیچ لە رێنماییەکانم لای نەداوە، وەک خۆی جێبەجێی کردوون.

خاتەمی پیاوێکی رادەبەدەر رۆشنبیربوو، بەڵام وەک پێویست پیاوێکی سیاسی نەبوو، پیاوی سیاسی دەبێ زۆر ئازابێت، ئەو ئازا نەبوو، دەسەڵاتەکەی بۆ بەجێهێنانی هیوای زۆرینەی میللەتەکەی بەکارنەهێنا، چەکی دەستی و ئازاییەکەی ئەوەبوو دەست لە کاربکێشێتەوە، یەک دووجار ئەو چەکەی بەکارهێنا. ئەگەرچی ئازایەتی کەم بوو بەڵام وەک دەڵێت توانی کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو هاوچەرخییەتی و شارستانیەتی ببات، ئەو توانی وێنەیەکی تر بۆ

****

بێئومێدیی ریفۆرمخوازەکان:

بۆ هاووڵاتیانی بەرفراوانی میللەتەکە هەرەسهێنانی بەرنامەو بەڵێنەکانی ریفۆرمخوازەکان گورزێکی جەرگبڕبوو، ئەو رەوشەی پاش هەڵبژاردنەکان هاتە پێشەوە بێ هیوایی و ساردبوونەوەی پێوەدیاربوو، کە زانرا ئەو توێژە هیچیان لەبار نییەو بەرنامەکانیان پێ جێ بەجێ ناکرێت، لە دووەم هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکانی ساڵی 2003 دا، بڕیاری تەلاقی ریفۆرمخوازەکانیاندا، بۆیە بەرەی دووەمی پارێزگاران بەشی هەرە زۆری پۆستەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیەکانیان بردەوە. ئەو رێژیەی کە دەنگیان نەدا گەیشتە 70% ئەو رێژەیە زۆرەو دەکرێ بڵێن مێژووییە، لە تارانی پایتەختا تەنیا رێژەی 12% دەنگدەران چوونە سەر سەندووقەکانی دەنگدان. ئەو وەڵام و بەپەرچدانەوەیە نامەیەکی شارستانی گشتگیری بوو، گۆڕەپانەکە بۆ بەرەی دووەم ئاسان و تەخت بوو، توانییان کورسی زۆری ناو شارەوانی تاران بەدەست بهێنن، ئەوانیش مەحمود ئەحمەد نەژادیان وەک سەرۆک شارەوانی تاران دامەزراند. سەرەڕای ئەوانەش بەباشی هەست بەبوونی ئاسۆیەکی بەکارهێنانی دیموکراسی سیاسی لە ئێراندا بەدی دەکرێت، دیارە ئەوەش لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی و ئەنجوومەنی پسپۆڕانەی ئەوانەی رابەری شۆڕشی ئیسلامی دادەمەزرێنن، هەتا لە ریفراندۆمە دەستوورییەکانیش.

وەرگرتنی پۆستی بەرپرسیاریەتی لە وڵاتی ئێراندا بە هەڵبژاردنی ئاشکرایە، جا ئەو هەڵبژاردنە بەهۆی هەڵبژاردنی

****

### رۆلی ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور :

رۆژنامەکانی خۆرئاوا ئەو دامەزراوە ئێرانیانە بەوە تاوانیار دەکەن، کە دەستیان هەیە لە گۆڕینی بواری و شێوەی هەڵبژاردنەکانا، ئەوەیان راستە، ئەوە لە دادگای باڵای ئەمریکیش هەیە، ئەوانیش بە فەرمانی سەرۆک ئەندامی هەمیشەیی و بەردەوام دادەمەزرێنن، ئەوانیش دەست و کاریگەریان لە رەوش و ئەنجامی دوا سەرکەوتنی سەرۆک بۆش لە هەڵبژاردنەکەی هەبووە.

بێگومان رێکخستنی هەڵبژاردنە نیشتیمانیەکان لەلایەن ئەندامانی پاراستنی دەستوور، زۆر پەردەی دەخرێتە سەرو رووکارەکانی دەشێوندرێت، ئەندامانی پاراستنی دەستوور لە شەش زانای ئاینی و شەش یاساناس پێکهاتووە، ئەوانەی پشت بەستوو بە چەند رێنماییەک لەوانە مۆرالی بەشی زۆری بەردەکەوێت، کاندیدکراوەکان دەستنیشان دەکەن، بەیارمەتی چەندین سەرچاوەی هەواڵهێنەرەوە زانیاری زۆریان لەسەر کۆدەکەنەوە، لە رابردووی دەکۆڵنەوە، ئینجا بریاری خۆیان دەدەن. بەو شێوەیە لە ساڵی 2003 دا ئەو ئەنجوومەنە هەزار کەسی کاندیدکراویان دوورخستەوە

لەناو توێژی پارێزگاران دەرچوونی سەرۆک خاتمی لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1997 زۆر سەرسورهێنەرو چاوەڕواننەکراوبوو، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ریفۆرمخوازانیش لە ساڵی 2000یش تازەو سەیربوو، هەروەها دەنگنەدانەکەی ساڵی 2003 و دەرچوونی کەسایەتی شیعەو پارێزگاریش ئەحمەدی نەژادیش لەبەرنامەو هزرا نەبوو. لەراستی ئەو پیاوە لەلایەن هیچ کەسێکەوە باش نەبوو، دەرچوونەکەشی بەپشتیوانی راستەوخۆی رابەری شۆڕشی ئیسلامی بووە، سەبارەت بە توێژی ناوکە ڕەقەکەی رژێمیش لە دوا رۆژەکانی قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنا بۆچوونی خۆی گۆڕی، چونکە تێگەیشت هەڵمەتەکەی بۆ کەسی کاندیدکراوەکەیان هەرەسی هێناوە، بۆیە ئەسپیەکەیان گۆڕی.

بەو شێوازە ئەحمدی نەژاد کەوتە خولی دووەم، کەوتە بەرامبەر کەسایەتییەکی وەک رەفسنجانی ئەوەی دووجار حوکمی ئێرانی کردووەو خاوەن دەسەڵات و گوشارو پشتیوانیش بوو. ئەحمەدی نەژاد وەک نوێنەری زەحمەتکێشان و هەژاران و قوربانیانی گەندەڵی و نەزانین و پەراوێزکراوەکان لەو هەڵبژاردنە خۆی ناساند، بووە پشتیوانی ئەوانە، بەو بەرنامەیە سەعات بەدوای سەعات جەماوەری زۆرتر دەبوو، هەفتەی نێوان خولەکە کەسایەتی ئەو گەیشتە لوتکەو جەماوەری لە پەرەسەندن بوو تا ئەنجامەکەی وەک سەرۆکی وڵات دەنگی زۆرینەی هێنا، بە شەش ملێون دەنگ لە رەفسنجانی بردەوە.

تاکە کەسێک لەو بازاڕەدا دەسەڵاتی بەسەر هیچدا ناشکێت،( دەستەگەری کار) بەرنامەی دەڕوات و بڕیاری ئەو بازاڕە دەدات، ئەو خێزانەی خاوەنی ئەو بازاڕەن، ئەوان دەتوانن کێشەکانی

رووبەری ئەو بازاڕە چوار کم2 و چەندین دەروازەی هەیە، ئەوەی بچێتە ئەو بازاڕە دەبێ پێڵاوەکانی داکەنێت، تا ئیمڕۆش ئەو عەرەبانە بەدار دروستکراوانە لەو بازاڕەدا هاتوچۆیانە، جاورباریش ماتۆرێک یان لۆرییەکی بارهەڵگر پێش کردنەوەی بازاڕەکە لە شەقامە بەرینەکانیدا دەبینرێت. لە کۆڵانە باریکەکانی و گۆڕەپانەکانی ژوورەوەی جیهانێکی تازەو سەیر دێتە بەرچاو، زۆر لە باڵەخانەکان چەند نهۆمن، مەرمەڕی ڕەنگین دیوارەکانی نەخشاندووە، دەرگا گەورەکانیش دیمەنی جوانیان هەیە، شوێنی نوێژو مزگەوتی زۆری هەیە، لەو بازاڕەدا کەنیسەیەک ماوەتەوەو گۆڕی چەند هەڵسوڕێنەرەکانی و چەند بازرگانی ئینگلیزی تیدا ماوە. ئەو بازاڕە زۆر فراوان و بەربڵاوە، بەڵام دیتنەوەی شوێنەکانیش ئەوەندە سەخت نییە، بازاڕی تایبەتی کوتاڵ و مافوورو ئامان و کەرەستەی خوێندن و ئیکسسوارو پێڵاوو زێڕو سەعات و بۆن و هەموو شتێک بازاڕو کۆڵانی تایبەتی هەیە، بەکورتی ئەو پێویسیتەکان لەو بازاڕەدا دەست دەکەوێت، زۆرجار بازرگانی شوێنی تر ڕێنمایی خەڵک دەکەن بۆ دۆزینەوەی کەرەستەیەکی تایبەت لەو بازاڕەدا.

****

بژی و بمرێ ئەمریکا:

که نوێژی نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بانگ دەدات، ملیۆنەها نوێژکەر لە مزگەوتەکانی ئێرانی ئامادە دەبن، لەو مزگەوتانەدا بەیەکەوە دوعاو داوای مەرگ بۆ ئەمریکا دەکەن، دەنگی مردن بۆ ئەمریکا بەرزدەبێتەوە .کە نوێژەکە لەو ڕۆژەدا تەواو بوو، ئەوا ئیمامەکە وتاری سیاسی دەست پێدەکات، سەرەتا چەند ئایەتێکی قورئان دەخوێنێتەوە، پاشان دەچێتە ناو کاروباری سیاسی ڕۆژانەی ئێران. لەو وتارانەدا زۆر لایەن باسدەکرێت، هێزی لەبن نەهاتووی کۆماری ئیسلامی و ئازایەتی و یەکڕیزی گەلانی ئێرانی و بوونی ئەستەنگ و کێشەکانی پێش کۆماری ئیسلامییش باس دەکرێن، لە ڕۆژانی حکومی ریفۆرمخوازەکاندا رەخنەش لە حکومەت دەگیرا. کە باسی سیاسەتی ناوخۆیی ئێرانیش تەواو دەبوو، ئیمامەکە وتارەکەی بەرەو ئاقاری سیاسەتی دەرەوە دەبرد، سەرچاوەی سەرەکی وتاری ئیمامەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەو تێگەیشتنیان ئەوەبوو، کەوا وڵاتی ئێرانی بوەتە قوربانی سیاسەتی شەڕانگێزی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکاو ئیسرائیل.

ئەگەرچی ئێرانیەکان رقی ئەستووریان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، زۆریش بۆ نیشتەجێبوونیان لە ئەمریکا کۆشش دەکەن تا ڤیزای ئەو وڵاتە وەرگرن، ئیمرۆ نزیکەی یەک ملێون ئێرانی لە ئەمریکا دەژیت، تەنیا لە لۆس ئەنجلوسدا 300 هەزار ئێرانی تێدایە. تا ئەو ڤیزایە وەرگرن ناچارن لە وڵاتانی وەک ئیماراتی عەرەبی و ئەوروپا داوای بکەن، چونکە ئاشکرایە ئەوەیان لە وڵاتەکەی خۆیان ناکرێ، ئەوە داوا بکەن. سەبارەت بە خەونی خوێندکارانیش خەونی سەرەکییان ئەوەیە بۆ خوێندن بگەنە ئەمریکا، ئەگەر ئەو وڵاتەیان دەست نەکەوت، ئەوا بۆ کەنەداو ئەوروپا سەرهەڵدەگرن، لە وڵاتانی ئەوروپیش لە پێشەوە بریتانیاو پاشان ئوسترالیایە، پاشان نۆرەی ئەلمانیاو فەرەنسا دێت. خێزانی ئێرانی زۆر

زۆر بەئاسایی دەبینی بەرپرسەکان یەک دوو کوڕیان لە ئەمریکا دەخوێنن، زۆریش لەگەڵ ژنەکانیان بە پسولەی کەسک، یان ئەگەر پەساپۆرتی ئەمریکی هەبێت هاتوچۆش دەکەن. لەو ڕۆژەی سەفارەتی ئەمریکی لە تاران دەستی بەسەرداگیرا هەموو پەیوەندییەکانیان بەیەکەوە پچڕاوە، ئەوە نزیکەی نیو سەدەیە تەنیا جنێو تاکە وەسیلەی پەیوەندییە لە نێوانیاندا. بۆ ئەمریکا، ئێران و سعودیەو وڵاتی نەوتی تر جەمسەری گرنگی ناوچەکەن.

زۆر لە نیشتیمانپەروەرانی ئێرانی پرسیاری ئەوە دەکەن، یان شەیدای ئەوەن بزانن ئەوان لە لای خۆرئاواییەکان بە چی دەخوێندرێنەوە، لە چاوی ئەوان چی وێنەیەکیان هەیە، وەک هاووڵاتی واتە ئەندیجانا سەیر دەکرێن. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە خۆرئاواییەکان تەنیا بیر لە سامانەکەیان دەکەنەوە، وا پاش 50 ساڵ کێشەی چەکی ئەتۆمییان بووەتە بابەتی سەرەکی هەموو لایەک.

هەموو پێشهات و گەڕانەکانی لە ناوەوەی ئێران لە ساڵی 1978 تەقینەوەکەی لێ کەوتەوە، پاش ئەو ڕووداوە شا، وڵاتی جێهێشت و کەوتە تاراوگە. لەو سەردەمەدا ئەمریکییەکان بناخەو بەرژەوەندی زۆریان لەو وڵاتەدا هەبوو، زانکۆکانی ئەمریکی و فەرەنسی و ئینگلیزی هەزارەها خوێندکاری ئێرانییان بۆ خوێندن وەرگرتبوو، کۆمەکی ئێران لە زۆر ڕووەوە هەبووە، پسپۆڕو ڕاوێژکارو کارمەندیان ناردبووە ئێران و کار ئاسانییان لە زۆر ڕووەوە

شۆڕش بەرپابوو و سەرکەوت، کە خوێندکارانی ئێرانی لە چواری نۆڤەمبەری 1979 سەفارەتی ئەمریکییان لە تۆڵەی وەرگرتنی شای ئێران لەلایەن ئەمریکاوە داگیرکرد، میللەت لەبەر ئەو پێشهاتەو لەبەر هۆکاری تر، دوارۆژی شۆڕشەکەیان بەدوارۆژی سەرهەڵدانەکەی (مسدق) دەزانی. جاری دووەمە سەفارەتی ئەمریکی داگیردەکرێت، لە (فیفری) بە ئامادەیی سولیفانی سەفیر پاش سێ رۆژ رووداوەکە کۆتایی هات. بەڵام ئەو رووداوەی تاران و سەفارەتی ئەمریکی وا بەئاسانی چارەسەرنەکرا، ئیسلامییەکان و خومەینی خۆشی نەهاتە رایێ، گیراوەکان 444 رۆژ مانەوە، هەرچەند ئەمریکا کۆششی کرد بۆ رزگارکردنیان ئێرانیەکان بەرپەرچییان دانەوەو سەرینەگرت. مانەوەی ماوەیەکی زۆر درێژی سەفارەتەکە لەو رەوشەدا، شەرمەزارییەکی زۆر بوو بۆ ئەمریکا، بۆیە دوژمنایەتی نێوان ئێران و ئەمریکا تەشەنەی کرد، لە دواییدا ئەمریکا هەڵوێستی تایبەتی بەرامبەر ئێرانی ئیسلامی وەرگرت، لە مانگی یۆلیۆی ساڵی 1980 دا قەیرانەکە بووە نۆ مانگ، لە گەرمەی قەیرانەکەدا پەیوەندی دبلۆماسی ئەمریکی عێراقی بە بیانۆی پاڵپشتی عیراق بۆ تیرۆریستان گەیشتە رەوشێکی ئاڵۆزو تەنگژە، دیمانەی سەرۆکی عێراقی سەدام حسێن بە سکرتێری ئاسایشی نەتەوەیی زبیگنیو بیرجینزکی لە ئوردن پێشهاتێکی باش بوو.

دوو مانگ پاش ئەو دیدارەو لە سپتەمبەردا عێراق هێرشی کردە سەر ئێران، پاش مانگێک بۆشی کاندید سەرۆک کۆمارو ریگن لە پاریس بۆ ئازادنەکردنی گیراوەکانی ئەمریکی لە سەفارەتەکە لەسەردەمی سەرۆکایەتی کارتەر لە پاریس دیداری نێردراوی ئێرانیان کرد، دیاربوو ئازادکردنیان هەنگاوی باشی نابوو .پاش ئەو

****

پشتیوانی ئەمریکا بۆ سەدام:

شەری نێوان ئێران و عێراق هەشت ساڵی خایاند، ئەمریکا پشتیوانی زۆری عێراقی کرد، لە ساڵی 1983 ئەمریکا رایگەیاند، کەوا عێراقی لە لیستی تیرۆریستی دەرهێناوە، ئەوەش پێشهاتێکی باش بوو لە گەرمەی شەڕەکە پشتیوانی عێراقی نیشاندا. پەیوەندی عێراق ئەمریکا بەرەو باشی دەرۆیشت، زوو زوو رامسفێلد سەردانی سەدامی دەکرد، بە نوێنەرایەتی تایبەتی سەرۆک ریگن سەردانی سەرکردایەتی عێراقی کردووە.

لەو شەرەدا ئەوروپیەکانیش بەتایبەتی فەرەنسییەکان یارمەتی زۆری عێراقیان داوە، وڵاتانی عەرەبی و یەکێتی سۆڤیەتیش بەردەوام هاوکاری عێراقیان کردووە، واتە سەدام جگە لە وڵاتی چین و ئیسرائیل پشتیوانی هەموو جیهانی لەو شەڕەدا هەبووە. ئەوەی زۆرتر بووە پشتیوانی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان بە رەسمی وڵاتی عێراقیان بە هێرشبەر ناونەبرد، ئەوەش هاوکاری باش بوو، بەڵام پاش ماوەیەک سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر زاری خۆی دانی بەوەدانا کەوا عێراق شەڕ هەڵگێسێنەربووە.

پشتیوانی و یەکرێزی ئەمریکاو بریتانی بوو، حکومەتەکەی مسەدەقیان لە ئێران رووخاندو شای ئێران گەڕایەوە پاشایەتیەکەی ئێران، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر ئێران و ناوچەکە دانابوو، داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکاش لە ئێران، نیشانی هاتنە پێشەوەی چەندین کاری توندوتیژی بووە لە ناوچەکەدا. لەو رۆژەوە ئێران باجی ئەو رووداوە دەدات و گەمارۆی ئابووری لەسەر بەردەوامە، ئەوەش

****

مەینەتی دیلەکان:

ئەگەر چەندی زووتر دەسەڵاتدارانی ئێرانی دانیان بە هەڵەی گیرانی ئەمریکییەکانیان لە سەفارەتە دانابووایە، باشتربوو، بەڵام بەپێچەوانە ئەوان توندترو بەردەوام تربوون، بۆیە رەوشەکەیان لە هەمبەر ئەمریکا ئاڵۆزتربوو. ئەو خوێندکارانەی سەفارەتەکەیان داگیرکردو ئەمریکییەکانیان بەدیل گرت هەموویان گەیشتنە ریزی ریفۆرمخوازە ئێرانیەکان، چواردەورەی خاتەمییان گرت. ئەو ژنەی ناوی ماری لەخۆی نابوو (معسومە ئیبتکاری) قسەکەری خوێندکارانی رفێنەری سەفارەتەکە، بۆ میدیای نێونەتەوەیی لە ئێران لە سەردەمی خاتەمی بوە جێگری سەرۆک بۆ کاروباری ژینگە.

سالآنە یادی داگیرکردن و رفاندنی کارمەندانی سەفارەتەکە لە سەرەتای نۆڤەمبەرا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازو خوێندکارانی تەمەن گچکە دەکەنەوە، ئەوانەی بەشداری ئەو گەمارۆدانەیان کردبوو بەشدار نابن و کەم دەردەکەون، لەبەرئەوەی کۆماری ئیسلامی داگیرکردنی سەفارەتەکەی بە پرنسیپەکانی سەرەکی کۆمارەکە زانیبوو، بۆیە داوای لێبوردنی نەکرد، ئەوەشیان وەک گرتنی گرتووخانەی باستیلی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی دەناساند.

بینایە کۆنەکەی سەفارەتەکەش کراوە بە پیشانگای تایبەت بە ئیمپریالیزم و زایونیزم، لەوێ چەندین وێنەی خوێناوی و

*****

**ئاسۆکانی پەیوەندی ئەمریکی ئێرانی:**

**ئێرانییەکان زۆر حەزدەکەن پەیوەندی ئێرانی ئەمریکی بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، لەناو رژێمیش کەسایەتی لەو جۆرە هەیە، بوونی ئەو پەیوەندییە بۆ هەموولایەکیان روونە کەوا جەماوەر زۆرتر سوودمەند دەبن و بەو نوێکردنەوەیەش کاروانی سیاسیشیان بەهێزو پتەوتر دەبێت، بەڵام کەسیش نییە حەز بکات جیرانەکەی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و سەرکەوێت.**

زۆریش لە لایەنی ئەمریکیش ئەگەر مەترسی سیاسی نەبێت، حەزدەکەن ئەو پەیوەندییە گرێ بدرێتەوە، بەڵام ئەو ساڵانەی دوایی بە چەندین پێشهات و رووداوی تازە پەیوەندییەکان و نزیکبوونەوەکان دوورترو ئاڵۆزتردەبێت، زۆرتر دوور دەکەونەوە، بەتایبەتی بە هاتنەپێشەوەی کێشەو قەیرانی عێراق و لوبنان. ئێرانییەکان بە دڵخۆشییەوە کارێکی ئەمریکییەکانیان وەرگرت ئەویش لەناوبردنی رژێمەکەی سەدام حوسین بوو، ئەو رژێمەی ماوەی بیست ساڵ ژیانی لێ تاڵکردن، هەروەها تالیبانەکانی وڵاتی ئەفغانستانیشی لە کۆڵ کردنەوە، بۆ یەکەمجار لە مێژوو، ئەمریکییەکان بەناوی دیموکراسی دەسەڵاتیان دا بە شیعەکانی عێراق، کە چەندین سەدە ئەوەیان لێ قەدەغەکرابوو.

پرسیاریش ئەوەیە دەکرێ تەنیا لە باڵکۆنەکانەوە تەماشای پێشهاتەکان بکەیت ..؟ لەلایەکی ترەوەش پاسداران لە پەنا پەردەوە کاردەکەن. بە رووخانی رژێمەکەی عێراق زوو مەلاو زانا ئاینەکانی شیعەی ئێران، بۆ تەواوکردنی زیارەتەکانیان خۆیان گەیاندە مەزارە پیرۆزەکانیان لە عێراق، کە ماوەیەکی درێژ لێیان قەدەغەبوو، زۆر لە مێژیش بوو چاوەڕوانی ئەو هەلە پیرۆزە بوون.

لەبەر دوو فاکتەرە پەرۆشی ئەو رەوشە تازەیەبوون، هۆکاری سیاسی و ئاینی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەبوون رەوشی عێراق لەو ئاستەدا بتەقێتەوەو دەسەڵاتی شیعەکان بەرەو دواوە بگەڕێتەوەو دەسەڵاتەکەیان لاوازو پەرتەوازە بێت، هەروەها کوردەکانی ئێرانیش خەونی وڵاتی گەورەیان پەیداکردووەو ئەوەش مەترسی بۆ ئێرانیەکان پەیداکردووە .لە راستیدا رەوشەکە زەحمەتە، بۆیە گومان لەوەدایە لە بنەوە بەرنامەو سیاسەتی شاراوەش هەیە کاردەکات.

****

بازدان بەرەو لوبنان:

**لوبنان و فەلەستین دوو ناوچەی بایەخپێدراون لەلایەن پاسدارانەوە. ئێرانیەکان شانازی بە هێزی حیزبوڵای لوبنانی دەکەن، بوونی ئەو حیزبەو دەستکەوتەکانی بە سەرکەوتنی خۆیانی دەزانن، چونکە توانییان ناسنامەیەک بۆ شیعەکانی لوبنان بسەلمێنن، ئەوانەی زۆرتر دەچەوسێنرانەوەو داپلۆسینیان لەسەربووە. هەر لە ساڵی 1980 ئێران یارمەتی شیعەکانی لوبنانیان دا، پارەی زۆریان خستە بەردەستیان و هێزو میلیشیایان بۆ دامەزراندن. مەشقی زۆریان لەسەر هێرشبردن و بەرگری پێکردن و مووشەکباران باشی کاریگەریان بۆ دابینکردن، تا لە هاوینی 2006 دا توانییان شاری حەیفای ئیسرائیلی مووشکباران بکەن، رەنگە مووشەکی دوورهاوێژترو خێراتریان هەبێت، بگاتە تەلئەبیبیش بپێکن. گەشتی ئاسمانی ئێران سوریا لەبەر چوونی ئێرانی بۆ زیارەتی مەزاری پیرۆزیان لە سوریا بەردەوام هاتوچۆکەیان زۆرە. رابەری رۆحی و سیاسی شیعەکانی عێراق ئایەتوڵا ئەلسیستانی لە رووی فیقهییەوە هاوبیری خومەینی نەبووە. حیزبوڵا باش راهاتووە لە مەلەکردن لە نێوان هەردوو سەرپەرشتکارەکانی لە سوریاو ئێران، حەسن نەسرولا زۆری لە ئەنسارەکانی ئیسلامی ناو وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی قازانجکردووە، ئەوەش ئازادی کردووە تا نەبیتە گەمەی دەستی هیچ کەسێک.**

**حیزبووڵاو حەماس چونکە پارە لە ئێران وەردەگرن و یارمەتی باشیان دەدات، بۆیە ئەو وڵاتە دەستی زۆری لەسەر ئەو حیزبە لە لوبنان و فەلەستین درێژەو بەرنامەی کاریشیان بۆ دادەڕێژێت، لەکاتی پێویست ئامۆژگارییان دەکات.**

**ئێران وڵاتێکی هەستیارە، کار بۆ ئەوە دەکات هاوکێشەی نێوان بەرژەوەندی تایبەت وەک وڵات و ئامانجەکانی شۆڕشە ئیسلامیەکەی راگرێت .بۆ ئەوەی بەربەستیان بە رووی خۆرئاوا**

لەرۆژانی گەرمی کارەساتەکەی یازدەی سپتەمبەر رۆژنامەکانی ئێرانی هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە کەوا چەندین هاووڵاتی ئێرانی بۆ هاوخەمی بۆ قوربانیانی ئەو کارەساتە مۆمیان داگیرساندووە، ئەوەش پاش ئەوەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانی وتبووی ئێمە ئامادەین لەگەڵ ئەمریکییەکانا دانوستان بکەین، ئەگەر ئەوان کەمێک مەنتقی بن، بەڵام بۆ رۆژی دوایی لە دووانەکەیان پەشیمان بوونەوە، وتیان ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەمریکییەکانا دانانیشین، دووبارە پاش هەفتەیەک وەزارەتی کاروباری ئێرانی ئامادەییان بۆ دانووستان دووپاتکردەوە. لەکۆتایی حکومەتی ئێرانی هەڵوێستی فەرمی خۆی راگەیاند، پێویستە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوسۆزی هەڵوێستمان بێت و بەردەوام بێت لە داواکردنی دانوستان، ئێمەش سوورین لەسەر ئەوەی تا دوا تنۆکی خوێنمان دژ بە دانووستان بین.!

لایەنی ئەمریکیش لەسەر زاری سەرۆک بۆشدا رایگەیاند، کەوا ئێرانییەکان پاش کارەساتەکەی یازدەی سپتەمبەر هەڵوێستیان هەبووە، پاش دوو رۆژ سەرۆک بۆش دووبارە رایگەیاندەوە کەوا گومانی نییە ئێران دەستی لە رووداوەکە هەبووبێت.. سێ رۆژ پاش رووداوەکە کۆڵن پاوڵ وتی، ولایەتە یەکگرتووەکان بڕوای بەوە هەیە کەوا ئێران دەستی لە رووداوەکەدا نییە ..

**دوا هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکی بە فەرمی بەو شێوەیە**

**ئێمە پابەند دەبین بە دانوستان لە گەڵ ئێرانی ئاشتیخواز، ئامادەشین ئێرانی سەر بە کێشەو ئاژاوە بڕوخێنین، بە بەرنامەیەکی راستەوخۆی لە ماوەی سێ ساڵدا!.**
**ئەوەی بۆ ئێرانییەکان و ئەمریکییەکان لەو جیهاندا باشە، لایەنی تر هەیە لە گۆی زەوی، نەتەوەو میللەتانی تر هەیە، ئەگەرنا لەو جیهاندا لە مێژبوو کەس نەدەما!.**

********

**لەسەر سووکانی لێخوڕنی ئوتومبێل:**
**پاپای چوارەم (بی) جارێک وتبووی:**
**شارستانیەتی دێرینی میللەتان لە سوارچاکییەوە دیارە. بەڵام ئیمڕۆ شارستانیەتی میللەتان لە هونەری لێخورینی ئوتومبێل دایە. وڵاتی ئێران لەو لایەنە لە وڵاتانی تر جیاوازە، ئەوەش بڕیاری برادەرێکمە لە هونەری لێخوڕینی ماشین زۆر شارەزایە، ئەو دەیووت وڵاتانی میسرو هیند ناسراون بە ئاپوورەی زۆری هاتوچۆ، بەڵام کە برادەرەکەم هاتە تاران، زۆری لا سەیربوو ئەو شوفێرانەی ئەو شارە، چۆن ئوتومبێل لێدەخوڕن، چۆن هەموو بەپەلەن بەیەکەوە، پاش داگیرساندنەوەی رەنگی کەسک لە ترافیک لایتەکانەوە زووتر دەربچن، هەموویان پێشبڕکێ دەکەن زووترو پێش ئەوی تر دەربچێت. لۆرییەکان لە ئوتومبێلە گچکەکان خێراترو بەپەلەترن، ئوتومبێل و پیادەکان لەو رێگاوبانانەدا وەک یەک تەنگاون بۆ برینی بوارەکەی پێشیان. ئەوەی زۆر لە ئێران لە کاتی لێخوڕینی ئوتومبێل جیگای سەرنجە هۆڕنە .! زۆر زۆر دەنگی بەهێزی هۆڕن**

****

**شەڕی هاتوچۆ:**

**ڕۆژانەو بەردەوام شەڕی هاتوچۆ لەناو شارەکانی ئێران گەرمە، زۆرن ئەوانەی یاساکانی هاتوچۆ پێشێل دەکەن، پەیوەندی و تێڕامانی نێوان دوو شوفێری بەرامبەر یەک، پیادە بەرامبەر بە شوفێرو شوفێریش بۆ پیادەی سەر شەقامەکان دوژمنکارانەیە، هەموو هێزی خۆیان دەخەنەکار تا بواریێ وەرگرن و بڕۆن، سەرکەوتوو ئەو کەسەیە زووتر بڕوات و خێراتر بێت، ئەوەی لە شوێنێک بەخێرایی و پێشڕەویی پێشکەوت، ئەوا لەناو ئاپوورەی تاران ئاسایيە لە شوێنێکی تر دەشکێت و دەبەزێت. لەناو تاراندا بۆ دیتنەوەی بواری دەرچوون و رزگاربوون و گەیشتن، ئاساییە ئوتومبێلێک بەپێچەوانەی سایدەکە بڕوات، یان بۆ پاشەوە چەند مەترێک بکشێتەوە، زۆر سەیرە، زۆریش بواری بۆ خۆش دەکەن تا دەربازی بێت، لەبەرئەوەی هەموو لایەک پێویستییان بەو یارمەتییە دەبێت، چونکە رۆژێ دەبێ ئەویش وا بسوڕێتەوە، بۆیە هەموولایەک ئامادەیی ئەوەیان هەیە ڕێگای بەرامبەرەکەیان و پشتەوەیان بکەنەوە.**

**تازەو نوێ بووم، لەناو تارانا ئوتومبێلم دەهاژووت، بەدوای ئەدرێسێکدا دەگەڕام، نەخشەکەی ناو دەستم منی بردە کۆلانێکی تەنگەبەر، راوەستام و چاوەڕوان بووم، لە ئاوێنەکەی بەردەمم بینیم پاسێک لە پشتەوەم وەستاوە، لە پاش ئەو پاسە چەند ئوتومبێلی بچوک وەستان، تەماشام کرد بووە کاروانێکی درێژ، زۆرم لا سەیربوو کەس هۆڕنی بۆم لێنەدا، کەس تەنگاوی نەکردم، دیاربوو هەستیان بەوەکردبوو من لە شوێنێک دەگەڕێم !.**

****

## ئەدی پۆلیس لە کوێیە..؟

ڕۆژانە ئاپوورەی شەقامەکانی تاران خەڵکی هەراسان کردووە، دەپرسین ئەدی پۆلیس ئێوە لە کوێن ..؟ هەڵویستی پیاوانی پۆلیس زەحمەتە، کەم بە چاوی دانەرو ڕێبەری جێبەجێکردنی یاسا تەماشایان دەکەن و ڕێزیان دەگرن، کە شەقامەکان ئاڵۆزو شێواو دەبێت، ئەوان و شوفێرەکان بۆ چارەسەری دەکەونە دانوستان و بینەو بەردە، بۆ بوار دۆزینەوەیەک، بۆ کردنەوەی ڕێگاکە، دەبنە دوو برادەرو هاوڕێیانە کار بۆ چارەسەرییەک دەکەن. ئەو پۆلیسانە ئەگەرچی کارەکەیان زەحمەت و گرانە، ئەوان لەو حەشاماتەدا هەناویان پڕ دووکەڵی ژەهراوی گزۆزی ئوتومبێلەکانیش دەبێت، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی تاران بەناچاری بنکەی زۆریان لە تاران بۆ پاراستنی ئەو پیاوانە داناوە. بە سزا وەرگرتن و تۆمارکردنی ژمارەی ئوتومبێلەکانیان، کەس ناتوانێت ئوتومبێلەکەی لەسەر شۆستە ڕاگرێت، بەو ژمارە نووسینە ترسی زۆر دروست دەکات، چونکە ئەگەر پارەکەشی نەدەن، ئەوە ئوتومبێلەکەی ئیشارەتی حیجزی دەکەوێتە سەرو کڕین و فرۆشتنی ئەستەنگی دەکەوێتە پێش. ئەو شەقامانە زۆرجار لایەکی هاتوچۆی بۆ لایەکی تری دەگیرێت، لایەکی ڕۆیشتن دەوەستێت، شوێنێک بە جەستەی کۆنکریتی گەورە دەگیرێت و ئەو گیرانەش زۆر دەمێنێتەوە. ئەو هەموو گۆڕانە ڕۆژانە ڕوو دەدات، کەسیش هۆکارەکانی نازانێت.

شەقامی دەولییەو سایدێکی دەگیرێت، کەس هۆیەکەی نازانێت، بیناسازی لایەک تەواو دەکرێت و بەشێکی ڕادەوەستێت و چاوەڕوانی پارەی ترو تەواوکردنی پرۆژەکە دەکەن، کەس نازانێ هۆکارەکانی تەواونەبوونی ئەو شەقامانە چییە..!؟ ئەوەی ڕوون و

بەکارهێنانی شەقامەکانی و وەرگرتنی پارە بۆ بەکارهێنانی شەقامەکان زۆرە، وەرگرتنی پارەکەش ئاساییە، بەڵام ئەوەی ماندووت دەکات ئەوە نییە تۆ چەند سەنتێک بۆ بڕینی سەد کیلۆمەترێک دەدەیت، کێشەکە لەوەدایە، پارەکەو نرخی بەکارهێنانەکە دیار نی یە، نازانی ئەو ڕێگایە بڕینی بە چەندە، نازانی چۆن بلیتەکە وەرگریت و پارەکە چۆن و لە کوێ وێربکەیت، جاری وابووە تۆ بلیتەکەت لێکەوتووەو ناچارت دەکەن، پارەی تەواوی ڕێگاکە دووبارەو سەرلەنوێ بدەیتەوە، یان جاری واش بووە، کە زانیویانە تۆ بێگانەیت پارە وەرناگرن و کابرا دەیکاتە پیاوەتی خۆی.

لەو شەقامە خێراو بەرزانەدا ئەوەی هەراسانت دەکات، ئەوەی مەترسیت دەخاتە پێش پەرینەوەی زۆرو بەردەوامی پیادەیە، هەر ڕێبوارەو دەپەڕێتەوە، کەسێکی دەست بە کاڵاوە دێتە پێشت و لە شەقامەکە بێ گوێدانی مەترسی دەپەڕێتەوە، خێزان بەگچکەو گەورەوە بەیەکەوە ئەو شەقامە خێرایانە دەبڕن. ئەوەش کارەساتی جەرگبڕی زۆری لێدەکەوێتەوە ساڵانە لەو وڵاتەدا 25 هەزار کەس دەبێتە قوربانی کارەساتی بەردەوامی هاتوچۆ، هۆکاریش زۆرە، هەر لە هەڵەی شوفێرەکانەوە تا ناسەلامەتی بارهەڵگرو لۆرییەکان و نادروستی ئوتومبێلەکانیانەوە.

لەو وڵاتەدا ئوتومبێل هەرگیز نامرێت، شەوانە زۆرجار ئوتومبێلی بێ ڕووناکی و بێ لایت دەبینی، ئوتومبێلی وا لە شەقامەکانا دەڕوات، ئەوەندە کۆنە شوێنەواری لایتەکانیشی نەماوە. لە ڕێگاکانی نێوان زنجان و تبریزو کرمان و بام کارەسات بێ ژمارە

لەنێوان ئەسفەهان و شیراز کە بەفر دەبارێت، بیست سانتیمەتر بەفر دەکەوێت و ڕێگاکان دەگیرێن و خەڵکەکە پەکی دەکەوێت و سەدان لۆری و ئوتومبێلی گەورە لەیەکتری گیردەبن، کەس بە هانایانەوە نایێت، ڕێگاکە خاوێن ناکرێتەوەو بەفرەکە ڕاناماڵدرێت، بەناچاری خەڵکەکە دەکەونەخۆو ئوتومبێلەکانیان ڕزگار دەکەن. تا شەویان بەسەردا نەیەت و زوو بگەنەوە ماڵەوەیان بەچەندین شێوەی هاژووتنی نایاسایی و لادانی لە تەنیشت و لاڕێ گرتن دەگرنەبەر.

لە هەموو شوێنێک و بوارێک ماتۆڕ لە شەقامەکانی تاران ئامادەیە، ئەوەندە زۆرەو جێگەی گوێدرێژی هەژارانی جارانی گرتۆتەوە. سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی زۆر بۆ کوشتنی پیاوانی ڕژێم ماتۆڕ بەکاردەهات، بۆیە بەکارهێنانی ماتۆڕ قەدەغەکرابوو، ئەوانەی ئیمڕۆش بەکاردەهێنرێت مەکینەی بچوکی جۆری 125 سی سی سم 3، گەنجەکان زۆرتر بەکاری دەهێنن، لەبەر ئاپوورەی شەقامەکان ئەو ماتۆڕانە دەچنە هەموو بوارێکی تەسک و باریک بەسەر شۆستەکان دەکەون، لە نێوان ڕیزی ئوتومبێلەکانەوە دەردەچن، بەبی ئەوەی گوێ بدەنە لایتەکانی هاتوچۆ گوزەر دەکەن، لە شێوەی ئەکتەرەکانی سینەما بۆی دەردەچن و دەنگ لە مەکینەکانیان دەهێنن و دووکەڵی لێوە بەرزدەکەنەوە.

کە کارەساتی مردن و برینداراني بەکارهێنانی ماتۆڕ لە شەقامەکانا زۆر بوو، پۆلیسی هاتوچۆ شوفێرەکانی ناچارکرد خودەی تایبەتی ماتۆڕ بەکاربهێنن، ئەگەرچی سزاشی لەسەرەو پارەی باشیشی

ئەو ماتۆڕانە بووەتە تاکە سەرچاوەی هەزاران خێزان، ئەگەر باوکەکە ئەو خودانەش بەکاربهێنیت، ئەوە گیانی هاوڕێیەکانی پشتەوەی ئەو لە مەترسیدایە، باوکەکە لە پێشەوەیەو مناڵێکی لە پێشەو سووکانەکەی داوەتە دەست، یان ژنەکەی لە پشتەوەیەو لە پێشەوەش مناڵێکیان داناوە، زۆریش لە نێوان ژن و پیاوەکەش مناڵێک یان زۆرتر هەڵدەگرن، مەترسییەکە لەوەدایە ئەو مەکینە بچوکەی 125 سم3 چۆن بەرگەی ئەو بارە زۆرە دەگرێت.

لە ڕۆژانی بومەلەرزەکەی شاری بام بۆ ئێمەی بێگانە ئوتومبێلی تازەیان بەکرێگرتبوو، لە ڕێگادا ئوتومبێلەکەمان پەکی کەوت، چاوەڕوانی ئوتومبێلێکی تربووین، لە تەنیشتمەوە بینیم لۆرییەکی گەورە چاوڕەوانی ڕۆیشتن و نۆرەی هاتنی ڕێگاکەیان بوو، دوو کوڕی تەمەن 13 و 15 ساڵانی لەناو بوو، هەر کە نۆرەی ڕۆیشنتیان دەهات، چاوەڕوانی هاتنی شوفێرەکەیان نەکرد، یەکێکیان لۆرییەکەی خستەکارو نەیزانی لە دەستی وەریگرت و ئوتومبێلەکەی پێشەوەی خۆی زەرەرمەندکرد. کە شوفێرەکە هاتە خوارەوەو زیان و شکانی ئوتومبێلەکەی خۆی بینی، هیچی نەکرد، من ترسام وتم هەر ئێستا دەبێتە شەڕەدەست و هاواری سەر یەکتری دەکەن. بەڵام کابرا گەڕایەوە سەر ئوتومبێلەکەی و چاوەڕوانی هاتنی باوکی مناڵەکانیشی نەکرد. منیش پرسیم باش بوو هێمن بوویت، ئەویش لە وەڵامدا وتی، مناڵەو نافامێت، هیوام وایە موسلمانێکی باشی لێدەربچێت.

****

مەلاو کارەبا:

هەرچەندە ئەو وڵاتە سروشت و دیمەنی جوانی هەیە، بەڵام زۆری ڕیزی ستوونەکانی کارەبای ناو شارەکان و لەناو جەرگەی بیابانەکانیشی سەرسامت دەکات، لەو ڕێگاوبانانەدا چەندین تۆری ستوونی کارەبات دێتە پێش، ئەوەندە زۆرن بەرادەیەک سەرت لێدەشێوێنێت، ڕێگات پێ بزر دەکات. ئەو عاموودە کارەبایانە سەیرن لەهەندێ ڕێگا قیرتاوەکان زۆر زۆرن، لە هەندێکی تر بەرچاو ناکەون.

لە ڕێگای نێوان شارەکاندا بواری وا هەیە چۆڵەو چەند کیلۆمەتر دەبڕیت هیچت نایەتە پێش، ئەگەر چەند سەرمەڕێک یان چەند مریشکێک ببینیت، ماوەماوە سەگێکی وەرکەوتووش دەبینی، ئەو سەگانەش کە هەستیان بە لایدەیەک کرد چاوە داخراوەکانیان دەکەنەوە، ئەویش ڕۆلی گلۆپی داگیرساوی شەوو ڕۆژ دەبینێت.

کە شەو دادێت، ڕووناکییەکی کز لە دەرزی دەرگاو پەنجەرەکانەوە دەردەکەون، بە بینینی ڕووناکییەکی ڕەنگ شین، دەزانی تەلەڤزیۆنەو داگیرساوە. ئێمە لە سەرووی سەرەوەی دونیاین بەهیمەتی کۆماری ئیسلامی کارەبا بەردەوامەو بە خۆڕاییش دابەشدەکرێت، بۆیە دەزانم پارە وەرناگرن، چونکە بڕوا ناکەم پارەوەرگرێک هەبێت بێتە ئەو شوێنە دوورە .

پەروەردەو نەوەکان:

سەرەتای شۆڕش دەستکاری بەرنامەکانی پەروەردە کرا، گۆڕانی زۆرکرا، ئەو گۆڕانە ئێستا هەست پێدەکرێت. کیژو کوڕ کەم و زۆر لەم وڵاتە دەچنە بەرخوێندن، زۆربەی گەڕەکە گەورەکان و لادێیەکان بنکەی تەندروستی تێدایە، ژن و مێردی تازەش، پێویستییە سەرەتاییەکانی سێکسیان فێردەکەن، زۆر هانیان دەدەن منالبوونیان ماوەی هەبێت، نەوەکان کەمتر بکەنەوە .مەلاکان سەرەتا

رژێمی مەلاکان دەڵێن ئاینی ئیسلام دژی سنووردارکردنی نەوەو بوون نییە، لە بنکەکانی تەندروستی لادێیەکان حەبی راگرتنی ئاووسبوون بەخۆڕایی دەدەنە ژنان، لە دەرمانخانەکان بەجوانی ئەو حەبانە دەبینیت، هەموو بە ئیشارەتی تایبەتییەوە رەنگکراوە، ئەو حەبانەش بەئاسایی لە پەنجەرەی دەرمانخانەکان دەفرۆشرێت، چۆن ماست دەکڕیت ئاواش ئاسانە حەبی ئاووسنەبوون دەکڕیت.

لەو دواییەدا هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی جیهاد یەکیانگرتەوە، ناویان نا وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵی، دیارە پەیوەندی بە شەڕی خیانەت یان شەڕی دژ بە ئوسامە بن لادنەوە نییە، ئەو شەڕە دژ بە دواکەوتوویی ناو لادێیەکانە. میدیاکانی خۆرئاوا دەستەواژەی جیهاد بۆ شەڕی خاچپەرستەکان وەردەگێڕن، ئەو وشەیەش بەتایبەتی لەسەر خاکی ئیسلام، پێویستی بە خوێ تێکردن نییە تا ماناکەی بزاندرێت. لەکۆتاییدا ئەو شەڕە خاچپەرستییە، بەرهەم و داهاتەکەی دەرکەوت. کە لادێیەکان دەدوێنیت و لە رەوشی ژیان و گوزەرانی گوندەکانیان دەپرسیت، لە وەڵامدا دەڵێن خراپ نییە، ئەوەش سەلماندنێکە بۆ ئەو شەڕە، چونکە لەسەرانسەری جیهانا کەم گوندنشین هەیە وەڵامی بەو جۆرەت بداتەوە. گەنجی ناو ئێران هەست بەبێزاری و ناڕەحەتی دەکەن، بێکاری لە نێوان گەنجەکانا زۆرە، بەڵام لەچاو هەموو رەوشە خراپەکانیان، هەست بە بوونی برسیەتی ناکەیت. ئەو گیتۆیە نیشتەجێیانەی لە زۆر شوێنی جیهاندا هەیە بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتینی، لە ئێراندا نییە، ئەگەرچی لەناو ئێراندا بەبێ ویستی خۆیان ژمارەیەکی زۆری

*****

**پاک و خاوێنی:**

**لەسەرەتای گەیشتنم بۆ تاران جاروبار دەچوومە گەڕەکە هەژارنشینەکانی پایتەخت، جارێک ژنەکەشم بەرێکەوت سەری لەو گەڕەکانەدا، لەو سەردانەماندا بۆمان روون بۆوە کەوا ئەو گەڕەکانەش لەگەڵ گەڕەکەکانی تری تاران جیاوازییەکی زۆری نییە، ئەگەرچی شێوەی باڵەخانەکانیان زۆر جیاوازە، هەموو بیناکانی سادەن، چڕی دانیشتوانی زۆرترەو پیسایی زۆرترە.**

**ئەو ناوچانە دەکەوێتە سەر بەرزاییەکانی بەرزە، هەژارەکانیان لە بەشی باشووری ناوچەی پیشەسازییەکەی دەژین. ئەگەرچی خێزانی هەژارو نەدارن، بەڵام خانووی خۆیان هەیەو ژوورەکانیشیان گەرم دەکرێتەوە. لەو شارەش کەسانی بێ نەواو بێ سەرپەرشتیاریشی تێدایە، بەڵام لە پاریس کەمترن، شەقامەکانیان خاوێنەو پاشماوەکان و خاشاکی گەڕەکەکانیش بەباشی و بەبەردەوامی باشوورو باکوورەکەی کۆدەکرێتەوە. بۆ دابینکردنی ناوچەی سەوزایی کاری زۆرکراوە. لەسەردەمی شادا کۆچ بەرەو شارەکان زۆربوو، بەڵام رژێمی ئیسلامی ئەو پرۆسەیەی رێکخستووە. سنووردانانی کۆچ بۆ شارەکان لەلایەن حکومەتی ئێرانی وەک کۆنە یەکێتی سۆڤیەت بەزۆری و بەهێزنەبوو، ئەوان پسولەی هاتوچۆی**

***

زانکۆکان:

له وڵاتی ئێران چەند زانکۆی حکومی و ئەهلی هەیە، زۆربەی خوێندکارەکانی رەگەزی مێیەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە کار بۆ دەرچووانی ئەو زانکۆیانە بدۆزێتەوە، ئیمرۆ نزیکەی دوو ملێون خوێندکار له زانکۆکانی ئێرانی دەخوێنن. گەیشتنە خوێندنی زانکۆ بۆ خوێندکاران ئاسان نییە، پێویستی بەکۆششی زۆر هەیە.

وەرگیران بە رێکخستنی پێشبرکێی نیشتیمانییەو دووریش نییە خوێندکاری ناو تاران له زانکۆیەکی دەرەوەی پایتەخت وەرگیرێت، بەڵام خوێندکارە سەرکەوتووەکان ئارەزووی کام زانکۆی ناو تاران بکەن سەرپشکن. زانکۆیە گشتییەکان لەدەست ئاپوورەیی و ژمارەی زۆری خوێندکارانەوە دەناڵێنن، هەروەها کێشەی کەمی کەرەستەشیان هەیە، لەناو ئەو زانکۆیانەشدا خوێندکاری سەرکەتوو بەهرەمەندیش زۆرن له بوارەکانی پزیشکی و بیناسازی و ئەندازیاری و هونەرییدا پلەی بەرزو زانیاری زۆر وەردەگرن، له هەموو وڵاتانی جیهانیش بە پلەی باش، له بواری باشیش وەردەگیرێن و تەگەرەیان ناکەوێتە پێش چونکە ناوبانگیان باشە.

لەناو ئێراندا وەک ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا له بواری رێکخستنی هەرێمایەتیدا کۆماری ئیسلامی پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، شۆڕش لەسەر حیسابی کۆمەڵ هانی تاکە کەسی زۆر داوە، لەناو شارەکانا میترو جێگەی ئوتومبێلی گرتۆتەوە، له گوندەکانا رێگاو فرۆکەیان له هێلی شەمەندەفەرە لا باشترە، بۆ

هاتوچۆو گەیشتن لە ناو تاران ئاسان نییە، زۆرجار رووی داوە لەبەر ئاپوورەی شەقامەکان نەکراوە بە چەندین سەعات بگەینە شوێنی مەبەست، بۆ دۆزینەوەی بوارێک بۆ دەربازبوون یەک دوو سەعات رێمان کردووە.. تارانیش وەک شاری پاریس بواری گواستنەوەی گشتی هەیە، بەڵام کەموکوڕیشی هەیە، لەو هێڵە گشتییانەدا ژنان سواری فارگۆنەکانی پشتەوە دەبن، پیاوانیش پێشەوەیان بۆ دانراوە، لەناو تارانا تاکسییش هەیەو لەبەرامبەر ئەوانەشدا بە شێوەیەک ئوتومبێلی گواستنەوەش هەیە بەنایاسایی کاردەکەن، ئەوەش لە شارە گەورەکانی تری جیهاندا نییە. کە تاکسییەکت راگرت شوفێرەکە پرسیاری شوێنەکەی مەبەستت لێ دەکات، ئەگەر لەسەر رێگای ئەو نەبێت سوارت ناکات، زۆریش نەفەری زۆرتر باردەکەن، ئەوەش تەنگژەی هاتوچۆ زەحمەتتر دەکات.

میترۆیەکەی ناو تاران تەنیا دوو هێڵە، یەکێکیان لە باکوورەو بەرەو باشوور دەڕوات، ئەوەی تریان لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا دەڕوات، هەردوو هێڵ رۆژانە تەنیا 500 هەزار کەسیان پێ باردەکرێت. ئەو رێژەیە لە چاو هێڵەکانی میترۆی شارە گەورەکانی جیهان کەمە، ئەوان پێنچ شەش ئەوەندە زۆرتر نەفەر دەگوازنەوە.

ئەگەرچی هێڵی ئاسمانی ئێرانی هەیەو لەناو وڵاتا خزمەتی زۆرە، بەڵام پاش گەمارۆیەکەی سەفارەتی ئەمریکی لە تاران لەو رۆژەوە بایەکۆتی ئابووری لەسەر ئەو وڵاتەیە، ئەوەش کاری هێڵی ئاسمانی زەحمەت کردووە، لە زۆر پێویستی بێ بەشن و دەستیان

**بژاری یەکەم ئەوەیە، خوێندکارە شۆڕشگێرە زیرەکەکانی سەردەمی شا بۆ خوێندن لە ئەمریکابوون، بۆ پشتیوانی شۆڕشی ئیسلامی گەڕابوونەوە ئێران، ئەو ئەندازیارو کارمەندە پسپۆڕانەی ئاوەدانی جێگای پەنجەیان لەو وڵاتەدا دیارە. سەبارەت بە هۆکارەکانی پاشکەوتنەکانیش زۆرە، لەوانە، یەکەمیان بایەکۆتە ئابوورییەکەی ئەمریکایە لەسەر ئێران، ئەوەش بواری گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای گرێداوە، شەڕی ئێران عێراقیش هەموو تاقەت و وزەکانی هەڵمژی و وشکبۆوە. هۆکاری تریش زۆرە وەک نەبوونی پشتیوانی سەرمایەی بانکی ئێرانی بۆ پرۆژەی گەورەی درێژخایەن، نەبوونی بەرنامەی بەکارخستنی سەرمایەی زۆر بۆ گەشەی وڵاتەکە لە کاتی پێویستدا.**

**شەوانە لە رێگای خێرایە ئاپوورەکەی نێوان تاران ـ قوم تاران بە رووناکیەکەی زێدە جوان دیارە، شارەکەی مەشهدیش بە بازاڕە کۆنەکەی ناودارە، لەسەردەمی پاشای پەهلەویدا بەشێکی ئەو بازاڕە رووخێنرا، بەڵام ئیمڕۆ ئەو شارە شارێکی هاوچەرخی جوانی پێشکەوتووە.**

**بە هۆڵێکی گەورەی بە ئەستوونی بەرزەوە دەچیتە ناو مەزاری ئیمامی حوسێن، دیوارو بنمیچەکەی بە ئاوێنە رازاوەتەوە، ئەو دیمەنەش دیکۆرێکی نازداری خوڵقاندووە، هەر ئاوێنەیەک لەو ئاوێنانە راستی زۆر جوانی شوێنەکە دەگەیێنێت، خەیاڵ بەرەو**

شەوو رۆژ ئەو لێشاوە بەردەوامە، زیارەتکەرەکان پەرۆشن دەستیان بگاتە پەنجەرە زیوینەکەی مەزارەکە، دەست و لێوی پێوەدەنێن، پەرۆشن بگەنە ئەو شوێنە پیرۆزەو بە فرمێسکیان تەڕی بکەن، جۆگەی فرمێسکی گەرمیان بۆ پیرۆزی شوێنەکە وەک باران دەبارێت. هەر لەو مەزارەدا شوێنی پیرۆزی تری کەمێک هێمن و ئارامی تێدایە، شوێنی کراوەو داپۆشراوی تێدایە، بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش و ئارامبوونەوەیان تەرخانکراوە، نەخۆشەکان دەمێننەوە، شەوو رۆژو زۆرتر تا چەند هەفتەیەکیش، بەیەکەوە خەریکی نوێژو سەلاوات و خواردنن، بەردەوام قورئانیش دەخوێنن و چەندین مەراسیمی تری ئاینی دەکەن.

****

دەوڵەمەندی مشهد:

گۆڕەپان و هۆڵەکانی ئەو شارە زۆر خاوێنە، پارچە پلاستیکێک یان پارچە کاغەزێکی فڕێدراو لە ژوورەوەو دەرەوەی ئەو مەزارە نابینیت، لە گۆشەیەکی لاچەپی ئەو شوێنە تۆزو پیساییەک لەسەر گۆشەیەکی دەرگایەکی نابینی. یەک سوپای گەورەی پاککەرەوە ئامادەن، دەست بەگسک وەستاون و ئامادەییان هەیە بۆ پاککردنەوەی هەر پیساییەک. لەو مەزارەدا هەموو شتێک پیرۆزە

کۆمەڵە خەیرییەکان نوێنەریان، ژیانی حوسێن و رۆژانەو خەباتەکەی و شێوەی شەهیدبوونەکەشی نمایش دەکەن، میوانەکانیش بە پەرۆشەوە چاوی لێدەکەن. ئارسور دو گوبینۆی دبلۆمات لە ئێران لە ماوەی سەدەی پازدەهەمدا ژیاننامەکەی لەناو کتێبەکەی (سێ ساڵەکەی ئەسپانیام)دا وێنەکەی کێشاوە.

***

بەپێچەوانەی عێراق و هیند:

ئەو کۆمەڵە خەیریانەی ناو ئێران هەموو مەراسیمەکانی یادی حوسێن بە جوانی رێکدەخات، بەرنامەی جوان و شارستانی ئەوان رووی باشی بە خۆرئاواییەکان نیشانداوە، ئەوانەی لە عێراق و

له رۆژی عاشوردا گەورەترین و شکۆدارترین ڕێورەسم بۆ یادی شەهیدبوونی ئیمام حوسێن دەکرێت، هەموو کەس ڕەشپۆشە، شکۆدارترین ڕووداوی ئەو یادە لە بازاڕی تارانی گەورە دەبێت، شوێنەکە لە شەقامە سەرەکییەکانی شار دوور نییە، لەوێ خێوەتی گەورە هەڵدەدرێت، خیوەتەکە شێوەی ئەو خێوەتەیە کاتی خۆی ئیمام حوسێن هەڵیداوە، کردنەوەی ئاگرەکەش نیشانەی دەستپێکردنی شەڕەکەیە.

له کۆڵانە تەسک و بەرتەنگەکاندا پیشەوەران جۆرەها خێوەتی تایبەتی هەڵدەدەن، خێوەتەکان بەیەکەوەن تا دەگاتە سەنتەرەکە، هاوتەریب دەنگی گریان دێت، دەستیان دەجوڵێتەوە، لە سینگیان دەدەن، ڕەوشەکە بۆنی ئاژاوەی پێوەیە. چەند بەرەو دەروازەی سەنتەرەکە دەچیت ئاپوورەکە زۆرترەو یادەکە گەرمترو ڕەشترو قەرەباڵغترە، لەناو ئەو هەزارەها کەسە چەند سوار ئەسپێک و حوشترەوانێک دیارن، ئەوانەش نمایشی شەڕەکان دەکەن، دیمەنە کوشندەکەی شەڕەکان دەهێننەوە پێش چاوان تا زۆرتر گریان و سۆز بخوڵقێنن. لەناو ئەو رووبەرە ڕەشەدا چەند سپیپۆش دیارن، مناڵن و بەرگی پاکی و هیواو ڕەمزی قوربانیش ئامادەیە، سپیپۆشەکان هەموو رووپۆشن.

****

خواردنی خۆڕایی:

ئەوەی بێتە ئەو شوێنە، ئەوەی ئامادەی ئەو یادە بێت، بە خۆڕایی خواردن دەخوات و دەخواتەوە، یەک سەدەیە بازرگانانی ئەو بازاڕە گەورەیە ئەو یادە زیندوو رادەگرن، لەسەر شۆستەی شەقامەکانا چەندین بارەدار هەڵدراوەتەوەو بەمەنجەڵی گەورەش خواردنەکان دەکوڵێنن، گوشت و پەتاتەی پێ ئامادە دەکەن، چەندین سینی گەورەی چێشت دانراوە، سینییە چێشتەکان بەقەد مناڵی تەمەن دەساڵان دەبێت، لەولاشەوە سەبەتە نانی زۆریش دانراوە، بیست کەس بەردەوام چێشت لەو مەنجەڵە گەورانە لێدەنێن. هەموو بەیەکەوە گەورەو گچکەو لە هەموو توێژەکانی ئامادەبوو ئەو خواردنە بۆ سەدەقەو خێرو شادومانی و پیرۆزی تام دەکات. دەستەیەک گەنجیش چای گەرم لەناو کوپی پلاستیک بەسەر میوانان دەگێڕن، شوفێرە راوەستاوە چاوەڕوانکراوەکانی سەر شەقامەکان و شوفێری لۆرییەکانیش لەو چایە گەرمانە بێ بەش نابن. پاش تەواوبوونی زیارەتەکە دڵەکان ئاسوودە دەبن .. ئیسلاممان وا خۆش دەوێت...

لەو وەرزەدا ئێرانیەکان زۆر دەگرین، بەڵام لە راستیدا ئێرانیەکان لەمێژە بەردەوام و زۆر دەگرین، ئەو قسەیەش زۆر لە خوتبەی رۆژانەی هەینی و بۆنە تایبەتیەکان و گشتییەکان دووبارە کراوەتەوە. ئێرانییەکان گەورەو گچکە توانای ئەوەیان هەیە بگریێن، ژن و پیاویان فرمێسکیان بۆ شەهیدان بەگەرمی دەرێژن، لەبەرئەوەی قوربانی زۆریان لە شەڕەکەی عێراق و ئێران داوەو شەهیدەکانیان بە چاوی پاڵەوان دەبینن، بۆیە زۆریش گریانە زۆرەکەیان بۆ ئەو قوربانیەیە. بەرپرسانی گەورەی ئێرانیش دەگریێن، کە بریاری وەرگرتنی رابەری شۆڕشی ئیسلامی لە جێگای خامینەئی وەرگرتووە لە ساڵی 1988 عەلی خامنەئییش گریاوە .

کە خاتەمی لە ساڵی 2005 دووبارە دەسەڵاتی حکومەتی وەرگرتەوە لە پێش خەڵکدا گریاوە، پاش ئەو گریانە کە ئەحمەدی

****

تێنویەتی پترۆڵ:

پترۆلەکەی ئێران بووەتە سەرئێشەی سەرەکی بۆ ئەو وڵاتە، ئەگەر ئەو نەوتەی نەبووایە ئەو وڵاتە لە رەوشێکی باشتردەبوو، زۆرتر گەشەی دەکرد، ئەو پترۆڵە نەبووایە شاهی ئێران هەموو شتی لەکیس نەدەچوو، ئەو پترۆڵە نەبووایە رژێمی مەلاکان لەمێژبوو رووخابوو، بوونی ئەو داهاتە زۆرەشە منالەکانیان وا بە نازن. بۆ بەبیرهێنانەوە لە ئێران کەس باج نادات، ئەگەرچی بەشێک لە هاووڵاتیان کەمێک باج دەدەن، ئەوەش بۆ ئەوەی ناویان نێت. لەسەردەمی حوکمی خاتەمی یاسایەک بۆ دانی باج دانرا، ئەو باجەش لە رەوشی زۆر تایبەتی وەردەگیرێت، ئەو باجە کەمە هێدی هێدی زۆرتربوو، ئێستا باج لە زۆر لە دەزگاکانا وەردەگیرێت. خەزینەی دەوڵەت خواردن بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات، جگە لە پێویستییەکانی نانیش لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانیش دەکرێن، نانەواخانەکان ئارد بە نرخی کەم وەردەگرن و هاووڵاتیانیش تەنیا پارەی دەستحەقی نانەوایەکە دەدەن . لەو رەوشە ئابوورییە باشەدا لە ئێران سواڵکەریش هەیە، ئەگەرچی بەیانیان نانەواکان نانی گەرمیان بەخۆڕایی دەدەنێ، ئەوانیش لە شەقامەکانا بەشانازییەوە دەستیان بۆ پارە وەرگرتن لەرووی رێبوارانا پاندەکەنەوە.

هاووڵاتیان جگە لە سواڵکەرەکان نان بە کیلۆگرام و یەکەی کێشانی تر لە نانەواخانەکانا دەکڕن، بەردەوام پێش ئەو نانەواخانانە خەڵک نۆرەیان بۆ ئەو نانانە گرتووە کە لە پێش چاوانیان دەیبرژێنن. هەژارەکانی ناو ئێران پسولەی وەرگرتنی زادیان هەیە، بەو پسولانە

****

هەرزانی بەنزین:

لە ئێران بەنزین بەخۆڕاییە، وەرگرتنی بەنزین دەکاتە هەشت سەنت یۆرۆ، بەڵام لەسەر دەوڵەت زۆر گرانتر دەوەستێت، چونکە ئێران پترۆلەکەی بۆ پاڵاوتن رەوانەی دەرەوە دەکاتەوەو پاشان دووبارە دەیهێنێتەوە، ئەوەش لەسەر دەوڵەت زۆر دەکەوێت. ئەو پترۆڵەی لە سەردەمی شادا بەرهەم دەهێنرا ناکاتە چارەگێکی ئەوەی ئیمڕۆ دێتە بەرهەم. بە زۆربوونی سەرژمێری وڵاتی ئێرانیش پێویستی ئوتومبێل زۆرتربووە، ئەو ژمارەیەش هەر بەرەو زۆرتر هەڵدەکشێت. لەبەرئەوەی ئاستی گوزەرانی ئێرانیەکان بەرەو باشتر دەڕوات بۆیە رەچاوی ئەوە دەکرێت سەرژمێری ئێران لە 70 ملێون بگاتە سەد ملێون. بە زۆربوونی سەرژمێری ئەو وڵاتە ژمارەی ئوتومبێلیش زۆرتردەبێت، بەڵام پاڵاوتنی نەوتەکە لەبەر بایکۆتە ئابوورییەکەی ئەمریکا لەسەر ئێران ناکرێ زۆرتر بکرێت و بەشی پێویستییەکانی ئەو ژمارە زۆرەی ئوتومبێلەکان بکات. دەرهێنانی نەوتەکەی ئێران لەبەر کەمبوونی کێشەشی هەیە. پاش دۆزینەوەی چەند کێڵگەیەکی تازەی گاز سەرچاوەی نەوتی ئێرانی کەم ناکات. جگە لە سەرچاوەی پترۆلی لە ئێران سەرچاوەی سروشتی ئاوی و خاکە بە پیتەکەی مایەی سەرسوڕهێنەرن. رەنگە ئەو وڵاتە پێویستی بە سەرچاوەی وزەی تر هەبێت، دەبێ لە گەڕان بەدوای ئەو سەرچاوەیە وڵاتەکە تووشی کێشەو دەردەسەری نەکات.

دەوڵەت دەبێ هاووڵاتیانی لەوە رابهێنێت کەمتر وزە بەکاربهێنن، ئەوەش ئاسانەو باش دەتوانی بەرهەمی ببینێت، ئەگەر

ئەحمەدی نەژاد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنا بەڵێنی بە ئێرانیەکاندا نرخی بەنزین زیاد ناکرێت، بەڵام لەبەر نەبوونی ئامێرو کەرەستەی نوێی سەلامەتی لە دەزگاکانی بەنزیندا ئەو مادە بە نرخە زۆری بە فیرۆ دەچێت، بۆ نموونە لە کاتی تێکردنی بەنزینی هەر ئوتومبێلێک نیو لتر لە تەنکییەوە دەڕژێت، بەداخەوە هاووڵاتیان هەست بەو کەمتەرخەمییە ناکەن، هەست بەوە ناکەن ئەو مادەیە چەند گران و بەنرخەو دەستی پێوەناگرن .

ئەو بەنزینە کە دەفرۆشرێتە هاووڵاتیان، لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی کراوەو نرخەکەی لەسەر ئەرکی حکومەتەوە دابەزیوە، ئینجا ئەو بەنزینە بەشێوەیەکی نایاسایی و بەقاچاخ ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت، بۆ نمونە بۆ ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی وزەیان لاوازو کەمە، وەک وڵاتانی تورکیاو ئەفغانستان و پاکستان دەچێت، چونکە لەو وڵاتانە نرخی بەنزینی تێدا دەیان جار لە ئێران گرانترە، قسەی وا هەیە گوایە 10% بەنزینی ناو وڵات بەنایاسایی دزەی وڵاتانی هاوسنووریان دەکرێت .

ڕژێمی ئێران زۆر هانی دامەزراوەکانی دا بۆ هێنانی کەرەستەی و کاڵای پێویست بە داهاتی ئەو پترۆڵەی دەیفرۆشن.

له وڵاتانی پێشکەوتوو پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان بەوەرگەڕاوەییە، کە هاووڵاتی ڕێژەی نێوان 35 تا 50 % له داهاتەکەی دەداته دەوڵەت، ئەوانه مافی ئەوەشیان هەیه لپێچینەوەو پرسیار لەو داهاته له حکومەت بکەنەوە، بەڵام ئەوەیان له ئێران بەپێچەوانەیە، کەس بیر لەوە ناکاتەوە تا سەرچاوەی پارەکه مابێت، وەنەبێت دابەشبوونەکه یەکسانی و هاوبەشی پێوەبێت. لەبەر نەبوون و نەدانی باج پتەویی کۆمەڵایەتی و بناخەکه شێواوە، هەموو کەسێکیش بۆ قازانج و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کارو کۆشش دەکات.

بەڕێوەبردن و سازکردنی باجدان له ئێران ئاسانەو نارەزایی لێ ناکەوێتەوە، ئەوە وەک بەرزکردنەوەی نرخی بەنزینەکه نییە. حیزب و سەندیکاکانی ناو ئێران هەمووی بەناوەو قورساییان نییە، بۆیەش ریفۆرمخوازەکان هەرەسیان هێنا، چونکه ئەوانه نەیانتوانی پێگەیەکی بەرفراوانی میللی بۆ محەمەدی خاتەمی پەیدابکەن، حکومەتیش ڕێبازێکی سیاسی نییە، تا بەرووی حیزبی شیوعی بووەستێت، زۆرینەکەی ناو پەرلەمانیش پارێزگارن و حکومەتەکه له بن دەستی دەستەیەکی تیرەگەری و هاوپەیمانی کاتییە، ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوە حکومییەکان له رووی بزاڤێکی سیاسیدا دەسەڵاتیان نابێت.

لەکۆنەوە مەسەلەی رووپۆش له ئێران ورووژێندراوەو جێگای باس بووە. ئەو کیژانەی له ئاهەنگەکانی سەفارەتەکەمان بەشداردەبوون، بەجلی کورتەوە دەمبینین، لەو جلوبەرگانەوە زەوقی

که خومەینی له ساڵی 1961 پلەی سیاسی وەرگرت و له ئێران هاته ناو مەیدان دژی ئەوەبوو ژنان بەشداری دەنگدان بن. بەڵام که شۆڕشەکه لەگەڵ هەموو شیعەکان و ئایەتووڵا گەورەکان هاوپەیمانی بەست، هەموو بڕیاری ئەوەیان دا ژنان بۆیان هەیه بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەوەشمان لەبیر بێت ژمارەیەکی کەمی ژنان حیجابیان هەڵنەگرتبوو، ئەوانەش بۆیان هەبوو له بازاڕە تەقلیدییەکان و گەرەکه میللیەکان به سەرکۆتی بسوڕێنەوە. پێش رووخانی رژێمی پاشایەتی زۆر له ژنان بۆ نیشاندانی دژایەتی حوکمی ئیمپراتۆریەتی جلی گەورەی بەربڵاویان لەبەر دەکرد، بەو جله ژنانەیان دەگووت، رووپۆش، بۆ بارانیش باش بوو ئاوی نەدەدا، لەو رۆژانەش ئەو ژنانه دەستماڵێکیان لەسەرکردبوو. که شۆڕش هەڵگیرسا بۆ دانانی حیجاب هیچ یاسایه دەرنەچوو، سەرەتا ئەو حیجابانه نیشانەی پشتیوانی شۆڕش و لایەنگیری دەگەیاند، پاشان فەرمانبەران بەتایبەتی مامۆستایان ناچارکران حیجاب بپۆشن، ئەو هەڵمەتەش بەسەرپەرشتی و ترساندنی پیاوانی بەسیج بووە. لەو رۆژانەدا ژنانی سفووریان به ترشی گەرم ترساند، یان حیجابیان به دەنبووسی تیژ به زۆری بۆیان دەبەستا .

له مێژووی ئەو وڵاتەدا دانان و نەمانی حیجاب زووتر هەبووە، رەزا شاو لەبەر رۆشنایی پرۆسەکەی تورکیا لەسەردەمی ئەتاتورک له ساڵی 1935 دانانی حیجابیان قەدەغەکردبوو، ئەوەشی

****

**حیجاب**

**لەلایەکی ترەوە هاتنی ئەو حیجابە بۆ ژنان سوودی هەبووە، چونکە لەسەردەمی شادا ژنانی حیجاب لەسەر بۆیان نەبووە بچنە**

****

## شیرین عبادی:

که (شیرین عبادی) ژنە ئێرانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرت، حکومەت رەنگدانەوەی نەبوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ژنان لە کاتی گەڕانەوەی ئەو بۆ وڵات هاتنە پێشوازی و پیرۆزباییکردنی لە فرۆکەخانەی تاران. لەبەرئەوەی ژمارەی ئامادەبووان زۆربوو گەیشتە 10 تا 15 هەزار ژن بۆیە پۆلیس بۆی نەکرا ئەو ئامادەبوونە زۆرە بڵاوە پێبکات، پۆلیسی تاران فێرە ساڵانە کە یادی رۆژی ژنانی جیهانی لە باخچەی تاران دەکرێتەوە، یەخەی ژنانی گرتووە .

بەراستی لە ئوسلۆ ژنێکی بەتوانایان دۆزییەوە تا خەڵاتی بکەن، حکومەتی ئێرانی زۆریان لەگەڵ هەوڵدا تا بێتە مەیدانی کاری سیاسی، بەڵام ئەو لە پرۆژە مرۆییەکانی بەردەوام بوو تا توانی بەرهەمی باشی ئینسانی هەبێت، ئەو بۆ دروستکردنی رێگاوبان و بۆ قوربانی مێینەکانی سەرسنووری ئێران عێراق کاری بەرچاوی هەبووە، هاوشانی چەندین پارێزەرەوە کاری و خزمەتەکانی لە بواری مافی مرۆڤ و بەرگری و پەیوەندی مرۆڤایەتی بەتایبەتی بۆ ژنان کردووە.

شیرین بە یاساوە کاری کردووە، کۆششەکانی پابەندی یاسابووە، ئەو لە یاسا دوورنەکەوتۆتەوە. داوای گۆڕینی کردووە، بەڵام بەرێنمایی و چاودێری دەستوور، کۆششی بەردەوام بووە، لەو کێشانەی بۆیان دروستکردووە نەگەڕاوەتەوەو کۆڵی نەداوە، خراوەتە زیندان و بەبیانوی نادیاریشەوە تاوانبارکراوە، ئەو بەردەوام بووە.

ئەگەر تەماشای رەوشی کارکردنی بکەیت، ئەو ژنە چۆن دەژیت و چۆن کاریکردووە، نووسینگەکەی و ماڵەکەی لەناو یەک باڵەخانەیە، بەڵام لە پەنایەکی تاریکە، شوقەکەی سێ ژوورە، ژوورێکیان تایبەتە بە کۆبوونەوەو چەند کورسی و مێزێکی داناوە،

یەکەمین شت ئەو دەیەوێت دەنگی ژنانەی خۆی رابگەیێنێت، لە ساڵی 2000 قۆناخێکی تری بەرنامەی کاری خۆی دەستپێکردووە. ئەو هەنگاوی یەکەمی لەبەر چاویلکە هەتاوییەکەی و مۆبایلی بن گوێی، پارچەیەک لە بسکی شوورکراوی خۆی لەژێر رووپۆشەکەی دەرهێناوە، گەردەنی دەرکەوتووە و قژی بە دەرەوە بووە، بەدەستی ویستویەتی قژەکەی بخاتەوە ژێر رووپۆشەکەیەوە، بەڵام یەک دوو کەڵە قژی هەر بە دەرەوە بووە.

گەمەی مشک و پشیلەی نێوان کێشەی ژنان و شەریعەتی ئیسلامی لەسەردەمی حوکمی ئەحمدی نەژاد بەردەوام بووە. لەو سەردەمەدا کوڕو کیژانی سەرەتایی لەیەکتری جیاکراونەتەوە. پاشان کیژان ناچارکراون جلی تایبەتی رەنگی شینی ئاسمانی وەک یەک لەبەر بکەن.

لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامیدا دەرگای سینەماکانی ئێران داخراوە، ئیمڕۆش بواری چەند فیلمێکی بێگانە دەدرێت نمایش بکرێت، دەرگای ئەو سینەمایانەش پاش تەواوبوونی شەڕەکەی ئێران عێراق کراونەتەوە. رژێمی ئێرانی چەند فیلمێکی ئەمریکی هێناوە، ئەو

له هۆڵه گشتیەکانیش فیلمی ڕێگاپێدراوی ئێرانیش نیشاندەدرێن، سەبارەت بەو فیلمانەی له فیستیڤاله جیهانیەکان نیشاندەدرێن، ئەو فیلمانه بۆ ئێرانیەکان نییه له سینەما گشتییەکان ببینن، ئەوەی چاویان لێدەکات، له ماڵه تایبەتیەکان و شوقه لاچەپەکانەوەیەو دەستاو دەستیان پێدەکرێت .

فیلمه ئێرانیەکان زۆرتر باسی مەسەلەی سۆزداری و چیرۆکی کۆمەڵایەتی سوواو دەکەن، زۆربەیان هەمان سیناریۆیەو مەسەلەکه له نێوان پیاوێک و دووژنه، فرەژنی و کێشەکانی زۆر باسکراوه، چونکه ئەوەیان لەناو کۆمەڵگەی ئێرانی نارەزایی پێوەیەو داواکاری کەمبووه، بەڵام له ناو عەشیرەتەکانا باوی ماوه.. لەناو ئێرانیەکان ژنهێنانی کاتیش هەیەو لەناو شیعەکانا زۆره، بەپێچەوانەوه موسڵمانه سونەکان ئەو ژنهێنانه ناکەن .

*****

پرۆژەی ناوەکی ئێران:

من تەنیا زانیارییەکی کەمم لەسەر پرۆژه ئەتۆمییەکەی ئێران هەیه. ئەوەش نابێته سەرچاوەی باش بۆ زۆرتر تێگەیشتن لەراستی مەسەلەکه، ئەوەی من دەبێژم بۆچوونی خۆمه، باسکردن و بڕیاردان لەو رەوشه ئاڵوزەدا ئاسان نییه. ئایا راسته ئێرانیەکان چەکی ئەتۆمییان هەیه ..؟ بەڵێ. ئایا ئێرانیەکان لەو پرۆژەیەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوه ..؟ نەخێر.

ئەگەر لەو رەوشە نموونەیە تەواو نەبوو..؟ لەو حاڵەتەدا رەنگە ئەو چوار ساڵە تا حەوت و هەشت ساڵ درێژبکرێتەوە .بەو هەموو ئەگەرانەوە، دەبێ ئێرانییەکان بگەنە مەبەستەکەیان ..؟ بەڵێ بوارەکانی کارکردنیان ئەو نیشانەی پێوەیە، رەنگە بەو راستییەوە بگەنە مەبەست .

ئایا هەموویان سوورن لەسەرئەوەی ئەو چەکەیان هەبێت ..؟ نەخێر هەموویان نا .. بەشێکیان ئەوەیان دەوێت. دەکرێ بزانین ئەوانەی ئەو چەکەیان دەوێت کێن ...؟ بەڵێ ئەوەش بە ئیستنتاج دەبێت. ئایا ئەوانە بەرنامەی نهێنییان هەیە ..؟ دەبێ، ئەگەر هەشبێت، ئەو بەرنامەی ماوە لە بەرنامەکەی پێشووتریان پێشکەوتووترو گەشەدارتر نییە .

کەواتە لەو رەوشەدا پەنا نابردرێتە بەر چەک و هێز ..؟ بەڵێ، بێگومان. بەڵام بە تاکە بژاریش دەزانرێت، چونکە تەقینەوەی رەوشی ئێران لەو رۆژەدا کاریگەری خراپی لەسەر ناوچەکەو جیهانیش دەبێت. پێش ئەوەی بچینە ناو ناوەرۆکی باسەکە، دەبێ بە سەبرو بە پشوو بین، لەو مەسەلەیە هەستیاری و بەرژەوەندی تێدا کۆبۆتەوە، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو پرۆسەیە بۆ کاری دروستکردنی بۆمبی ناوەکییش بەکاربێت. ئەو پرۆسەیە دوو جەمسەرە، بۆ پیتاندن و چارەسەریش دەبێت. پیتاندنی یۆرانیۆمی سروشتی کارێکی

ئەو پرۆسەیەش هەزارەها ئامێری تەردی ناوەندی دەوێت، بەکارهێنانەکەشی بەرنامەی ئاشتیانەیە. ئەو بەرنامەیە لەرووی تەکنەلۆژییەوە دەکرێ تەردەکانی ناوەندی ڕێژەکەی لە 3,5 % زۆرتر بکرێت، بە هێمنی و لەسەرخۆش پیتاندنەکە بگاتە دوا پلەی، کە ڕێژەی یۆرانیۆمەکە گەیشتە 90% بەشی ئامادەکردنی 20 تا 25 کگم یۆرانیۆمی دروستکردنی بۆمبی ناوکی دەکات. پرۆسەی دووبارە چارەسەرییەکەش، هەڵبژاردنی ئەو مادانەیە لە ناوکی مەفاعیلە ئەتۆمییەکەوە دەردەچێت، بە سووتانی یۆرانیۆمەکە مادەی نوێ دەردەچێت، بە ئاوێتەی بە موادی ترەوە بەرهەمی تر دێنە ئاراوە، ئەوانەش لە سروشت نەناسراوە، ئەویش بلۆتۆنیۆمە. بلۆتونیۆمەکەش لەگەڵ یۆرانیۆم بۆ مەفاعیلە ئەتۆمیەکان بەکاردێت و دەکرێ بۆ بەرنامەی ئاشتیانە بەکاربێتەوە، ئەو مادەیەش حەوت کیلۆگرامی یەک بۆمبی ئەتۆمی پێ دروست دەکرێت، ئەوەش کاریگەری وەک بۆمبی ناگازاکی ژاپۆنی زیانی دەبێت.

پاش ئەوەی دەنگوباسی کەمکردن و نەمانی پترۆڵ لە ئێران پەیدابوو، شای ئێران لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو بەرنامەی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی بۆ بەرژەوەندی ئاشتی هەبوو. بۆ ئەو پرۆژەیە ئەمریکاو فەرەنساو ئەلمانیا هاوکاربوون چوار تا هەشت مەفاعیل بۆ بەرهەمهێنانی 20 هەزار میگاوات کارەبا دروست بکەن.

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران عێراق پەیداکردنی بەرنامەی ئەتۆمی لا دروست بووە، لەبەر ئەوەی پاسداران وەک توێژێکی هەڵبژاردەی ناو کۆمەڵەکەن، بۆیە بەرنامەکە کەتبووە ئەستۆی ئەوان، پاسدارانیش وزەو دەسەڵاتی ئەو پرۆژەیە نەبوو، بۆیە بەرنامەکە لە شێوەی بیرۆکە سەرەتاییەکەی خۆی مایەوە. ئێرانیەکان بەناچاری پەنایان بردە بەر سۆڤیەتیەکان تا بەهانایانەوە بێن مووشەک و بۆمبیان بداتێ، بەڵام لەو داوایانەدا سەرنەکەوتن و سۆڤیەتیەکان فێڵیان لێکردن و هیچیان دەست نەکەوت، ئەگەرچی لەو ماوەیەش پارەیەکی زۆریان بۆ پەیداکردنی ئەو چەکە بەخۆڕایی سەرفکرد، بەشێک لەو پارانە چووە گیرفانی ئەوان و سوودیان نەبینی، بۆیە ئێرانیەکان لە خاڵی سەرەتاوە دەستیان پێکردەوە.

کۆتایی شەڕەکەی ئێران عێراق ئامانجەکەی بە دڵی ئێرانییەکان نەبوو، بەتایبەتی کە رژێمەکەی سەدام حسێن بەدەستی ئەمریکییەکان رووخا، ئەمجارە بایاندایەوە لای کۆریای باکوورو بە شارەزایی خۆیان مووشەکی شەهاب 3 یان بۆ دروستکردن، کە 1300 کم دەڕوات، بۆئەوەی سەری ئەتۆمی لەسەر ئەو مووشەکانەوە گیربکەن و دوژمنەکانیانی پێ لەناوبەرن بەتایبەتی ئیسرائیل، چونکە خومەینی خەونی ئەوەی هەبوو ئەو وڵاتە لەسەر نەخشە رەشبکاتەوە، بەردەوام بوون. پاش مردنی خومەینیش ئەو

ئێمە لە بیروکراتیەتی پاسداران گەیشتیوین، بۆیە دەکرێ بوترێت ئەوان ئەو کەرەستەو پێداویستەکانی بەردەستیان، ئەوانەی لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەی کۆیان کردۆتەوە نایخەنە بەردەستی هەموو لایەنێک، دوور نییە بۆ خۆیان بیانپارێزن، وەک سەری بچوکی ئەتۆمی و قۆناخەکانی دروستکردنی ئەو تەقەمەنییە، ئەگەر هەر رۆژێک چەکێکی ئەتۆمی بێتە بەرهەم ئەوە بێ سەرچاوەیەو سوودیان لە بەرنامەکانی پێشووتر وەرنەگرتووە.

وا رێکخراوی ئێرانی بۆ وزەی ئەتۆمی کارکەرەو بەرنامەکەی سەردەمی شای وەرگرتووە، داواشی لە رووسەکان کردووە، ئەو پرۆژەی بوشەهر کە ئەلمانەکان وازیان لێهێناوەو رازی نەبوون تەواوی بکەن، بۆیان بخەنەوە کارو ئیشی لەسەر بکەنەوە. باوکی بۆمبی ئەتۆمی پاکستانی عەبدولقادر خان، ئەوەی کۆتایی بەکارکردنی لەگەڵ حکومەتی پاکستانی هێنابوو، چەند نەخشەو پلانی ئەتۆمی دابووە پاسداران، ئەویش کەرەستەکانی خۆی وەرگرتەوە. ئێرانیەکان پاش ئەوەی فەرەنسییەکان لەبەڵێنی خۆیان لەسەردەمی شادا پەشیمان ببونەوە، بۆیە ئەو جارەیان بۆ وەرگرتنی سوتەمەنی بۆ مەفاعیلەکانی بوشەهر پەیوەندییان بە رووسیا کردووە، دەیانەوێت هەرچی زووە ئەوەیان لەناو دەستیان دەربهێنن. دیارە کەوا ئەوروپییەکان بە فشاری ئەمریکییەکان ناتوانن ئەو مادەیە بە ئێرانییەکان بۆ ئەو بەرنامەیە دەستەبەر بکەن، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە ئەو کەرەستانە ئەگەری ئەوە هەیە بۆ مەبەستی سەربازی و چەکی کۆمەڵکوژی بەکاربێت.

ئێرانییەکان لەبەر رۆشنایی کارەکەی شا کاریان بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم کرد، بەرنامەکەش بەکارهێنانی تەکنەلۆژیابوو بۆ کاروباری و

حکومەتی خومێنی لە ساڵی 2002 نیازپاکی خۆیان بۆ پەیمانی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی ڕاگەیاندووە، چونکە دەستەی دەولی گومانی لە بەرنامەی ئاشتیانەی ئێران هەبووە. پشکێنەرانی وەکالەتی وزەی ناوکی نێونەتەوەیی سەردانییەکەکەی ناتانزو شوێنە ڕاگەیاندراوەکانی تریان کردووە، لەو شوێنانەدا چەند بەڵگەی بوونی بەرنامەی ئەتۆمی نهێنیان دۆزیوەتەوە، بەڵام بەڵگەکان لاوازن، لە چەندین شوێنیش چالاکی تەردی ناوەندی لەسەر ئاستێکی لاوازیان دۆزیوەتەوە.

حکومەتی ئێرانی هیچ زانیاری بە وەکالەتی وزەی ناوەکی نێونەتەوەیی نەداوە، بەوەش هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بە کۆبوونەوەی زۆرترین سەرپێچی، ئەمریکا بەرەو ئەنجوومەنی ئاسایش ڕاپێچیکردووە. بە پێشنیارو سەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی فەرەنسی دۆمینیک دوفیلبان، فەرەنساو بریتانیاو ئەڵمانیا داوایان لە ئێران کردووە واز لەو پرۆژە ناوکییە بهێنێت، چیتر تەردە ناوەندییەکانی گەشەپێنەدات و چارەسەری یۆرانیۆم نەکات، لەبەرامبەر ئەوەش ئەنجوومەنی ئاسایش دژایەتی ناکات و بڕیاریش وەردەگیرێت بەرنامەی وزەی ئاشتیانەی بەردەوام بێت، تەکنەلۆژیای ناوکی بۆ بەکارهێنانی ئاشتیانە بەکاربێت، لەو بوارەش یارمەتی وەردەگرێت و زەمانەتی سەلامەتیشی دەستەبەر دەکرێت.

****

## بەرنامەی بەردەوام و وازهێنان:

ئێران ئەو بەڵێنەی بە باشە وەرگرت، بەڵام لە پیتاندن وازناهێنێت، بۆیە لە ئۆکتۆبەری 2003 دا بۆ دڵنیاکردنەوەیان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسی دۆمینیک دوفیلبان بە هاوڕێیەتی دوو یاریدەری گەیشتە تاران، وەفدە سێ کەسیەکە ئێرانیان رازی کرد چالاکییەکانی تەردی ناوەندی راگرێت و دەزگاکانی لەلایەن وەکالەتی ڤیینا چاودێری و پشکنینی لەسەر بێت، هەروەها لەگەڵ سێ وڵاتە ئەوروپییەکەش هاوکاری بەردەوام بێت بۆ هاوکاری و کۆمەک و زەمانەتی ئاسایش، ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بێت ئەوروپییەکان رازی بوون ئەنجوومەنی ئاسایش لە بەرنامەکەی ساردبێتەوە بۆ بانگکردنی ئێران بۆبەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش.

ئەو دانووستانە پاش دوو ساڵ کارو چالاکی هەرەسی هێنا، ئێرانییەکان کەتنەوەخۆ بۆ پیتاندن، بۆیە ئەوروپییەکان بەناچاری داوایان لە ئەنجوومەنی ئاسایش کردەوە کە ئێران بە توندی لەو ترسە هوشیار بکاتەوە .ئێران مەسەلەی تەردە ناوەندییەکەیان بە پرۆسەیەکی نیشتیمانی مەزن زانیووە، تەواونەکردنیشی بە دواکەوتووی ئێران و نەگەیشتنیان بە هاوچەرخییەتی دەزانن. ئەوروپییەکان پابەندی ئەوەبون دەبێ ئێران پیتاندن راگرێت و چالاکییەکانی بەتەواوی نەهێڵێت، بۆیە دانووستانەکان بنبەست بوون، قسەکەرە ئێرانییەکان پاش دیتنی سێ وەزیرە ئەوروپییەکە لە پێش رۆژنامەنووسان وتیان:

ئێمە تەنیا لەماوەی ئەو دانوستانە پیتاندن رادەگرین، ئەو ماوەیەش ساڵێکە. بەڵام پاشان دەرکەوت ماوەکە دوو ساڵیشی خایاند. هۆکاری تریش ئەوەبوو ئەوروپییەکان یەک لایەنە نەیانتوانی بڕیاری ئەوە وەرگرن بایەکۆتە ئابووییەکەی ئەمریکا لەسەر ئێران

ئەوەی جێگای داخ بوو، ئەو ماوەیەی یەکەمی دانوستانەکە زۆر درێژبوو، هەڵوێستەکەی ئەمریکا دواکەوت، لەو چاوەڕوانی و دانوستانانەدا سەرۆکایەتی سەرۆکی میانڕەو خاتەمی و وەفدە راوێژکارەکە کۆتایی هات.

بەڵام دەپرسین ئەو رەوشەو داواکارەی ئەمریکا بەرەو کۆی دەڕوات ..؟ ئەوان گلەییان لە ئەوروپییەکان هەبوو، چونکە ئەو دانوستانە دوورودرێژە هەڕەشەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی راگرت، ترسی ئەوەشیان هەیە ئەو پێشنیارە لەلایەن ئێرانەوە بەباشی و سەرکەوتوویی ناکەوێتەوە، چونکە ئەو دواکەوتنانە رژێمەکە بەهێز دەکات، بەپێچەوانەش ئیدارەی بۆش رووخانی ئەو رژێمە دەخوازێت. ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو راستییەی ئێران ئێستا بووەتە خاوەن بنکەو دامەزراوی تەکنەلۆژیایەکی بەهێز، خاوەن دەیان تەردی ناوەندییە، ئەوەشی بە شارەزایی و ئەزموونەکەی وەریگرتووە، بۆیە لەناوبردنەکەشی موستەحیلە. ئەمریکا بۆچوونی ئەوەی لەسەر ئێران لا گڵاڵەبووە، کەوا ئەو رژێمە لاوازو لەرزۆک نییە وەک چۆن مەزندە دەکرا. بەبوونی کێشەو تەنگژەکانی ناو عێراق و بەردەوامی رازینەبوونی رووسیاو چین بۆ ئیدانەی ئێران پرۆژەکەی ئەمریکا بە رووی ئێران و دوارۆژەکەی دواخست.

لەبەرامبەریشدا ئێرانیش بەرووی ئەمریکاو کێشەکەی پێش هەڵبژاردنی سەرۆک ئەحمەدی نەژاد هەلەی زۆری کردبوو، وەک رەتکردنەوەی داواکانی وەکالەتی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، مامەلەکەشی بە شێوە تەقلیدییەکانی ناوبازاڕبووە، جۆشی جەماوەری

شارەزایانی چەکی ئەتۆمی نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئێران بەو پیشەسازییەو بەو ئەزموونە لەو مەیدانە پەیدایکردووە، لە ماوەی چوار پێنج ساڵی تر بتوانێت چەکێکی لەو جۆرە دروست بکات، بەو چەکەش دوژمنەکەی کە ئیسرائیلە تا مردن مووشەک باران بکات. ئێرانیەکان لەو راستییە باش تێگەیشتوون، بۆ دوارۆژیش پشکێنەرانی وەکالەتی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و بە بینینی وەکالەتە باشەکانی هەواڵگری دیاردەی ئەمجۆرەیان نەبینیووە، کە ئێران ئیمرۆ کارکەرە بەنهێنی بۆ تەواوکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی، هێشتا بواری دانوستان ماوە.

پرسیاریش ئەوەیە ئایا دەکرێ دانوستان لەگەڵ کەسایەتی وەک عەلی خامنەئی رابەری شۆڕشی ئیسلامی و ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی دەوڵەت دژ بە خۆرئاوا بکرێت..؟ یان لەگەڵ بەرپرسانی پاسداران بکرێت ..؟ بڕوا بەوانە دەکرێت ..؟ بڕوا بەوانە بکرێت، نەخێر. ئەوانە بواری بڕواهێنانیان نەهێشتووە، ئەوەی بڕوامان پێی ماوە پەیدابوون و هەڵکەوتنی کەسایەتی نوێیە، کە بڕوایان بە پەیداکردنی ئەو چەکە هەیەو کاری بۆ دەکەن.

ئەگەر نەکرێت نییەتەکانیان بزانین، ئەوە دەکرێ تواناکان بزانرێت. ئێران ئیمرۆ بانگی نییەتی ئاشتیانەی دەکات، بۆیەش دەبێ کارکەر بێت لەگەڵ وەکالەتی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بۆ گەیشتن بە رێکەوتنێک جێبەجێکردنەکەی بەرقراربێت و چالاکیە ترسناکەکانی سنووردار بکرێت، هەروەها ئەگەر سەرپێچیکرد، ئەوە بەناچاری بۆ چەسپاندی سزاکانی سەری، دەکرێ هێز بەکاربهێندرێت، چونکە لەو رەوشەدا هەموو ئەگەرەکان بە بنبەست گەیشتوون. بۆیە دەبێ لەگەڵ ئێران تا دوا بوار دانوستان بکرێت،

**ئەگەر گرێیەک بە پەنجە بکرێتەوە ددانی ناوێت.**



کەلاوەکانی شاری بلم



بازاڕی تاران.




وێنەی گیرانی سەفارەتی ئەمریکی لە تاران.



دەستە کیژێکی ئێرانی بە رووپۆشی رووکراوە.



پرۆژەی ئەتومی خەونی ئێرانیەکان لە بۆشهر

---

ئەو کتێبە بە هەشت بەش لە رۆژنامەی (ئەلقبس)ی کویتی لە کانوونی یەکەمی 2006 بڵاوکراوەتەوە.

# ژورنالیستێک لە تارانەوە

نووسینی: منی لوتفی

**گۆشەکانی بازاڕو مزگەوتی خومێنی و کۆشکی گوڵستان و بازرگانەکان:**

**هەر پێت لەسەر خاکی ئێران دانا، رووبەرووی دوو دیاردەی دژ بەیەک دەبیتەوە، ئەو دژایەتییەش دوو هۆکاری هەیە:**
**یەکەمیان بەراستی شارەکە دیاردەی دژ بەیەکی زۆری تێدایە.**
**دووەمیشیان: ئێمە زانیاری کەممان لەسەر ئێرانی هاوچەرخ هەیە.**
**ئەوەی بۆ یەکەم جار روو لەو وڵاتە دەکات سەری سووڕدەمێنێت، وێنەکانی پێشووی ناوی هزرو خەیاڵی دەبنە هەڵم، ئەو شارە زۆر خاوێنە، ئەو شارە هەموو شتی تێدایە، ئەوەی بەبیرت دادێت لەو شارەدا بەدی دەکرێت، ئەگەرچی باڵەخانەکانی تاران گەورەو بەرزنین، بەڵام شێوەیەکی پراکتیکی سادەیان پێوەیە، چیای (بورز) چواردەورەی شاری تارانی گرتووە، ئەو شاخە شارەکەی زۆر جوانترکردووە. تاران تەنها پایتەختێک نییەو بەس، شارێکی رووبەر زۆر فراوانیشە، سەرژمێری زۆر زۆرە، لە شارە چڕەکانی بە دانیشتوانان دەژمێردێت، سەرژمێرییەکەی دەگاتە 14 ملیۆن کەس، لەو سەرژمێرە زۆرەدا زۆربەیان گەنجن، بۆیە ژمارەیەکی زۆری رێکخراوەی خوێندکاران و لاوان و سینەماو چێشتخانەو رێکخراوی ژنانەو حیزبەکانی تێدایە، شاری دەسەڵات و گفتوگۆو ئەکادیمیەکان و زۆری رۆژنامەو بڵاوکراوەکانە.**
**سەرسام مەبن ئەگەر بڵێن ئەو شارە فرەلایەن و فرە ئاکارە، هەر بەشێکی سیمای تایبەتی خۆی پێوەیە، باکوورەکەی لە باشوورەکەی و لە سەنتەرەکەو لە بەشە خۆرئاواکەی ناکات،**

**ناوەڕاستی شارەکە، سیمای باڵەخانەکانیان شێوەی خۆراٹاواییان پێوەیە، واتە باڵەخانەکان ڕەنگییان خاکییەو لە شێوەی شخاتە ریزکراون، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ناسر شا شێوەی تەلارسازی ئینگلیزی گواستۆتەوە ناو تاران، ئەو سیمایە لە دروستکردن و نەخشەسازییەکانەوە بە ڕوونی بە باڵەخانەکانی ناو جەرگەی شارا دیارە. سی ساڵ پێش ئێستا بەشە باکوورەکەی چۆڵ و**

لەو ناوچەیەدا ڤێلای گەورەو مەلەوانگەی زۆرو پارکی جوانی پشت دەرگا ئاسنینەکان و شوورە نایابەکان، هەموو هیمای ئەوەن دانیشتووانی ئەو ڤێلایانە زێدە دەوڵەمەندن. لەو ناوچەیەدا بازاڕی گەورەی فرۆشتنی کاڵای کارەبایی و خۆشگوزەرانی و چێشتخانەی پلەبەرزی چەند بابەتی وەک چێشتخانەی فەرەنسی و ئیتالی و چینی و ئەسپانی و سوپەرمارکێتی شێوەی خۆرئاوایی تێدایە. ناوچەی باکووری تاران شوێنی نیشتەجێی ئێرانیە تەکنۆکراتەکان و فەرمانبەرە گەورەکان و خاوەن کارەکان و ئەندازیارو دکتۆرەکان و نووسەران و خاوەن چاپخانەکانی پەخشن. ئەوانە زوو زوو بە سەردان دەچنە ئەمریکاو ئەوروپاو وڵاتانی کەنداو، دەوڵەمەندی باکووریەکان لە جۆری ئوتومبێلەکانیانەوە دیارە، ئەوانەی مارکەی ئێرانی (خوردو)یان هەیە، دانیشتووی سەنتەری شارن، بەڵام باکووریەکان

ئەو کیژانەی بەیانیان لەو گەرەکانەوە بەرەو زانکۆی تاران شۆڕدەبنەوە بەجلوبەرگ و مکیاژیانەوە دیارن، بەپێڵاوە بەرزەکانیان و پانتۆڵی جینزو چاکێتە درێژەکان و بە رەنگینی سەرپۆشەکەی سەریانەوە دیارن و دەناسرێنەوە. لەو ناوچە باکوورییەدا کیژان جلی تایبەتی (شادور) لەبەر ناکەن. جیاوازی نێوان باکووری دەوڵەمەندو باشووری هەژار دیارە. بازاڕە گەورەکەی تاران دەکەوێتە بەشە باشوورەکەی شارەکە، ئەو بازاڕە گەورەترین و کۆنترین بازاڕی تارانە، ئەو بازاڕە بەپێی مەزندە ئابوورییەکان 30% سەرمایەو بازرگانی ئەو شارە لەو بازاڕەدایە، بازرگانەکانی مافوور سەرمایەی زۆریان بە پارەی بێگانەیە، ئەوانیش وەک بانکەکان دەتوانن پارەی قەرز بەرێژەیەک لە قازانج بدەنە هاووڵاتیان. پەیدابوونی ئەو بازاڕە روون و ئاشکرا نییە مێژووەکەی بۆ کەی دەگەرێتەوە، گەریدەکان نووسیویانە ئەو بازاڕە پاش چەند سەدەیەکی نزیک لە هاتنی ئیسلام بۆ وڵاتی ئێران پەیدابووە، بەڵام بە روونی دیارە نییە، کام ساڵ ئەو بازاڕە ئاواکراوەتەوەو ئەو شێوەیەی ئێستای وەرگرتووە. بەشێکی ئەو بازاڕە لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی ئاواکراوەتەوە، تا سەدەی حەڤدەش بەشی گەورەی ئەو بازاڕە کراوەبووە، وەک ئێستا سەری نەگیرابوو. لەو بازاڕەدا چەندین دیوارو دروستکراو ماون مێژووەکەی بۆ 400 ساڵ تەمەن دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشی زۆری مێژووەکەی بۆ 200 ساڵ تەمەن دەگەڕێتەوە. بازاڕەکە بە کۆڵانی تەنگەبەر بەش بەشکراوە، هەر کۆڵانە و بەشێکی تایبەت بووە بە کۆمەڵە بازرگانێکی هاوکارو هاوشێوەی بەرهەم، لەو بازاڕەدا شوێنی تایبەتی مافوورو زێرو وردەکاری زیوو مسی تێدایە، سێ پارچەی ئەو بازاڕە تایبەتە بە کەڵوپەلی ناوماڵ، بەشی کاری دەستی و جلوبەرگی

سەنتەری ئەو شارە مزگەوتێک و کۆشکێکی تێدایە، ئەو دووە لایەکی خۆرهەڵاتیان پێکهێناوە، لە تەنیشت بازاڕەکە کۆشکی گوڵستان یان کۆشکی شین هەیە، لە سەردەمی شا ناسرەدین لەو کۆشکەوە حوکمی کردووە. مزگەوتی خومینی دەکەوێتە ناو ئەو بازاڕە، ئەو مزگەوتە لە پێش شۆڕشی ئیسلامی ناوی مزگەوتی شا بووە، لە سەرەتای سەدەی هەژدەمەوە دروستکراوە، گۆرەپانەکەی دەڕوانێتە بازاڕەکە، ئەو مزگەوتە رۆڵی زۆر بووە لە نزیککردنەوەی بازرگانەکان لە دەسەڵاتەکانا، بازرگانەکان لەو مزگەوتەدا نوێژیانکردووەو پاش نوێژەکانیان کۆبوونەتەوەو باسی کێشەو بازاڕی رۆژانەی خۆیان بەیەکەوە کردووە، باسی هەموو مەسەلە پەیوەندیدارەکانیان کردووە، تا باسی هەڵبژاردنەکانیشیان کردووە، هەر لەوێ بەرژەوەندییەکانیان بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، ئەوانە وەک لۆبییەک کاریان کردووە وەک دەستەیەکی فشاری رێکخراو بوون.

لەسەردەمی رەزا شادا بەرژەوەندی هەردوولا کۆک نەبووە، توێژی ئەو بازرگانانە سوودمەند نەبوون، لە بەرزبوونەوەی نرخی پترۆڵ لە ساڵانی نێوان 1974 تا 1978، کە شای ئێران بەرنامەی بە پیشەسازی وڵاتی گرتبووەبەر، هەستیان بەئاڵۆزی بەرژەوەندییەکان کردبوو. شای ئێران تا بازاڕەکە شپرزە بکات و یەکێتییەکەی لاواز بکات و فشارەکەیان نەهێڵێت، لەناو بازاڕەکەدا چەندین شەقامی بڕیبوو، بۆ هەمان مەبەست بواری کردنەوەی

*****

گۆڕانی بازاڕەکە:

که شۆڕشە ئیسلامییەکە هەڵگیرسا، بازرگانەکان بواری تۆڵەکردنەوەیان بۆ ڕەخسا، بازاڕەکەیان داخست، بزاڤی ئابوورییەکەیان پەکخست، ئەوەش ڕێخۆشکەربوو زووتر شاهەنشا بەرەو تاراوگە رابکات. لە سەردەمی شۆڕشەوە ئەو بازاڕە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە پتەو بووە، بەڵام ئەو پەیوەندییە لەسەردەمی حوکمی سەرۆکی پێشووتر هاشمی ڕەفسنجانی پاش ئەوەی بریاریدا بازاڕی ئازاد بکرێتەوە رەوشەکەیان شێواند. هاوکاتیش باجیش لەسەر بازرگانان کەم کرایەوە، گلەیی لەسیاسەتەکەی ڕەفسنجانی کرا، بەرنامەی تایبەتیکردنی ئابووری و بازاڕی ئازاد، بەلایەنگیرییان لە بازرگانان زانرا. کە خاتەمیش پاش ڕەفسنجانی هاتە سەرحوکم، ئەویش پشتیوانی بازاڕی کرد، بەڵام بەرنامەکەی کۆمەڵایەتی بووە، بازرگانەکان لەبەر بەرژەوەندی مناڵەکانیان گلەییان لە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو نەبوو، چونکە مناڵانی ئەو بازرگانانە ڕوو لە دەرەوەی وڵات بوون، پەیوەندی بە وڵاتانی دەرەوە زۆربوو، لەبەرئەوەی ڕەوشە ئابوورییەکەیان یارمەتیدەربوو، بۆیە سەردانی دەرەوەیان ئاسایی بووە. ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە پشتیوانی خاتەمی بوون، باوکی ئەوانیش هاوکاری خاتەمی و بەرنامە کۆمەڵایەتیەکەی بوون و دەنگیان لە هەڵبژاردنا بۆ خاتەمی دا.

زۆربەی بازرگانانی ئەو بازاڕەی ئیمڕۆ پشتیوانی سەرۆک مەحمود نەژاد ناکەن، دووبارە ئەوانیش لەبەر بەرژەوەندی

خاتەمی لە سەردەمی حوکمی خۆیدا بوارو چالاکی پیاوانی بەسیچی کەم کردبۆوە، ئازادییە گشتیەکان فراوانتربوون، بەڵام نەژادی هەر کە هاتە سەرحکوم زوو، ئەو ئازادیانەی کەمکردەوەو دەستی بەسیچی زۆرتر کردەوە. زوهرە نەژاد بەهرامی چالاک لە بواری کۆمەڵایەتی بە رۆژنامەکەمانی (الشرق الاوسط) راگەیاند:

رەوشی هاووڵاتیان هەرچەند باش و ئارام بێت، ئەگەر کوڕەکەی هاتەوەو لە دەرەوە لەبەر قژدرێژییەکەی هەراسان کرابوو، یان کیژەکەی لەبەر سەرپۆشەکەی هەراسانکراوو بە گریاوی گەڕایەوە، باوکەکانیان بێگومان تووڕە دەبن، جەرگ وایەو باوکایەتی ئارامی نازانی ئەگەر مناڵەکەی دڵگران بێت، بۆیە ئەوانە دژی سیاسیەتی نەژادن، هاوشانی بەرێوەبەراتییە ئابوورییەکەی نین و بەرنامەکەی بە هەڵە ناودەبەن.

***

لەبە رۆشنایی گۆڕانە زۆرەکانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکرێ بریاری راست لەو رەوشە دەربکرێت، بازرگانانی ئەو بازاڕە ئاوێتەیی خۆیان بەرامبەر رەوشە کۆمەڵایەتی و ئابووری وسیاسییەکان نەگۆڕە، بۆیە زۆریان لەبەر ئەو پێشهاتە نوێیانە روویان لە کاری تر کردۆتەوە، بەرەو بازرگانی موڵک کڕین چوون، خەریکی مامەڵەی کاڵای کارەبایی ئاسیایین، ئەوانەش هیمای رووخانی هەیبەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو بازاڕەیە، گۆڕان و ئاراستەکان

ئێمە چی بکەین خەڵک شتی هەرزانی دەوێت، بۆیە ئێمە بۆمان دەرناهێنێت کاڵای ئێرانی بفرۆشین، چییان لێ بکەم، لە مۆزەخانەیان ریزکەم .؟ یەکێکی تر رای وابوو، کەوا ئێرانیەکان چینیەکانیان خۆش ناوێت، ئێران شتی چینی وەردەگرێت، ئەوەش پێشهاتەیەکی سیاسییە، تا حکومەتی چین بەردەوام لە ئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانی ئێران بکات سەبارەت بە دۆسیە ناوەکیەکەی، کاڵای دەکڕێت. ئێمەش پرسیار دەکەین تا چین بەردەوام پشتیوانی ئێران بکات، ئێمە ناچارین کاڵاو دروستکراوەکانمان لە ژێر خاکا بشارینەوە، نازانم ئەو شتە خراپانە چۆن پارەی پێدەرێت، بەراستی ئەو شتانە شیاوی کڕین و پارەپێدان نین ..؟

***

ئاپوورەی هاتوچۆ:

تاران زۆر زۆرتر لە تاقەتی خۆی و شەقامەکانی ئوتومبێلی تێدایە، نزیکەی دوو ملێون ئوتومبێلی لەو شارەدا هاتوچۆ دەکەن،

ئێمە لە ئێران لەو شێوەیە راهاتووین، ئوتومبێل هاژووتن لە ئێران وایە.

ئەوانە راستیان فەرمووە، ئەو 12 رۆژەی لەو شارەبووم، کارەساتی زۆری هاتوچۆمان بینی، ئوتومبێل و ماتۆڕەکان رووداوی زۆر ترسناکیان دێتە پێش، زۆرمان بینی، بەڵام خۆشبەختانە مردنی لێنەدەکەوتەوە، ژنێکی چالاکی سیاسی ئێرانیم بینی ئوتومبێلی لێدەخوڕی و جگەرەشی بەدەستەوە بوو، بە گەرمیش لەگەڵ نەفەرەکەی تەنیشتیشی قسەی دەکرد، لە هەر 30 چرکەدا جارێک ژنەکە بە دەستی، پەرچەمیشی لەبەر چاوانی لادەبرد، بەو شێوەیە بەسەر چیایەکەی باکووری تارانیش دەکەوت.

***

ئەوە دوو ساڵە بە بڕیاری سەرۆک شارەوانی (محمد باقر قلیباف) ئەوانەی ماتۆڕ بە کاردەهێنن ناچارکراون هیلمت (خودەی ئاسنی سەر) بەکاربهێنن، ئەوەش ڕێژەی مردنی کارەساتەکانی ماتۆڕی تا ڕادەیەکی باش کەمکردۆتەوە، تا ئاپوورەی ناو تارانیش کەمبکرێتەوە، ڕۆژانی پشوودانی پێنجشەممەو هەینی چوونی ئوتومبێل بۆ ناو سەنتەری شارەکە کراوە بە ژمارە. لە ساڵەکانی هەشتاکانەوە چوونە ناوەوەی ئوتومبێل بۆ سەنتەری شار پارەو باجی بۆ دانراوە، لەو ساڵانەی دواییش توانرا 300 کم ڕێگای نوێ بکرێتەوە، ئەوە سێ ساڵیشە میترۆی تاران کراوەتەوە، ئەو میترۆیە ڕۆژانە 600 هەزار کەس بەکاریدەهێنن، سەرەڕای ئەوانەش هێشتا ئاپوورەی ناو تاران زۆرە، ئەو ئاسانکاریانە کاریگەری کەمی هەبووە. دیاردەیەکی سەیریش لەناو ئەو شارەدا هەیە هەموو ئوتومبێلێک و بەبێ بوون و هەڵگرتنی پسوڵەی ڕێپێدراو ئوتومبێلەکانیان وەک تاکسی و کرێ بەکاردەهێنن. لە ناو شەقامەکانی تارانا زۆر ئاساییە ئوتومبێلی زۆر جوان دەبینی ئێواران و شەوانە کاری تاکسی دەکەن، بەکارهێنانی ئوتومبێلی تایبەتی بۆ کاری تاکسی لەناو تاران بەپێی یاسا قەدەغە نییە، خاوەن ئەو ئوتومبێلانە پێویستیان بە مۆڵەتی تایبەتی و ڕەزامەندی نییە تا ئوتومبێلەکانیان بۆ تاکسی بەکاربهێنن، ئەوانە جۆرێکی تایبەتی باجیش نادەن، تا لاوان و هاووڵاتیان زۆرتر پارە پەیدابکەن و ڕەوشە ناخۆشە ئابوورییەکان سووکتر بکەنەوە، ئەو کارانە بۆ یارمەتی داهاتەکانیان دەکەن، لەبەرئەوەی دەسەڵاتداران و بەرپرسان ئاگاداری ڕەوشی ئاڵۆزی ئابووری هاووڵاتیانن، بۆیە گوێ بەو سەرپێچیانە نادەن و چاودێرییان ناکەن.

هەندێ دیاردە لەو شارەدا هەیە، هەموو کەسێ نازانێ و ئاگاداری نییە، ئێمە گەنجێکمان بینی، هاوشانی دەستگیرانەکەی دەچووە سینەما، ئەو وتی:

تا باری ئابووری خۆم سووک بکەم و پارەی بلیتی سینەماکەشم دەستکەوێت، لەگەڵ خۆماندا دوو نەفەر بە پارە سواردەکەین. یەکێکی تریش وتی:

من لە رێگای چوونم بۆ زانکۆو نیوەڕۆیان لە کاتی گەڕانەوەشمدا، یان لە چوونم بۆ کارێکی پێویست بۆ هەر شوێنێک بێت نەفەر بە پارە سوار دەکەم، ئێمە پێویستمان بە پارەی زۆرتر هەیە بۆ کڕینی جلوبەرگ و سیدی مۆسیقا، بەوەش ئەرکی سەرشانی ماڵەوەمان سووکتر دەکەین، هەروەها وتی:

چ زیانێکم بەردەکەوێت ئەگەر لە رێگای خۆمدا 8 تا 10 هەزار ریالم دەستکەوێت، بەو پارەیە ئازادی زۆرتر دەستەبەر دەکەم.

ئەو جۆرە ئوتومبێلە تایبەتیانە زۆرە، بە شەوو بە رۆژ هەیە، ئەو دیاردەیە زۆر دەسەڵاتدارانی تارانی ماندوو و بێزارکردووە، ئەوان وا دەزانن ئەو دیاردەیە رووداوی تاوان و لاساری لێدەکەوێتەوە، رەزا نوبختی بەرپرسێکە لە وەزارەتی دەرەوە بە رۆژنامەکەمانی راگەیاند:

حکومەت دەیەوێت ئەو دیاردەیە بەرنامەڕێژ بکات، ئەوەش بەوە دەکرێت بواردان بە تاکسیکردنی زۆرترین ئوتومبێلەوە دەبێت.

ئوتۆباسەکانی ناو تاران دوو بەشە، بەشی پێشەوەیان تەرخانە بۆ پیاوان، بەشەکەی تریش تایبەتە بە ژنان، ئەو شوێنە یەکێکە لەو شوێنانەی ژن و پیاوی لەیەکتری جیاکردۆتەوە، ئەو شوێنانە زۆر نین، لە یاریگاکانی سپۆرت و کۆلیژەکانی پزیشکیش جیاکراونەتەوە، بەڵام لە سینەماکان و شوێنی کارو قاوەخانەو چێشتخانەو زۆربەی زانکۆکان ژن و پیاو بەیەکەوەن.

تا ژینگەی تاران خاوێن بێت بە راسپاردەی سەرۆک شارەوانیەکەیان قلبیاف شارەوانی پلانێکی لەسەر ئوتۆباسەکان داناوە، ئەوەش وایکردووە ئەو شارە لە زۆربەی شارە گەورەکانی تری ئێران خاوێنتر بێت، بە بەکارهێنانی ئوتۆباسەکان کەمترین بەنزین لەو شارە

ناوی سەرۆک شارەوانیەکەیان لەسەر زاری هەموو هاووڵاتیانە، ئەو پیاوە دبلۆماتێکی ریفۆرمخوازە، لە هەڵبژاردنەکەی رابردوو بە سەرۆک شارەوانی دەرچووە، ئەو لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکە نەیبردەوە، ئەویش پەنجەی دەستتێوەردانی وەک زۆربەی پاڵێوروانی تری ئاراستەی رژێم و دەستەکەی سەرۆک مەحمود نەژاد کردبوو.

لەبەر ئەوەی بەرنامەی بەڕێوەبردنی بۆ شاری تارانی بەرەو باشتری لێ کەوتۆتەوە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خۆی کاندید بکات و ئەگەری سەرکەوتنیشی زۆرە، چونکە لە ماوەی سەرۆکایەتی شارەوانی تاران کاری باشی زۆر کردووەو خەڵکەکە زۆر رازین لە بەرنامەکەی.

****

تاران بەرەو گۆڕان:

قلیباف کە پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی تارانی وەرگرت، هەستی بەوە کرد کەوا سەرۆکی ئێرانی نەژاد ئەحمەدی باش و وەک پێویست هاوکاری بەرنامەکەی ناکات و ئاستەنگی دەخاتە پێش، بۆیە ئەو گلەیی زۆری لە سەرۆکایەتی حکومەت هەیە، رەخنەشی لە سەرۆکی شارەوانی پێشووی تاران هەبووە، بەوەی رەوشی شار زۆر خراپ بووەو هیچ بۆ ئەو شارە نەکرابوو.

لەبەر زۆری زانکۆکانی ناو تاران ژمارەی گەنج لەو شارەدا زۆرە، بۆیە دەکرێ بەو شارە بگوترێت شاری گەنجان. ئاشکرایە

**کیژێک وتی:**

**زمانی عەرەبی کە بۆ خوێندنی ڕێزمان و سەرف و ڕێنووسی بووە، بۆ ئاخاوتن نەبووە. خوێندکاری ئێرانی تا قۆناخی ئامادەیی عەرەبی دەخوێنن.**

**لەبەر ئەوەی گەشتیاری عەرەب روو لەم وڵاتە ناکەن و کۆمپانیای عەرەبیشی تێدا کەمە، بۆیە ئەو زمانە کەمتر بەکاردێت، ئەوانەی زمانەکەشیان خوێندووە لەبەر ئەوەی بەکاری ناهێنن، ئەوەندەی فێریش دەبن لەبیریان دەچێتەوە، بۆیە لەرووی پراکتیکەوە زمانی ئینگلیزی دەکرێ بە دووەم زمانی ناو ئێران بژمێردرێت. ئەوانەی ئیمڕۆ ئەو زمانە بەکاردەهێنن زۆرن، زۆر باشیش ئینگلیزییەکە بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لەناو خوێندکارانی زانکۆدا. خوێندکارانی ئیمڕۆی ئەو وڵاتە تەنها چەند وشەیەکی عەرەبی دەزانن، ئەوانەش تەنها بۆ بیستنی گۆرانیە عەرەبیەکانی کەناڵە ئاسمانیەکانیانە، ئەوانەی بە نهێنی دەگەنە ماڵەکانیان.**

ئەوان لە بەرنامەکانی گفتوگۆو دیالۆگەکانی عەرەبی تێناگەن. حەمید گەنجێکی تەمەن بیست ساڵان بوو، کە زانی من ژنە عەرەبێکم پێکەنی و وتی:

تۆ نانسی و ئەلیسا و نوال و هیفاء و عمرو دیاب و راغب علامە دەناسیت ..؟

ئەو وتی:

ئێمە ئەوانە لە کەنالی رۆتاناوە دەناسین، ئەگەرچی لە وڵاتەکەمان پەرەبوول قەدەغەیە، بەڵام زۆربەیماڵەکان پەرەبوولیان هەیە، حمید لە عەرەبی تەنها ناوی گۆرانیبێژەکانی نەدەزانی و بەس ..! بە شانازییەوە وتی:

من نووسەرانی وەک جەبران خەلیل جەبران و نەجیب مەحفووزیش دەناسم.

ئەوەی بەسەردان بچێتە ئەو شارە دەزانێت، لەو شارەدا هەر چەند مەترێک مزگەوتێک هەیە، ئەو شارەی ژمارەی مزگەوتی زۆر زۆرە، ئاین کاریگەری زۆری لەسەر رەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێرانیەکان داناوە، ئەگەرچی زوو هەست بەو دیاردەیە ناکەیت، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو شارەی شاری زۆرترین نابەرامبەری و سەیرو سەمەرەیە.

***

قوم شاری توندڕەویی و میانڕەوی:

لەو شارەدا، خومەینی و باوکی روحی پارێزگارە نوێیەکان و موفتی ژنانی لیبرالی تێدا هەڵکەوتووە، رەفسنجانیش ئەستێرەی تێدا دەرەوشاوەتەوە.

شاری قوم 97 کم لە تارانەوە دوورە، باشترین شێوەش بۆ گەیشتن بەو شارە ئوتومبێلە، بەهرامی شوفێری تاکسییەکەم هونەرو وێنەگری خوێندبوو، لە بواری شارەزایی و خوێندنەکەی خۆی کاری دەستنەکەوتبوو، بۆیە ماوە ماوە بۆ بژێوی ژیانی کاری تاکسی دەکات، ئەو بە منی وت:

دەچیتە قوم ..؟! چی لەو شارەدا هەیە تەنها پیاوانی ئاینی تێدایە، من لە دیتنیان بێزاربووم، ئەوە سی ساڵە دەیانبینین.

لە ڕێگادا سیدیەکەی گۆرانیبێژی بریتانی ( ئالتۆن جۆنی ) هاویشتە سەر ریکۆردەکەی، بە درێژایی ئەو ڕێگایە گۆرانی بۆ لێدام، ئەو حەزی بەو شارە نەدەکرد. قوم یەکێکە لە 30 پارێزگاکانی ئێران، ئەو شارە پایتەختی روحی و ئاینی ئێرانە، تاران پایتەختی سیاسی و ئەسەفهانیش پایتەختی روشنبیرییانە.

پاش شاری مەشهد لە رووی پیرۆزی ئاینییەوە شاری قوم دێت، بە قسەی ئێرانیەکان ناوەکەی لە زۆری ژمارەی شەهیدانەوە هاتووە، زۆرترین شەهیدیان داوە. لەو شارە گلکۆی ئیمام رەزای هەشتەم ئیمامی شیعەکانی تێدایە. بڕیاری سیاسی لەو شارەو لە حەوزە علمییەکەی قوم دەردەچێت، بە تایبەتی بە بۆچوونی سەرۆکی ئێرانیشەوە مەحمود ئەحمەدی نەژاد دەسەڵاتی و بریاری زۆر گرنگ لەو شارەوە دەردەچێت، نەک لە تارانی پایتەخت، ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو شارە لەلایەن سەرجەم ئێرانیەکانەوە مەقبوولە. ئێرانیەکان بە تایبەتی خوێندەوارەکان هەست بەوە دەکەن کەوا ئەو شارە گچکەیە ئەستێرەی و گرنگی هەموو ئێرانی بردووە، پاش ئەو ساڵەی ئەحمەدی نەژادی پارێزگار دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، پیاوانی ئاینی زۆرتر بایەخیان پێدراوەو چەندین پۆستی باڵایان بەرکەوتووە، وەک سەرۆکی زانکۆی تاران و ئەسەفهان. قوم بێجگە لە ئێران خوێندکارانی ئاینی لە سەرانسەری جیهان بە شارێکی پیرۆزو ناسراو

سەرژمێری ئەو شارە یەک ملیۆن و نیو کەسە، ئەو شارە کەوتۆتە ناوچەیەکی وشک و باڵەخانەی نیشتەجێی و ئابووری گەورەی تێدا نییە. ئەو شارە خانووەکانی سادەن و لەبەر دەستکورتی و نەداری هاووڵاتیانی ژمارەی ئوتومبێلیشی تێدایە کەمە، بۆیە شارێکی ئارامەو هاتوچۆی کەمترە لە چاو شاری تاران. پیاوە ئاینیەکانیان مێزەریان لەسەرەو عەبایەکی رەشیش لەسەر شانیان دادەنێن، بە ماتۆڕیش هاتوچۆ دەکەن. شارەکە کەش و هەوایەکی بیابانی هەیە، بارانیشی کەمە، سروشتی جوانیشی نییە. لەو شارەدا باخچەو دارو درەختی تێدا بەدی ناکەیت، ناوچەکە بیابانێکی رووتی تەلانە، بۆیە مافوورچینەکانیان تا هەست بەبوونی کەسکایی و دارو درەخت بکەن، ئەو کەماسییە رەنگینە لە رۆژانەیان پڕبکەنەوە، لە نەخشی مافوورەکانیان بە وێنەی سروشتی و دیمەنی جوان دەنەخشێنن. لەبەر دژواری ئاووهەواکەی ئەو شارە کشتوکاڵی تێدا نییە، بە تایبەتی لە کەناری دەریاچە سوێرەکان، هەروەها ئەو شارە بێ بەشە لە سامانی سروشتی.

بێجگە لە خوێندنگا ئاینییەکانی و حەوزەی عیلمی لەو شارەدا مزگەوتی حەزرەتی فاتیمەی کیژی ئیمام موسای کازمی کوری جەعفەری سادقی حەوتەم ئیمانی شیعەکانی تێدایە، ئەوەی لە 1ی نوڤمبەری ساڵی 745 لە مەدینەی منورە لە دایکبووەو 4 ی سپتمبەری ساڵی 799 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. ئەو ژنە

****

شاری قوم وەک بازاڕو شارەکانی تری ئێرانی بەر لێشاوی کاڵای چینیش کەوتووە، لە هەموو شوێنکی ئەو شارە بە زۆری دەبینرێت، بە نرخی هەرزانیش دەفرۆشرێت، ئەو نرخانە بۆ زۆربەی زۆری خوێندکارانی حەوزەی عیلمی ئەو شارە، زۆر باش و گونجاوە، چونکە ئەوانە زۆریان داهاتیان زۆر کەمە، ئەوەندەیان هەیە کە مامۆستاکانیان دەیاندەنێ. لە دەروازەی شارا گەنجێکم بینی لەسەر شۆستەی شەقامە سەرەکییەکەدا یاری مناڵانەی دروستکراوی چینی دەفرۆشت، لە تەنیشت ئەوەوە یەکێکی تر رایەخی دەفرۆشت، یەکێکی تر کەرەستەو پێویستییەکانی مەتبەخی دەفرۆشت، جلوبەرگ .. زۆر شت.

ئەو دەمەی من گەیشتم، نیوەڕۆ بوو بازاڕەکە بە تەواوی داخرابوو، لەو شارەدا ئەوە باوە نیوەڕۆیان سەرجەم دوکاندارەکان دەرگای دوکانەکانیان دادەخەن، دەچنەوە ماڵەکانیان و نانی نیوەرۆ دەخۆن و دەگەڕێنەوە، تا پێنج و شەشی ئێوارە کاردەکەن. ئەگەرچی بازاڕەکە گەرم نەبوو، کەم کەس دەبینرا شتێک بکڕێت، بەڵام بەیەکەوە بە دەنگی گەورە بانگهێشتی کڕیاریان دەکرد. لەناوەندی شاراو لە خوارووی مەیدانی شەهیدەکانا، خانووێکی سادە راگیراوە،

ئەو شارە شاری خومێنی و شۆڕشی ئێرانی و ئیسلامی سیاسییە، ئێستاش شاری ئایەتولا مسباح یەزدییە، ئەوەی هەڵگری بیری پارێزگاری سیاسی و کۆمەڵایەتی توندە.

هەر ئەو شارەش شاری ئایەتوڵای سانعییە، ئەوەی بە موفتی ژنان ناسراوە، خاوەنی بیری رزگاری وسەربەستی و هاوکاری ریفۆرمخوازەکانە. لەو شارەدا هەر یەکێک لەوانە ئازادانە چی بە خوێندکارانی بڵێت و چ فتوایەک دەربکات کەس یەخەی ناگرێت، لەو حەوزەیەدا هیچ شتێ گیر نابێت، هەموو شت دەگۆرێت، لە چاوقوچانێکا حوکمی پێشووتر دەگۆڕێت، ئەوەی ئێستا ناوی زۆرە،

ئەگەر رۆژانێک ناوی محەمەد خاتەمی لە تاران زۆر باوبووە، ئەوە لە شاری قوم ناوی رەفسنجانی بەبێ ئەوەی داوا بکرێت لە هەموو شتێک بە زۆری دێت. بەبێ مەبەست لە ناو تاران زۆر ناوی خاتەمی دەهات، لەبەرامبەری ئەویش لە شاری قوم ناوی رەفسنجانی دەهات، سانعی وتی:

پێش هەڵبژاردنەکان بۆ دیداری خوێندکارانی حەوزە هاتۆتە ئێرە، بە هاتنەکەی نارەزاییش هەبوو.

خوێندکاران و پیاوانی ئاینی پارێزگار لەو حەوزەیەدا بە تایبەتی (حجه الاسلام محسن غرفیانی) خوێندکاری گەورەی ئایەتوڵا (مسباح یزدیی) باوکی روحی ئەحمەدی نەژادیش لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی خەبیرەکان دەنگی بۆ رەفسنجانی دابوو، من لە غرفیانم پرسی بۆ دەنگت بەو دا، دەنگت بە مامۆستاکەی یەزدی نەدا. غرفیان، چەشنی ئەرستۆ وەڵامی دایەوە وتی:

ئەفلاتۆن مامۆستامە، بەڵام زۆرتر من شەیدای راستیم.

سانعی زۆر بە جۆش نەبوو بۆ ئەو شەعبییەتیەی رەفسنجانی لە حەوزە هەیەتی، بۆیە وتی:

ئێران پێویستی بە یەکێکی وەک رەفسنجانی هەیە، ئەو پیاوە شارەزایی لە بەرێوەبردنی سیاسەت هەیە، رەنگە ئێرانیەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بە رەفسنجانی یان یەکێکی وەک ئەو بدەن.

خوێندن لە حەوزەی قوم هەموو تەمەنی خوێندکاری دەوێت، ئەگەر بیەوێت بگاتە پلەی ئایەتوڵا، بەڵام ئەوەی دەیەوێت چەند هەنگاوێک بچێتە پێش، دەبێ سێ تا پێنج ساڵ بخوێنێت، ئەوا

هەموو ئایەتوڵایەکان مەرجەع نین، بەڵام هەموو مەرجەعەکان ئایەتوڵان. بۆ نموونە ئایەتوڵا مسباحی یەزدی مەرجەع نییە، لەناو حەوزەدا دیاردەی فرە مەرجەعی هەیە، ئەوەش بە پێچەوانەی کاسۆلیکە، هەموو یەک پاپایان کردۆتە سەرچاوەی یەکەمیان، شیعەکان یەک مرجعیان نییە، هەر کەسێک ئازادە بۆ پەیرەوکردنی مەرجەعەکان، کام مەرجەع هەڵبژێرێت، زۆری مەرجەعەکان واتە هەمەڕەنگی لەناو حەوزەدا هەیە، لە نێوان مەرجەعەکانیش ململانێ هەیە، مەرجەعی وا هەیە، لە مەرجەعی تر کراوەترو سەربەستییان زۆرترداوە بە مۆسیقاو سینەماو .. مەرجەع هەیە بەرەو ریفۆرمخوازەکان دەشکێنێتەوە، مرجعی تر هەیە بەرەو پارێزگارەکان دەشکێنێتەوە. واتە مەرجەعەیش بەرەو سیاسەت دەشکێتەوە، زۆرجار کاروباری ئاینی و سیاسی تێکەڵ دەبێت. لەبەر

ئایەتوڵا محمد شیرازیش کە فتوای دەرکرد بە حەرامکردنی شەڕ دژ بە سوپای عێراق، لەماڵەوە دەست بەسەریان کردبوو، ئەو شەڕەی بە ناحەق ڕژانی خوێنی موسلمانی ناوبردبوو، ئەو دەمە ئایەتوڵا خومێنی ئەو فتوایەی شیرازیی بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئێران ناوبردبوو.

ئایەتوڵا تەباتەبائیش لە ماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەربوو، پاش ئەوەی ناڕەزایی لەسەر شەڕی ئێران عێراقی دەربڕیبوو. پاش ئەوەی لە ساڵی 1982 گومانی کودەتای رووخانی حکومەتیان لە ئایەتوڵا کازمی شەریعەتمەداری کردبوو، ئەویش لە ماڵەکەی دەست بە سەرکرابوو، بە تۆمەتی یارمەتی عێراق لە شەڕەکاندا ئایەتوڵا محەمەد تاهیر شبیر خاقانییش لە ساڵی 1980 دەست بەسەربووە، کە ئایەتوڵا مونتەزری لە ساڵی 1997 رەخنەی لە سیاسەتی رابەری بەرزی ئێران گرتبوو لە ماڵەکەی دەست بەسەرکرابوو. کە ئایەتوڵا یەعقوب الدین رستجاری کتێبێکی لەسەر موسلمانانی سوننە نووسیبوو، ئەویش دەست بەسەر کرابوو، چونکە ئەو کتێبە لە ساڵی 1994 لە ناوچە سوننەنشینەکان ئاژاوەو ناڕەزایی توندی لێکەوتبۆوە،

ژنان له شاری قوم پێگەی خۆیان هەیە، ئەوانیش خوێندنگای تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوانیش وەک پیاوان زانستە ئاینیەکان دەخوێنن، بە هەمان پلەکانی فێربووندا دەڕۆن، مافیان هەیە فتوا دەربکەن. زۆربەی ئایەتوڵاکان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ماڵپەری تایبەتی خۆیان بە زمانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و زمانی تریش هەیە، لەو ماڵپەڕانەدا دەکرێ جۆرەها پرسیار بکرێن و وەڵامیش بدرێتەوە، بە تایبەتی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە بابەتی فیقهی تەقلیدی باو. دەکرێ بەرێگای (چات)ەوە حکوم دەربچێت، بە ئەنتەرنێت ژن مارە دەکرێت و پەیوەندی هاورێیەتیش دەبێت، دەکرێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتیش (سی دی)و (دی ڤی دی)یش کۆپی بکرێت، داوای مافی خاوەنداریەتیش ناکرێت. ئەو حەوزەی لە شاری قوم هەیە تاکە حەوزە نییە، حەوزەیەکیش لە شاری نەجەف و یەکێک لە شاری لەندەن هەیە، ئەویش وەک حەوزەکەی قوم هەموو قۆناخەکانی هەیە، هەروەها لە کەنەداش حەوزەیەک بەناوی (حوسێن) هەیە. لە تکساسی ئەمریکاش حەوزەیەک بە ناوی ئیمام قیمی مەهدی کراوەو ناوی حەوزەی (قیم)ە، ئەو حەوزانەی خوێندنی بە ئەنتەرنێتە بەرنامەکانی فێربوون و خوێندنی وەک حەوزەکانی قوم و نەجەفە، زمانی پەیڕەوکراویش لەو حەوزانە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکییە، هەروەها زمانی توێژینەوەی ئینگلیزی و فەرەنسیشیان هەیە.

که قسە لەگەڵ پیاوانی ئاینی لەو حەوزە زانستییانە دەکەیت، زۆر ناوی ئەرستۆو ئەفلاتۆن و سقرات و دیکارت و هابرماس و زۆر زانای تری فەیلەسوفەکانی لۆژیک دەهێنن، ئەوەش بۆ سەردەمی

که پرسیاری ئەوەم لەسەر ئەو بابەتە لە زانایەکی ئاینی لە قوم کرد، لە وەڵامدا وتی، سەیرە سوننەکان بیری تەقلیدی و بۆچوونی تایبەتییان لەسەر حەوزەکانمان هەیە، لەو حەوزانەدا هەموو هزرێک دەخوێندرێت و بە رووی زانستەکان کراوەتەوە. پاش ئەوەی رۆژێک لە قوم مامەوە زانیم ئەو لە وەڵامەکەی نیازی چی بوو، واتە لەو حەوزانەدا کەسانی پارێزگارو ریفۆرمخوازو لیبرال و پیاوانی ئاینی پارێزگارو پارێزگاری توندیش هەیە، بەڵام ئیمڕۆ براگماتیەکان لە هەموویان بەهێزترن.

---

ئەو بەشە دوو ئەلقەی زەنجیرەیەکە لە رۆژنامەی الشرق الاوسط لە ئاداری 2007 بڵاوکراوەتەوە.

وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:

لە 1955 لە شاری دێرینی (هەولێر) لەدایکبووم.
ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.
تا لە وڵات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.
لە ساڵی 1998 ەوە لە وڵاتی سوید دەژیم.



چاپکراوەکانم ...

لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر )م بە قەبارەی 365 لاپەڕە ئامادەو چاپکرد.
هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی(هەولێر)م دەرکرد.
کەلاوە... 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
دیوەخانی فلێن... رۆژانەو ریپۆرتاژە،لە 1999 لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی زەحمەتکێشان لە دە ئەڵقەی درێژ بڵاوکرایەوە.
هەولێر... تا دبلن...... 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
بەغدا.... بۆ هەولێر!..... 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
مەملەکەتی فارگۆنەکان.....2001 ریپۆرتاژ، سلێمانی.
کاکە، ئەبو ئیسماعیل... 2001 ، بیرەوەری سلێمانی.

بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 ڕۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە 25ی گۆڤاری (ئاییندە)ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

دە ڕۆژەکەی هەولێرم، (11) وتارو ریپۆرتاژبوو لە گۆڤاری (گوڵان)ی هەولێرو ڕۆژنامەی (کورد) لە ئوستralیا بڵاوکرایەوە.

ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.

سارد، یان گەرم، (12) ریپۆرتاژبوو، لە ڕۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی لە یولیو 2001 ی ینایری 2002 بڵاوکرایەوەو وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

فارگۆنەکان، ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بەدرخان لە هەولێر2005 بڵاوکرایەوە.

مەملەکەتی کەلاوە، وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەک نامیلکە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.

کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر 2007 بڵاوکرایەوە.

هولۆکۆست... کتێبێکە لەسەر قرکردنی جولەکە لە ئەوروپا، وەرگێڕان سەنتەری نما هەولێر 2007.

دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس 2008.

مارتن لۆسەر وەرگێران و ئامادەکردن، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008.

بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراک، روایال، سارکۆزی ..و: خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2008.

سێکس و پۆلیتیک، دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...و: دەزگای سەردەم 2008

تەها حوسین، نابینایەکی بینا، وەرگێڕان و ئامادەکردن.. دۆسێیەکە لە گۆڤاری نما 2008

955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە دەزگای نما 2008

دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە....و: دەزگای ئاراس 2008

مەجبوور، سەربردەو بیرەوەرییە... سلێمانی2008

مۆساد وەرگێران هەولێر بڵاوکراوەی ئاوێر 2009

ئامادەی چاپە :

---

هەتان... چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی 1988 ەوە ئامادەیە.

ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات، لە ڤییەناوە بۆ ئەستنبۆل ....و: سوید 2007.

دوو وەزیرە فەرەنسییەکە وەرگێڕان سوید 2009

کاکە ئەبو خەلیل ... بەسەرهات و گێڕانەوە .. سوید 2008
سیڤییەکان... کۆمەڵە دیدارێکە   ئامادەکردن و وەرگێڕان 2002 2009
بەهەشتی زیندان... وتارو ریپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دەینووسم، ئێستاش گۆشەی (برێڤ) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.